# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٢٥) تشرینی یەکەم
٢٠١٩

**ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی**
**بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپکراوە**

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
م.ی ئیدریس سیوەیلی

**سایتی گۆڤاری خاڵ:** www.xalkurd.com

**تیراژ:** ١٥٠٠
**نرخ:** ١٥٠٠ دینار

# لەم ژمارەیەدا

## تەوەری ژمارە: [ ئیسلامۆفۆبیا ]


| | | |
|---|---|---|
| چۆن لە ئیسلامۆفۆبیا تێبگەین؟ | د. عەلی محەمەد زەڵمی | ٥ |
| ئیسلام فۆبیا یان دینداری فۆبیا؟ | کۆسرەت ساڵح ئەحمەد | ١١ |
| خۆرئاوا.. رق لە ئیسلام یان شەڕی ناسنامە؟! | عومەر عەلی غەفوور | ١٨ |
| رەهەندەکانی ئیسلامۆفۆبیا لە کۆمەڵگەی فرەکەلتوری بەریتانیدا | ئیبراهیم ساڵح | ٢٥ |
| د.عادل باخەوان مامۆستای زانکۆ و کۆمەڵناس | دیداری گوڵنار | ٣٦ |
| ئیسلامۆفۆبیا لەنێوان برەوپێدان و چارەسەردا | سامان حمەصاڵح | ٤٨ |
| ترس لە ئیسلام لە وڵاتی موسڵمان | فازڵ قەرەداغی | ٥٩ |
| فۆرمەکانی تری ئیسلامفۆبیا لە وڵاتانی موسڵمان نشین | سەلام ناوخۆش | ٦٨ |
| ئیسلامفۆبیا لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا | عومەر عەلی | ٧٤ |
| ئیسلاموفوبیا لەنێوان هەڵەی هەڵگرانی و ڕقی ناحەزانیدا | د. ئیدریس کاریتانی | ٨٠ |
| زانیاریی نوێ لەسەر باپیرانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی | پ.د.زرار صدیق توفیق | ٨٤ |
| هەڵوەستە لە ئاستی بەیتێکی ‹مەحوی›دا | عەبدوڵڵا قەرەداغی | ٩٢ |
| نالی لە «بەلاغە«وە بۆ مۆدێرنیتە | ئیسماعیل تەها | ١١١ |
| لە نێوان دینی و دونیەوی نەگۆڕ و گۆڕاو موقەددەس و سیاسیدا | سالم الحاج | ١٢٩ |
| سەعیدی نوورسی و بیرۆکەی مێژوو | ژینۆ عوسمان ئەحمەد | ١٤٠ |
| پۆلێن و شیکارییەکی راڤەگەرای چەمکی تەسەوف | زانا ناجی | ١٤٦ |
| ئیسلامفۆبیا و چەند ڕاستییەکی تاڵ | (دواخاڵ) | ١٥٥ |




# تەوەری داهاتوو

## پێگە و ڕۆڵی عەقڵگەرایی لە شارستانیی ئیسلامیدا

ئاشکرایە کە پەرەسەندنی عەقڵگەرایی لەمێژووی ئیسلامدا پەیوەستە بە پێشکەوتنی زانستەکان و پرۆسەی وەرگێڕان و نووسین، بەشێوەیەک کە پشتبەستن بە عەقڵی ساغ و فیترەتی پاک بوو بە بنەما بۆ زۆرێک لە کایە مەعریفی و زانستیەکان و چووە ناو گرنگترین ئەو بوارانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبوو لەتەشریعی ئیسلامی و هەڵێنجانی حوکمەکان ئەویش بوارەکانی ئوسوڵی فیقهـ و تەفسیر و حوکمڕانیی بوون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زانستگەلێکی وەکو فەلسەفەی ئیسلامی و زانستی کەلام و لۆجیک گەشەیان کرد، بۆ شەنوکەوکردنی ئەم بابەتە دەخوازین توێژەران و نووسەرانی بەڕێز بابەتەکانیان لەم تەوەرانە بنێرن بۆ خاڵ:

- مێژووی سەرهەڵدانی عەقڵگەرایی لە شارستانی ئیسلامیدا و قوتابخانە و ڕەوتە جیاوازەکانی.
- کاریگەریی عەقڵگەرایی لەسەر بوارەکانی فیقهـ و ئوسوڵ و تەفسیر.
- دەرکەوتنی فەلسەفەی ئیسلامی و عیلمی کەلام و لۆجیک وەک لێکەوتەی فراوانبوونی عەقڵگەرایی.
- سەرهەڵدان و گەشەسەندنی قوتابخانە و ئاڕاستەی فیکریی و بیروباوەڕیی جیاواز و درووستبوونی گفتوگۆ و کێشمەکێش لەنێوانیاندا.

کێشەی نێوان عەقڵگەرایی وپابەندانی دەق.

بەشداری کورد لە زانستە عەقلیەکان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ.

ئەمانەو چەندین ناونیشانی دیکە لەم تەوەرەیەدا دەکرێت لەبارەیانەوە بنووسرێت.

لەپسپۆڕانی ئەم بوارە دەخوازین هاوکارمان بن لەدەوڵەمەندکردنی تەوەری ژمارەی داهاتوو، بەبابەتی نوێ و بەسوود گۆڤاری خاڵ دەوڵەمەندتر بکەن.




# ئیسلامۆفۆبیا

ئەگەرچی دیاردە و چەمکی ئیسلامۆفۆبیا مێژوویەکی کورتی هەیە و لە چەند دەیەیەک تێپەڕناکا، بەڵام بەشێوەیەکی خێرا و بەربڵاو هاتە ناو کایەی ڕۆشنبیری و فیکریی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخەوە، خۆی وەک لێکەوتەیەکی بەریەککەوتنی هەردوو شارستانی و کلتووری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی نواند کە ڕواڵەتەکانی لەناوجەرگەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان زۆر بەڕوونی دەرکەوتن، بەشێوەیەک بەهاو چەمکەکانی خستە ژێر پرسیارەوە، لێرەوە گۆڤاری خاڵ لەتەوەری ئەم ژمارەیەیدا لەدەروازەی ئەم پرسە هەنوکەیی و گرنگەیدا، بەخۆشحاڵییەوە کۆمەڵێک نووسەر هاوکارمان بوون لەدەوڵەمەندکردنی ئەم تەوەرەدا.

لەبابەتەکاندا قسە لەسەر چەمکی ئیسلامۆفۆبیا کراوە، کەی و لەکوێ سەریهەڵداوە؟

- پەیوەندی ئیسلامۆفۆبیا بە سیاقی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانەوە چییە؟
- ئایا ئیسلامۆفۆبیا حاڵەتێکی دەروونی درووستکراوە یان حەقیقەتێکی هەنووکەییە؟
- ڕۆڵی تەوژمە ڕاسیست و ڕاسترەوە توندەکانی ڕۆژئاوا چییە لە برەوپێدانی ئەو دیاردەیەدا؟
- بیرمەندانی ڕۆژئاوا چۆن لەو دیاردەیە دەڕوانن؟
- حەقیقەتی کۆتاییهاتنی هەڕەشەی بەرەی سووری شیوعی و گەشەکردنی بەرەی سەوزی ئیسلامی چییە؟
- پەیوەندی ئەو چەمکە و گەشەسەندنی چییە بە ڕەگەزپەرستییەوە؟
- ئایا پاراستنی شوناس و ئاوێتەنەبوونی کۆمەڵایەتی مسوڵمان لەکۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا هۆکاری ئەو دیاردەیەیە؟
- ئایا دیاردەی ئیسلامۆفۆبیا تەنیا لە ڕۆژئاوادا هەیە؟ یاخود دەسەڵات لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکانیش برەوی پێدەدا؟
- کێ هۆکاری گەشەسەندنی ئەو دیاردەیەیە؟ مسوڵمانان؟ یان ڕۆژئاوا؟ یاخود هەندێ تەوژمی ڕۆژهەڵاتی؟

ئایا کاریگەری و دەرکەوتەی ئیسلامۆفۆبیا لە کوردستان هەیە؟ ڕەوشی ڕەوەندی کوردی چۆنە لە داڵدەگای ڕۆژئاوادا؟


بەخۆشحاڵییەوە بەشێک لەو نووسەرە بەڕێزانە خۆیان دانیشتووی وڵاتانی ڕۆژئاوان لەواقیعی حاڵی ئەوێوە بابەتەکانیان سەرچاوەی گرتووە.

بەو ئومێدەی توانیبێتمان خەرمان ڕۆشنبیری خوێنەرمان دەوڵەمەندتر بکەین.

# چۆن لە ئیسلامۆفۆبیا تێبگەین؟



**نوسینی : د. عەلی محەمەد زەڵمی**



ساڵی ١٩٧٢له هەورامان لەدایک بووە. بکالۆریس لە کۆمەڵناسی و کەلتورناسی لە زانکۆی برستڵ خویندوە لە بەریتانیا و ماستەر لە پەیوەندیە کلتوریەکان و دکتۆرا لە زانستی کۆمەڵناسی.

## دەروازە

بۆ تێگەیشتن لـــە چەمک و دیاردەی ئیسلامۆفۆبیا گەرەکە لە پێناسەکەیەوە دەست پێ بکەین و پاشان مێژووەکەی و ئەو کۆنتێکستەی تیایدا ئەم چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییە گەشەی کردووە و بەکار دەهێنرێت. بەڵام من لەم پێشەکییەدا پێم باشە بەر لەوەی باس لە پێناسەی چەمکەکە بکەم ئەم سەرنجە بخمە روو، پێموایە یارتمەتیمان دەدا بۆ ئەوەی زانستیانە و بێلایەنانە لەم چەمکە تێبگەین. دیارە لیکۆڵەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە زانستی سیاسیشەوە لەسەر ئەوە کۆکن کە دیاردەی ‹ئیسلامۆفۆبیا›، واتە ترس لە ئیسلام، گەرەکە لەتەک چەمکێکی تر کە ئەویش ‹ئیسلامۆفیلیا› یە واتە خۆشەویستی بۆ ئیسلام پێکەوە سەیر بکرێن و بخوێنرێنەوە(١). ئەمەش لەبەر یەک هۆکاری سادە و گرنگ ئەویش کە هەردوو بارەکە واتە چ ‹رق› و چ ‹ حەز› لە ئەنجامی کاردانەوە دروست بوون، گەرەکە هۆکارەکانی پشتی ئەو دیاردەیە بناسرێن و بخوێنرێنەوە. دیارە کۆمەڵناسان و ئەنترۆپلجست و لیکۆڵەران گرنگیان بەم لایەنە داوە لەمیانی خویندنەوەی دیاردەی توندوتیژی و نەژادپەرستی و نادادی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگا رۆژئاوایی و ئەوروپییەکان بەتایبەتی. لێرەوە ئەگەرچی هەندێجار ئەم چەمکانە بەنیاز و مەبەستی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بەکاردەهێنرێن، بەڵام هەردوو چەمکەکە ئیسلامۆفۆبیا و ئیسلامۆفیلیا خزاونەتە نێو ناوەندە ئەکادیمەیەکان و لە یەک دوو دەیەی رابردوودا گفتوگۆی زانستی و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، ئەمەش دیارە زۆر گرنگە هەتا لەو پێناسە و گفتوگۆیە بازاڕی و سەرپێی و بەرێدالابەرە قوتارمان بێت کە میدیای هەردوو بەرەی دژەی ئیسلام لە رۆژئاوا و پاڵپشتی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامی برەوی پێ دەدەن.

## چەمکی ئیسلامۆفۆبیا

گومان لەوەدا نییە کە هەنووکە لە نێوەندە ئەکادیمی و زانستیەکاندا چەمکی ئیسلامۆفۆبیا بەکار دەهێنرێت و بووەتە یەکێک لەو چەمکانەی لە زانستگەلی وەک سۆسیۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا و زانستی سیاسی ئەم چەمکە پێناسە دەکرێ و خوێندنەوە و توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێ، بەتایبەتی لە بوارەکانی وەک لێکۆڵینەوە لە رەگەزناسی و جێندەر و دراساتی ئیتنیکی و دیاردەی کۆچبەری و پرۆسەی تێکەڵبون و هاوڵاتیبوون هتد. بەڵام ئەوە بەو مانایە نایێت کە ئەم چەمکە ئیشکالیەتی بەکارهێنانی نییە لە و زانستانەی سەرەوە ئاماژەمان پێکردن. دەربارەی پێناسەی ئیسلامۆفۆبیا، بەو گوتار و کردارە دەوترێ کە دژی ئیسلام و موسڵمانان ئەنجام دەدرێت و لەگەڵ کۆمەڵێ چەمکەگەلی دیکەدا دەرخەری ئەو گوتارە باوەی لە هەندێ وڵاتی ئەوروپی و ئەمەریکی دا بە گوتاری دژە-ئیسلام و رقلێبونەوە و نەژادپەرستی و راستڕەوی خۆی نمایش دەکات. هەروەک لێکۆڵەر کریس ئەڵێن، لە کتێبی ‹ئیسلامۆفۆبیا›دا (٢٠١٠) ئاماژەی پێ دەکات نابێت ئەم گوتارە تێکەڵ بە گوتاری ئەکادیمیەکان بکرێت لەمەڕ پرسگەلی وەک ئیسلام و مۆدێرنە، پرۆسەی تیکەڵێ کەمینە موسڵمانەکان لە کۆمەڵگە رۆژئاوایەکاندا و پرسی توندوتیژی ئایینی و هتد.. (٢) هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە زۆرێک لە لێکۆڵەران لەسەر ئەوە کۆکن کە پێناسەیەکی یەکلاکەرەوە و لەسەری رێکەوتوو نییە بۆ ئەم چەمکە. هەرچی لەمەڕ مێژووی بەکارهێنانی ئەم چەمکە هەیە لە زمانی ئینگلیزیدا و لە نێوەندە ئەکادیمیەکاندا، ئەوا دیسانەوە راو بۆچوونی جیاواز هەیە، ئەوەی تا رادەیەک ساخبوەتەوە کە یەکەم جار لە زمانی ئینگلیزیدا ساڵی ١٩٩١ لە جۆرناڵیکی ئەمەریکیدا بەناوی ‹ئنسایت› ئەو چەمکە بەو مانای ئەورۆ بەکاردێت لەوێدا بەکار هاتوە، بەڵام

بەمانای جیاواز و لە گفتوگۆی جۆری دیکەدا ئەوا مێژووی ئەو چەمکە زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەیی دووەمی سەدەی بیست بە دیاریکراوی ساڵی ١٩٢٣کە لە تێزیکی دکتۆرادا بەزمانی فەرەنسی بەکار هاتوە و لەوێوە پەڕیوەتە نێو زمانی ئینگلیزیش هەروەها دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ هەردوو نوسەر دانیت و بن ابراهیم لە نووسینێکدا دەربارەی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد ئەو چەمکەیان بەکارهێناوە لە نووسینەکەیاندا، بەڵام دیسانەوەی بەو مانایەی ئەورۆ نا.(٣) هەر لەمڕووەوە فامیتا ڤینار پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەو چەمکە لەسەروبەندی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن رابەرانی ئەو شۆڕشەوە و ئایەتوڵاکانی ئەو سەردەمە هەمان چەمکیان بەکارهێناوە دژی ئەو ئافرەتانەی رەتیانکردوەتەوە سەرپۆش و حجابی ئیسلامی بپۆشن. ئەوەی کە گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین لەسەر مێژووی ئەم چەمکە ، ئەوەیە کە ئیسلامۆفۆبیا وەک ئەو بەکارهێنانەی ئەمڕۆ هەیە چ لەسەر ئاستی میدیا و سۆشیال میدیا و چ لەسەر ئاستی ئەکادیمی، ئەوا دەکرێ دابەشی بکەین بەسەر دوو قۆناغدا. یەکەم، قۆناغی ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کە لە لایەن چەندین بانگخوازی سەربە جالییە ئیسلامییەکانی دانیشتووی وڵاتانی ئەورپی و ئەمەریکا و هەروەها چەند چالاکوانێکی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرگریکارانی مافی پەنابەران و مافەکانی مرۆڤ بەگشتی پەرەی پێدرا. ئەمەش زیاتر لەبەرامبەر ئەو گوشارەی هەندێ وڵات دەیکردە سەر ئەو جالیانە لەسەر مەسەلەی هەبوونی منارەی مزگەوت بەسەر باڵەخانەی مزگەوتەکانەوە لەو شارانەی ئەوروپا دروست دەکران، یان رێگەدان بە بانگ چڕین بە بڵندگۆ، سەربڕینی مەڕوماڵات و پەلەوەر بە رێگای ئیسلامی و حەلال، پۆشینی نیقاب و سەرپۆش لە قوتابخانە و شوینی کارو هەروەها بڵاوبونەوەی چەند کتێب و فیلم و نامیلکەیەک کە بە دژی ئیسلام و مێژووی ئیسلام لێکدرانەوە لە نێوەندە ئیسلامیەکاندا نموونەی رۆمانەکەی سەلمان روشدی، هتد..

دووەم، قۆناغی دوای یانزەی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ و راگەیاندنی جەنگی دژە تیرۆر لە عێراق و ئەفگانستان. لەم قۆناغەدا لەسەر سێ ئاست ئەم چەمکە زۆر بەکار هات و گفتوگۆی زۆر لێکەوتەوە، لەلایەک لەسەر ئاستی میدیای نوسراو و بینراو بەتایبەتی کە کەناڵی ئاسمانی ئەوکاتە زۆر بوون بەربڵاو بوون لە جیهاندا. هەروەها ئینتەرنێت و تۆڕەکانی گەیاندن زۆر بوون و لەماوەیەکی کەمدا هەواڵەکان بە شێوەیەکی خێرا بە جیهاندا بڵاو دەبوونەوە. لەو سەروبەندەدا ئیسلامۆفۆبیا سەردەمی زێڕینی بوو و زۆر زوو تەشەنەی کرد، چەمکەکە بەشێوەیەک گشتگیر بوو هەرچی شتێک دەربارەی ئیسلام بوترایە بێگوێدانە مەبەست و ئامانج و هۆکارەکانی دەخرایە چوارچێوەی دژایەتی ئیسلام و ناوی ئیسلامۆفۆبیای لێ دەنرا. هەر بەهۆی ئەو تەشەنە خێرایەی ئەو چەمکە ئاستی دووەمی بەکارهێنانی ئاماژە پێ دەکەین، ئەویش گواستنەوەی بۆ دامودەزگای حکومەت و گفتوگۆی یاسایی لەبارەوە. ئەو لۆرد و ئەندام پەرلەمانانەی کەسەر بە جالییەی ئیسلامی ئەو وڵاتانە بوون لەرێگەی گروپەکانی فشارەوە ئەو گفتوگۆیانەیان گواستەوە بۆ ناو پەرلەمان و دەزگاکانی تەشریعی ئەو وڵاتانە. لە بەریتانیا هەردوو چالاکوانی ئیسلامی زەکی بەدەوی و فواد نەهدی لەمڕووەوە کاریگەریان هەبووە لەرێگەی ئەنجومەنی ئیسلامی بەریتانی. ئاستی سێهەمیش بواری ئەکادیمیایە، دیارە ئەم چەمکە خۆی خزانە نێو بواری ئەکادیمی و بەتایبەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی تر ئەو بوار و لێکۆڵینەوانەی گرنگی دەدا بە پرسی جێندەر، فرە کەلتوری (Multiculturalism)، هاوڵاتی بوون، یەکانگیری و ئینتگرەیشن، دیاردەی کۆچ و پەنابەری... هتد. لەم بوارەدا چەندین



**بۆ خوێندنەوەی وردی زانستی چەمكە گەلی وەک ئیسلامۆفۆبیا و ئیسلامۆفیلیا، پێویستمان بەوە هەیە چیدی واز لەو شیكردنەوە گشگیریانە بهێنین یان ئایدیۆلۆژی و رقاویانە كە زۆرجار بڕیاری پێشوەختە ئامادەی هەبووە لە خوێندنەوەكاندا**

ناوی ئەكادیمی هەن كە توێژینەوەی گرنگیان ئەنجامداوە چ وەک لێكۆڵەرە موسڵمانەكان و چ وەک ناموسڵمانەكان، لەوانە: پرۆفیسۆر تارق مەودود، زیائەدین سەردار، كریس ئەلین، ئەڤتار برا، ماریا ئۆرتنۆ و چەندینی دیكە.

### ئەنگێزەی پەرگیری و توندوتیژی و ئیسلامۆفۆبیا

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێكرد بۆ خوێندنەوەی وردی زانستی چەمكە گەلی وەک ئیسلامۆفۆبیا و ئیسلامۆفیلیا، پێویستمان بەوە هەیە چیدی واز لەو شیكردنەوە گشگیریانە بهێنین یان ئایدیۆلۆژی و رقاویانە كە زۆرجار بڕیاری پێشوەختە ئامادەی هەبووە لە خوێندنەوەكاندا، بۆ نموونە بۆ هەر كردەیەكی توندوتیژی خێرا لۆمەی ئایینی ئیسلام كراوە و هەمووی موسڵمانان بە تیرۆرست لەقەڵەم دراون و بە پێچەوانەكەیشەوە هەر كردەیەكی دژی موسڵمانان لە لایەن هەر شوێنكەوانێكی ئایینێک خێرا بە گشگیری وەک هێرشی سەرتاسەری دژی ئیسلام وێنا كراوە. ئەمەش بوارێكی بۆ گفتوگۆی زانستی و ئەكادیمی نەهێشتووەتەوە و باردودۆخەكەی تا بێت هەستیارتر كردووە. ئێمە پێداگیری لەسەر ئەوە دەكەینەوە كە ناكرێت باس لە دیاردەی ئیسلامۆفۆبیا بكرێ بەبێ گەڕانەوە بۆ دیاردەی توندوتیژی و رقلێبونەوە لەوی دی. لە وتارێكی ترماندا (٤) لەسەر هاوشێوەی ئەم رووداوە، قسەمان لەسەر ئەنگێزە و مۆتیڤی پشتی رووداوەكەی سیانزەی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٥ی شاری پاریس كردوە كە تیایدا كۆمەڵێک تیرۆرست لە زنجیرەیەک كاری تیرۆرستیدا زیاتر لە ١٣٠ كەسی بێتاوانیان كردە قوربانی. لەوێدا پێداگیریمان لەسەر ئەوە كردووە كە بەتەنها توندڕەوی ئایینی و ئایدیۆلۆژی هۆكار نین لەپشت ئەو رووداوەی شارێكی كەلتووری وەک پاریس، بەتایبەتیش كاتێ ئامانج لێوەی شوینەكانی وەک قاوەخانە و یانەی شەوانە و سینەما و كۆنسێرتی گۆرانی و شوێنە گەشتیاریەكانە. بەڵكو باسی ئەوەمان كردووە كە خودی هەڵبژاردنی ئەو شوێنانە ماناو مەدلوولی خۆی هەیە و ئەو مۆتیڤەی لەپشت ئەو روداوەوە بوو زۆر جیاواز بوو لە رووداوەكەی یانزەی سێپتەمبری ساڵی ٢٠٠١ كە ئامانج تیایدا لێدانی دوو تاوەری گەورەی بازرگانی بوو كە سیمبۆلی كەپیتالیزمن. بەڵكو ئەوەی پاریسی ساڵی ٢٠١٥ وەک سمبولی شاری كەلتووری مۆتیڤەكە دیارە چاو هەڵنەهاتنە بەو خۆشی و رابواردنەی كەسێكی موسڵمان لێوەی مەحرومە ئیتر بەهەرهۆكارێک بێت ئایا لەبەرخۆ گرتنەوە لە خۆشییەكانی دونیا و خۆ هەڵگرتن بۆ خۆشیەكانی قیامەتە یاخود بەهۆی پەراوێز كەوتنی جالییەی ئیسلامی و مناڵەكانیان و بێ بەش بوون لەو جۆرە ژیانەی كە كەسێكی سپی پێستی ئەورووپی هەیەتی یا هەر هۆكارێكی دیكە.



**ئەگەر سەدەی بیست سەدەی جەنگی جیاوازی رەنگ و رەگەزیی بوبێت، واتە کێشەی رەشپێستەکان و کێشەی کەمە ئیتنیکی و نەتەوەیەکان لە ئەمەریکا و ئەوروپا شوێنانی تر، ئەوا سەدەی بیست و یەک سەدەی کێشەی ئیسلامۆفۆبیایە.**

لێرەدا بە پشت بەستن بە خوێندنەوە و شیکارکاری دەروونی-کۆمەڵایەتی (سایکۆ-سۆشیال)، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئیرەیی وا دەکات لە مرۆڤەکان ئەوانەی هەست بە جۆرێک لە نەقس و کەمیی دەکەن بەرامبەر ئەوانی تر بەجۆری لە جۆرەکان بە شتی تر ئەو نەقسە پڕ بکەنەوە. شارەزایانی ئەم بوارە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن بەداخەوە هەمیشە بۆ ئەو پڕ کردنەوەیە کەسەکان پەلاماری توندوتیژی و پەرگیری دەدەن. هەر بۆیە ئەگەر کەسێکی ئایینی (لەم کۆنتێکستەدا ئیسلامی) بەهۆی مەحروومبونی لە خۆشیەکانی ژیان پەلاماری شێوە ژیانی ئەورووپییەکان بەرێ و بیەوێ لێان تێک بدات؛ ئەوا کەسێکی دەمارگیری سپی پێستی راستڕەوە بەهەمان شێوە کاتێ شکستی خۆی لە سەرکەوتنی کەسێکی پەنابەردا دەبینێ و چاوی هەڵنایەت بە بڕوانامە و کاری باش و خۆگونجانی پەنابەرەکە لە نێو کۆمەڵگە نوێکەدا، ئیدی پەلاماری توندوتیژی دەدات

هەمیشە ئەو مرۆڤانەی رەگەزپەرستن و رقیان لە بێگانەیە (لەم کۆنتێکستەدا خەڵکانی پەنابەر لە جالییە ئیسلامیەکاندا کە لە ئەوروپا و ئەمەریکا شوێنانی تر دەژین)، پاساوی ئەم رقەیان بەوە دەهێننەوە کە ئەمانە هاتوون کاریان کەمکردوەتەوە بۆ خەڵکی ئەسڵی و کلتورێکی تریان چەسپاندوە، ئافرەتەکانمان دەبەن و هتد.. واتە داتاشینی دوژمن، چونکە بەبێ ئەو دوژمنە ناتوانێ لە شکستەکانی خۆی تێبگات، بگرە لەبەر ئەوەی ئەمانە نێچیرێکی ئاسانن بۆ گلەیی لێکردن هەمیشە میدیای باو و بازاڕیی هەمان گوتار بەرهەمدەهێنن. لەم چەند ساڵەی رابوردویشدا چ لە ئەوروپا و چ لە ئەمەریکا شەپۆلی پارتە باڵە راستڕەوەکان لەهەڵکشاندایە و ئەوانیش بە هەمان نەست و سایکۆلۆژیا کار دەکەن. بیرمە نایجڵ فەرەج سەرۆکی ئەوکاتەی پارتی نەتەوەیی بەریتانی جارێک لە تویتێکدا نووسیبووی» ئەمڕۆ بە هۆی پەنابەرانەوە لە کارەکەم دواکەوتم چونکە شەمەندەفەرەکەم دوا کەوت و خەتای ئەوانە» . لەم سەرو بەندی رووداوی مزگەوتەکانی نیوزلاند تەلەڤزیونێک چاوپێکەوتن لەگەڵ سیناتۆرێکی ئوسترالی دەکا و دەڵێ «هۆکاری ئەم تەقەکردنە دەگرێتەوە بۆ پەنابەران.».

ئێمە لێرەدا ویستمان ئەوە یادی خوێنەران بهێنینەوە کە هەرچی دیاردەی ئسلامۆفۆبی هەیە و هەر رووداوێک لەو بابەتە ناکرێ دابڕدرێت لە هەلومەرجی پێشخۆی و دوای خۆی و هەروەهاش ناکرێ لەتەنها پەنجەرەیەکەوە ببینرێت و لە تاکە رەهەندێکەوە بخوێنریتەوە، ئەمانە رووداوی ئاڵۆزن پێویستیان بە توێژینەوەی هەمەلایەنە هەیە نەک بڕیاری پێشوەختە و سۆزباوی وەک ئەوەی میدیا و سۆشیال میدیا دەیکات. کەواتە هەر هەڵسوکەوتێکی ئیسلامۆفۆبی یا هاوشێوەی نە شەڕی ئیسلام و کوفرە و نە رایسستێک

نوێنەرایەتی تەواوی رۆژئاوا دەکات ( وەک هەندێ هەرزە ئیسلامی وای بۆ دەچن ) و نە ئیسلامێکی توندڕەو نوێنەرایەتی هەمووی رۆژهەڵات دەکات ( وەک هەندێ هەرزە راستڕەوی مەسیحی و ئەوروپی وا دەزانن). ئەم دووجۆرە لە بیرکردنەوە سەر بەیەکن بیانەوێ و نەیانەوێ ئەوان یەکتر دەژێنن و درێژەپێدەری یەکترن هەرچەندە لە ڕەواڵەتدا دژی یەکترن.

## دوا وتە

قسەیەک هەیە دەڵێت، ئەگەر سەدەی بیست سەدەی جەنگی جیاوازی رەنگ و رەگەزیی بوبێت، واتە کێشەی رەشپێستەکان و کێشەی کەمە ئیتنیکی و نەتەوەیەکان لە ئەمەریکا و ئەوروپا شوێنانی تر، ئەوا سەدەی بیست و یەک سەدەی کێشەی ئیسلامۆفۆبیایە. دیارە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ‹ئیسلامۆفۆبیا› بەتەنها ئەو مانا و تێگەیشتنە سادەی نییە کە بریتی بێت لە ترس لە گەشەسەندنی ئیسلام. بەڵکو کاتێ قسە لەسەر چەمکی ئیسلامۆفۆبیا دەکرێت گرێدراوە بە کۆمەڵێک کێشەو ئاریشەی دیکەوە وەک؛ کێشەی کۆچ و دایسپۆرا، کێشەی هاوڵاتیبوون و چوونە ناو کۆمەڵگای خاوەنماڵەوە، گرفتی ناسنامەی ئایینی و ئیتنیکی، کێشەی ئازادی رادەربڕین و سوکایەتی کردن بەئایین و چەندین کێشەی دیکە.

## پەراوێزەکان



1. Fadda-Conrey, Carol( 2014). «Islamophobia/Islamophilia: Beyond the Politics of Enemy and Friend». Journal of Arabic Literature. 45 (2–3): 277–281.

2. Allen, Chris (2010). Islamophobia . Ashgate.

٣- هەمان سەرچاوە

٤- بڕوانە: عەلی زەڵمی ، روانین لە رەهەندێکی جیاوازەوە بۆ کردەوە تیرۆرستیکەی نیوزلەندا، ٢٠١٩. گۆڤاری دیپلۆماتیک مەگەزین.

# ئیسلام فۆبیا
## یان دینداری فۆبیا؟






**د.كۆسرەت ساڵح ئەحمەد**

ساڵی لەدایكبوون ١٩٨٩. ماستەر لە زانستە ئیسلامییەكان لە زانكۆی ئیسلامی جیهانیی مالیزیا ٢٠١٥. خوێندكاری دكتۆرا لەهەمان زانكۆ٢٠١٩. مامۆستا لە زانكۆی سەڵاحەددین.

ئیسلام فۆبیا وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو بەشی (ئیسلام + فۆبیا) پێکهاتووە، فۆبیا لە بنەڕەتدا، وەک بەشێک لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانی زمانی ئینگلیزی مانای دەکەن، بۆ ترس لە شتێک بەبێ هۆکارێکی دیاریکراو بەکاردێت. کاتێک فۆبیا دەخرێتە پاڵ ئیسلام بە واتایی (ترس لە ئیسلام یان تۆقین لە ئیسلام) دێت.

قسەو باسی زۆر لەسەر پرسی راستی و دروستی، هەروەها ریشە و مێژووی بەکارهێنانی چەمکەکە کراوە، نامانەوێ لێرە بەدرێژی لەسەری بدوێین. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لەزەمینەی کرداری وشەکە لە رۆژئاوا لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان بەکاردێت، ئیدی لە شوێنی خۆیەتی یان نا؟، دروستە یان نادروست؟ هۆکار و لێکەوتەکانی چین؟ ئەمانە هەمووی جێی تێڕامان و لێوردبونەوە و شیکارکردنن.

ئامانج لەم بابەتە بریتی نییە لە وەستان لەسەر سەرجەم رەهەندەکانی تایبەت بە واتای راستەقینەی چەمکی (ئیسلام فۆبیا) و دەرهاوێشتە و لێکەوتەکانی، بەڵکو ئامانجی سەرەکی بریتییە لە وەستان لە سەر یەک رەهەندی پشت بەکارهێنانی چەمکەکە کە بریتییە لە (مەبەستی بەکارهێنانی چەمکەکە) هەروەها پەیوەندی نێوان ئیسلام فۆبیا و دینداری فۆبیا. لەم سۆنگەیەوە چەند پرسیارێک بە ئامانجی وەڵامدانەوە دەوروژێنین: ئایا مەبەست لە بەکارهێنانی (ئیسلام فۆبیا) ترسە لە ئیسلام وەک ئاینێکی جیهانی و کاریگەر؟ یان ترسە لە شتێکی تر؟، ئایا مەبەست لە بەکارهێنانی چەمکەکە بەئامانج گرتنی ئیسلامە وەک ئایین یان مسوڵمانانە وەک شوێنکەوتەی ئایینەکە؟ هەوڵدەدەین بەکورتی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

بەحوکمی ئەوەی رۆژئاوا، بەدیاریکراوی ئەمریکا، بریتییە لە ناوەندی شارستانییەتی جیهانیی هاوچەرخ، ئاراستەی ژیار و سیاسەتی زۆرینەی جیهان دەکات، چالاکییەکانی کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر وڵاتان لە زۆربەی لایەنەکانی ژیان بەتایبەت هەردوو لایەنی سیاسی و ئابووری، دەرەنجام لایەنەکانی مەعریفی و کلتووریش بەدەر نین لەو کاریگەرییە راستەوخۆییەی بڕیاربەدەستانی ناوەندی شارستانیەتی جیهانی دروستی دەکەن.

مرۆڤ هەرچەندە هۆشیار و شارەزا بێت ناتوانێت خۆی لە کاریگەری تەوژم و ئاڵۆزییە هزری و مەعریفییەکانی سەردەم بەدووربگرێت، تایبەت ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی و بەرنامە بۆ دارێژراو ئاراستە بکرێن، هەروەها ناوەندە ئەکادیمی، زانستی، رۆشنبیری و راگەیاندنەکانی بۆ تەرخانبکرێت. بەر لە ئەمریکا، ئەوروپا ناوەندی شارستانیەتی جیهان بووە، بە واتایەکی تر، ئەگەر ئێستا ئەمریکا ئاراستەی سیاسەت و جیهانبینی جیهان بکات، پێش ئەو ئەوروپا ئاراستەکاری سیاسەتی جیهان بووە، رۆژئاواش بەگشتی، ئەوروپا و ئەمریکا، دیدگا و تێڕوانینیان بۆ ئیسلام و مسوڵمانان، تێڕوانینێکی دوژمنکارانەیە، فەیلەسوف و بەرپرس و کاربەدەستەکانیشیان جار جارە بە ئامانج بوبێت یان بێ ئامانج ئەم دیدگا دوژمنکاریەیان نەشاردۆتەوە.

دژایەتیکردنی ئیسلام و مسوڵمانان لە رۆژئاوادا لە ئاستی باڵا، لە کۆن و نوێدا، حاڵەتی تێپەڕاندووە، بۆ نموونە: رۆژهەلاتناسی فەرەنسی کیمۆن لە کتێبی (پاثۆلۆجیای ئیسلام) ئایینداری مسوڵمانان بە میکرۆبی کوشندە، نەخۆشی ترسناک، شەلەلی گشتگیر و شێتایەتی هەژماردەکات، مسوڵمانانیش بەخوێنرێژ، بێهۆش، شێت ناوزەد دەکات، تەنانەت قەلاچۆکردن و زەلیل کردنیان بە پێویست دەزانێت(١). رۆژهەلاتناس لورانس براون، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە سەرکردەکانی رۆژئاوا گەلی جولەکە، یابانی و شیوعییە بەلشەفیەکانیان

به دوژمن پێناساندوون، بەڵام دەرەنجامی بەدواداچوونەکانی ئەوە بووە کە تەنیا ئیسلام دوژمنی راستەقینە و هەڕەشەی جدیبە بۆ سەریان.

لەسەر ئاستی سیاسییەکانیش سەرۆکەکانی ئەمریکا دژایەتی ئیسلامیان بەشێوازی جۆراو و جۆر کردووە، بوش، ئۆباما و ترەمپ بە ئاشکرا ئیسلامییان بە دوژمنی هەقیقی ناساندووە، تەنانەت ترەمپ هەڵمەتێکی گەورەی لەدژی گەلانی رۆژهەلاتی مسوڵمان بەناوی "Muslim ban" راگەیاند(٢). ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دروستکردنی سەدان هەزار هاولاتی رۆژئاوا دەبێت، کە هەڵوێست لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان بگرن، تایبەت هەوادار و گوێ لەمستەکانی ئەو رۆژهەلاتناس و بیرمەند و سەرکردانە. لەپاڵ بیرمەند و سەرکردە سیاسییەکان، بەشێک لە ناوەندە ئەکادیمیی و زانستییەکانیش بەشدارن لە دروستکردنی بۆچونی نەیارانە و دوژمنکارانە بۆ ئیسلام و مسوڵمانان، لەژێر پەردەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی مەیدانی و مێژووی. کەواتە بەشێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو لە رێگەی چەندین ناوەند و کەناڵی جیاوازەوە کار لەسەر پرسی ئیسلام فۆبیا دەکرێت لە رۆژئاوا.

لێرەوە وردتر لەسەر خاڵێکی جەوهەری دەوەستین، ئەمیش: ئایا بەهەقیقی رۆژئاوا لە ئیسلام دەترسێت؟ ئایا مەبەست لە ئیسلام فۆبیا ترسە لە ئیسلام وەکو ئایین یان لە شوێنکەوتەکانی؟ بەواتایەکی تر، ئەگەر ترسەکە هەیە، ئایا هەڵقولاوی کاریگەری تێکستە ئایینیەکانی ئیسلام و مەترسی راکێشانی رۆژئاواییەکانە بۆ ئیسلام و مسوڵمان بوون؟ یان دژایەتی ئاکار و رەفتاری دیندارانەی مسوڵمانانی رۆژئاوایە؟ یان هەر لە بنچینەدا بریتییە لە دژایەتیکردنی ئیسلام و مسوڵمانان لە هەرشوێنێک بێت؟ یان ئەوەتا لە بنچینەدا (ئیسلام فۆبیا) بەشێکە لە پرۆسەیەکی تری فراوان کە بریتییە لە (دینداری فۆبیا)؟.

رەنگە شیکردنەوەی پێگەی دینداری لە رۆژئاوا، وەلامێکی پوخت بێت بۆ بەشێک لەم پرسیارانەی سەرەوە، چونکە ئیسلام وەک ئایین و مسوڵمانیەتی وەک دینداری بەشێکن لە کۆرشتەی دینداری کە لەسەر زەمین بەشێوەیەکی رێژەیی هەیە، بۆیە بەر لەوەی لەسەر پرسی ئیسلام فۆبیا یان دینداری فۆبیا بوەستین، گرنگە لە دۆخی دینداری لە رۆژئاوا تێبگەین.

لە تەمموزی رابردوو (مانگی حەوتی ٢٠١٩) دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخسا لە نزیکەوە دۆخی دینداری لە رۆژئاوا، لە ولاتی ئەڵمانیا، بە وردی بخەمە ژێر لێکۆڵینەوە و لەگەڵ ئەکادیمیست و پسپۆرانی ئایین و ئاینداری چەند پرسێکی پەیوەست بە ئایین گەنگەشە بکەم. بەر لەوەی لەنزیکەوە لە دۆخی دینداری رۆژئاوا تێبگەم، بیستبووم لە رۆژئاوا دینداری تەنیا لە کەنیسە و مەعبەدەکان ماوە، بەڵام وانەبوو، نەوەک لە کەنیسە و مەعبەدەکان، تەنانەت لە هۆش و هەستیش زۆر دەگمەن نەبێت نەماوە، کەنیسە و مەعبەدەکان جگە لە شوێنی کەلەپووری جوان و سەرنجراکێش کە گەشتیاران رویان تێدەکەن، شتێکی تر نین، بگرە زۆرێکیان کەس نییە دەرگاشیان بەرووی گەشتیاران بکاتەوە. ئەوەی بەدیدەکرێت، جیهانێکی مادییانە و دونیاگەراییانەی رووتە و پێگەی ئایین نەوەک لاوازە، بگرە تا ئاستی نزیک لە نەبوون پەراوێزخراوە، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە چەند داتا و ئامارێکی سەنتەرەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەم پرسە لە درێژەی ئەم بابەتە دەخەینەڕوو.

دوای تێرامانێکی ورد و لێکۆڵینەوەی مەیدانی پێویست، گەیشتم بەو ئەنجامەی کە لە رۆژگاری هاوچەرخی رۆژئاوا، جەدەلەکە لەسەر راستی و دروستی ئیسلام یان مەسیحییەت نییە، بەڵکو بریتییە لە پێویستییەتی دینداری بەگشتی. بەواتایەکی تر، مرۆڤی دیندار لە بری ئەوەی موناقەشەی راستییەتی ئایین و ئاینداریيەکەی



**ڕۆژئاوا جیا لەوەی کار لەسەر ناشرینکردنی ئیسلام و مسوڵمانان دەکات، فۆرمە دینداریيە مەسیحیەتە پڕ گرێ و گاڵەکەی خۆشی لەبەرچاوی هەوادارانی ئایینی خستووە، بگرە وەك دێوەزمە وێنای کردووە.**

بکات، ناچارە موناقەشەی پێویستییەتی ئایین بکات وەک ئایین نەوەک ئایینێکی دیاریکراوی وەک ئیسلام، مەسیحی، یەهودی و ئایینەکانی تر. شتێکی نوێ بوو، ڕاستەوخۆ لە دەمی قوتابییەکی بەشی فەلسەفە و ئایین ببیستم کە ئایین نەوەک ڕاست نییە، بەڵکو هەر پێویستیش نییە مرۆڤ قەناعەتی پێ هەبێت، بگرە توندڕەوە (لەدیدی ئەو) هەرکەس بۆ چوونی وابێت "مرۆڤ پێویستی بە ئایین و ئاینداریيە".

جۆهان هافنەر، سەرۆکی بەشی فەلسەفە و ئایین لەزانکۆی پۆتسدامی ئەڵمانی، پێی وتم: "پێیان وتووم بۆچی توندڕەوت هێناوەتە ئەڵمانیا؟" تەنانەت لە ئاهەنگی کۆتایی پرۆگرامە دوو هەفتەیەکەش دوپاتیکردەوە کە بەشێک لە ستافی زانکۆ و قوتابییەکان بەشداریکردنی بەندە و هاوڕێکانمی بە بەشداریکردنی توندڕەوان هەژمارکردبوو. سەرەتا بەلامەوە سەیر بوو کە لە ناوەندێکی ئەکادیمی ڕەسەنی وەک زانکۆی پۆتسدام بۆچوونی وام بەر گوێ دەکەوێت، چونکە لە ئەساسدا بەشداری ئێمە داکۆکیردن بوو لە فرەیی ئایینی و قوڵکردنەوەی پێکەوەژیان، بە درێژایی دووهەفتەی پڕ سمینار و چالاکی زانستی جەختمان لەسەر گرنگی پێکەوەژیان و بەرجەستەکردنی کردبوو لە کوردستان، کەچی نەوەک دیدگای ئەوان بۆ ئێمە نەگۆڕابوو، بگرە، بەشێکیان بێ گوێگرتن لێمان مۆری توندڕەویان نابوو بەنێوچەوانمانەوە.

لە گەنگەشەیەکی یەک سەعاتیدا، سەبارەت بە (چۆنیەتی دروستبوونی قەناعەتە ئایینییەکان)، بەشداربوویەکی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی وتی: "کێشەی ئێمە لەگەڵ ئیسلام نییە وەک ئایین، هەروەها لەگەڵ تۆش نییە وەک مسوڵمان، کێشەمان لەگەڵ ئەسڵی دینداریيە، تێناگەم کە زانستمان هەیە دینداریمان بۆ چییە؟". ئەم قسەیە هی کەسێکی ئاسایی سەر شەقام نەبوو، کە ئاگای لەپرسە ئایینییەکان نییە، بۆچوونی قوتابییەکی بەشی فەلسەفە و ئایینی زانکۆیەکی ڕەسەنی ئەڵمانییە، کە ڕەنگە دوای چەند ساڵێکی تر، هاوشێوەی سەرۆک بەشەکەی، بەرگی قەشە لەبەر بکات و ڕابەرایەتی ئەندامانی کەنیسەیەکی گەورە بکات.

هافنەر، لەپاڵ مامۆستایەتی لە زانکۆ سەرۆکی بەشی فەلسەفە و ئایینیشە، هەروەها قەشەی گەورەترین کەنیسەی پۆتسدامە، چەند جارێک دوو بە دوو گەنگەشەی چەند پرسێکی ئایینیمان کرد، بە وردییەوە قسەکانیم وەردەگرت و بە هۆشیارییەوە پرسیار دوای پرسیارم ئاراستەدەکرد، لێرە دەمەوێ گرنگی تێکستە ئایینییەکانی تەورات و ئینجیل، کە لەلای ئەو پیرۆزترین کتێبی سەرزەمیین، لە دیدی ئەوەوە بۆ خوێنەر وەگوێزم، لەکاتی موناقەشەکردن لەسەر بۆچوونی ئەو، سەبارەت بە پرسی هاوڕەگەزبازی، وتی: "مەرج نییە هەرچیەک وەک تێکستی ئایینی لە تەورات هاتبێت ڕاستبێت،



**سەنتەری پیو بۆ توێژینەوە: ٤٧٪ ی رۆژئاواییەکان ئایین بە گرنگ دەزانن بۆ مرۆڤ، ٢٥٪ نیوە بەنیوە بەگرنگی دەزانن، ١٣٪ پێیان وایە ئایین زۆر گرنگ نییە، ١٤٪ بەگرنگی نازانن، ١٪ نازانن ئایا گرنگە یان نا.**

راستە تەورات کتێبی رەسەنی ئێمەیە، بەڵام بە لێکۆڵینەوەی مێژووی زۆر شتمان بۆ روون بۆتەوە کە راست نییە"، وتم: "ئەم قسەیە وەک قەشەیەکی ئایینیی دەکەی یان وەک لێکۆڵەرێکی مێژووی؟" وتی: "قەشەکان رەخنەم لێدەگرن کە دەڵێم پیاو و پیاو لەیەک مارەدەکەم، بەڵام چ رێگرێک هەیە کە ئەمە دەکەم، من رێگرێک نابینم" وتم: باشە ئەی ئەمە پێچەوانەی دەقە ئایینییەکان نییە کە جەنابت وەک قەشەیەکی باوەڕدار قەناعەتت پێی هەیە؟، وتی: "تێکستە ئایینییەکان هەر کات لەگەڵ یاسای وڵات تێکگیران ئێمە کار بە یاسا دەکەین، بۆیە ئامادەم لە کەنیسە هاورەگەزەکان لەیەک مارە بکەم" دەستمهەڵنەگرت لە پرسیارە سەرەکییەکە و لێم پرسی: "ئایا تۆ ئایین بە پێویست دەزانی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە یاخود نا؟" وتی: "لە روانگەی ئایینەوە بەڵێ، بەڵام وەک هافنەر رەنگە قەناعەتێکی ترم هەبێت"، وتم: بەشێک لە قوتابییەکانت زانست بەجێگرەوەی ئایین دەزانن و لەپاڵ هەبوونی زانست ئایین بە زیادە وەسف دەکەن، تۆ بۆچونت چۆنە؟ وتی: "ئەو قوتابیانەی لە رەچەڵەکەوە لە ئەڵمانیای رۆژهەڵاتەوە هاتوون، ئەگەرچی قوتابی فەلسەفە و ئایینن بەڵام بەهۆی ئەوەی خاوەنی پاشخانێکی کۆمۆنیستین باوەڕیان بە ئایین نییە و بەپێویستیشی نازانن، رەنگە بەشێکیان ناهەقیشیان نەبێت".

لە گەنگەشەیەکی تردا، قوتابییەکی تر پرسی: "بۆچی پێتان وایە ئایین بۆ مرۆڤ گرنگە؟ ئەوە نییە زانست خودایە و زیاتریش" وتم مەبەستت چییە لە "زیاتریش" وتی: "ئەوەی دەگوترا خودا دەیکات ئێستا زانست کردوویەتی بگرە زیاتریش، ئاخر بەلامەوە سەیرە کە زانست هەیە ئایین بەپێویست دەزانیت؟!" دوای هێنانەوەی چەندین بەڵگەی لۆژیکی لەسەر پێویستییەتی ئایینداری لە دونیا و وەڵامدانەوەی پرسە ئایینییەکانی تایبەت بە دوارۆژ (ئەوانەی لە دونیای فەلسەفە بە حیکایەتە گەورەکان دەناسرێن) کە مرۆڤ ناتوانێت لە رێگەی عەقڵ و لۆژیکەوە پەیان پێببات، وتی: "واز لە دوارۆژ بێنە چونکە لە ئەساسەوە قەناعەتمان پێی نییە، سەبارەت بەوەی کە ئایینیش پێویستییەکی رۆحی بێت، نە قەناعەتم بە ئایین و ئاینداری هەیە، نە پێشم وایە رۆژگارێک، وەک پێویستییەکی رۆحی پێویستم پێدەبێت، لە ئێستادا پێویستمان بە زانستە لەبری ئایین، پێم وایە کە ئایین جیا لەوەی مرۆڤ بۆ شتی نالۆژیکی دەبات توندرەویش بەرهەم دێنێت، ئەمە بۆ ئایین وەک ئایین نەوەک ئیسلام، مەسیحیەت، یان هەر دینێکی تر"، ئەم وتەیەیی کۆتایی سەرنجمان رادەکێشێت بۆ پرسی (دینداری فۆبیا) لەبری (ئیسلام فۆبیا)، بەواتایەکی تر، رۆژئاوا جیا لەوەی کار لەسەر ناشرینکردنی ئیسلام و مسوڵمانان دەکات، فۆرمە دینداریە مەسیحیەتە پڕ گرێ و گاڵەکەی خۆشی لەبەرچاوی هەوادارانی ئایینی خستووە، بگرە

وەک دێوەزمە وێنای کردووە. بۆیە هەرکات باسی دینداری دەکرێت دێوەزمە لای زۆربەیان ئامادەیە و ئاییندار وەک توندڕەو دەبینن.

داتاکانی تایبەت بە ئاییداری لە ئەڵمانیا سەلمێنەری ئەو راستیەن، کە ئایندارى لەلێوارى تیاچوونە لەو وڵاتە، لە شارێکی وەک (لایبزیک) ژمارەیەکی زۆر کەنیسە هەیە، بەقسەی (هافنەر) کەمتر لە رێژەی ٥٪ هەفتانە یەک جار دەکرێنەوە، ئەوانیتر تەنانەت یەک کەسیش ئامادە نییە بەدەمیانەوە بچێت و هەفتەی جارێک دەرگایان بکاتەوە، لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی پێشوو (کە رێژەی ئاییندارى تیایدا بەرزتر بووە لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات) رێژەی ئەوانەی تەنیا باوەڕیان بەخودا هەیە (بە پابەندبوو نا پابەند) تەنیا ١٣٪ (٣) بووە، دەبێت لە بەشی رۆژهەڵات چەند بووبێت کە وڵاتێکی کۆمۆنیستی بووە؟!. ئەمە لە کاتێکدا رۆژئاوا بەگشتی و ئەوروپای ناوەڕاست بەتایبەتی بە عەلمانی ترین شوێن لە جیهان هەژماردەکرێن و(٤)، عەلمانی بە واتای بێ ئاینی، لە پەرەسەندنی خێراش دایە، بەشێوەیەک پرۆسەی عەلمەنە و بە عەلمانیکردن (سیکۆلاریزەیشن) و دابڕینی ئایین لە ژیانی تاک و گشتییدا دیاردەیەکی بەربڵاوە و بە بەرنامەڕێژی ورد، بە چڕوپڕی کاری لەسەر دەکرێت.

کار گەیشتۆتە ئەوەی رۆژگاری ئەمرۆی ئەوروپا بە زەمەنی پۆست دینداری (واتە: زەمەنی دوای ئاییندارى و کۆتایی هاتنی قۆناغی دینداری) لە قەڵەم بدرێت. بنەما لەسەر بەرزی رێژەی زۆری بێ ئایینان و هەڵکشانی بەردەوامی رێژەکە، هەروەها ئاییندارى روکەشی بێ پابەند بوون بە دروشم و پەرستشەکان، بەشێک لە توێژەران بە رۆژئاوای پۆست دیندار ناوزەد دەکەن(٥). لەو سۆنگەیەوە ئاماژە بە چەند داتایەکی پەیوەندیدار بەو پرسە دەکەین.

سەبارەت بە گرنگی ئایین لای گەنجانی رۆژئاوا، پاڵپشت بە داتاکانی (سەنتەری پیو بۆ توێژینەوە) ٤٧٪ ی رۆژئاواییەکان ئایین بە گرنگ دەزانن بۆ مرۆڤ، ٢٥٪ نیوە بەنیوە بەگرنگی دەزانن، ١٣٪ پێیان وایە ئایین زۆر گرنگ نییە، ١٤٪ بەگرنگی نازانن، ١٪ نازانن ئایا گرنگە یان نا.

سەبارەت بە بەشداریکردنی چالاکییە ئایینییەکان و سەردانیکردنی کەنیسە ٣٢٪ هەفتەی جارێک بەشدار دەبن، ٣٣٪ مانگانە جارێک یان ساڵانە چەند جارێک سەرێک لە کەنیسە دەدەن، ٣٥٪ هەرگیز بەشداریان نەکردووە. رێژەی ئەنجامدانی نوێژ (لەلای مەسییحیەکانی رۆژئاوا) ٥١٪ رۆژانە نوێژێک دەکەن، ١٤٪ هەفتانە یەک نوێژ، ٦٪ مانگانە یەک جار و ٢٨٪ هەرگیز نوێژیان نەکردووە. سەبارەت بە بەشداریکردن لە نوێژی جەماعەت لە کەنیسە ٢٣٪ هەفتانە یەک جار، ٩٪ جارێک یان دووجار لە مانگێکدا، ٨٪ ساڵانە چەند جارێک، ٦٠٪ هەرگیز بەشدار نەبوون(٦).

سەبارەت بە دۆخی ئاییندارى لای گەنجان لە ئەوروپا، ٩١٪ گەنجانی کۆماری چیک و ٧٥٪ گەنجانی سوید بێ باوەڕن، واتە شوێنکەوتەی هیچ ئایینێک نین. لەبەریتانیا تەنیا بەرێژەی ٢٪ ی گەنجان خۆیان بەشوێنکەوتەی کەنیسە دەزانن، ٧٠٪ ئەو گەنجانەی تەمەنیان لە ٢٤ ساڵ کەمترە خۆیان وەک بێ ئایین پێناس دەکەن(٧).

دۆخەکە، لە ئیتاڵیا، ئیسپانیا، بەلجیکا، هۆڵەندا، نەرویج، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باشتر نییە، ئەو رێژانەی باسی ئاییندارىش دەکەن تەنیا بریتییە لە هەبوونی ئەندامییەتی لە کەنیسە و بەس، پابەندییەکی ئەوتۆ لە کەنیسە بەدیناکرێت. بۆیە زۆرێک لە کەنیسە گەورەکانی رۆژئاوا وەکو مۆزەخانە و شوێنی مێژووی و کلتووری سەیر دەکرێن و دەرگایان بەڕووی گەشتیاران واڵایە. رەنگە بوترێت ئەم داتا و ژمارانە راست نین، بەڵام هەرکەس هەفتەیەک لە یەکێک لە وڵاتانی رۆژئاوا بمێنێتەوە و بە وردی سەرنج بدات

تێدەگات دینداری لە رۆژئاوا لە لێواری هەرەس و تیاچوونە، سەرەرای ئەمەش چەندە دینداری کەمتر ببێتەوە، ئایین و ئاییندار بێزراوتر و بەمەترسیدارتر هەژماردەکرێن لەلایەن دژە دین و بێ ئاینان.

بۆیە سەیر نییە، کاتێک مرۆڤێک دەبینن وابەستەی ئایینەکەیتی و ئاییندارى دەکات بە توندرەو، رادیکاڵ، فەندەمێنتاڵ و کۆنەپەرست هەژماري بکەن، چونکە لای زۆرینەیان ئایین جگە لە تاریکپەرستی و ئاییندار جگە لە دێوەزمە شتێکی تر نییە، مەرج نییە ئەم بۆچوونە لە ئاکار و رەفتار دەربکەوێت، بەڵام کاتێک لە نزیکەوە دەیاندوێنیت بە ئاشکرا ئەمەت بۆ روندەبێتەوە. شاراوە نییە، ئەم دێواندنە تەنیا لەسەر ئاستی تاک کاری لەسەر نەکراوە، بەڵکو لەرێگەی هەڵمەتی سیاسی و ئیعلامی و هزری کار کراوە لە سەر ناشرینکردنی ئاییندارى بەگشتی و پیشاندانی ئایینێکی وەکو ئیسلام بەتایبەتی بە دێوەزمە و تۆقێنەر و هەرەشە و مەترسی بۆ سەر جیهان و مرۆڤایەتی.

لەکۆتاییدا، دەگەین بەو دەرەنجامەی رۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر (دینداری فۆبیا) دەکات، لەناویشیدا (ئیسلام فۆبیا)، بەهۆی هەڵکشانی رێژەی مسوڵمانان و مسوڵمان بوونی رێژەیەکی بەرچاوی ئەوروپاییەکان، بەتایبەتتر کار لەسەر ناشرینکردنی ئیسلام و مسوڵمانان دەکرێت. کەواتە (ئیسلام فۆبیا) حەلقەیەکی قەبارە مامناوەندە لەناو ئەو هەڵمەتە گەورە و تەوژمە چڕەی رۆژئاوا لە دژی ئاییندار و ئایینەکان دەیکات. تەنیا مسوڵمانان نین بەر (فۆبیا)ی رۆژئاواییەکان کەوتوون، بەڵام بەهۆی کاریگەری و واقیعی بوونی ئیسلام و ئیسلامبوونی رێژەیەکی بەرچاوی رۆژئاواییەکان، چاوەکان زیاتر لەسەر ئیسلامن و دژایەتییەکە زیاتر بۆ مسوڵمانانە. لە ئەرزی واقیعدا، جگە لە بەشە مولتەزیمەکانی مسوڵمانان پەیرەوکارانی تری ئایینەکان پابەندییەکی ئەوتۆیان نییە شیاوی باس بێت، تەنیا بەناو ئەندامی کەنیسە و پەرستگاکانیانن و لایەنە کردارییەکەی وەک جۆرێک لە شەرم و عەیب وێناکراوە.

**پەراوێزەکان:**

١- بروانە: مؤامرات في مواجهه الإسلام، ابراهيم النعمه، لاپەرە ٥٩.

2.https://onlinelibrary.wiley.com/doi/abs/10.1002/aps.1535.

3.https://www.spiegel.de/international/zeitgeist/report-3.shows-highest-percentage-of-atheists-in-former-east-germany-a-828526.html

4.https://nationalinterest.org/article/religion-and-the-west-858.

5.https://www.thejournal.ie/readme/religion-rise-europe-west-4293432-Oct2018/.

6.https://www.pewforum.org/religious-landscape-study/region/west/.

70https://www.thejournal.ie/readme/religion-rise-europe-west-4293432-Oct2018/.

خۆرئاوا..

# ڕق لە ئیسلام یان شەڕی ناسنامە؟!





**عمر علی غفور**

لەدایکبووی ١٩٧٠ هەڵەبجە. نووسەر و وەرگێڕ. خاوەنی ١٣ کتێبی دانراو و نزیکەی ٤٠ کتێبی وەرگێڕدراو.

زاراوەی (ئیسلامۆفۆبیا **Islamophobia** (یان موسلیمۆفۆبیا **Muslimophobia**)، کە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی دەکات بە «رق یان ترسی زۆر لە ئیسلام (موسڵمانان) بەتایبەت وەک هێزێکی سیاسی، دوژمنایەتی یان بەدبینییە بەرانبەر موسڵمانان)، وەک زاراوە نوێیە و یەکەمین بەکارهێنانی بۆ ساڵی ١٩١٠ دەگەڕێنرێتەوە کە لە توێژینەوەیەکی توێژەری فەرەنسی ئالان کیلیان Alain Quellien دا بەکارهاتووە وەک وەسفکردن بۆ «ئەو هەستی بەدبینییەی لەناو گەلانی خۆرئاوایی و شارستانێتیی مەسیحیدا بەرانبەر ئیسلام هەیە»، بەڵام مانا و دیلالەتی چەمکەکە زۆر لەو مێژووە کۆنترە، کە دەتوانین بڵێین بۆ سەرەتای بەریەککەوتنە گەورەکانی نێوان هەردوو ئایین/شارستانێتیی ئیسلامی و مەسیحی دەگەڕێتەوە، کاتێک ئیسلام وەک ئایینێکی نوێ و بەهێز سەری هەڵدا و سوپای فەتحی ئیسلامی چ وەک ئیمان و چ وەک دەسەڵات و هەژموونی زەمەنی، بوو بە رکابەر و گژبەری و هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر ئایینی مەسیحی و هەژموون و دەسەڵاتی ئەو ئایینە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە لە زێدی سەرەکیی هێز و باڵادەستیی ئەو ئایینە لە خودی ئەورووپا، بەدوایدا هێرشەکانی خاچپەرستان بۆ سەر جیهانی ئیسلامی و دواتریش شاڵاوی ئیستیعماری ئەورووپی بۆ سەر جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە سەدەی شازدەیەم بۆ سەرەوە.

ئەو رق و مەترسییە لەگەڵ سەرهەڵدانی رەوتی ئیسلامی بەگشتی و گرووپە جیهادییە توندڕەوەکانی وەک قاعیدە و داعش بەتایبەت، کە بەئاشکرا جەنگیان دژی خۆرئاوا راگەیاند و چەندین هێرشی خوێناویان لە ناوجەرگەی ئەمەریکا و ئەورووپا ئەنجام دا، لەوانە هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لە نیویۆرک و واشنتۆن، هاوکات شەپۆلی بەرفراوانی کۆچی بەکۆمەڵی موسڵمانان بۆ ئەورووپا و ئەمەریکا و زیادبوونی رێژە و هەژموونیان لە خۆرئاوا بەهۆی گەشەی دانیشتوانی موسڵمان و زیادبوونی رێژەی هاتنە ناو ئیسلام لە چەند دەیەی رابردوودا، گەشەیەکی بەرچاوی کردوە و لە هەندێ کاردانەوەی توندڕەوانەدا خۆی دەنوێنێت، کە رەنگە دیارترین و خوێناویترینیان هێرشە چەکدارییەکەی ١٥-٣-٢٠١٩ نیوزلەندە بێت بۆ سەر دوو مزگەوت لە شاری کرایسچەرچ، کە ٤٩ کەسیان تێدا کوژرا و نزیکی ئەو ژمارەیەیش بریندار.

رەنگە زۆر لە موسڵمانان کە باوەڕیان وایە ئایینەکەیان (رەحمەتە بۆ مرۆڤایەتی)، پێیان سەیر بێت بۆچی خۆرئاواییەکان، یان وردتر بڵێین بەشێکی بەرچاویان، رق و ترسیان لە ئیسلام هەیە و بەمەترسی دەبینن لەسەر خۆیان، ئایا کەس هەیە ترسی لە هاتنی رەحمەت و خێر و دادپەروەری و ئیمان هەبێت، لەبەرئەوە سەرهەڵدانی دیاردەی ئیسلامۆفۆبیا بە کاردانەوەی ستەمکارانە و زادەی وەهم و هۆشێکی نەخۆش بزانن.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا ئەو رق و ترسە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا بناغەیەکی واقیعی و لۆژیکی هەیە یان تەنیا وەهمە؟ ئایا خۆرئاوا رقی لە ئایینێکە کە رەحمەت و دادگەری پێ بێت؟ ئایا رۆڵی موسڵمانان لەبەرانبەر ئەو (فۆبیا)یەدا قووڵکردنەوە و سەلماندنیەتی، یان رەواندنەوەی؟ دواجار، ئایا ئەوە تەنیا خۆرئاوایە لە ئیسلام (موسڵمانان) و بەهاکانی دەترسێت، یان موسڵمانانیش لە خۆرئاوا و بەهاکانی دەترسن؟ واتە لەبەرانبەر ئیسلامۆفۆبیا لە خۆرئاوا، لە دنیای ئیسلامیش غەربۆفۆبیا و مەسیحیەتۆفۆبیا و ئیلحادۆفۆبیا و... هتدیش هەن، کە زۆرجار بە (غەزوی فیکری) ناو دەبرێت؟

ئەز پێم وایە ئەو ترسەی خۆرئاواییەکان لە ئیسلام هەیانە ترسێکی لۆژیکی و سروشتییە و بەشێکە لە هەستی لەسەرخۆکردنەوە و



**شتێکی چاوەڕوانکراوە ئەم حاڵەتە نیگەرانی لەناو کۆمەڵگەی خۆرئاوادا لە ئایندەی ئەو هێزە نوێیە و چارەنووسی ئایین و شارستانێتییە خۆرئاواییەکە لانیکەم لە دوورمەودادا، دروست بکات.**

پاراستنی تایبەتمەندی و ناسنامەی کۆمەڵگە و شارستانێتییەکە کە ئایینی مەسیحیەت بناغەیەتی، لەبەرانبەر ئایین و شارستانێتییەکی جیاوازدا کە لە مێژوودا رکابەرێکی سەرسەخت و بگرە زەبرلێدەرێکی سەرەکی بووە و رووبەرێکی بەرفراوانی ناوچەکانی هەژموونی مەسیحیەتی کۆنترۆڵ کردووە، لەوانە قوستەنتینیە (ئیستەنبوڵ) ی پایەتختی دەوڵەتی بێزەنتی، هاوکات ئایینێکە هەڵگری گوتارێکی رۆحیی زیندووە کە لە توانایدایە سەرنجی تاکی خۆرئاوایی تینووی نێو دنیای وشکی ماتریالیستیی شارستانێتیی نوێ رابکێشێت، واتە لە ئیسلام دەترسێت چونکە لەلایەک ئیسلام وەک ئایینێک لە زێد و قەڵای رەسەنی ئەودا لە گەشە و پێشڕەویدایە، چ لەڕێی موسڵمانبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە خۆرئاواییەکان، چ لەڕێی شەپۆلی کۆچی موسڵمانان و بەرزبوونەوەی رێژەی موسڵمانان بەهۆی گەشەی خێرای خێزانە موسڵمانەکان بەبەراورد بەخۆرئاواییەکان(١) ، کە ئۆلیڤەر روا لە کتێبی (جەهلی پیرۆز)دا پێی وایە «بڵاوبوونەوەی ئیسلام زیاتر پەیوەندی بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە هەیە تا بە مەیلی موسڵمانبوونەوە»(٢).

لەلایەکیترەوە سەرهەڵدانی گرووپە ئیسلامییە جیهادییەکان و جاڕدانیان بۆ جەنگی پیرۆز دژی خۆرئاوا بە ئایین و بەها مۆدێرنەکان و شارستانێتی و بەرژەوەندی و تەنانەت هاوڵاتییانی ئاساییەوە و هەڕەشەکردنیان بەداگیرکردنی رۆما و واشنتۆن و کاریگەریی ئەو تەوژمە توندڕەوە لەسەر بەشێکی بەرچاو لە رەوەندی موسڵمان لە خۆرئاوا، کە پاشتر بوونە بەشێک لە لەشکری داعش و ئەنجامدەری هێرشەکانی لە ناوجەرگەی ئەوروپا و خۆرئاوا بەگشتی(٣)، ئەو مەترسییەی قووڵتر کردۆتەوە، بەشێوەیەک دەوترێت ئەو هەستە تەنیا هێزە راستڕەوە توندڕەوەکانی نەگرتۆتەوە بەڵکو کاری لە هێزە دیموکرات و چەپەکانیش کردووە.

شتێکی چاوەڕوانکراوە ئەم حاڵەتە نیگەرانی لەناو کۆمەڵگەی خۆرئاوادا لە ئایندەی ئەو هێزە نوێیە و چارەنووسی ئایین و شارستانێتییە خۆرئاواییەکە لانیکەم لە دوورمەودادا، دروست بکات، لەبەرئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە وەک هەستی لەسەر خۆکردنەوە و پاراستنی ناسنامەی و کولتوور و شارستانێتیی بۆماوە و مێژوویی خۆیان، کە شانازی پێوە دەکەن، کاردانەوەیان هەبێ و ئەو کاردانەوە لە رەفتاری جۆراوجۆردا رەنگ بداتەوە، کە هەندێکی بەرهەڵستییەکی سروشتی و ژیرانە و ئاساییە (دەکرێ قبوڵنەکردنی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپی سەربازی هەوڵ و سازشە زۆرەکانی ئەمەی دوایی، بەشێک بێت لەو بەرهەڵستییانە، لەو رووەوە پێیان وایە یەکێتیی ئەوروپا یەکێتیی وڵاتە مەسیحییەکانە و نابێت رێگە بە وڵاتێکی گەورەی موسڵمان بدرێت ببێتە ئەندام لەو یەکێتییەدا)، هەندێکیشی کاردانەوەی رەگەزپەرستانە و توندڕەوانە دەبێت.

ئەم هەستی لەسەر خۆکردنەوە و



# هەندێ لە توێژەران پێیان وایە تێڕوانینی ئوسوڵییە توندڕەوەکانی خۆرئاوا سەبارەت بەئیسلام هەمان تێڕوانینی ئوسـوڵییە توندڕەوە موسـڵمان یاخود ئیسلامییەکانە

بەرهەڵستیکردنەی ئیسلام و هەژموونی موسڵمانان بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ناوەرۆکی ئیسلام و بەها و یاساکانیەوە نییە کە ئایا چاکن یان خراپن، تا بڵێین چۆن خۆرئاوا ئەو ئایینە چاکە رەت دەکاتەوە یان بەمەترسی دەبینێت، چونکە ئایین بۆ ئاییندارى بۆماوە پێش لەوەی پرۆسەیەکی مەعریفی و ناسینی راست و هەڵە و چاک و خراپ بێت، پرۆسەیەکی عاتیفی و نەریتی و پەیوەندیی بەکاریگەریی هەستی دەستەجەمی و ئەقڵی دەستەجەمی و نەریت و پەروەردەی بۆماوەی سەدان ساڵەی باوانەوە هەیە، رەنگە زۆر لە خۆرئاواییەکان هیچ لەبارەی ئایینەکەی خۆیان یان ئایینی ئیسلام نەزانن، بەڵام ئامادە نین رێگە بدەن ئایینێکی غەریب ئایینەکەیان بتوێنێتەوە، رەنگە زۆر لە موسڵمانانیش هەبن هیچێکی ئەوتۆ لە ئایینەکەی خۆیان شارەزا نەبن، بەڵام ئامادە نین رێگە بدەن ئایینێکیتر وا بەئاسانی ئاینەکەیان بتوێنێتەوە، زۆرجار بیستوومانە کەسانێک هەبوون هیچ ئیلتیزامێکی ئایینیشیان نەبووە، بگرە بیستومە هەبووە مولحید بووە، بەڵام لەبەرانبەر هێرش و رەخنەی شوێنکەوتەی ئایینێکیتردا لە ئایینە نەتەوەییەکەی، هاتۆتە دەنگ، چونکە ئایینەکە سەدان ساڵ پێش لەو لە کۆهەست و کۆنەست و کۆئەقڵی کۆمەڵگەدا رەگی داکوتاوە و کاریگەریی خۆی بەم یان بەو رێژە و شێوە لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە شوێنکەوتەکەی بەجێ دێڵێت. لێرەوە ئەو پرسیارە هیچ لەئارادا نابێت کە چۆن خۆرئاوا لە ئایینی (رەحمەت)ی ئیسلام دەترسێت و رەتی دەکاتەوە و بەرهەڵستی دەکات، چونکە باسەکە لێرەدا زیاتر بەرگریکردنە لە ناسنامە، بەچاوپۆشین لە ناواخنی ئەو ناسنامەیە.

ئەم لەسەر خۆکردنەوە و بەرهەڵستیکردنی هەر ئایدیایەک مەترسی بۆ سەر ئایین و ناسنامە و کولتووری ئایینی دروست بکات، لای ئێمەیش لە جیهانی ئیسلامی هەیە و رەنگە زیاتریش لەوەی خۆرئاوا بەرانبەر ئیسلام هەیەتی، چونکە لە خۆرئاوا بەئاستەم دەتوانین بڵێین دژایەتیی ئیسلام یان بەرهەڵستیکردن یاخود سنووربۆدانانی هەیە، چونکە لە سایەی ئەو ئازادییەدا لەو کۆمەڵگایانە هەیە، بانگخوازانی ئیسلامیش ئازادانە بانگەواز بۆ ئاینەکەیان دەکەن، خەڵک دەکەنە موسڵمان، موسڵمانان هان دەدەن لەناو بەهاکانی خۆرئاوادا نەتوێنەوە، تا ئەو رادەیەی رێپێوان دەکەن و داوای پیادەکردنی شەریعەت دەکەن، بگرە هەندێ رەوت بەئاشکرا دژایەتیی خۆرئاوا و بەهاکانی دەکەن، کەنیسە دەکڕن و دەیکەن بە مزگەوت، دەوڵەت و کۆمەڵگە رێز لە پیرۆزییەکانیان دەگرێت و ئەرکە ئایینیەکانیان ئازادانە ئەنجام دەدەن، لە بارێکی وادا دەبێت دژایەتیکردنی ئیسلام چ مانایەک بگەیەنێت؟ بەڵام لێرە ئەو ئازادییە بۆ ئایین و فیکری غەیرە ئیسلامی نییە، بەهیچ شێوەیەک رێگە بە بانگەشەکردن بۆ ئایینی مەسیحی، لانیکەم بەئاشکرا و لە مینبەرە رەسمی و گشتییەکانەوە، نادرێت، رووی نەداوە و رەنگە هەرگیزیش روونەدات

مزگەوتێک بکرێتە کەنیسە، بگرە دروستکردنی کەنیسەی نوێیش ڕەنگە بێ کۆسپ نەبێت، ئیدی با باسی وێرانکردنی کەنیسەکانیان لەلایەن دەوڵەتە ئیسلامییەکەی داعشەوە بوەستێت.

ترس لە گەشەی ئایینێکی غەریب شتێکی سروشتییە، دەکرێ ئەو ترسە لەژێرەوە دەمارێکی ڕقیش دنەی بدات و وزەی پێ ببەخشێت، بەڵام خۆی ڕق جیایە لە ترس، ترس کاردنەوەیەکی سروشتی و ئەقڵانییە، بەڵام ڕق کاردانەوەیەکی عاتیفی و زۆر جار نائەقڵانی و ڕەگەزپەرستانەیە، چونکە لەوەی یەکەمدا تۆ دەکرێ لەڕێی ئاشنابوون بە ئایینە غەریبەکە و ئاگەداربوون لە بەها و یاسا و هەڵوێست و دنیابینییەکانیەوە هەڵوێستت بگۆڕێت و ترسەکەت بڕەوێتەوە، یان لانیکەم هێندە لێی نەترسیت و ڕقت لێی نەبێت و هەڵگرانی بەگشتی و بەبێ هەڵاوێران بە هەڕەشە و بۆمبی تەوقیتکراو نەزانیت، بەڵام لەوەی دووەمدا کابرا وێنەیەکی قاڵبەند (نەمەتی) لەبارەی ئەو ئایینە و شوێنکەوتوانی وەرگرتووە، جا ئیتر لە خوێندنەوەی خۆی وەریگرتبێت یان لە کەنیسە، یان لە پەروەردەی باوی باوان و کۆمەڵگە یان لە میدیای زاڵەوە و لەو چاویلکەوە تەماشای دەکات و بەهیچ کلۆجێک ئامادە نییە ئەو تێڕوانینەی بگۆڕێت و مۆمێک لەو تاریکستانەی مێشک و هۆشیدا دابگیرسێنێت، ئەمەیە پێی دەوترێت (حوکمی پێشوەخت دژی ئیسلام)، کە بەداخەوە لەناو گەلانی ناو شارستانێتیی خۆرئاوا و مەسیحیدا کەم نین. بیرمەندی فەرەنسی ئالان کلیان لە کتێبی «السیاسة المسلمة فی افریقیا الغربیة الفرنسیة»دا دەڵێت «بەلای هەندێ لە مەسیحی و ئەوروپییەکانەوە، موسڵمان دوژمنی سروشتییە، دوژمنێکە قابیل بە گفتوگۆ و سازشکردن نییە. بەلای ئەوانەوە موسڵمانبوونی تۆ واتە شارستانێتی ڕەت بکەیتەوە، ئەوەی شوێنکەوتەی ئایینی محەمەد بێت هیچ ناگەیەنێت جگە لە وەحشیەت و دڵڕەقی و بەدنیازی».

فەیلەسوفی فەرەنسی ئێرنست ڕینان لە کتێبی (الاصلاح الفکری والاخلاقی)دا کە ساڵی ۱۸۷۱ دەرچووە دەڵێ: «ئیسلام نەفیکردنی تەواوە بۆ ئەوروپا، بەسووک سەیرکردنی زانستە، سڕینەوەی کۆمەڵگەی شارستانییە، بەرتەسککردنەوەی عەقڵی ئینسانی و دوورگرتنیەتی لە هەر بیرۆکەیەکی ورد و هەستێکی باش و لێکۆڵینەوەیەکی ئەقڵانی».

ئەم تێڕوانینە نەمەتی و پێشوەختە، کە زادەی مێژوویەک لە ململانێی هەردوو ئایین و شارستانێتیی ئیسلامی و مەسیحییە، لەپشت تەوژمە ڕاستڕەوە دژە ئیسلامەکانی خۆرئاوای ئێستاوەیە، کە هەوڵ دەدەن ئیسلام وەک غۆلێک پیشان بدەن کە ئەوروپا و مەسیحیەت لووش دەدات و بەوەیش خۆرئاواییەکان لە ئیسلام و موسڵمانان پڕ بکەن:

بۆ نموونە ژنە ڕۆژنامەنووسی ئیتاڵی ئۆریانا فالاشی لە کتێبی (السعار والفخار)دا هۆشداری دەداتە خۆرئاواییەکان لە ئیسلام و داوایان لێ دەکات بەر لەوەی ئیسلام لەڕێی هاوسەرگیری و کۆچەوە ئەوروپا بگرێتەوە فریا بکەون.

پۆپولیستی ڕاستڕەوی دانیمارکی میکایل جاڤلینگ لە لێدوانێکدا بۆ ڕادیۆی ۲٤ سیڤ وتی : «موسڵمانەکان کۆتایی بەئەوروپا دێنن ئەگەر ئەوروپییەکان ڕێگە لە هاتنیان بۆ ناو کیشوەری ئەوروپا نەگرن».

ئەم تێڕوانینە پڕ لە ڕق و بەدگومانییە سەرچاوەی ئەو هێرشانەن ناوبەناو ڕاستڕەوە توندڕەوەکان دەیکەنە سەر موسڵمانان و مزگەوتەکانیان(٤).

*** ***

لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا ئەم تێڕوانینە نەگۆڕە سەبارەت بە ئیسلام و موسڵمانان، هەر لە بۆشایی دروست بووە و بەشێک لە موسڵمانەکان خۆیشیان بەدروشم و کردەوەکانیان بۆیان ناسەلمێنن و نابنە بڕەودەر

بەو ڕەوتە توندڕەوانە؟

هەندێ لە توێژەران پێیان وایە تێڕوانینی ئوسوڵییە توندڕەوەکانی خۆرئاوا سەبارەت بەئیسلام هەمان تێڕوانینی ئوسوڵییە توندڕەوە موسڵمان یاخود ئیسلامییەکانە، چۆن؟

بەگوێرەی پێناسەی ڕابیتەی بەریتانییە موسڵمانەکان ئەو کەسەی تووشی ئیسلامۆفۆبیا بووە، کەسێکە باوەڕی بەو بیرۆکانەی خوارەوە هەیە:

– ئیسلام کۆمەڵێک بیری جێگیر و وەستاوە و قابیل بەگۆڕان نییە، لە بەها و کولتوورەکانیتر جیاوازە و کولتوور و هزرەکانیتر کاری تێناکەن. ئیسلام لە خۆرئاوا نزمترە، بەربەری و نائەقڵانی و لایەنگری پیاوە. ئیسلام توندوتیژە، دژومنکارانەیە، پاڵپشتی ئیرهابە و باوەڕی بە ململانێی شارستانێتییەکان هەیە. ئیسلام زیاتر ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە تا ئەوەی ئایینێک بێت و بۆ باڵادەستی سیاسی و پەلاماری سەربازی بەکار دەهێنرێت.

سەیر ئەوەیە زۆربەی زۆری ئیسلامییەکان بەجۆرێ لە جۆرەکان باوەڕیان بەم بیرۆکانەی سەرەوە هەیە، باوەڕیان وایە هیچ کولتوورێک کاریگەری لەسەر ئیسلام نەبووە و موسڵمان تەبەڕا لە هەموو هزر و بەها مرۆییەکان دەکات، شارستانێتییەکانیتر بەنزمتر لە ئیسلام و بەربەری و ئیباحی و نائەقڵانی دەزانن و باوەڕیان وایە ئیسلام ئایینێکی جیهادییە و هاتووە تا باڵادەست بێت و حوکم بکات. (بۆچوونی: حوسێن ئەلوەداعی، نووسەر و توێژەرێکی یەمەنییە).

واتە سروشتی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی هەندێ گرووپی ئیسلامی و تەنانەت هەندێ تێڕوانینی کلاسیکیی ئیسلامیش، کە لەلای هەر موسڵمانێکی ئاسایی حزوری هەیە و پچڕینی هەر پردێکی هاوبەش و پێکەوە گونجان لەگەڵ خۆرئاوا و بەها خۆرئاواییەکان و بیرکردنەوە بەعەقڵ و هەستی داغانی سەردەمی فتوحات و شەڕی خاچپەرستی سەدەکانی ناوەڕاست، هاوکات پیشاندانی دیاردەکانی موسڵمانبوون لە خۆرئاوا، دیمەنەکانی نوێژی بەکۆمەڵی موسڵمانان لە شەقامەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا، کڕینی کەنیسە و کردنی بە مزگەوت یان بانگدان لەناو کەنیسەیەک، بوونی هەندێ کەسی موسڵمان بە پەرلەمانتار یان حاکم لەم یان لەو وڵات و شاری خۆرئاوا و ئەم جۆرە دیمەنانە لەلایەن هەندێ لە بانگخوازانەوە وەک سەرەتا و نیشانەی فەتحێکی نوێی ئەورووپا هاوشێوەی فتوحاتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و بەتایبەت فەتحی قوستەنتینیە (ئیستەنبوڵ)، وا دەکات ئیسلامۆفۆبیا نەک وەهم و ڕقێکی بێ بناغە نەبێت، بەڵکو ببێتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، کە موسڵمانەکان خۆیان پێش لە خۆرئاواییەکان لۆژیکیبوونی دەسەلمێنن.

## پەراوێزەکان:

١– بەپێی توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی (دادپەروەری بۆ هەمووان دژ بە جیاکاری)، ژمارەی موسڵمانان لە خۆرئاوا گەیشتۆتە ٤٥ ملیۆن کەس. بەپێی توێژینەوەکە، جگە لە چەند وڵاتێکی ئەورووپیی ناوچەی بەلقان کە موسڵمانان زۆرینە یان ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانن (کۆسۆڤۆ ٩٠٪، ئەلبانیا ٨٠٪ و بۆسنە ٥٥٪، مەقدۆنیا ٤٠٪، مۆنتینیگرۆ ٢٠٪)، ژمارەی موسڵمانان لە ڕوسیا ١٧ ملیۆن کەسە (١٢٪)، فەرەنسا ٥ ملیۆن، ئەڵمانیا زیاتر لە ٤ ملیۆن، بەریتانیا ٣ ملیۆن، هۆڵەندا یەک ملیۆن کەسە. بەپێی توێژینەوەیەکی زانکۆی نیویۆرکیش ژمارەی موسڵمانان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ٢–٣ ملیۆن کەس دەبن.

٢– جەهلی پیرۆز، ئۆلیڤەر ڕوا، وەرگێڕانی: عومەر عەلی غەفوور، چاپی یەکەم ٢٠١٨، پێشەکی.

٣– لەو هێرشانەی کردویانەتە سەر خۆرئاواییەکان:

– ٧–١–٢٠١٥ هێرشی دوو چەکداری بەئەسڵ جەزائیری بۆ سەر نووسینگەی ڕۆژنامەی (شارلی

هیبدۆ) لە پاریس کە تێیدا ١٢ کەس کوژران نۆ لەوانە ڕۆژنامەنووس بوون.

– ١٤-١١-٢٠١٥ زنجیرەیەک هێرشی خۆکوژی لە چەند شوێنێکی گشتیی پاریسی پایتەختی فەرەنسا (لەوانە هۆڵی شانۆ و بەردەم یاریگە) ڕوویاندا، کە بوونە هۆی کوژرانی نزیکەی ١٥٠ هەزار کەس و برینداربوونی سەدانیتر.

– ٢٢-٣-٢٠١٦ ئەنجامدانی دوو تەقینەوەی خۆکوژی لە برۆکسێلی پایتەختی بەلجیکا، بەهۆیانەوە زیاتر لە ٣٠ کەس کوژران و زیاتر لە ٢٥٠ کەسیتریش بریندار بوون.

– ١٢-٦-٢٠١٦ چەکدارێک بەناوی (عومەر مەتین)، ٢٦ ساڵ، تەقەی لە یانەیەکی شەوانە لە شاری ئورلاندو لە ویلایەتی فلۆردا کرد، ٥٠ کەسی کوشت و ٥٣ کەسیتری بریندار کرد.

– ١٥-٧-٢٠١٦ ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بەخێرایی خۆی کرد بەناو ئاپۆرای خەڵک کە لە شاری نیس لە باشوری فەرەنسا بەبۆنەی ڕۆژی نیشتمانی کۆبووبوونەوە و لەئەنجامدا ٨٤ کەس کوژران و زیاتر لە سەد کەسیتریش بریندار بوون.

– ٢٥-٧-٢٠١٦ پەنابەرێکی سوری تەمەن ٢٧ ساڵی لە دەرەوەی ئاهەنگێکی مۆسیقی لە شاری ئەنسباخی ئەڵمانی خۆی تەقاندەوە و بەهۆیەوە ١٢ کەس بریندار بوون.

– ١٩-١٢-٢٠١٦ کەسێک لە بازاڕێکی تایبەت بە بۆنەی سەری ساڵ لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا لۆریەکی کێشا بە کڕیارانی بازاڕدا و لەئەنجامدا ١٢ کەس کوژران و ٤٨ کەسیتر بریندار بوون. ڕۆژی دواتر داعش لە ئاژانسەکەی خۆی (اعماق) بەرپرسیارێتیی ئەنجامدانی هێرشەکەی گرتە ئەستۆ.

– ٢٢-٣-٢٠١٧ پیاوێکی تەمەن ٥٢ ساڵ، لەسەر پردی وێستمنستەر لە لەندەن بەئۆتۆمبێل کۆمەڵێ خەڵکی شێلا و پاش ئەوەیش بەچەقۆ هێرشی کردە سەر ڕێبوارەکان، تا لەلایەن پۆلیسەوە کوژرا. لەئەنجامی ئەو هێرشەدا جگە لە هێرشبەرەکە ٤ کەس کوژران و ٢٤ کەسیتریش بریندار بوون. داعش بەرپرسیارێتی گرتە ئەستۆ.

– ٢٣-٥-٢٠١٧ تەقینەوەیەک لە هۆڵێکی ئاهەنگگێڕان لە شاری مانشستەری بەریتانی ڕووی دا و بەهۆیەوە ٢٢ کەس کوژران و ٥٩ کەسیش بریندار بوون، داعش بەرپرسیارێتیی هێرشەکەی گرتە ئەستۆ.

– ١٧-٨-٢٠١٧ لە شاری بەرشلۆنەی ئیسپانیا لە چەند هێرشێکی جیادا، لەوانە شێلانی خەڵک بە ئۆتۆمبێل، زیاتر لە ١٠ کەس کوژران و نزیکەی ١٠٠ کەسیتریش بریندار بوون. داعش بەرپرسیارێتیی گرتە ئەستۆ.

٤- لەو هێرشانە:

* لە ٢٤-١٢-٢٠١٤ لە سوید ئاگر بەردرایە مزگەوتێک و بەهۆیەوە پێنج کەس بریندار بوون.

* لە ١٠-٢-٢٠١٥ توندڕەوێکی ئەمەریکی لە نزیک زانکۆی نۆرپ کارولینا لە چابل هیلی ئەمەریکا هێرشی کردە سەر خێزانێکی موسڵمانی سێ کەسی و هەرسێکیانی کوشت.

* هاوینی ٢٠١٦ بوو لە نیویۆرک کەسێکی نەناس تەقەی لە پێشنوێژی مزگەوتێک کرد و کوشتی.

* ٢٠-٦-٢٠١٧ لەبەردەم مزگەوتێکی لەندەن، پیاوێکی ڕاستڕەوی ٤٨ ساڵان بەسەیارەکەی ژمارەیەک موسڵمانی شێلا کە لەوێ کۆبووبوونەوە، لەئەنجامدا کەسێک گیانی لەدەست دا و زیاتر لە ١٠ کەسیش بریندار بوو. دەڵێن کابرا هاواری کردوە کە هەموو موسڵمانان لەناو دەبات.

* لەسەروو هەموو ئەوانەوە لێدوانە توندەکانی سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دژی موسڵمانان، بەڵگەیەکی زەقە لەسەر گەشەکردنی هەستی دژە موسڵمان لەو کۆمەڵگایانە. ترەمپ داوای دەکرد ڕێگە بە موسڵمانان نەدرێ بچنە ئەمەریکا، ئەوەیشی بەپێویستیەکی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنا. ترەمپ لە وتارێکی نیوسەعاتیدا بەوردی و بەئامار ئاماژە بەو هێرشانە دەکات کە داعش و گرووپە ئیسلامییەکانیتر لە ئەوروپا و ئەمەریکا ئەنجامیان داون و ژمارەی ئەو قوربانیانەی لێیان کەوتونەتەوە.

# ڕەهەندەکانی ئیسلامۆفۆبیا
## لە کۆمەڵگەی فرەکەلتوری بەریتانیدا






**ئیبراهیم ساڵح**

لە دایکبوی سلێمانی ١٩٦٧. بەکالوریوس لە ئەندازیاری میکانیک/ بەغداد. ماستەر لە زانکۆی ولڤەرهامپتن لە بەریتانیا. خوێندکاری دوکتۆرا لە هەمان زانکۆ لە بواری کارگێڕی تەکنۆلۆژیای نوێدا.

**پێشەکی:**

یەکێک لەو زاراوە باوانەی میدیاو کەناڵە فەرمی و دوانگە سیاسی یەکانی بەریتانیا لەم سی ساڵەی رابردودا بەکاریان هێناوە، ئیسلامۆفۆبیایە. ئەم زاراوەیە ئەگەر چی وەک چەمکێکی سیاسی و سایکولوژی بەکار دەبرێت، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە جێکەوتەی گەورەی هەیەو لەم دەساڵەی رابردودا زیاتربەرەو هەڵکشان چووەو ئاستەکانی هەڕەشە و هەراسانکردن و ئازاردانی کەمینە موسڵمانەکانی نێو کۆمەڵگەی بەریتانی بەرەو ئاستێکی مەترسیدار بەرز کردۆتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ریشەی ئەم دیاردەیە لە فیکری بەریتانییەکان خۆیان و لە هەناوی دەزگا و لێکۆڵینەوە فەرمییە بەریتانییەکان و رەهەندو بیانوەکانی ئیسلامۆفوبیا دەخاتە روو. دەکرێت ئەمە ببێتە دەروازەی گەلێک لێکۆڵینەوەی هاوچەشن و مەسەلەکانی تێگەیشتن لە ئیسلامۆفۆبیا و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵکردن و هەوڵەکانی دەربازبوون لێی بکاتە بابەتی توێژینەوەی تر.

ئیسلامۆفۆبیا: شوێنگۆڕکێی تاوانبارو قوربانی

هەندێک لە لێکۆڵەران لایان وایە زۆرێک لە وڵاتانی رۆژئاوا گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە بەهێزی دەوڵەتە موسڵمانەکان و توانای مانەوەو بەرگەگرتنیان لە ململانێکاندا بۆ بەهێزی و لەباریی خودی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە. ئاینێکە کە روبیناو وەڵامی مەنتیقی و قەناعەت هێن و کاریگەر بۆ پرسیارە دێرین و هەنوکەییە مرۆیی و فەلسەفییەکان پێشکەش دەکات، دەتوانێت کاریگەری قوڵ و ئەرێنی لەسەر دەروون و سلوک و زهنیەتی شوێنکەوتوانی بەجێبهێڵێت و تواناکانی بزاوتن و بەرهەمداری و بەرگەگرتنیان تێدا زیندو بهێڵێتەوە. نهێنی سەرکەوتنی شارستانی و ماددییانەی ئەو عەرەبە دەشتەکی و تیرەو هۆزە جیاواز و دژبەیەکانە و بوونیان بە هێزێکی نێودەوڵەتی گەورە لە سەدەی حەوتەمی زایینی و لە ماوەی کەمتر لە سەد ساڵدا، سەدەمەیەکی خۆڕسک بوو لەو کاتانەدا لە رۆژهەڵاتەوە گەیشتە رۆژئاوای مەسیحی. ئەم سەدەمە خۆڕسکە لە میانەی بانگەوازی ئیسلامی و هەڵمەتەکانی فەتح و مامەڵەی بازرگان و گەڕۆکە موسڵمانەکانی ئەو سەردەمانەوە بوو. لە کاردانەوەی ئەمەدا لە وڵاتانی رۆژئاواوە سەرەتای سەدمەیەکی مەبەستداری سەربازی و سیاسی و رۆشنبیری بەرامبەر کۆمەڵگە موسڵمانەکان لەو ساتانەوە و بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو دەستی پێکرد (١)

لە میانەی ئەو هەوڵانە ولە چەرخەکانی ناوەڕاستدا، دامەزراوەی کەنەسی و ئایینی لە ئەوروپا لیستێک ناوو سیفاتیان بۆ ئیسلام و موسڵمانان بەکاردەهێنا وەک رۆژهەڵاتییەکان، هاجەرییەکان، ئیسماعلیییەکان، دزەکان، گەلی فیڵ و شوم، گەلانی شەڕنگێزو تێکدەر، خەڵکانی دیمەن قێزەون و بەربەری (٢).

دەرکەوتنی زاراوەی ئیسلامۆفۆبیا لە زنجیرەی ئەم دژە سەدمە رۆژئاواییەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. بیریارو کۆمەڵناسە فەرەنسییەکان لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی دا بۆهەندێک لە وڵاتانی موسڵمانی ئەفریقی بۆ یەکەمجار بەکاریان هێنا. ئالیەن کویلیەن لە کتێبی (The Muslim Policy in West Africa) دا لەساڵی ١٩١٠ دا ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوەو پێی وایە ئەمە حوکمدانێکی لە پێشینەی کۆمەڵگە مەسیحییە رۆژئاواییەکانە بەرامبەر ئیسلام. کویلیەن لە کتێبەکەیدا دەڵێت: بەلای هەندێک لە مەسیحی و ئەورپییەکانەوە، موسڵمان دوژمنێکی سروشتییە. ئەو دوژمنەی گفتوگۆو دانوستان

نازانێت. تەنها بەوەی موسڵمانیت، ئیتر تۆ دژ بە شارستانیەت. شوێنکەوتنی ئایینی محمد جگە لە توندو تیژی و وەحشیگەری و نیەتگڵاوی هیچی تر نییە (٣).

لە شەپۆلە تازەکەشیدا، زاراوەی ئیسلامۆفۆبیا لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردودا لە بەریتانیا سەریهەڵدایەوە، زاراوەکە بووە سومبولی رەتکردنەوە و نیشانەی هەڵاوێردن بەرامبەر ئەو کەمینە موسڵمانەی لەو وڵاتە دەژیان (٤). لە پاش بڵاوبونەوەی راپۆرتی رۆنیمێد ترەست لە ساڵی ١٩٩٧ کە وای وێنا کردبوو موسڵمانەکان کەسانی توندوتیژ و خۆپەرست و مشەخۆر و ئارەزوبازن و هەرگیز ناتوانن بۆ بەها دیموکراسی و کەلتوورییەکانی بەریتانی دڵسۆزن بن و تەنگژەو کێشەکانی بەریتانیا بە هی خۆیان بزانن، نایانەوێت لە رووبەرە فراوانە کۆمەڵایەتییەکەی بەریتانیادا بەشداری کاریگەو راستەقینەیان هەبێت. پاشان رووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ ، وایان کرد زاراوەکە سنووری بەریتانیای ببەزێنێت و ببێتە زاراوەیەکی پر مشتومرِی فەزای گشتی و دیاردەیەکی بەرچاو لە هەموو وڵاتە ئەوروپیەکان و بگرە لە هەموو جیهاندا (٥). ئەم ساتە وەختەشی لەگەڵدا بێت لێکۆڵەران و بەکارهێنەرانی زاراوەکە هاورِا نین لە کۆماناکەی و لە کۆنتێکست و بارودۆخی جیاوازدا بەکاری دەهێنن.

لەمە زیاتر هەندێک لە لێکۆڵەرانی تری رۆژئاوایی وەک هینتگتۆنی خاوەن بیرۆکەی بەیەکدادانی شارستانییەکان، دەیانەوێت زاراوەکە لە رەهەندە سیاسی و ئابوورییەکەی دەرچێت و بە رەهەندە رۆشنبیری و دەروونی یەکەیدا بچێتە خوارەوە. ئەوان لایان وایە، کێشەکە گروپێکی ئیسلامی توندرەو یا کەمینەیەکی موسڵمانی کەنارکەوتوو نییە، بەڵکو کێشەکە خودی ئیسلام خۆیەتی، کە روبینایەکی جیاوازە، شوێنکەوتوانی وا لێکردوە قەناعەتیان بەوە هەبێت ئایینەکەیان باڵایەو هەڵگری بەها مرۆییەکانە، لەو لاوازی و پەرتەوازەییەیان رزگار نابن تا نەگەرِێنەوە بۆ بنەما سەرەکییەکانی و ئیسلام نەکەنەوە بە پانبەرنامەی ژیانیان( ٦). بۆیە بەلای هینتگتۆنەوە ئیسلامۆفۆبیا رەهەندێکی هاووڵاتی بوونی هەموو تاکێکی رۆژئاواییە و مافێکی سروشتی و ئەرکێکی نیشتمانییانە لەو بەهاو پێودانگانە بترسن کە پێچەوانەی تێگەیشتن و جیهانبینی یەکەی ئەوانە.

لە بنەرەتدا زاراوەی ئیسلامۆفۆبیا لە زانستی نەخۆشییە دەرونیی یەکانەوە خوازراوە، مەبەست پێی جۆرێک لە تۆقین و کاردانەوەی دەرونی نامەعقول و رەتکردنەوەی بێ بیانوو کۆنترۆڵ نەکراوە، کەسی توشبوو لەگەڵ بینین یا بیستنی ئەو دیاردەی لێی تۆقیوە توشی دەبێت. بەستنەوەشی بە ئیسلامەوە کە کە لە بنەرەتدا بەرگرییە لە ئیسلام (ئیسلامۆفۆبیا: واتە رەتکردنەوەو بەرەنگاری نامەعقول و هەرەمەکی وتۆقینی بێ بیانو لە ئیسلام )، بوەتە دیاردەیەکی فرە رەهەند کە لێک هەڵوشاندن و جوداکردنەوەی رەنگە ئاڵۆزو تەماوی بێت. ئیسلامۆفۆبیا واتە: تۆقینێکی نادروستی کەلتووریی بەرامبەر بە شەپۆلی زیندووبوونەوە وتەشەنەکردنی چەمک و بەها ئیسلا مییەکان. بەڵام لە بەکارهێنانیدا دەویستریێت وەک زاراوەکانی تۆقین لە نازییەکان لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم و تۆقین لە ئیشتراکی لە سەردەمی جەنگی سارددا مامەڵەی بکرێت.

جێگەی سەرنجە کە فۆبیا بۆ خۆی نەخۆشییەکی دەروونی و سایکۆسۆماتی تاکەکەسییە، بەڵام کە دەکرێتە فەزایەکی گشتی



**ئیسلامۆفۆبیا لـە بەریتانیا لە ژێر سایەی هەندێك بیانوودا بەرگی یاسایی وەردەگرێت و بە فەرمی لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەت و پیاوانی دەوڵەتەوە بەرامبەر موسڵمانەکان پەیڕەو دەکرێت.**

و بە رووکارە کۆمەڵایەتییەکەیدا دەشکێنرێتەوە، مەبەست پێی دەبێتە خولقاندنی ژینگەیەکی قانگدراو بە ترس و دڵەڕاوکێی و تۆقین، پڕ لە توڕەیی و دوژمنایەتی و ئامادەبون بۆ دەستەویەخەبوون و دەمارگیری بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمانان. لێرەوە ئیسلامۆفۆبیا دەبێتە رەوتێکی نەرێنی لە کۆمەڵگەی رۆژئاییدا لە روانینیان بۆ ئیسلام و مامەڵە کردنیان لەگەڵ موسڵماناندا. ئەمەش دەیەوێت ئامادەگییەکی زیهنی و دەروونی و رۆشنبیری لەلای تاکی رۆژئاوایی دروست ببێت لە هەموو کاتێکدا بتوانێت دوژمنکارانە لە ئیسلام بڕوانێت و توندوتیژانە بەرامبەر موسڵمانان مامەڵە بکات (٧).

لە بنەرەتدا زاراوەی ئیسلامۆفۆبیا بۆ ئەوە داهێنرا کە حاڵەتی کەمینە موسڵمانەکان وەک قوربانی پیشان بدات و بەرگری لەوە بکات کە چ ئیسلام و چ موسڵمانان شایەنی ئەو لێترسان و تۆقینە نین. بەڵام چۆنیەتی ودارشتنی زاراوەکە تەواو پێچەوانەی ئەمەی لێ دەخوێنرێتەوە. ئیسلامۆفۆبیا وەک زاراوەی (ئەنتی سامی) دژە سامی وایە لە مانادا، بەڵام لە بەکارهێناندا پێچەوانەی ئەوە. لە زاراوەی دژە سامی دا، (سامی) قوربانییەو دژەکانی تاوانبارەکەن، کەچی لە ئیسلامۆفۆبیادا، ئیسلام تاوانبارەکەیە ( ئایدیایەکی داخراوی تۆقێنەرە) و دژەکانی قوربانییەکەن. زاراوەکە وا وێنای ئیسلام و موسڵمانان دەکات کە تاوانی تۆقاندن و ترس دروستکردن لە ئەستۆی ئەوانەو سیفەتێکی بەڵگەنەویستی لکاوە پێیانەوە ، خەڵکانی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان قوربانی دەستی ئەو سروشتە رەق و تۆقێنەرەن و ئاساییە وەک کۆمەڵگە تۆقین و شڵەژانی دەروونییان بەرامبەری بۆ دروست ببێت.

### پێکهاتەی کەمینەی موسڵمانی بەریتانی و هەڵکشانی ئیسلاموفوبیا

موسڵمانان لە بەریتانیا گەورەترین کەمینەی ئایینن لە پاش ئایینزای مەسیحییەوە. بە پێی کۆتا سەرژمێریی کە ساڵی ٢٠١١ ئەنجام دراوە، ژمارەی موسڵمانان لە ئینگلاند و وێلز ٢،٧٠٦،٠٦٦ کەسن، کە دەکاتە رێژەی ٤،٨ ٪ دانیشتوانی ئەو دوو هەرێمە. لە ئیرلەندەی باکوور ژمارەیان ٣،٨٣٢ کەسە کە دەکاتە ٠،٢٪ دانیشتوان. هەروەها لە سکوتلەند ژمارەکە ٧٣،٧٧٦ کەسن کە دەکاتە ١،٤٪ ی دانیشتوان. بەگشتی ژمارەکە خۆی لە سێ ملیۆن کەس دەدات و رێژەی نزیکەی ٥٪ ی دانیشتوان پێک دەهێنێت. لە پاش مەسیحییەکان کە رێژەیان ٥٩٪ ، موسڵمانەکان گەورەترین کەمینە ئایینی ناو بەریتانیان. کەمینە ئایینی یەکانی تری هیندۆسی و سیخ و جولەکە و بودایی و ئەوانی تر بەهەمویانەوە ٤٪ دانیشتوان دەبن. لە کاتێکدا ٢٥٪ دانیشتوان وەک بێ ئایین خۆیان ناساندوەو رێژەی ئەوانەش بەشداری سەرژمێریەکە نەبوون بە ٧٪ خەملێندرا. واتە لە زۆرترین حاڵەتدا موسڵمانەکان یەک لە بیستی دانیشتوانی بەریتانیا پێک دەهێنن ( ٨).



سەرەك وەزیرانی ئێستای بەریتانیا بوریس جونسون پێی وایە تەنانەت هۆكاری پێشنەكەوتن و پشێوی دەوڵەتە ئیسلامییەكانی جیهانیش بۆ خودی ئیسلام دەگەڕێتەوە.

لە رووی پێکهاتەوە، کەمینەی موسڵمانان لە بەریتانیا ناچون یەکن و بنەچەو وڵات و نەتەوەیان لێک جودایە. پاکستانییەکان گەورەترین پێکهاتەن و رێژەیان ٣٨٪ی کەمینە کەیە ، لە دوای ئەوان بەنگلادشی ١٤,٩٪ و کاریبیە رەش پێستەکان ٧,٧٪ و هیندییەکان ٧,٢٪ و عەرەبەکان ٦,٦٪ ی کەمینەکە پێک دەهێنن. رێژەی بەریتانی یە رەسەنە موسڵمانەکان ٢,٩٪ و ئێرلەندییەکان تەنها ٠,١٪ یان موسڵمانە. موسڵمانەکان لە شارە گەورەکان نیشتەجێ بوون. لە ساڵی ٢٠١١ دا ، لە شاری لەندەنی پایتەخت ژمارەیان ١,٠١٢,٨٢٣ کەس و لەشاری بیرمینگهام ٢٣٤,٤١١ کەس و لە شاری برادفۆرد ١٢٩,٠٤١ کەس و لەشاری مانچستەر ٧٩,٤١١ کەس بوون (٩).

جگە لەمە ، ئەم کەمینە موسڵمانەی بەریتانیا تەواو ناچوونیەک و جیاوازن لە پاشخانی نیشتمانیاندا. ئەوان لە وڵاتانی پاکستان و هیند وبەنگلادش ومیسر و یەمەن وعێراق و مەغریب و جەزائیر و تونس و مالیزیا وسۆماڵ و تورکیاوە هاتوون. تەنانەت لە نەتەوەیەکی دیاریکراودا پێکهاتە و باکگراوندی ئیتنی جیاوازیان هەیە، لە ناو پاکستانییەکاندا بۆنمونە، پەنجابی و سیندهی وپەتانی و کشمیریەکان هەن. هەر یەک لەم پێکهاتانە زمانی جیاو شێوەزاری تایبەتی خۆیان هەیەو، خاوەنی کەلتوورو دابونەریت و بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی جیاوازن.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی ستیڤنس هاوکارانی لە ساڵی ٢٠١٧ دا تەنها ٧٤٪ ئەم کەمینە ئیسلامییە بە ئیسلامەوە پەیوەستن وریۆرەسم و نەریتە ئایینییەکان بە رێکوپیکی و بەردەوامی ئەنجام دەدەن. لە ناو ئەمانەشدا، کەمینە موسڵمانەکە بە پێی ئینتیمای مەزهەبی و رێچکەی فیکری و سیاسی ئیسلامیان جارێکی تر دابەشبونەتەوە. دیارترین دابەشبوونەکان مەزهەبەکانی شیعەو سونەن. لە خوار ئەم دابەشبوونە سەرەکییەوە ، گروپەکانی برێلویی و دیۆبەندی و تەبلیغی و جەماعەتی ئیسلامی و سۆفی و سەلەفی وئیخوانی هەن و هەر یەکەیان خاوەنی دامەزراوو مزگەوت و پەیڕەوی تایبەتی خۆیانن. ئەم دابەشبوونە زۆرو جیاوازانە قورسی یەکی تەواو دروست دەکات و وا دەکات لە روی فەرمییەوە تاقە پێناسە یا ناسنامەیەکی چوونیەک بۆ موسڵمانان لەم وڵاتەدا لە ئەستەمەوە نزیک بێت و ئاسان نەبێت تاکە ئەجیندا یا بابەت گەلێکی لێک نزیک کۆیان بکاتەوە و کۆڕاییان لە مەسەلە هەنوکەییەکاندا تێدا بەرپا بکات (١٠).

ئەم کەمینە ئیسلامییە جیاوازو فرە رەهەندە لە بارودۆخی جیاواز دا دووچاری جێکەوتەکانی ئیسلامۆفۆبیا دەبنەوەو زۆر تا کەم کاریگەری نەرێییان لەسەر دروست دەکات. هەڵمەت و هێرشەکانی ئیسلامۆفۆبیا لە ژێر ناوی بەرەنگاری تیرۆو وئیرهاب و بیانووی تردا پاش روداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری

٢٠٠١ ی ئەمریکا و شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراق و هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستینییەکان و هێرشە تیرۆریستی یەکانی ٧ ی تەموزی ٢٠٠٥ ی لەندەنەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە.

بەلای سندس عەلی یەوە مومارەسەکانی ئیسلامۆفۆبیا لە پێنج دیاردەدا خۆیان دەبیننەوە. یەکەم: پەلاماردانی کەسانێک کە بە موسڵمان زانراون. دووەم: هێرشکردنە سەر دامەزراوەو تەلارو خانوویەک کە وادیاربووە هی موسڵمانەکانەو ئەوان چالاکی تێدا ئەنجام دەدەن. سێیەم: خۆپیشاندان و نارەزای پیشاندان لە ناوچە موسڵمان نشینەکاندا لە ڕێی کۆبوونەوە و پۆستەرو ڕێگرتن لە بۆنە و ڕێوڕەسمە ئیسلامییەکان. چوارەم: جموجوڵی ڕێکخراو بۆ هەراسانکردن و هەڵاوێردن و گێچەڵ پێکردن وتەنگ پێهەڵچنینی موسڵمانەکان وئازاردان و بێزارکردنیان. پێنجەم: دروستکردنی فەزایەکی گشتی کە کەسایەتی موسڵمانان و سومبولە ئیسلامییەکان ناشیرین و دزێو پیشان بدات، وەک ناوهێنانی محمد وەک دانەری قورئان و زیندووکردنەوە گفتوگۆو دیبەیتە مەسیحییە زبرو گاڵتەئامێزەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەو مەسەلانەی تر کە هەست و هۆشی موسڵمانەکان بریندار دەکات (١١).

لەم دەساڵەی رابردودا مزگەوت و دامەزراوە ئیسلامییەکان و ئافرەتانی باڵاپۆش و پیاوانی ڕیشدار و دیاردە ئیسلامییەکانی تر بەردەوام لەژێر مەترسی پەلامارو دەستدرێژی لە ناکاودا بوون. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ستیڤنسن و هاوڕێکانی (٢٠١٧) کە ١٨٠٠ کەس بەشداریان تێدا کردووە، لە ساڵی ٢٠١٠ دا ٥٠٪ ی دانیشتوانی بەریتانیا دیاردەکانی ئیسلامۆفۆبیایان بەرامبەر موسڵمانان بینیووە یا بیستووە، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠١٥ دا بەرز بۆتەوە بۆ ٨٠٪. ڕێژەی ئەوانەی ئازاری جەستەیی دراون و ڕووبەڕوی هێرشی فیزیکی بونەتەوە لە ساڵی ٢٠١٠ دا ١٣,٩٪ بووە ، بەڵام لەساڵی ٢٠١٥ دا ڕێژەکە بوەتە ١٧,٨٪. ئەمەش مانای وایە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٥ دا نزیکەی ٥٠٠,٠٠٠ کەس تەنها لەبەر ئەوەی موسوڵمانن بەر ئەو هێرشانە کەوتوون.

ئەم ڕووداوانە لە بۆشایی و هەر لە خۆڕا ڕوونادەن، خەڵکی بە ڕەگەزپەرستی لە دایک نابن، ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی تێیدا گەورە دەبن کاریگەری زۆر لەسەر بیرکردنەوەو ئاکاریان دادەنێت و ژینگەی رق لێبونەوە بەرهەم دەهێنێت. (زمان، میدیا، سیاسەت، یاساکان) کە لەلایەن دامەزراوە دەوڵەتییەکانی وەک قوتابخانەکان، پۆلیس، دادگاکانەوە بەکار دێن ڕۆڵی گەورە لە بەرهەمهێنانی ئیسلامۆفۆبیادا دەبینن. لە ساڵی ٢٠١٠ تەنها ٣٠٪ دەزگا فەرمییەکان دیمەن و چیرۆکی خراپ و نێگەتیڤیان لە بارەی موسڵمانانەوە لێ دەبینرا، ڕێژەکە لە ساڵی ٢٠١٥ بەرزبۆتەوە بۆ ٩٤٪. ئەمانە دیمەنی ترسناکن لە ناو کۆمەڵگەی بەریتانیداو، ڕقلێبونەوەو بەدگومانی بەرامبەر کەمینە موسڵمانەکان بەرەو زیادبون دەبەن. ٨٧,٧٪ ی بەشدارانی لێکۆڵینەوەکەی ستیڤنسن و هاوڕێکانی پێیان وایە کە ڕاگەیاندن و میدیاکان یەکێکن لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵکشانی دیاردەکانی ئیسلامۆفۆبیا.

کەمینەی موسڵمانی بەریتانی ڕووبەڕووی شێوازە نەرمەکەی ئیسلامۆفۆبیاش بونەتەوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆو نەرێنی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان دەبێت و وا دەکات لە مەودای دووردا هەر بە ناکاریی و کەنارگیری

بمێننەوەوە نەتوانن بەشداری ئاستە بەرزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بکەن لە بەریتانیادا. بەپێی ئەنجامی سەرژمێرییەکانی ٢٠١١، تەنها ١٩,٨ ٪ ی موسڵمانانی تەمەن نێوان (١٦ بۆ ٧٤) ئیشی تەواو (فول تایم) یا چنگ کەوتووە، لە کاتێکدا ڕێژەکە بۆ گشتی دانیشتوانی بەریتانیا ٣٤,٩ ٪ یە. ڕێژەی ئافرەتانی ماڵەوە کە کاری تریان نییە لە کەمینە موسڵمانەکەدا بۆ ئەو ئاستی تەمەنە دەگاتە ١٨٪ ، لە کاتێکدا ڕێژەکە بۆ دانیشتوانی تر تەنها ٦٪ (١٢). ڕێژەی ئەو موسڵمانانەی گەیشتونەتە پلەی ئیداری بەرز لە کۆمپانیاو دەزگاکانی دەوڵەتدا تەنها ٦٪، بەڵام بۆ گشتی دانیشتوان ڕێژەکە لەسەرو ١٠٪ ەوەیە. ٢٤٪ کەمینە موسڵمانەکە بۆ ماوەی دوورمەودا بێکار بوون، بەڵام ڕێژەکە لەلای گشتی دانیشتوانی بەریتانی تەنها٦٪ (١٣). ئەمەش لە مەودای نزیک و دووردا وا دەکات کەمینەی موسڵمان لە بەریتانیا توانا زانستی و کارگێڕی و ئابووری و سیاسییەکانی زۆر سنووردار بێت و نەتوانێت بەشداری کاریگەرانەی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات و بە ئاسانی دەستی نەگاتە ناوەندەکانی دروستکرنی بڕیار.

بیانووەکانی ئیسلامۆفۆبیا لە بەریتانیا

ئیسلامۆفۆبیا هەژان و شۆکێکی گەورەیە کە کوالێتی ژیانی رۆژانە لە کۆمەڵگەی بەریتانیدا دەخاتە مەترسییەوە. تاوانەکانی هەڵاوێردخوازی و دەست درێژییەکانی رقلێبونەوە رایەڵەی کۆمەڵایەتی پۆست ڕێسیزمی کۆمەڵگەی بەریتانی لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت. ئەم رقلێبونەوە دامەزراوەیی و سەرشەقامی یە لە دژ موسڵمانان، زۆرجار بوار خۆش دەکات هەست و هۆش و بانگەشەکانی دژە-سامیەت و دژە رەش پێستەکان سەرتاتکێ بکەن و لایەنگرو شوێنکەوتویان بۆ پەیدا ببێت.

ئەوەی کە جێی لەسەر وەستانە، ئیسلامۆفۆبیا لە بەریتانیا لەژێر سایەی هەندێک بیانوودا بەرگی یاسایی وەردەگرێت و بە فەرمی لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەت و پیاوانی دەوڵەتەوە بەرامبەر موسڵمانەکان پەیڕەو دەکرێت. هەر ئەم بیانووەیە وادەکات هەندێک سیاسەت و یاسا تایبەت بە کەمینەی موسڵمانەکان بەردەوامی هەبێت و بگرە قورستر و چڕتر بکرێتەوە. چاودێری کردنی بەکۆمەڵ و دەستبەسەرکردنی بێ لێپرسینەوە بۆ ماوەی زۆرو توندکردنەوەی بڕیارەکانی دادگا و زەقکردنەوەی لایەن و رووداوە نەرێنییەکان زۆرجار هەستی پێدەکرێت تایبەت بۆ لەکەدارکردن و بەدێوەزمەکردنی کەمینەی موسڵمانانە و بەهەمان قەوارەو توندی بەرامبەر کەمینەکانی تر نییە.

ئارزو میرالی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە ناونیشانی ـ گێڕانەوە باوەکانی ئیسلامۆفۆبیا، بیانوەکانی ئیسلامۆفۆبیا و وبرەوپێدانی تۆقین لە ئیسلام لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەسەر زمانی سیاسەتمەدراداان و پلەدارانی پۆلیس و دادگاکان لە بەریتانیادا لە چوار تەوەرەدا چڕ دەکاتەوە، کە ئەمانەن:

یەکەم: موسڵمانان مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی لەبەر ئەوە دەرکردن و پەیڕەوکردنی بڕیاری یاسایی تایبەت و توند بەرامبەریان شتێکی نائاسایی نییە، بەڵکو هەندێکجار زەرورەتی کۆمەڵایەتی و نیشتمانییە.

گوتاری هەندێک لە سیاسی و راگەیاندنەکان موسڵمان وەک نامۆ، جیاواز، مەترسی بۆ سەر ئاسایش نەتەوەی دەبینێت. هەرچەند دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی بەریتانی بێلایەن دەردەکەوێت، بەڵام پێناسەی بۆ هاوڵاتی بەریتانی ئەوەیە کە بە توندی بەو ناسنامە تایبەتە

بەریتانییەوە پەیوەستە کە خۆی بۆی داناوە. بە وردبونەوەی ورد ئەوە ئاشکرا دەبێت کە پێشینە بڕیارێک هەیە موسڵمانان وەک تاونبارو لێپرسراو بەرامبەر کارە تیرۆریستییەکان ئەژمار دەکات.. راپۆرتە میدیاییەکان و سیمبول و رەمزە زمانییەکان زیاتر ئەوە زەق دەکەنەوە و دەیخەنە چوارچێوەیەکی بینراوو بیستراوی رۆژانەوە. ٢١،٣ ٪ لە بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکەی ئارزو میرالی پێیان وابوو کە لە نێو فەلسەفە و گوتاری زۆر لە سیاسەتمەدارەکاندا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە خودی ئیسلام تەنگ و چەڵەمەکەیە و ناتوانێت شوێنکەوتوانی لەسەر هاوژیانیەکی موتەسامحی وا رابهێنێت کە فرەیی کەلتورو ئاینی قبوڵ بێت.

دووەم: کەمینە موسڵمانەکان ئینتیما و دڵسۆزییان بۆ بنەماو بەهاکانی دیموکراتی نییە و نە قەناعەتیان بەوجۆرە پەیرەوە بۆ دروست دەبێت و ، نە دەشتوانن رێز لە بنەماو یارییە دیموکراسییەکان بگرن. هەندێک لە سیساتمەداران مەسەلەی ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە زەق دەکەنەوە، گوایە موسڵمانان هەوڵی گەورەیان بانگەوازکردن بۆ ئیسلام و هەوڵی موسڵمان کردنی هاوڵاتییە بەریتانییەکانە. ئەمەش بە رای ئەوان دژە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و هەڕەشەیەکی ئایندەییە بۆ ئازادییە گشتییەکان لە کۆمەڵگەی بەریتانیدا.

نایجلا فەرەجی ئەندام پەرلەمانی بەریتانی، زۆرێک لە گوتارو لێدوانەکانی بە ئاراستە نەرێنییەکەدا دەروات و بەلایەوە وایە کە بەها ئیسلامییەکان لەگەڵ بەهاکانی دیموکراتی و بەریتانی بوون یەکناگرنەوە، بە تایبەتی لەمەسەلەی ئازادی ئافرەت بە روانگە بەریتانییەکەی زۆر لەیەک دوورن. هەروەها پێی وایە کە قورئان کتێبێکی ئایینی و ئاسمانی نییە، بەڵکو کۆمەڵە تێگەیاندن و ئاراستە کردنێکە موسڵمانان فێر دەکات چۆن بەسەر نەیارو جیاوازەکانی تردا سەربکەون.

سەرەک وەزیرانی ئێستای بەریتانیا بوریس جونسون زیاتر لە لێدوانێک و نووسینێکی هەیە کە تێیدا لەگۆشە نیگای ئیسلامۆفۆبیاوە لە مەسەلەکانی کەمینە موسڵمانەکە دەڕوانێت و پێی وایە تەنانەت هۆکاری پێشنەکەوتن و پشێوی دەوڵەتە ئیسلامییەکانی جیهانیش بۆ خودی ئیسلام دەگەڕێتەوە. لە ستوونی تایبەتی خۆی لە دەیلی تەلەگراف لە ٥ ئۆگەستی ٢٠١٨ دا جونسون ئافرەتانی نیقابپۆشی موسڵمانی بە سندوقی پۆستەی بەرید و ئەو دزانە چواند کە بانکەکان دەبڕن. رێکخراوی تێل ماما لە ساڵی ٢٠١٨ لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە تەنها لە هەفتەی دوای نووسینەکەی جۆنسندا رێژەی تاوانی دژ بە موسڵمانان لە شوێنە گشتییەکاندا بە رێژی ٣٧٥٪ زیادی کردوە (١٥).

عبدالفتاح موعتەزبیللا لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا کە ٣٢ دەوڵەتی ئیسلامی گرتۆتەوە گەیشتۆتە ئەو سەرەنجامەی کە زۆربەی کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکان لە بنەماکانی دیموکراسی حاڵین و، ٧٣٪ ی بەشدارانی لێکۆڵینەوەکەی ئەو دیموکراسییان قبوڵە. بە پێی لێکۆلینەوەکە موسڵمانانی تورکیاو سەنیگال و مەغریب و تونس و امریکا و گامبیا و مالیزیاو یەکێتی ئەوروپا بە گشتی زیاتر باوەڕیان بە مافی دەنگدان وکێبەرکێی ئازادانەی سیاسی و رێزگرتن لە مافە مەدەنییەکان و فرەیی سیاسی و بەشداری میکانیزمەکانی ئاڵوگۆڕە دیموکراتیەکان و سەرەنجامەکانی دەنگدان هەیە. بەلای عبدالفتاحەوە ئەم سەرەنجامە هی ئەوەیە لەو کۆمەڵگانەدا رێژەی ئیسلامییە نوێگەراکان و عەلمانییە میانڕەوەکان

زۆرترە لە ئیسلامیی تەقلیدی و عەلمانییە تاکڕەوە دەسەڵاتدارەکان (١٦).

لە کۆتا هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەریتانی دا لە ٢٠١٧ دا، کەمینەی موسڵمان توانیان ١٥ کورسی لە شارو ناوچە جیاجیاکانی بەریتانیا ببەنەوە کە دەکاتە رێژەی ٢,٥٪ ی گشتی کورسییەکان و لەچاو رێژەی هەڵبژاردنەکەی ٢٠١٥ دا ٦٧٪ زیادی کردووە. لە کۆی ئەو ١٥ پەرلەمانتارە هەشتیان ئافرەتن. هەرچەندە ئەم ژمارەیە لەچاو رێژەی کەمینە موسڵمانەکەدا هەر کەمە و دەبوو لە بیست ئەندام کەمتر نەبێت، بەڵام ئاماژەیەکی باشە کە موسڵمانان هۆشیارانە مامەڵە دەکەن و لە رێی بنەماو میکانیزمە دیموکراسییەکانەوە دەنگەکانی خۆیان دەگەیەننە ناوەندەکانی بڕیار لە بەریتانیادا. زەقکردنەوە چەند دەنگێکی نەشاز لە کەمینەی موسڵماندا، کە کەمینەکانی تریش لێی خاڵی نین، جێگەی پرسیارو بەشێکە لە هاندانی هەست و هۆشی ئیسلاموفوبیا و وێنای راستەقینەی کەمینەکە ناکات.

سادق خان لە کاتی بردنەوەی شارەوانی لەندەنی پایتەختدا لە هەڵبژاردنەکانی مایسی ٢٠١٦ دا، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وتی : «هەڵبژاردنەکان ئەوەیان سەلماند، کەسێک دەتوانێت لە هەمان کاتدا هاوڵاتیەکی رۆژئاوایی و موسڵمانیش بێت. من لەندەنیم، بەریتانیم، موسڵمانیشم و شانازیش بە ئایینەکەمەوە دەکەم. هەر چەندە من بە ناوی موسڵمانانەوە قسە ناکەم، بەڵام بنەماو بەهاکانی ئیسلام و دیوکراتی دژ بەیەک نین».

سیزاری لە لێکۆڵینەوەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە راستە کەمینەی موسڵمانان لە بەریتانیا پێکهاتەیەکی چوونیەکیان نییە، بەڵام هەڵەیەکی زانستی و ستراتیژییە ئەگەر وا بزانین ئەوان بە گشتی بنەماکانی دیموکراسی رەت دەکەنەوە، هەرچەندە خەڵکانێک هەن لەوەش زیاتر دەڕۆن و پێیان وایە کە خودی ئیسلام بۆ خۆی هەڕەشەیە بۆ بەریتانیا و دەوڵەت بۆی هەیە هەر بڕیارو هەڵوێستێکی لە پێشینە بگرێتە بەر بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو هەڕەشەیە. سیرزای کە لەساڵی ٢٠٠٩ وە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە ئایین و کەلتوورە جیاوازەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، بەلایەوە سەیرە کە هەندێک کەس مەسەلەی پێچەوانەبوونی بنەماکانی ئیسلام و دیموکراتی یا بەریتانی بوون زەق دەکەنەوەو وەک هەوڵێک بۆ دابەشکردن و لێکدارانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی بەریتانی دەبینێت وپێی وایە ئەو بیروڕایانە وێنەی راستەقینەی کەمینە موسڵمانەکەی بەریتانیا نییە (١٧).

سێیەم: بنەماکانی ئیسلام و بەها ژیانییەکانی لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتی و ژیارییە بەریتانییەکان وێک نایەنەوە، بۆیە بەسروشتی پەیرەوکردنی موسڵمانان لە ئایینەکەیان زۆر بەهاو بنەڕەت لە هاوڵاتی بوونیان دەسڕێتەوەو ئاسان نییە هاوڵاتییەکی موسڵمانی بەریتانی بۆ مەودای درێژ بێتە دروستبوون. سندس عەلی پێی وایە، مەسەلەی ئینتیمای بەریتانیبوونی کەمینەی موسڵمان لەلای ناوەندی ئەکادیمی و پسپۆڕانی بەریتانی لە پێنج تەوەرەدا کورت دەبێتەوە. یەکەمیان: پێیان وایە کە ئینتیمای بەریتانی موسڵمانەکان لە چاو سپی پێست و دانیشتوە رەسەنەکانی ئەو وڵاتەدا کەمترە. دووەمیان: نزمی ئاستی بەشداری کۆمەڵایەتی و سنورداری هەڵکشان بۆ ئاستە باڵاکانی کۆمەڵگەو گرتنەدەستی پۆستە باڵاکان کاریگەری نەرێنی لەم مەسەلەیە کردووە. سێیەمیان: کەنارگیری و دابڕان و بوونی بەربەستە دەروونی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان بە خراپ بە سەر ئەم مەسەلەیەدا

شکاوەتەوە. چوارەمیان: موسڵمانەکان پێیان وایە بەشداری فراوان لە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەریتانییەکاندا کاریگەری خراپ لە ناسنامە ئایینییەکەیان دەکات. پێنجەمیان: لای نەوە تازەکانی کەمینە موسڵمانەکان قبوڵکردن و شانازیکردن بە ناسنامەو هاوڵاتیبوونی بەریتان یەوە ئاسانترە و تێگەیشتن بۆی زیاترە. هەرچەندە سەرەنجامی توێژینەوەکەی سندس عەلی بە تەواوی پێچەوانەی زۆرێک لەو بیروڕایانە دەرچوون و ئەوەیان نیشان دابوو کە کەمینە موسڵمانەکە ئینتیماو ناسنامەی بەریتانیان لە ئاستێکی بەرزدا قبوڵە و بگرە لە هەندێک بارو ئاستدا لە زۆر لە پێکهاتەکانی تر بەریتانی ترن و بە پەرۆشەوە لە مەسەلە جەورهەری یە بەریتانی یەکان دەڕوانن.

چوارەم: کەمینەی موسڵمانان لە ناخیاندا جۆرێک لە رەوایەتی و تعالی یان بەسەر شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تر و خەڵکانی نا مولتەزیم و بێ ئاییندا هەیە، ئەمە رانگدانەوەی سلوکی و کۆمەڵایەتی هەیە، هەر بۆیەش بەگشتی ئەم کەمینەیە کەنارگیرەو تێکەڵاوی راستەقینەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگەی بەریتانی دا بۆ ئەنجام نادرێت. لێرەوە ئاساییە دەوڵەت بە یاسای تایبەت و مامەڵەی نائاسایی هەوڵی دروستکردنی ئەو هاوژیانییە بدات.

دەرەنجام و دەروازەی لێکۆڵینەوەی تر

ئیسلامۆفۆبیا وەک زاراوەیەکی فەزای گشتی لە زۆرێک لە کۆمەڵگە ئەوروپی یەکان و لەوانەش بەریتانیا باسێکی گەرمی رۆژانەیە و لە دوانگە سیاسی و میدیاییە بەریتانییەکانەوە بە ئاراستەی جیاجیا تیشکی دەخرێتە سەر. ئەم لێکۆڵینەوەیە خوێندنەوەیەک بوو لە دیاردەی ئیسلامۆفۆبیا و ئەو بیانوانەی لەلای کۆمەڵگەی بەریتانی دیاردەکەی لەسەر بونیاد نراوە. لێکۆڵینەوەکە سەرەتا چەمکی ئیسلامۆفۆبیای لێک دایەوە، پاشان پێکهاتەی کەمینە موسڵمانی لە بەریتانیا روون کردوەوە. لەکۆتاییدا بیانوەکانی ئیسلامۆفۆبیای گفتوگۆ کردوە. دەکرێت لە دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە بنەماکانی گوتاری کەمینە موسڵمانەکەی بەریتانیا و چۆنیەتی مامەڵەیان لەتەک ئەم دیاردەیەدا رەنگ رێژ بکرێت و لە ستراتیژی کەمینەکەدا رۆڵی ئەرێنی گەورە بگێڕێت.

## سەرچاوەکان:


١- قطيشات ، ياسر (٢٠١٨) جدلية العلاقة بين العرب و الغرب: صراع الجهالة و حوار الحضارة. مؤمنون بلا حدود. https://www.mominoun.com/articles/

٢- داركون جانتال و محمد كاجيمی (١٩٩٠) عەرەب، بەڵێ عەرەب، تێڕوانینی چەند سەدەیەکی ڕۆژئاوا لە عەرەب ( کتێبە لە بنەڕەتدا بە زمانی فەرەنسی نوسراوە). پاریس: بالارد پرێس.

٣- كريمة أحداد (٢٠١٩) الاسلاموفوبيا.. كيف تطور الخوف من الاسلام؟ تی. أر. تی. العربی.. https://www.trtarabi.com/

4- Fernando B. L. (2011) Towards a definition of Islamophobia: approximations of the early twentieth century. Ethnic and Racial Studies, Taylor & Francis: Rutledge.

5- Allen, C. (2006) Islamophobia: contested concept in the public space. PhD dissertation, Department of Theology, University of Birmingham, Birmingham, UK.

6- Samuel, H. (1996) The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order. Simon & Schuster: UK.

٧- عەدار، محمد (٢٠١٩) الاسلاموفوبيا: تحليل نظري معرفي. بەشێک لە کتێبی : الاسلاموفوبیا فی اوروبا: الخطاب و الممارسة. ناوەندی ( الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية و السياسية و الاقتصادية) ، برلين ، المانيا.

8- Ansari, H. (2004). The Infidel Within: Muslims in Britain since 1800. London: Hurst

9- The Muslim Council of Britain) 2015) British Muslims in Numbers. A report prepared by the Muslim Council of Britains Research & Documentation Committee.

10- Stevenson, J., Demack, S., Stiell, B., Abdi, M., Clarkson, L. Ghaffar, F and Hassan, S. (2017) The Social Mobility Challenges Faced by Young Muslims. Group research from different UK universities.

11- Sundas, A. (2014) Iingdentities and Sense of Belonging of Muslims in Britain. PhD thesis, University of Oxford.

١٢- هەمان سەرچاوەی ژمارە ٩.

13- Nomis/Office for National Statistics (2013). DC6205EW - Economic activity by religion by sex by age. Available online at https://www.nomisweb.co.uk/census.

14- Arzu, M. (2017) Dominant Islamophobic Narratives - UK. Publication of CERS (Centre of ethnicity and Racism studies, UK.

15- Tell MAMA(2018) Annual Report 2018: Normalising Hatred.

١٦- عبدالفتاح ، معتزبالله (٢٠٠٨) المسلمون و الديقراطية. دراسة ميدانية. الطبعة الاولى، دار الشروق: القاهرة.

17- Cesari, J (2013) Why the West fears Islam. Palgrave Macm

دەمەتەقێی گرووپی گوڵنار



## دکتۆر عادل باخەوان مامۆستای زانکۆ و کۆمەڵناس

# ئەورووپییە ئاقڵەکان ئینتیما ناکەن بە ئیسلامۆفۆبیایەوە

**لەم دەمەتەقێیەدا کە بەشی دووەمییەتی لەگەڵ سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ دکتۆر عادل باخەوان باس لە ئیسلامۆفۆبیا و هۆکار و پاڵنەرەکانی درووستبوون و بڵاوبوونەوەی دەکرێت، دکتۆر عادل باخەوان بە حوکمی بوونی لە کایە ڕۆشنبیرییەکەی ئەورووپادا بە باشی دەتوانێت پەنجە بخاتە سەر ئەو چەمکە و هۆکار و دەرهاویشتەکانی باس بکات.. ئەو پێی وایە ئیسلامۆفۆبیا نەک ئیسلام بەرەو دواوە و بەرەو پووکانەوە نابات، بەڵکو زیاتر بەهێزی دەکات و زیاتر دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی.**

**گوڵنار: لە دیدی جەنابتەوە ئیسلامۆفۆبیا چییە و بە چی دەگوترێت ئیسلامۆفۆبیا؟**

باخەوان: لەڕاستی دا ئیسلامۆفۆبیا وەک وشە و وەک کۆنسێپت لە دۆخێکی تایبەت دا بەکاردەهێنرێت، بەو مانایەی لە کاتێک دا ئیسلام وەکو ئایین و موسڵمانان وەکو ئەوانەی کە ئینتیمایان بۆ ئەم ئایینە هەیە لەڕۆژئاوا بەگشتی و لە ئەورووپا بەتایبەتی، کاتێک هەم لە ڕووی ژمارەوە گەشە دەکەن، وە هەم لە ڕووی چۆنایەتییەوە گەشە دەکەن، مەبەستم لە ژمارە ئەوەیە کە لە چەند هەزار کەسێکەوە بەرز دەبنەوە بۆ ٢٦ ملیۆن کەس لە ئەورووپا، وە کاتێک کە دەڵێم لە ڕووی چۆنایەتییەوە مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر تا دوێنێ موسڵمانەکان لە ئەورووپا کرێکاری شەریکەکانی وەک ڕۆنۆ و پۆشۆ و مارسیدس و ئەمانە بووبێتن، بەڵام لە ئێستادا موسڵمانەکانی ئەورووپا دەبن بە وەزیر دەبن بە باڵیۆز و خاوەنی کۆمپانیا و کارگەی تایبەت بە خۆیان، واتە لە کێڵگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پێگەی زۆر گەورەیان دابین دەکەن، ئەم گەشەکردنە چۆنایەتی و چەندایەتییە وایکردووە کە لە ئەورووپا کۆمەڵێک تەوژمی ڕایکسۆنەر درووست ببێت، ڕایکسۆنەر بە واتای کۆنەپارێز و ڕەجعی دێت لە بەرامبەر ئەم دیاردەی گەشەکردنەی چۆنایەتی و چەندایەتییەی موسڵمانان، بزووتنەوەی ڕەجعی بە مانای چی؟ بە مانای ئەوەی کە لە هەموو ئاستەکانی تیۆری و پراکتیک دا هەوڵ دەدەن هەم ئیسلام و هەم موسڵمانەکان وەکو ترس و وەک مەترسی بۆ سەر ئەورووپا بخەنە پێشچاوی جەماوەر، کە دەڵێم ئەورووپا مەبەستم ئەورووپایە وەکو کەلتوور، وەکو شارستانییەت و کۆمەڵگە، پێیان وایە تەنانەت ئێستا بیرمەندانی ئەم ئیسلامۆفۆبیایە لە ئەورووپا باس لە تیۆرێک دەکەن پێی دەگوترێت: جێگۆڕکێ پێکردنە گەورەکە، جێگۆڕکێ پێکردنە گەورەکە بریتییە لەوەی کە ئەورووپایەک ئەورووپای داینتی و ئەورووپای سپی پێستەکان و کاتۆلیک بووە جێگۆڕکێی پێ دەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەوە کە موسڵمانن و لە وڵاتانی باشووری جیهانەوە دێنە ئەورووپا و ئەم جەماوەرە کاتۆلیکییە سپی پێستە دەگۆڕێت بە جەماوەرێکی موسڵمانی پێست برۆنزی کە کۆتایی بە کاتۆلیزیزم دەهێنێت، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ئەو فۆنتێکستەیە کە ئیسلامۆفۆبیا کە کاری تیا دەکات و تیای دا درووست دەبێت هەم وەکو پراکتیک و هەمیش وەکو تیۆری.

**گوڵنار: لە ئەورووپادا زۆر ئایدیۆلۆژیا و ئایین و تەنانەت نەتەوەی تریش دەبنە خاوەنی ئەو پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوورییەی کە باست کرد وەک: خاوەنی کارگە و باڵیۆز و وەزیرایەتی، بەڵام بۆچی تەنها ترسەکە لە ئیسلامە و تەنها موسڵمانان ڕووبەڕووی ترس و ئازار دەبنەوە؟**

باخەوان: لەبەر ئەوەی نەتەوەکان نەتەوەی میکرۆن و نەتەوەی بچووکن، یا با بڵێین ئیتنین یا گرووپن، یا لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە ڕەهەندێکی جیهانیان نییە، بەڵام ئیسلام وەکو ئایینێکی یوری ڤێرسان ئایینێکی جیهانییە، هەمیشە لە کشان و فراوانبوون دایە لەسەر ئاستی ماکرۆ نەک لەسەر ئاستی میکرۆ، ئەم کشانەی ئیسلام لەسەر ئاستی ماکرۆ وا دەکات هەموو سنوورەکان ببەزێنێت، بۆ نموونە تورک و فارس و عەرەب و کورد و ڕۆمانی و هەنگاری و چیکییەکان کاتێک دێنە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا، تۆ ناتوانی ببی بە کورد و چیکی و عەرەب وەک ئەوان، بەڵام ڕەشپێستێک و فەرەنسییەک و ئەمریکییەک و ئەڵمانییەک و کوردێک لە هەمان کات دا دەتوانن پەیوەندی بە ئیسلامەوە بکەن و ببنە موسڵمان، هێزی ئیسلام لەوەدایە کە سنووری زمان و سنووری نەتەوەگەرێتی و سنووری ڕەنگی

پێست و سنووری کەلتوور و سنووری جوگرافیای شارستانییەتەکان وەکو بیلدۆزەرێک ڕادەماڵێ و باوەشی خۆی دەکاتەوە بۆ هەموو لایەک، ئەمە وا دەکات لەوەی کەوا ئیسلام وەکو مەترسییەکی گەورە لەڕووی شارستانی و کەلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە تەماشا بکرێت، لە کاتێک دا ئەو نەتەوە و ئایینانەی کە تۆ باسیان دەکەیت خاوەنی جۆرە لە هێزە کاریگەرە نین کە ئیسلام خاوەنییەتی.

**گوڵنار: کەواتە دەتوانین بڵێین ترسی ئیسلامۆفۆبیاکان ترسی لەدەست دانی داهاتووە، ترسی ئابووری و میراتگرێتی موسڵمانەکانە بۆ ئابووری و شارستانییەتی داهاتووی ئەورووپا؟ واتە ترسی فیرعەونییانەیە لە لە دایکبوونی مووسا بۆ دەستبەسەراگرتنی عەرشی دەسەڵات؟**

باخەوان: ترسێکە لەگەڵ ئەوەی کە هەیە لەگەڵ واقیع یەک ناگرێتەوە، ترسێکی بیناکراوە، ترسێکی سیاسەتیزەکراوە، ترسێکی ئایدۆلۆژیزەکراوە، ترسێکە بۆ ترساندن، ترسێکە بەڕاستی لەسەر ئاستی واقیع و پراکتیک بوونی نییە، بەڵام لەڕاستی دا موسڵمانان نەک هەر مەترسی نین لەسەر کەلتووری ئەورووپا و شارستانییەتەکەی، نەک هەر مەترسی نین بۆ سەر سیاسەت و ئابووری ئەورووپا، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەشداری ڕاستەوخۆ دەکەن لە بەهێزکردنی کەلتووری ئەورووپی، وە لە بەهێزکردنی کێڵگەی سیاسیی و کێڵگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەورووپی، تۆ تەماشاکە تەنانەت ئەو موسڵمانە مونەزیرانەی لە ڕۆژهەڵاتن دەڵێن: عەلمانییەت کە دژایەتی ئایین دەکات و نابێت بە هیچ شێوەیەک پراکتیزە بکرێت بۆ کەسێکی وەکو یوسف قەرزاوی، کاتێک باس لە موسڵمانانی ڕۆژئاوا دەکات بەوپەڕی سنگفراوانییەوە پێی وایە پراکتیزەکردنی عەلمانییەت پارێزگاری کردنە لە موسڵمانانی ئەورووپا، مەبەستم ئەوەیە کاتێک کە موسڵمانان لە ئەورووپان نەک شارستانییەت و کەلتووری ئەورووپی ناخەنە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو بەشداری ڕاستەوخۆ دەکەن لە بەهێزکردنی ئەو کەلتوورە، چ کەلتووری دیموکراسی بێت، چ کەلتووری عەلمانییەت بێت (مەبەستم لە عەلمانییەت بێ لایەنکردنی دەوڵەتە لە بەرامبەر ئایینەکان دا، چونکە ئەگەر دەوڵەت بێ لایەن نەبێت بەرامبەر بە ئایینەکان ئەو کاتە ئایینەکانی تر لەلایەن ئایینێکی ترەوە دەچەوسێنرێنەوە)، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی زەمانەتی نەچەوساندنەوەی ئایینەکانی تر لەلایەن ئایینی پەسەندکراویی دەوڵەتەوە، دەبێت دەوڵەت بێ لایەن بێت بەرامبەر بە تەواوی ئایینەکان، بۆیە موسڵمانەکان پێش هەموو کەس عەلمانین، پێش هەموو کەسێک پشتگیری عەلمانییەت دەکەن، یەکێکی وەکو تاریق ڕەمەزان کە ئێستا وەکو مەرجەعی موسڵمانەکانی ئەورووپا تەماشا دەکرێت، مەبەستم ئەوەیە ئەم ترسەی کە باس دەکرێت ترسێکی درووستکراوە لەلایەن کۆنەپەرست و موحافیزکار و ڕاستڕەو و ڕاسیستەکانی ئەورووپاوە کە لەگەڵ واقیع دا یەک ناگرێتەوە.

**گوڵنار: لەبارەی مێژووی سەرهەڵدان و ژینگە و گەشەسەندنی ئیسلامۆفیاوە چی دەڵێیت؟**

باخەوان: ئەو ژینگەیەی کە ئیسلامۆفۆبیا تیای دا درووست دەبێت، ژینگەیەکە بەشێکی زۆری چەند پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە ئەوەندەش پەیوەندی بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت پەیوەندی بە گەڕانەوەی ئەو شتەوە هەیە کە ئێستا پێی دەگوترێت: گەڕانەوەی ئایین بۆ ناو کۆمەڵگەکان، خۆت دەزانی لە پەنجا و شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا ئایین ڕۆڵێکی زۆر زۆر لاوەکی هەبوو لە ژیانی مرۆڤایەتی دا، بەڵام لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان تا ئێستاش ئایین زۆر زۆر بەهێزە و یەکێک لەوانەش ئایینی ئیسلام، کاتێک کە ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ

ناو کۆمەڵگە ئەوروپییەکان ئیسلامێکی سعوودی و قەتەری و عێراقی نییە، بەڵکو ئیسلامێکە کە ئەورووپیزە کراوە، بە مانای ئەوەی کە لەناو ئەورووپادا بینا کراوە، ئەم سەرکەوتنە بەهێزەی ئیسلام و خۆ بە ئەورووپی کردنە لەسەر ئاستی ئایین وای کردووە کە کۆمەڵێک پەرچەکردار و کاردانەوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی درووست ببێ دژی ئیسلام و ئیسلام وەکو مەترسی بزانێت، هەروەها لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکەیت لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا لە سەدا نۆی جەماوەرە ئەکتیڤەکەی کە جەماوەری چالاکی کارکردەن بێ کارن ئێستا، وە لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی دەژین، بۆیە بەشێکی زۆر لەو جەماوەرەی کە لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی دەژی، لەوانەن کە ئینتیمایان بۆ ئیسلام هەیە، ئەمە وایکردووە کە موسڵمان لە ئەورووپادا وەکو بارگرانییەک بەسەر سیستەمی ئابووری و سۆسیالی ئەورووپییەوە دابنرێن، لەدوای ئەوە هەر لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی وەکو پارادۆکسێک بوونی زۆری ئەو رێژە بێ کارییەی لە ئەورووپا هەیە و لە بەرامبەریشەوە کۆمەڵێک موسڵمانی زۆر زۆر هەن کە لە کاردان و کاری خۆیان هەیە، ئەورووپییەکان وای وێنا دەکەن کە ئەو کارەی کە موسڵمانەکان دەیکەن و خاوەنی کاری تایبەت و سەربەخۆی خۆیانە لە بنەڕەت دا کاری ئەورووپییە پێشینەکانە و موسڵمانەکان هاتوون قۆرخیان کردووە بۆ خۆیان، وە ئامادەیی ئەم موسڵمانانە وایکردووە کە ئەورووپییە ڕەسەنەکان هەلی کاریان بۆ درووست نەبێت ئەمەش خۆی لە خۆی دا هۆکارێکی ترە، هۆکارێکی تریش بریتییە لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی تیرۆریستییەکان لە جیهان دا کە ئیسلام بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی شەرعییەت بدەن بە چالاکییە زەبر و زەنگاوییەکانی خۆیان، ئەمە وایکردووە کە ئیسلام وەکو ئایینێکی یوری ڤارسانی کەونی کە هەموو سنوورەکان دەبڕێت و پێشتر باسمان کرد بە هۆکاری ئەو زەبر و زەنگ و توندڕەوییە ببینرێت لەلایەن ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرستانەی کە لە ئەورووپا هەن، ئیسلام بەو بەرفراوانییە نەبینن و هەموو ئیسلام کورت بکەنەوە یا لە داعش دا یا لە قاعیدەدا، یا لەو ئەکتەرە توندڕەوانەی کە ئیسلام مۆبیلیزە دەکەن بۆ شەرعییەت دان بە کردەوە توندڕەوییەکانی خۆیان، بە مانایەکی تر بوعدە ڕووحی و ئایدیۆلۆژییەکەی ئیسلام پەردەی لەسەر دادەنرێت بە ئەنقسەت، وە هەموو ئیسلام کورت دەکرێتەوە لە ئەبووبەکری بەغدادی یا لە ئەیمەن زەواهیری و ئوسامە بن لادن دا. لەناو هەل و مەرجێکی ئاوادا دیاردەی ئیسلامۆفۆبیا تۆخ دەکرێتەوە، زۆرینەی زۆری ئەورووپییەکان بەتایبەتی ئەورووپییە ئاقڵەکان ئینتیما ناکەن بەو ئیسلامۆفۆبیایەوە، وە هەوڵ دەدەن ڕووبەرەکانی سنووردار بکات، بەڵام ئەو کەمینە توندڕەوە کۆنەپەرستانە بێگومان لەڕێگەی ئەکشنەکانییەوە دەتوانن هەم میدیاکان بورووژێنن، هەم کۆمەڵگەکان بورووژێنن درووست وەکو ئەوەی کە زیاتر لە دوو ملیار موسڵمانت هەیە لە گەردوون دا، لەناو ئەم دوو ملیارەدا هێزە توندڕەوەکان لە سەدا یەکی موسڵمانانیش پێکناهێنن، واتە لە سەدا نەوەد و نۆی موسڵمانەکان ئینتیمایان نییە بۆ ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی قاعیدە و داعش، تەماشا دەکەیت ئەم لە سەدا یەکە لەڕێگەی ئەکشنە توندەکانییانەوە، لەڕێگەی پرۆژە توندوتیژەکانییانەوە، لەڕێگەی زەبر و زەنگەوە دەتوانن هەم میدیاکان بەکاربهێنن، هەم کۆمەڵگەکان بورووژێنن، ئەو کەمینانە کەمینە ئایدیۆلۆژی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییە کۆنەپەرستانەی ئەورووپاش لەسەر هەمان مەنهەجی قاعیدە و داعش کار دەکەن، واتە ئەگەر لە سەدا یەکی کۆمەڵگەی ئەورووپاش بەکاربهێنن، بەڵام لەڕێگەی ئەکشن و فاکتەکانییەوە، لەڕێگەی کردەوە و ڕەفتارەکانییانەوە هەم کۆمەڵگە و هەم میدیاکان بورووژێنن.



## ئیسلام نەك هەڕەشە نییە بەسەر داهاتووی مرۆڤایەتییەوە، بەڵکو ئیسلام بەشداری ڕاستەوخۆ و زیندوو دەكات لە بنیاتنانی داهاتوو بۆ مرۆڤایەتی.

**گوڵنار: لە دیداری پێشووت دا لەگەڵ گرووپی گوڵنار ئاماژەت بەوە کرد کە شتێك نییە بەناوی پێکدادانی شارستانییەتەکان، وە شەڕی ڕابوردووی نێوان ئیسلام و خاچپەرستی شەڕی سنوور و ململانێی سیاسیی و جوگرافی بووە نەك شەڕی ئایین و جیهاد، ئەم ئیسلامۆفۆبیایەی کە لەناو کایەی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەورووپادا هەیە تا چەند پەیوەندی بەو ململانێیەی ڕابوردووەوە هەیە؟ تا چەند پەیوەندی بە گورز پیاکێشانی تارقی کوڕی زیاد و موحەممەد فاتح و سەلاحەدینی ئەیووبییەوە هەیە؟ وەك دەگوترێت شەڕ بە کۆنەقین دەکرێ، ئەمە تا چەند ئەو کۆنەقینەیە و ئەورووپا ئێستا بە ئیسلامیی دەڕێژێتەوە؟**

باخەوان: هیچ، هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، ئەوە ئێمە ئەمانەوێ ئەگەر بێت و ئەو چوارچێوە تیۆرییانە بۆ خوێندنەوەی واقیع وەک ئەوەی هەیە بەکاری بهێنین، لە کۆتایی دا لە فاکتەکان دوور دەکەوینەوە، لە واقیع خۆی دوور دەکەوینەوە، وە ئێمەش وەک ئیسلامۆفۆبەکان هەوڵ دەدەین کۆمەڵێک کۆنسێپت و کۆمەڵێک تیۆری بینا بکەین کە لە کۆتایی دا تەنها زادەی خەیاڵی خۆمانن، وە ڕێگەمان پێ نادەن واقیعەکە بخوێنینەوە و لێی تێ بگەین و دواتر لەگەڵی دا مامەڵە بکەین، جا مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوەی کە ئێستا ڕوو دەدات بە ئیسلامۆفۆبیاشەوە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە بەریەکەوتن و لێکدانی شارستانییەتەکانەوە نییە، وە بە پێچەوانەوە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر مرۆڤایەتی بەرەو شتێک دەڕوا کە پێی دەگوترێت شارستانییەتی یەکگرتوو و جیهانی، ئەم شارستانییەتە جیهانییە لە یەک کات دا ئیسلام و کاتۆلیزیزم و بوودیزم و جوودایزم و بوودیزم و لە یەک کات دا موسڵمانەکان و کاتۆلیکەکان و مولحیدەکان هەموویان پێکەوە بەشداری دەکەن لە دروستکردنی ئەو جیهانەدا، لە یەک کات دا ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، لە یەک کات دا ئەمریکییەک و عێراقییەک بەشداری دەکەن لە دروست کردنی دا، بەو مانایەی کە سامۆئیل هانتینگتۆن دەیگوت بەرەو پێکدادانی شارستانییەتەکان دەڕۆین و شەڕی داهاتوو دەبێت بە شەڕی گەورەی شارستانییەتەکان، کە دەشیگوت شەڕی شارستانییەتەکان مەبەستی ئایینەکان بوو، جگە لە وەهم و جگە لە خەیاڵێکی هانتینگتۆن خۆی، هیچ بەرجەستەکردنێکی نییە.

**گوڵنار: تا چەند ئەورووپا لە ئێستادا لەڕێی ئیسلامۆفۆبیاوە دەترسێت لە هاتنەوەی سەرلەنوێی ئیسلام بۆ ناو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە، وەك چۆن لە ڕابوردوودا ئیسلام کیانی سەربەخۆی خۆی و خۆ بەڕێوەبەرێتی سەربەخۆی هەبوو؟**

باخەوان: گرووپە کۆنەپەرستە کەمینەکانی ئەورووپا هەر لە ڕۆمانیانەوە بیگرە تا دەگاتە وڵاتی چیک و ئەڵمانیا و فەرەنسا و دواتر بەریتانیا، لە هەموو ئەم وڵاتانەدا ئەم گرووپە توندڕەوە میکرۆ کەمینانە پێیان وایە لە عەرەبی سعوودییەوە تا



# ئەگەر ئیسلام کورت بکرێتەوە لەوەی کە موراهیقێك دەیڵێت بەناوی خودا و ئیسلامەوە، ئەوکاتە بێگومان ئیسلام مەترسییەکی زۆر زۆر گەورەیە

دەگاتە هەولێر، لە قاهیرەوە تا دەگاتە ئەستەنبوڵ، لە ئەندەنوسیاوە تا دەگاتە سەنیگال هەمووی پێکەوە شتێک پێک دەهێنێت کە پێی دەگوترێت شارستانییەتی ئیسلامیی، وە پێی دەگوترێت خاکی ئیسلام، هەموو ئەمانە پێکەوە شارستانییەتی ئیسلامیی بەرەو ئەوە دەبەن کە یەک بگرن و ئیمپراتۆرییەتێکی ئیسلامیی تیا درووست ببێ وە دواتر ئەم ئیمپراتۆرییەتە ئیسلامییە لەسەر شێوازی عوسمانی و عەبباسی و ئەمەوییەکان غەزووی ئەورووپا بکەن، بەڵام لەڕاستی دا ئەم کۆنسێپتالیزەکردنەی ئەو وڵاتانەی کە ناوم هێنان جگە لە وەهم و خەیاڵێکی پووچ و خەیاڵ دانێکی پووچ هیچ نییە، چونکە لەسەر ئاستی واقیع تۆ شتێکت نییە بەناوی خاکی کاتۆلیک، شتێکت نییە بەناوی خاکی پرۆتستانت، شتێکت نییە بەناوی خاکی شیعە و سوننە، ئەوەی کە ئێستا هەیە کۆمەڵێک دەوڵەتن پێیان دەگوترێت دەوڵەتی نەتەوە، تۆ تەماشا بکە بزانە جیاوازییەکانی نێوان عەرەبی سعوودی و ئێران دوو هەزار ئەوەندەی جیاوازییەکانی نێوان عەرەبی سعوودی و فەرەنسا نین؟ ئایا جیاوازییەکانی نێوان ئێران و بەحرەین دوو ئەوەندەی جیاوازییەکانی نێوان ئێران و بەریتانیا نین لە هەموو ئاستەکان دا؟ بێگومان بەڵێ. مەبەستم ئەوەیە ئیمپراتۆرییەت وەکو چوارچێوەیەکی دەوڵەت کۆتایی پێهاتووە، کۆتایی پێهاتووە وەکو موقاوەمات، کۆتایی پێهاتووە وەکو ئایدیۆلۆژیا و مێژوو، تازە مێژووی بەشەرییەت ناگەڕێتەوە بۆ ئەم چوارچێوانە، لەبەر ئەوە درووستبوونی ئیمپراتۆرییەتێکی کاتۆلیکی و ئیسلامیی و پرۆتستانتی جگە لە خەیاڵدانی کۆمەڵێک ئەکتەری توندڕەوی کۆنەپەرستی ئەورووپی یا ئەوانەی وەک ئەوانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هیچی تر نییە. یا کۆمەڵێک کەمینەی وەک داعش و قاعیدە هەن کە بانگەشەی ئەو چوارچێوە بەسەر چووە دەکەن. من پێم وانییە نەهزە تازە لە توونس، کۆمەڵ لە کوردستان، دەعوە لە عێراق باوەڕیان بەوە هەبێت لە داهاتوودا ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەی ئیسلامیی لە ناوچەکەدا درووست بکەن و غەزووی هەموو جیهان بکات، لەبەر ئەوە ئەوەی کە کەمینە توندڕەوەکانی ئەورووپا دەیکەن هەمان ئەو شتەیە کە کەمینە توندڕەوەکانی ڕۆژهەڵات دەیکەن، بەڵام زۆرینەی زۆری بزووتنەوەی ئەقڵانییەکانی ئەورووپا وە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو هاوکێشەیەیان تێپەڕکردووە و دەزانن واقیعی ئێستا و واقیعی داهاتووش بەهیچ شێوەیەک بەو ئاڕاستانەدا ناڕوا.

**گوڵنار: پەیوەندی ئیسلامۆفۆبیامان بە سیاقی کۆمەڵایەتی ئەورووپییەوە باسکرد، لە ئاستە سیاسییەکەدا ئیسلامۆفۆبیا چ پەیوەندییەکی بە سیاقی سیاسیی ئەورووپاوە هەیە؟**

باخەوان: لەئاستی سیاسیی دا، کۆنتێکستە سیاسییەکە بریتییە لەوەی کە سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی کە گوتم لەسەر زۆرینە و کەمینە و هەڵوێستیان لەسەر ئیسلامۆفۆبیا، لە ئەمڕۆدا ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ڕوو دەدات بزووتنەوەکانی چەپ وەکو بزووتنەوەکانی ڕاست

هەوڵ دەدەن لەسەر ئاستی سیاسیی وەکو کارتێک بەکاری بهێنن لە کاتی هەڵبژاردنەکان دا، بە مانای ئەوەی کە ئێستا ئەوەی لە سووریا ڕوو دەدات، ئەوەی لە یەمەن ڕوو دەدات، ئەوەی لە لیبیا و عێراق دا ڕوو دەدات و لە داهاتوویەکی نزیکیش دا دەکرێ ڕوو بدات لە وڵاتانی تر، وا دەکات لەوەی کە بە هەزاران هەزار موسڵمان وڵاتەکانیان جێ بهێڵن و ڕوو بکەنە ئەورووپا، وە بە شەپۆل ڕوو بکەنە ئەورووپا، هاتنی ئەم هەزاران هەزار کەسەی ئەو وڵاتە موسڵمانانە و ئەوانەشی کە ئینتیمایان بۆ ئیسلام هەیە وای لەوە کردووە کە سیاسییەکانی ئەورووپا ئەم کارتە لە کاتی هەڵبژاردنەکان دا بەکاربهێنن، هەرچەندە باوەڕیان بەوە نەبێت کە ئەم موسڵمانانە لە ڕووی ئابیینییەوە یا لە ڕووی کەلتوورییەوە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر شارستانییەت و چوارچێوەی ئەورووپی نەبێت، یا با بڵێین مەترسی نەبن بە هیچ جۆرێک بەڵام بەداخەوە هەندێک جار بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر هەوڵ دەدەن وێنەی موسڵمانان وەکو وێنەی شەیتانێک نیشان بدەن، یاخود هەمیشە وێنەی کۆچبەر بکەن بە موسڵمان و موسڵمانێکیش وەکو شەیتانێک کە دەکرێ لە داهاتوودا ببێ بە مەترسی بەسەرمانەوە، بە زمانێکی تر تا کاتێک کە هەڵنەبژێردراون، یا تا ئەو کاتەی لە هەڵبژاردن دان، هەوڵ دەدەن بە هەموو توانایانەوە ئەم کارتە بەکاربهێنن، کارتی موسڵمانی کۆچبەر وەکو شەیتانێک، بەڵام کە هەڵبژێران و گەیشتنە حوکم ئەو کاتە دەبینی کەسێکی وەکو ئیمانوێل ماکرۆن دەبێتە پیاوێکی حەکیم و نەرم و نیان لە ساتی قسەکردنی لەسەر ئیسلام و موسڵمانان. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕیان بە ئیسلامۆفۆبیا نییە و کاری لەسەر ناکەن و بگرە دژایەتیشی دەکەن، بەڵام بەداخەوە لەکاتی هەڵبژاردنەکان دا وەک عێراق و کوردستان و وڵاتانی ڕۆژهەڵات دژایەتی ئیسلام دەکەن و زۆرجار هیچ سنوورێک نامێنێ وە هەموو حەرامەکان حەڵاڵ دەبن بۆ بەدەستهێنانی دەنگێکی زیاتر، یەکێک لەوانەش بەکارهێنانی کارتی ئیسلامۆفۆبیایە.

**گوڵنار: بیرمەند و کۆمەڵناسان و بیریارانی ئەورووپی هەڵوێستیان چییە لەبارەی ئیسلامۆفۆبیاوە؟**

باخەوان: سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان و ئینتیماکانیان، دەکرێ بیانکەین بە دوو بەشەوە، بەشێکی زۆرینەی بیرمەند و ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا و ئەورووپان، زۆر بە توندی بە گژ دیاردەی ئیسلامۆفۆبیادا دەچنەوە، بەگژی دا دەچنەوە وەکو تیۆری، وەکو کۆنسێپت، وەکو فیکر و ڕۆشنبیری و کەلتوور، بەڵام هەروەها وەکو پراکتیکیش تەماشا دەکەیت زۆر بە دەگمەن زانا ئەورووپییەکان لەناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دا دەردەکەون، بەڵام کاتێک باس دێتە سەر ئیسلامۆفۆبیا ئامادەن بچنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانەکان و نامەی نارەزایەتییەکان ئیمزا بکەن بەوەی کە ئیسلامۆفۆبیا جۆرێک لە فاشیزم و نازیزم دەناسێنن، چەند مەترسی لە فاشیزم و نازیزم هەیە وەک دەعبایەک وەک درندەیەک لەناو ئەورووپا و پێناسە دەکرێ و دەخرێتە سەر شانۆ، لەلایەن زۆربەی زۆری زاناکانی ئەورووپاشەوە بەو شێوەیە سەیری ئیسلامۆفۆبیا دەکرێت و دەناسرێت و مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێت. بەڵام لە هەمان کات دا تۆ کەمینەیەکی زۆر کەمت هەیە لەنێوان ئەم زانایانەدا کە باس لەو تیۆرییە دەکەن یەکێک لەوانە سامۆئیل هانتیگتۆن کە ئێستا لە ژیان دا نەماوە، وە کۆمەڵێک زانای تر لە ئەورووپا بەتایبەت لە فەرەنسا کە کەمینەیەکن و باس لەو تیۆرییە دەکەن کە باسم کرد، ئەویش تیۆری: جێگۆڕگێ پێکردنە گەورەکە، ئەوەی کە ئەورووپییە سپی پێستە لاتینییە کاتۆلیکەکان کۆتاییان پێ دێت و جێگەکەیان دەگیرێتەوە لەلایەن موسڵمانە زەرد پێستە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە.

**گوڵنار: حەقیقەتی کۆتایی هاتنی بەرەی سووری شیوعییەت و گەشەسەندنی بەرەی سەوزی ئیسلامیی چییە و چ پەیوەندییەکی بە ئیسلامۆفۆبیاوە هەیە؟**

باخەوان: ئەوەش دیسانەوە بیناکردنێکی ئایدۆلۆژییە لەلایەن ئەو گرووپە سیاسییە ئایدۆلۆژییانەی لە ئەورووپا هەن و پێویستیان بە دوژمن هەیە، واتە درووستکردنی دوژمن، گەر تا دوێنێ بۆ درووست کردنی بازاڕی گەورەی چەک، بۆ تاودانی بازاڕی گەورەی ململانێ، بۆ ئامادەکردنی هەل و مەرجی ڕووبەڕووبوونەوە، واتە گەر پێویستیان بەوە بووبێت یەکێتی سۆڤییەت و سوپای سوور و ئاڵای سوور وەکو دوژمنێک بخەنە سەر شانۆکان، دوای کۆتایی هاتن بەم دوژمنە ئەورووپا پێویستی بە ئەلتەرناتیڤ و بەدیلێکە، ئەو ئەلتەرناتیڤەش کە بەدەستییانەوە مابوو ئەو بزووتنەوە ڕادیکاڵە ئیسلامییانە بوون کە دەیانزانی بۆ دوژمنایەتی دەشێن، ئەو هێزە ئەورووپییانەی کە پێویستیان بە دوژمن هەیە هەستان بە درووستکردنی ئیسلامۆفۆبیا. ئەو گرووپە ئیسلامییانەی کە دەیانەویست ئیسلام بەکاربهێنن بۆ شەرعییەت دان بە کارە زەبر و زەنگەکانیان، ئەورووپاش کەوتە ململانێ لەگەڵ ئەوانە و کردنی بە دوژمنی خۆی، ئەمە وایکرد کە پەڕینەوە درووست ببێ، پەڕینەوە لەو گرووپانەوە بۆ خودی ئیسلام، واتە دوژمنەکە تەنها بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان نەبن، بەڵکو خودی ئیسلام بێت وەکو ئایینێکی یوری ڤێرسان، بەڵام دیسانەوە دووبارەی دەکەمەوە کە ئەم جیهانبینییە، ئەم خەیاڵدانە خەیاڵدانی کەمینەیەکە کە لەلایەن زۆرینەی زۆری ڕۆژئاواییەکان و ئەورووپییەکانەوە تەبەننی نەکراوە.

**گوڵنار: ئایا ئیسلامۆفۆبیا تەنها لە کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی ئەورووپادا هەیە و برەوی پێ دەدرێت، یا دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بۆ ڕاپەڕاندنی بەرژەوەندی و ئەجێندای وڵاتانی ئەورووپی برەوی پێ دەدەن و ترسیان لە ئیسلام هەیە و موسڵمانانی بۆ دەچەوسێننەوە؟**

باخەوان: ئیسلامۆفۆبیا میکانیزمێکە کە لە هەموو کۆمەڵگەکان دا ئیش دەکات، بەو مانایەی کە تەنها پەیوەندی بەوەوە نییە کە کۆمەڵێک موسڵمان درووستیان کردووە و وایان کردووە کە دیاردەی ئیسلامۆفۆبیا لە ئەورووپادا درووست ببێ، ئیسلامۆفۆبیا لەناو عێراقیش دا هەیە، لە عێراقیش دا لەناو کوردستان دا بوونی هەیە، لە کوردستانیش دا لە سلێمانی بوونی هەیە، لە سلێمانیش دا لە هەڵەبجەدا بوونی هەیە، تەنانەت لە هەڵەبجەش دا برۆ بۆ کانی عاشقان لەوێش ئیسلامۆفۆبیا هەیە، بەو مانایەی کە تۆ کۆمەڵێک ئەکتەری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریت هەیە کە هەوڵ دەدەن ئیسلام وەکو ئەژدیهایەک بناسێنن، ئیسلام وەکو دێوێک بناسێنن، ئیسلام کورت بکەنەوە لە هەڵس و کەوتی موراهیقێک دا کە خۆی بە بانگخواز دەناسێنێت، جورئەتی ئەم ئیسلامۆفانە لەوەدایە کە چواردە سەدە لە مێژووی فیکر و ئیبداع و داهێنان و بڵاوبوونەوە و جیهانگیری ئیسلام نابینن، وە خۆیان تەسلیمی پڕ و پاگەندەی موراهیقێک دەکەن کە دەیەوێ ئەم چواردە سەدەیەی مێژووی فیکر و شارستانییەت و کەلتور و فراوانبوونی ئیسلام ون بکات بۆ شەرعییەت دان بە هەندێ وتاری مناڵانە و نامەعقوولی خۆی، بەو مەعنایەی ئەمە ئەو نییە قسە دەکا، ئەوە چواردە سەدەی ڕابوردووی مێژوو و شارستانییەت و کەلتوور و فراوانبوون و جیهانگیرییە کە قسە دەکات، تەنانەت وا وێنای خۆی دەکات کە ئەمە ئەو نییە قسە دەکات، بەڵکو ئەوە خودایەکە لە ڕێی ئەمەوە پەیامەکانی دەگەیەنێت، واتە دەیەوێ چواردەورەکەی وا تێ بگەیەنێت کە ئەم بەناوی خوداوە قسەیان بۆ دەکات، پارادۆکس و گرفتەکە لەویادایە، بۆیە ئیسلامۆفۆبیاکانیش بەم



**دوای نەمانی یەکێتی سۆڤییەت و سوپای سوور، ئەورووپا پێویستی بە دوژمنێك هەبوو کە ململانێی لەگەڵ بکا، ئەویش تەنها ئیسلام و بزووتنەوە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان بوون بۆ ئەو ململانێیە دەستیان دەدا.**

هۆشیارییەوە دێن خۆیان تەسلیمی ئەم بانگخوازە دەکەن، بەو مانایەی کە واژۆ و تەسدیقی قسەکانی دەکەن، کە دەڵێم بەشێوەیەکی هۆشیارانە مەبەستم ئەوەیە کە دەیانەوێ چاوی خۆیان دا بخەن لە ئاست ئەم چواردە سەدە لە مێژووی جیهانگیری و فیکر و فەلسەفە و مەعریفە و بڵاوبوونەوە و فراوانبوونەی ئیسلام دا و لەکۆتایی دا بڵێن: ئیسلام ئەوەیە کە ئەم بانگخوازە موراهیقە دەیڵێت. جا مەبەستم ئەوەیە لەڕێگەی ئەم گوتانەوە دێن چوارچێوەیەک بۆ ئیسلامۆفۆبیا لە سلێمانی و هەڵەبجە و کوردستان دادەنێن بەو مانایەی ئیسلام هیچ نییە ئەوە نەبێت کە ئەم موراهیقە دەیڵێت، درووستبوون و فراوانبوونی ئیسلام دەبێتە مەترسی بەسەر ئەخلاقمانەوە، بەسەر فیکرمانەوە، بەسەر ژیان و بیرکردنەوەمانەوە، بەسەر هەموو شتێکمانەوە، واتە ئەگەر ئیسلام کورت بکرێتەوە لەوەی کە موراهیقێک دەیڵێت بەناوی خودا و ئیسلامەوە، ئەوکاتە بێگومان ئیسلام مەترسییەکی زۆر زۆر گەورەیە، بەڵام ئەگەر ئیسلام وەکو چواردە سەدە لە فیکر و فەلسەفە و مەعریفە و جیهانگیری و چوون بەناو هەموو دونیادا ئەوکاتە قسەکانی ئەم موراهیقە دەخرێتە ناو کەوانەیەکەوە و قوفڵی لێ دەدرێت.

**گوڵنار: ئیسلامۆفۆبیا بۆ کەبت کردن و پووکانەوە و لاوازکردنی ئیسلامە لەو ڕۆڵەی کە جەنابت لە سەرەتاوە ئاماژەت پێ کرد، ئایا ئەم ترس لە ئیسلامە یا ئەم گورز پیاکێشانە ئیسلام زیاتر بەهێز دەکات و ڕەنگی پێ دەداتەوە یا ئەوان بە ئامانجی خۆیان دەگەن و ئیسلامیش لاواز دەکەن و دەشتوانن لە ئەورووپادا ڕێ لە بڵاوبوونەوەی بەرچاوی ئیسلام بگرن؟**

باخەوان: خۆی لە ڕاستی دا ئیسلام زۆر زۆر لەوە گەورەترە بەوەی کە کەمینەکان چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا وەکو داعش و قاعیدە و گرووپەکانی تر و موراهیقەکان بەناوی بانگخوازییەوە خۆیان بە نوێنەری ئیسلام دەزانن، هەروەها ئیسلام زۆر لەوە گەورەترە کە کەمینە کۆنەپەرستەکانی ڕۆژئاوا و ئەورووپا بتوانن زەربەی لێ بدەن و کورتی بکەنەوە و لاوازی بکەن یا چوارچێوەی بۆ دابنێن، هێزی ئیسلام لە جیهانی بوونەکەی خۆیایەتی، هێزی ئیسلام لە ناوەڕۆکی خۆیایەتی، هێزی ئیسلام لەوەدایە کە باوەڕی بە سنوور نییە، باوەڕی بە چوارچێوە نییە، باوەڕی بە هەموو ئەو شتانە نییە کە کورتی دەکەنەوە، کە پەت و زنجیری دەکەن، بەو مەعنایەی کە ئیسلام ئاینی زمان و نەتەوەیەک نییە، ئیسلام ئاینی کەلتوورێک نییە، ئیسلام ئاینی کاتیلۆرێکی تایبەت بە مرۆڤ نییە، ئیسلام ئاینی وڵاتێک نییە، ئیسلام ئاینی ڕەنگێک نییە، ئیسلام هاتووە وەکو ئاینێکی یوری ڤێرسان وەکو ئاینێکی تەوحیدی یەکەم کاری ئەوەیە کە هەموو ئەم سنوورانە تێپەڕێنێ و تێکیان بشکێنێت، لەبەر ئەوە پێم وا نییە نە گرووپەکانی تایپی قاعیدە و داعش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، نە گرووپەکانی تایپی لۆپینییەکان و بەرەی ڕۆژئاوا لە ئەورووپا بتوانن سنوور بۆ ئیسلام دابنێن، بەڵام ئایا هەموو ئەمانە



## زۆربەی بیرمەندانی ئەورووپا هاوشێوەی موسڵمانان دژی ئیسلامۆفۆبیا دەچنە سەر شەقامەکان و بەشداری خۆپیشاندانەکان دەکەن و بەیاننامەی ناڕەزایەتییەکان ئیمزا دەکەن.

دەتوانن بە جۆرێک لە جۆرەکان وێنای موسڵمان ناشیرین بکەن؟ دەکرێت لە کۆنتێکستێک دا، دەکرێ لە ماوەدایەکی کورت دا، دەکرێ لە بارووددۆخێکی کورت ماوەدادا بەجۆرێک لە جۆرەکان کۆمەڵێک کارایی فەردی بەسەر موسڵمانەوە لابچن، بەڵام ڕەوتە مێژووییەکە پێم وانییە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. گۆڕانکاریی بەسەردا بێت بە مانای چی؟ بە مانای ئەوەی کە ئیسلام نەک هەڕەشە نییە بەسەر داهاتووی مرۆڤایەتییەوە، بەڵکو ئیسلام (بەوەی تا ئێستا ناسیومانە) بەشداری ڕاستەوخۆ و زیندوو دەکات لە بنیاتنانی داهاتوو بۆ مرۆڤایەتی، ئیسلام نەک هەڕەشە نییە بۆ هەل و مەرجی پێکدادان مرۆڤەکان ئامادە بکات، بەڵکو ئیسلام لەبەر ئەوەی باوەڕی بەو سنوورانە نییە لەنێوان مرۆڤەکان دا دادەنرێت، سنووری کەلتوور و ڕەنگ و زمان و خاک و هەموو ئەوانە، هەل و مەرجی بە یەکگەیشتن و تێگەیشتن و قسەکردن و تێکەڵ بە یەکبوونی مرۆڤەکان ئامادە دەکات، لەم ڕوانگەیەوە ئیسلام نەک هەر هەڕەشە نییە بەڵکو فاکتەرێکی پۆزەتیڤ و ئیجابییە بۆ داهاتووی مرۆڤەکان.

**گوڵنار: ئیسلامۆفۆبیا لە چەند ساڵی ڕابوردوودا بووەتە هۆی کوشتن و ئازاری موسڵمانەکان بە جل و بەرگ و سیمایان لە شوێنە گشتییەکان دا و تازەترین ڕووداویش کوشتنی موسڵمانان لە نیوزلەندا، ئەمە تا چەند وا دەکات لە داهاتوودا وەکو پەرچە کردار و کاردانەوە موسڵمانەکانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان تۆڵەی خۆیان بکەنەوە؟ مەبەستم ئەوەیە تا چەند بەردەوامبوونی ئیسلامۆفۆبیا دەبێتە هۆی تێك دانی ئەو ئارامی و ئاسایشەی لە ئەورووپادا هەیە؟**

باخەوان: بە چەند ڕستەیەک وەڵامت دەدەمەوە، چەند ئاستی بەهێزی کەمینە توندڕەو و کۆنەپەرستەکانی ئەورووپا بەرز ببێتەوە ئەوەندەش شانسی پەرچەکردار و کاردانەوەی کەمینە موسڵمانە توندڕەوەکان لە ئەورووپا و جیهانیش دا بەرز دەبێتەوە. بە زمانێکی تر چەند ئیسلامۆفەبەکان پەلاماری کردەوەی تیرۆریستی بدەن بەرامبەر بە موسڵمانەکان لە جیهان دا، ئەوەندە ئینتیماکردنی موسڵمانەکان بۆ کەمینە توندڕەوەکانی دونیای ئیسلامیی بەهێز دەکەن.

**گوڵنار: شوێنەوار و کاریگەرییەکانی ئیسلامۆفۆبیا لەسەر تاك و کۆمەڵی ئەورووپی و ڕۆژهەڵاتی چییە و کامەیە؟**

باخەوان: لێکەوتەکانی ئیسلامۆفۆبیا پەیوەندیان بەو پرسیارەی پێشووترتەوە هەیە، بەشێوەیەکی گشتی چەند ئەو ئاستی زەبر و زەنگە بەرز بێتەوە لەلایەن کەمینە توندڕەوەکانی ئەورووپاوە بەرامبەر بە موسڵمانان ئەوەندەش ئاستی توندوتیژی و ڕادیکاڵی گرووپە توندڕەوەکانی جیهانی ئیسلامیی کە کەمینەن بەرز دەبێتەوە، بەڵام پێموایە لە ئێستادا دیاردەیەک لە جیهان دا درووست بووە وە ڕۆژئاواش و بەتایبەتی ئەورووپاشی گرتووەتەوە کە پێی دەگوترێت دیاردەی گەڕانەوەی پۆپلیزم، گەڕانەوەی پۆپلیزم

وەکو ساڵانی سییەکان لە ئەورووپا گەڕاوەتەوە بۆ کۆمەڵگەکانیان، وە ئەوەش وایکردووە لەوەی کە کۆمەڵێک گرووپ و حیزبی پۆپیلیز درووست ببن، پۆپیلیز بە مانای شەعبەویی و جەماوەریی، وە ئەو حیزبانە بگەنە دەسەڵات، بۆ نموونە لە نەمسا گەشتنە دەسەڵات، بۆ نموونە لە ئیتالیا گەیشتنە دەسەڵات، ئەوەی کە ئێستا بەریتانیا دەبات بەڕێوە پۆپلیزمە، لە فەڕەنسا گرووپی مادین لۆبێن (ئەمانەی کە ناوم هێنان هەموویان ئیسلامۆفۆب نین) ئەمانە هەموویان پۆپلیزمن، بەڵام یەکێک لە ڕەگەزەکانی پۆپیلیزم بریتییە لە ئیسلامۆفۆبیا، واتە هەموویان لەسەر ئیسلامۆفۆبیا درووست نەبوون، بەڵکو یەکێک لە ڕەگەزەکانیان بریتییە لە ئیسلامۆفۆبیا، مارین لۆپێن لە ئێستادا لە فەڕەنسا هێزی دووەمی سیاسییە، فەڕەنسا وەکو وڵاتێکی تر نییە، فەڕەنسا یەکەم هێزی سەربازییە لە ئەورووپادا، فەڕەنسا ئەندامی مەجلیسی ئەمنە، یەکێکە لە پێنج دەوڵەتە گەورەکانی جیهان لەڕووی سەربازی و ئابوورییەوە، فەڕەنسا دڵی ئەورووپایە، ئەگەر بێت و مارین لۆپێن لە فەڕەنسادا بگاتە دەسەڵات کارەساتی گەورە درووست دەبێت، گەڕانەوەی ئەم پۆپلیزمە یا شەعبەوییە بۆ ئەورووپا و نزیکبوونەوەیان لە گرتنە دەسەڵات و گرتنە دەستی دەسەڵات لە چەند وڵاتێک دا بە جۆرێک لە جۆرەکان هەل و مەرجی بەهێزبوونی کەمینە کۆنەپەرستەکان و ڕابوردوو پەرستەکان و ئیسلامۆفۆبەکان ئامادە دەکات و بەهێزتریان دەکات، بەڵام ئەگەر بێت و لە هەڵبژاردنەکانی دوو سێ ساڵی داهاتوودا کە لە چەند وڵاتێک دا ڕوو دەدەن ئەگەر بێت و هێزە ئەقڵانییەکانی ئەورووپا هەڵبژاردنەکان ببەنەوە ئەوا هەل و مەرجی بەهێزبوونی پۆپلیستەکان لاواز دەبێت و بە لاوازبوونی ئەوانیش ئیسلامۆفۆبیاش لاوازتر دەبێت و سنووردار دەکرێت.

**گوڵنار: ڕۆژی بیست و یەکی ئەیلوولی هەموو ساڵێك دیاریکراوە بۆ ڕۆژی ئاشتی جیهانی و چەند ڕۆژێك بەسەر ئەو مێژووەدا تێ دەپەڕێ، ئیسلامۆفۆبیا تا چەند هۆکاری لەناوبردنی ئاشتییە و تا چەند هۆکاری ئەوەیە ئاشتیی جیهانی نەیەتە دی و بەشێك لە مرۆڤایەتی کە بریتییە لە دوو ملیار مرۆڤی موسڵمان، ئەگەر تۆ بەردەوامت ترست لێی هەبێت و گورزی پێ دا بکێشی، ئایا ئاشتی بەم شێوەیە بەدی دێت؟**

باخەوان: چەند قاعیدە و داعش مەترسین لەسەر ئاشتیی جیهانی بزووتنەوە ئیسلامۆفۆبیاکانیش ئەوەندە هەڕەشەن لەسەر ئاشتیی جیهانیی، ناکرێ لەنێوان ملیارێک و حەوتسەد ملیۆن کەس بۆ دوو ملیار کەس موسڵمان و مرۆڤ کە ئینتیمای بۆ ئیسلام هەیە، بۆ نموونە ڕەشێکی ئەفریقی لە دوورەدەست ترین لادێی کەون، یا بەڕازیلییەک لە یەکێک لە لادێیەکانی ناوچەی ئەمازۆنی لە بن درەختێک دا دانیشتووە و پێنج فەرزە نوێژی خۆی دەکات، چ پەیوەندییەکی بە ئەیمەن زەواهیری و ئەبووبەکری بەغدادییەوە هەیە؟ تۆ ئەگەر ئەو کەسەی لە نەجەف دوێنێ تەقینەوەی کردووە ببەستیتەوە بەو جوتیارەی لە ئەمازۆن پێنج فەرزە نوێژ و تاعەتی خۆی دەکات، ئەمە جگە لە هەڕەشەکردن و مەترسی درووستکردن بۆ سەر ئاشتی شتێکی دیکە نییە. چ شتێک ئیسلامیی باوکم دەبەستێتەوە بە ئیسلامیی ئەو تیرۆریستەی کە خۆی دەتەقێنێتەوە لەناو پاسێک دا لە پاکستان؟ هیچ شتێک! جا مەبەستم ئەوەیە ئەگەر کورتی بکەمەوە: بزووتنەوەی تیرۆریستییەکان چەند هەڕەشەن لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاشتی نەتەوەیی و ئاشتی جیهانی، بە هەمان ئاست بزووتنەوە ئیسلامۆفۆبەکانیش هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی جیهانیی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی!

**گوڵنار: کۆتا سەرنج و قسەت لەسەر ئیسلامۆفۆبیا چییە؟**

باخەوان: دەمەوێ بڵێم ئەو کەمینانەی کە لە ئەورووپا ناوم بردن کە بەشداری دەکەن لە درووست بوون و بیناکردنی ئیسلامۆفۆبیا، بەداخەوە ئەوەندەش گرووپی خۆ بە موسڵمانزان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بەشداری ڕاستەوخۆ دەکەن لە درووستکردن و بیناکردنی ئیسلامۆفۆبیا، ئیسلامۆفۆبیا چەندە لە بەرژەوەندی ئەو ئەورووپییە کۆنەپەرستە توندڕەوانەدایە ئەوەندەش کۆمەڵێک موسڵمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێن ئیسلامۆفۆبیا وەکو کارتێک بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، ئەمە هەردوولایان بەڕاستی مەترسین بەسەر کۆمەڵگاوە، هەردوولایان هەڕەشەن بەسەر کۆمەڵگاوە، وە ئیسلام چەند دوورە لە ئەورووپا لەم گرووپە توندڕەوە کۆنەپەرستانە، ئەوەندەش دوورە لەو گرووپانەی چ لە کوردستان، چ لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ئیسلام بەکاردەهێنن بۆ درووستکردنی دۆخێک لە ئیسلامۆفۆبیا، بەو ئومێدەی ئەم چاوپێکەوتنەی ئێمەش نابێت ڕۆڵی هەبێت لە درووستکردنی ئیسلامۆفۆبیادا، یا تیۆریزەی ئیسلامۆفۆبیا بکات و فراوانی بکات.





ئیسلامۆفۆبیا
لەنێوان برەوپێدان و چارەسەردا
PHOBIA
سامان حمەصالح ڕەباتی
لەدایکبوی ١٩٧٣. (لێکۆڵەر). ماستەر (کارگێڕی نێودەوڵەتی
و بانک و مالیەی ئیسلامی) ماستەر (ئیسلام و گەشەپێدانی
بەردەوام)، بەریتانیا.

## پێشەکی

حاڵەتی ئاسایی ژیانکردن وایە کە مرۆڤ پێکەوە هەڵبکات و ئازاد بێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکەی و سنووری بەرامبەری نەبەزێنێت، تێکچوونی ئەم حاڵەتە ئاساییە ئەگەر بوو بەدیاردە، ئەوکات ئاشتی کۆمەڵایەتی ئەکەوێتە مەترسیەوە، پێویستە دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزی کاریگەری نێوکۆمەڵگە لە میدیاو ئایین رۆڵی خۆیان بگێڕن بۆ راستکردنەوەی باری لاری پێکەوەژیان، ئەی ئەگەر سیاسەتی حیزبی باڵادەست و میدیاو لۆبیکردن لەخزمەتی گەورەکردنی شەرخی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگە بن، ئەوکات کێ بەئەرکی چارەسەر هەستێت؟! بەداخەوە ئەوکات ئەبێ تاک لەخەمی خۆیدابێت و لە چوارچێوەی رێکخراو خۆی کۆبکاتەوەو بتوانێت لەرێی یاسا و بەدەستباری خەمخۆرانی ئەوژینگەی تێیدا ئەژی بەرەنگاری دیاردەی جیاکاری ببێتەوە.

(ئیسلامۆفۆبیا) لە رۆژئاوا ریشەیەکی مێژوویی قوڵ و ئامادەییەکی بەهێزی هەیەو پشتیوانی و تەرویج لەهێزی کاریگەری حیزبی و میدیایی و کۆمەڵگەوە وەرئەگرێت. بەشێوەیەک کە پرۆسەی دیموکراسیش بووە بە پەیژەی سەرکەوتنی هێزە رەیسست و نازیە نوێیەکان، ئەتوانین بڵێین هێزێکی دووڕووی باڵادەست لە جیهان ئاراستەی میدیا ئەکات بۆ پرکردنی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی لە ئیسلام و موسڵمانان، راستیەکی تاڵیش هەیە شانبەشانی ئەم هێزە زەبەلاحەی رۆژئاوا توندرەویی ئیسلامیش چەکێکی پڕ قازانجە بەدەست ئەوهێزانەوە بۆ بەکارهێنانی وەکو ماددەیەکی میدیایی و فلیمسازی بۆ زیاتر گەشەکردنیان لەڕووی سیاسی تابتوانن بەبەڵگە بیسەلمێنن و بە کۆمەڵگەکانیان بڵێن ئەوە ئێمەین ئەتانپارێزین لەدەست هەڕەشەی ئیسلام و موسڵمانان، هەر لەورێیەوە بتوانن لە رێگەی بەیاساکردن کۆت و بەند دابنێن لەسەر ئازادیە ئاینیەکان هەر لە حیجاب و نیقاب و مزگەوتەکان، بەرتەسککردنەوەی یاساکانی پەنابەری.

ئەم پەڕاوە ئەیەوێ لە دیاردەی (ئیسلامۆفۆبیا) بکۆڵێتەوە و پاڵنەرو هۆکار و چارەسەری گونجاویش بخاتەبەردەست، هەتاکو ئەوانەی لەخەمی مرۆڤایەتین خەمێک بۆ داهاتوو بخۆن و سنوورێک بۆ سیاسەتی بێمۆراڵ دابنێن، هەرچۆن هێزێکی شەڕخواز و بەرژەوەندخواز ئیشئەکات بۆ نانەوەی ئاشوب و بڵاوکردنەوەی ڕق و برەودان بە(ئیسلامۆفۆبیا)، بەهەمان شێوەش هێزێکی ئینسان دۆست لە رۆژئاوا لەهەوڵی زۆر جدییە بۆ بەرگرتن لە لێکترازانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، هەمیشە بەرپەرچی دەمارگیری و خۆپەسەندی هێزە ڕادیکاڵەکان ئەداتەوە، بۆیە بەرچاوڕوونی و رۆشنبیری تاکی رۆژئاوایی و موسڵمان و رێکخراوی ئیسلامی بەسەلیقە, گەرەنتی کاڵبونەوەی (ئیسلامۆفۆبیا) و سەکەروتنی هێزە مرۆڤدۆستەکان.

## ئیسلامۆفۆبیا واتای چییە ؟

بۆ ناسینی هەر چەمکێک پێویستمان بە چاوگی وشەکەو مێژووی بەکارهێنان و هۆکاری لەدایکبوونی ئەو چەمکە هەیە، زاراوەی ئیسلامۆفۆبیا لە دوو برگەی (ئیسلام)؛ کە دووەم سەرەکی ترین و کاریگەرترین ئایینی ئاسمانیە(١) و شوێنکەوتوانی زیاد لە ملیارێک و هەشت سەد ملیۆن کەسە.

(فۆبیا)؛ ووشەیەکی یۆنانییە بۆ نەخۆشیەکی دەروونی بەکارئەهێنرێت کە ترسێکی بێ بنەماو بێسنوور و بەردەوامە لە جوڵەیەکی تایبەت یان تەنێک یان کەسانێک لەکاتی بینین یان بیرلێکردنەوەیان، کەسی توش بو بەردەوام لە دڵتەنگی و رەنگهەڵبزرکاویدا ئەژیت(٢). لێکدانی هەردوو ووشەکە ئەبێت بە(ئیسلامۆفۆبیا) واتە ترس و رقبوونەوە لەئیسلام و موسڵمانان بەگشتی بەبێ هەڵاوێردەی ئایینەکە یان زۆرینەی هەرەزۆری موسڵمانان کە کارەکتەری پۆزەتیڤی نێوکۆمەڵگە رۆژئاواییەکان.

**مێژووی چەمکی (ئیسلامۆفۆبیا) :**

بۆیەکەمجار ئەم زاراوە لە زمانی ئینگلیزی کە بەکارهات لە ساڵی ١٩٩٧ بوو لەلایەن خانەیەکی فکری چەپڕەو، بۆ پرۆتێستی هەستی ڕقلێبونەوە و ترس و بڕیاری پێشوەخت لەدژی ئیسلام و موسڵمانەکان(٣) بەڵام زەقبوونەوە و ڕەنگدانەوەی(ئیسلامۆفۆبیا) لە پانتایی میدیا ئەمریکی و ڕۆژئاوایی و دەستەمۆکانیان لە وولاتانی ئیسلامی، لە دوای ڕوداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر بوو، بوو بە مانشێتی سەرەکی و هەواڵی بەپەلەی ڕۆژنامەو تیڤییەکان.

مێژووی ترس لەئیسلام لەلایەن ڕۆژئاواییەکان:

دیارە مێژووی زاراوەکە ئەگەڕێتەوە بۆ دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابوردوو، بەڵام مێژووی ترس لەئیسلام زۆر لەوە کۆنترە، مایکڵ کورتیس Michael Curtis لە کتێبی (Orientalism and Islam ڕۆژهەلاتناسی و ئیسلام)(٤) دەربارەی ترس لەئیسلام ئەڵێت: (ئەوترسە ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەی زایینی و کاتی گەشەکردنی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، کە ترسێکی سەربازی و ئایینی باڵی کێشابوو بەسەر ئەوروپا لەبەرامبەر ئیمپراتۆری عوسمانی. سیاسەتی ئەوکاتی ڕۆژئاواییەکان چاندنی ڕق بوو بەرامبەر بە ئیسلام، وەکو ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی سۆزو پشتیوانی خەڵکی دژی ئیسلام، بۆ ئەمەش بیریارەکانیان (Theologist) کارتێکردنی کاریگەرو نەرێنیان هەبوو بۆ دروستکردنی ئەم وێنە ناشرینە بەرامبەر بە ئیسلام، بەشێوەیەک گومانیان وابوو لەڕووی مرۆڤ بوونیشەوە جیاوازن لەگەڵ موسڵمانەکان، چەندەها دەقی ئەدەبیان لە نووسین و شیعر لە بارەی ناشرینکردنی ئیسلام و موسڵمانان ئەهۆنیەوە، -ئەمە بۆ قۆناغێک و بەتایبەت بۆ ڕێگری لە پێشڕەوی ئیمپراتۆریەیی نوێ مافی هەموە دەوڵەت و ئایین و نەتەوەیەکە، بەڵام کێشە لەوەدایە هەمان دیدو تێڕوانین بهێنرێت بۆ مەکسەبی سیاسی و ئابووری تەرویجی پێبدرێت بەبێ ئەوەی بیر لەو هەڕەشە جدییە بکرێتەوە کە لە ئەنجامی دەمارگیری ڕوو لە کۆمەڵگەی بەشەری ئەکات - بۆیە ئێستاشی لەگەڵ هەمان مێژوو دوبارە ئەبێتەوە لە ناو کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان بەڵام بە ستایلێکی مۆدێرن بۆ دورکەوتنەوەی زیاتری کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی لە ئیسلام و موسڵمانان).

ئیتر بە بەردەوامی بیریارو نوسەرە ڕۆژئاواییەکانی سەربە قوتابخانەی (ئیسلامۆفۆبیا) لەسەر ئیسلام و موسڵمانان ڕقیان بڵاوکردۆتەوە، بەشێوەیەک تەواو لێکدابڕانی گەورە دروستبووە لە نێوان موسڵمان و مەسیحی ڕۆژئاوا، بە پێچەوانەی مەسیحیە کەمینەکانی وولاتانی ئیسلامی کە هەزاران ساڵە لەگەڵ موسڵمانەکان پێکەوە ئەژین و کەمتر و هەندێکی کەمنەبێت بڕوا بەو پروپاگەندانەبکەن.

بەشێکیتر لە مێژووی گەشەکردنی دیاردەی ترس لە ئیسلام و موسڵمانان ئەگەڕێتەوە بۆ کاتی داگیرکاری (کۆلۆنیالیزم) و زیاتر ڕەنگیدایەوە، ئەوەش بۆ ڕەوایەتیدان بەداگیرکاری و کوشتوبڕ و بۆ ڕاکێشانی وەلائی کەمینە ناموسڵمانەکان، لەنموونەی ئەو ژەهرە دوژمناکاریانە کتێبی (The Muslim Policy in West Africa) سیاسەتی موسڵمان لە ڕۆژئاوای ئەفریقا، ساڵی ١٩١٠ کە لە لایەن( Alain Quellien) ئالان کیولان نوسرا،(٥) کورتەی کتێبەکە ئەڵێت: (بەنیسبەت بەشێک لە مەسیحی و ئەوروپیەکان، موسڵمان دوژمنێکی سروشتیەو موناقەشەو سازش هەڵناگرێت، کەوتت موسڵمانم بەلای ئەوانەوە وەکو ئەوە وایە حەزارەتێک ڕەتبکەیتەوە، وەشوێن کەوتنی دینی محمد (د.خ) هیچ مانایەک نابەخشێت جگە لە وەحشیگەری و دڵڕەقی و مەرامی خراپ).

دیاردەیەک کە (مایکڵ کورتیس) ئاماژەی پێنەکردوە ئەویش دیاردەی ململانێی خوێناوی مەزهەبی لە ڕۆژئاوا بەتایبەت لەنێوان هەردوو مەزهەبی کاثۆلیک و پرۆتستانت، کەواتە ئەم دیاردەی قبوڵ نەکردن و ڕق لە ئیسلام بێجگە لەوەی

پیاوانی کەنیسە پێغەمبەری ئیسلام -درودی خوای لەسەربێت- و ئیسلامیان وەکو ئایینێکی ناڕاست و دەجەل ناساند بە شوێنکەوتوانی مەسیحیەت، بەڵام هەر لە بونیادی فکری تاکی ڕۆژئاوایی قبوڵ نەکردنی تەنانەت مەزهەبێکی تر کە لە هەمان ئایینی مەسیحییە بوو بە بەشێک لە عەقیدە و کلتووری، ئامادەی بەشداری بووە وەکو سەربازێک لە پێناو پاکتاوکردن و جینۆسایدکردنی هاودین و بەڵام مەزهەب جیاواز، بەناوبانگترین شەڕی ناوخۆیی ئایینی لە ئەوروپا لە ساڵانی ١٦١٨ بۆ ١٦٤٨ نمونەیەکی مێژوویی ئەو قبوڵ نەکردنەیە کە بە (٣٠ ساڵ شەڕ) (thirty years war) ناوبانگی دەرکرد و زیاد لە هەشت ملیۆن مرۆڤ بونە قوربانی(٦) تەنها ئەڵمانیا لە ٣٠٪ دانیشتوانەکەی لەدەستدا، ئەمەش وەکو بەڵگەی ئەوەی کە جینۆسایدی یەکتریان کردووە تەنها لەبەر جیاوازی مەزهەبی، ئیتر چۆن ئایینێکی تری قبوڵە کە بەدینی ناڕاست وێناکرابێت، ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی کۆمەڵگە موسڵمانەکان کە کەم وڵات و شاروشارۆچکەی موسڵمانان هەیە ئایینزاو مەزهەبی جیاواز پێکەوە ژیان نەکەن بەبەراورد بەهەمان ئەو مێژووەی کە ئەوان پاکتاوی مەزهەبی یەکتریان تێدا ئەکرد، لەماوەی تەنها ٣٠ ساڵ و هەشت ملیۆن مرۆڤ بەڕاستی ژمارەیەکی ترسناکە.

**برەودەرەکانی ئیسلامۆفۆبیا:**

ئیسلامۆفۆبیا ڕەگوڕیشەییەکی مێژوویی و زمینەیەکی لەباری ئێستای هەیە، بەڵام بزانین کێن برەو بەم دیاردەیە ئەدەن بە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ، ئاماژە بە بەشێکیان ئەدەین:

**برەودەری یەکەم: میدیا:**

لەبارەی کاریگەری میدیاوە ئەوترێت (میدیا وێنەکە دروست ئەکات نەک وێنەکە بگوێزێتەوە) ئەمە لەکاتێکدایە میدیا میسداقیەتی خۆی لەدەست دابێت و ئیش لەسەر بەشەیتاندن بکات بۆ مەرامی داگیرکاری و ئابووری و سیاسی.

**بەشێك لە میکانزمی میدیا بۆ برەودان بە ئیسلامۆفۆبیا:**

١- فیلمسازی: فیلم وەکو چەکێکی کاریگەری ڕاگەیاندن، بۆ دروستکردنی ڕای گشتی یان جێگیرکردنی بۆچونێک، ڕۆڵی زۆر گەورەی نەرێنی بینیووە، لەو فیلمانە زۆرن کە موسڵمان وەکو دوژمن وێنائەکات، بەتایبەت فیلمە ئەمریکییەکان بینەر زۆر بەسانایی هەوڵی ناشرینکردنی ئیسلام بەدی ئەکات، هەندێک وڵاتی عەرەبیش بەناوی دژایەتی توندڕەوی نیشانەی گومان لە سەر ڕیش و حیجاب و شەعیرە ئایینیەکان دائەنێن(٧).

کێ لە ئێمە لە فیلمی کاوبۆیی ئەمریکی هیندەسوورەکانی وەکو دڕندە نەهاتۆتە پێشچاو، لەکاتێکدا ئەوان خاوەن نیشتمانی خۆیان و دانیشتوانی ڕەسەنی ئەوخاکە بوون، کەواتە وێنەکە ڕێک پێچەوانە بۆتەوە لە زیهنی ئێمە، بەهەمان شێوەش ئێمەی موسڵمان هەمان وێنەو بگرە خراپترمان هەیە لە زیهنی تەماشاچی فیلمی ئەمریکی کە باس لەتیرۆرو تۆقاندنی کەسانی هەڵگری ئایینی ئیسلام ئەکات.

٢- هەواڵ: داڕشتن و پەخشکردنی هەواڵ و تایتڵ و وێنەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە بەناوبانگەکان کاریگەری ڕاستەوخۆ جێئەهێڵێت لەسەر داڕشتنەوەی بۆچوونی تاکی ڕۆژئاوایی، کاتێک ئەبینێت ڕۆژانە هەواڵ لەسەر موسڵمان یان گروپێکی ئیسلامی توندڕەو ئەخوێندرێتەوە یان چاپ ئەکرێت و هەواڵەکە بەشێوازێک داڕشتنی بۆکراوە کە لەلای بینەر و بیسەرو خوێنەر گشتاندنێکی لائیرادی دروست ئەبێ بەرامبەر ئیسلام و موسڵمانان، بەبێ ئەوەی بچوکترین ئاماژە بەوە بکرێت کە ئیسلام و ملیۆنان موسڵمان پەرێزپاکن لەکاری وا، بەڵکو بە پێچەوانەوە وێنەکە وائەخرێتە بەردەستی تەماشاکار کە موسڵمانان تیرۆرستن، بەڵام بەداخەوە گەر هەمان ڕووداو مەسیحیەکی توندڕەو ئەنجامی بدات ئەڵێن لەئەنجامی تێکچوونی



(ئیسلامۆفۆبیا) لە ڕۆژئاوا ڕیشەیەکی مێژوویی قوڵ و ئامادەییەکی بەهێزی هەیە و پشتیوانی لەهێزی کاریگەری حیزبی و میدیایی و کۆمەڵگەوە وەرئەگرێت. بەشێوەیەك کە پرۆسەی دیموکراسیش بووە بە پەیژەی سەرکەوتنی هێزە ڕەیسست و نازیە نوێیەکان.

باری دەروونی ئەو کارەی ئەنجامداوە، ئەوکات کۆمەڵگە بەزەیی پێدادێتەوە لەجیاتی ڕق لێبوونەوە.

هەر ئەم جۆرە هەواڵانەش زیاتر بینەری ڕۆژئاوایی ڕقئەستور ئەکات و لەڕووی دەروونی ئامادەی ئەکات بۆ تۆڵەسەندنەوە لەهەر موسڵمانێک، چونکە ئامانجی سەرەکی هەواڵچن ئەوەیە ئیسلام تێوەبگلێنێت و ئەو وەهمە بکات بە حەقیقەت کە ئیسلام و موسڵمانان سەرچاوەی ترسێکی حەقیقین(٨).

٣- یارییە ئەلکترۆنیەکان: ئەو سیدی یارییە ئەلکترۆنیانەی کە شەڕی لەسەرە و بۆ پلەستەیشن و ئامێرەکانی تری یاری دروستکراون زۆر جار کەسێکی ڕیشدار یان مزگەوتێک ئەبێت بکرێنە ئامانج بۆ ئەوەی یاریزانەکە بگات بە قۆناغی دواتر، ئەم گەنجە ئەوروپییە ئەم وێنەی کە کوشتوێتی لە یاریەکە و موکافەئەی کوشتنەکەی بڕینی قۆناغی یاریەکە بووە، ڕۆژانە لە گەڕەک و بازاڕ بەرکەوتنی هەیە لەگەڵ هەمان کارەکتەری موسڵمان و بینینی مزگەوت، دیوێکی خراپی تری ئەم یارییە ئەوەیە کە یاریەکە منالێکی موسڵمان پێی هەستێ و ئەشبێت ڕۆڵی سەربازێکی ئەمریکی ببینێت کە چۆن هێرش ئەکاتە سەر کەسە ڕیشدارەکە یان بۆردومانکردنی شوێنێکی پیرۆز بۆ سەرکەوتن و بڕینی قۆناغێکی یارییەکە، کاریگەری نەرێنی ئەم دیمەنانە لەسەر دروستکردنی کەسایەتیەکی یان ڕوخاو بەرامبەر بە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی دروست ئەکات یان ڕق ئەستوری ئەکات کاتێک ئەبینێت پیرۆزییەکانی لەناو یارییەک ئاوها پێشێل ئەکرێت(٩).

٤- کتێب: یەکێکی ترە لە میکانیزمی دێواندنی ئیسلام و موسڵمانان، بۆ ئەمەش ڕۆژهەڵاتناسەکان سەرمەشقی ئەو نادیدەگیریەن و بۆ گەیشتن بەئامانجێکی سیخوڕی یان دەمارگیرییەکی ئایینی یان داگیرکاری، پەنای بردووە بۆ وروژاندنی هەموو گومانێک هەتا وێنەی زۆر لێڵ و پڕ چەواشەکاری بگەیەنێت بە کۆمەڵگەکانی خۆیان(١٠).

لەپاش ئەمانیش ئەو نووسەرو سیاسیە توندڕەوانەی کە بڕیاری پێشوەختیان لەسەر ئیسلام و موسڵمانان وەرگرتووە و بەوڕۆحەوە شت ئەنووسن، لەنموونەی ئەو نووسەرانە سیاسەتمەدارو ئەندامی پێشوی پەلەمانی هۆڵەندی لە حیزبی ڕاستڕەو (Joram Van Klaveren یورام فان) خاوەنی کتێبی (فیتنە) کەمەبەست لێی ئیسلام بوو، پاش ئەوەی مووسڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند ئەویش دوای ئەوەی ویستی خۆی تەرخان بکات بۆ نووسینی کتێبێکی تر دژی ئیسلام بەڵام ئەمجارەیان بڕیاریدا ڕاستەوخۆ ئیسلام لەسەرچاوەکانی خۆیەوە بناسێنێت، بەڵام توشی شۆک بوو کاتێک بینی ئەوەی بیستوێتی لەبارەی ئیسلامەوە بێجگە کۆمەڵێک بڕیاری پێشوەختە کە پڕواپڕبوون لەڕق هیچی تر نەبوون، بۆیە بڕیاری مووسڵمانبونی ڕاگەیاند، بەتایبەتر کاتێک ژیانی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) خوێندەوە(١١). ڕاستییەکە ئەوەیە (یورام فان) بەرهەمی چەواشەکاری ڕۆژهەڵاتناس و نووسەرە دابەستەکان بوو، تا گەیشتە ئەوەی داوای دەرکردنی موسڵمان و قەدەغەکردنی ئیسلامی



ڕێگری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەسەردەمی ئیدارەی (ترمپ Trump) لە سەفەرکردنی هاووڵاتیانی موسڵمانی چەند وڵاتێکی ئیسلامی، ئەو ڕاستیەمان پێ ئەڵێت کە دیاردەی (ئیسلامۆفۆبیا) دەوڵەتی لە پشتە بە هەموو هێزی خۆیەوە.

کرد لە هۆڵەندا، ئێستاش سەدان نووسەرو سیاسەتمەدار وەکو (یورام فان) چەواشەکراون و وا ئەزانن لەناو حەقیقەتی ڕەهان و گەیشتن بەو وێستگەی کە (یورام)ی پێگەیشت نەک ئاسان نییە بەڵکو دەیان بەربەستی دەروونی و سیاسی و دەرمارگیری ئایینی لەمپەرن لەڕێگەیان.

٥- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: بووە بە مینبەری ڕاسترەوە توندرەوەکان و ڕێگایەک بۆ کۆکردنەوەی هاوبیرەکانیان و تەجنیدکردنی خەڵکی نوێ و شوێنی بڵاوکردنەوەی ڕق و دژایەتیان لە ئیسلام و موسڵمانان، ئەوەی جێگەی سەرنجە کۆمپانیەکانی ئەو تۆڕەکۆمەڵاییەتیانەو دەزگای پۆلیس ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینن لەبەرگرتن بە دیاردەی سوود وەرگرتن لەو هۆکارانە، بەڵکو دەستەوستان بوون لە بەرگرتن لە بڵاوبونەوەی کوشتنی ڕاستەوخۆی بەشێک لە موساڵمانانی مزگەوتەکانی (لینود و نور) لەشاری کرایست چێرچس لە نیوزلەندا لەمانگی ئازاری ٢٠١٩(١٢).

تەنانەت دایکەکانیشیان گەر بیانەوێت هاوسەفەری منداڵەکانیان بن لەگەشتە زانستی و تەرفیهێکانیان نابێت بالاپۆشبن، ئایا ئەمە بێجگە لە پێشێلکردنی مافی تاکەکەس، پاڵنەرو هۆکاری سەرکی نییە بۆ لێکترازانی زیاتری کۆمەڵگە لەیەکتری و دروستکردنی هەستی هاووڵاتی پلە دوو و سێ لەلای موسڵمانەکان و پاشان بەحەقیقەتکردنی ئەو ترسەی کە موسڵمان هەرەشەیە بۆسەر قیەمی ژیاریی ڕۆژئاوا و بێجگە لەوەی کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی دەوڵەت دەستلەپشتدانی بزوتنەوە رادیکاڵەکانیشە(١٣).

نموونەیەکی تری قوڵکردنەوە و برەودان بە دیاردەی (ئیسلامۆفۆبیا) ڕێگری وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و لەسەردەمی ئیدارەی(ترمپ Trump) لە سەفەرکردنی هاوولاتیانی موسڵمانی چەند وولاتێکی ئیسلامی، ئەو ڕاستیەمان پێئەڵێت کە دیاردەی (ئیسلامۆفۆبیا) دەوڵەتی لە پشتە بەهەموو هێزی خۆیەوە(١٤).

**برەودەری دووەم/ دەوڵەت:**

دەوڵەت ئەتوانێت بەیاسا و لەڕێگەی میدیاو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و سێکتەری پەروەردە باشترین ڕۆڵبگێڕێت بۆ نەهێشتنی یان کەمکردنەوەی کاریگەری هەژمونی (ئیسلامۆفۆبیا) لەسەر تاکی ڕۆژئاوایی، بەلام کاتێک ببینین فەرەنسای دایکی شۆرشی پیشەسازی و مۆدێرنە دێت و بەناوی پارێزگاری لە سیکولارزیم، حیجاب قەدەغە بکات لە کاتی دەوامی فەرمی لە قوتابیان و

**برەودەری سێهەم/ هەندێک لەسەرۆک و کاربەدەستانی وولاتانی ئیسلامی:**

کاتێک سەرۆکێک بەکودەتاو دوور لە دەنگدانی شەفاف و دیموکراسیانەی ڕاستەقینە دێتەسەر دەسەلات، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە چۆن پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات، ئەویش لەڕێگەی داپلۆسینی ناوخۆیی و دروستکردنی دوژمنێکی وەهمی کە هەموو ڕۆژ کۆمەڵگەی پێ چاوترسێن بکات و بیانویەکبێت بۆ درێژەدان بە حاڵەتی

نائاسایی لەووڵات، ئەم جۆرە لەسەرۆک و دەسەڵات لە ووڵاتانی ئیسلامی بەهەموو قەناعەتێکەوە ئیش ئەکات کە چۆن بتوانێ پارێزگاری لە بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی ووڵاتە دەستڕپۆشتوەکانی ڕۆژئاوابکات و زیرەکانە لەسەر ئەو خاڵە ئەوەستێ کە ترسی ڕۆژئاوایە، ئەویش ئیرهابی ئیسلامی، بەجۆرێک بابەتەکان ئەوروژێنن کە ئەگەر ئەمان لەدەسەڵات نەمێنن ئەوا ئیسلامی توندڕەو شوێنگرەوەیانەو ئەوکات بەرژەوەندی ڕۆژئاوا ئەکەوێتە مەترسیەوە، ڕۆژئاواییەکانیش لەبەرامبەردا هەموو چاوپۆشیەک لەم دیکتاتۆرانە ئەکەن و وەکو پاسەوانی بەرژەوەندییە نزیک و دوورمەوداکانیان لێیان ئەڕوانن، لەنموونەی ئەو سەرۆکە خۆسەپێنانە سەرۆکی ووڵاتی میسر (عبدالفتاح السیسی)کە لەناوجەرگەی ئەوروپا بەووڵاتانی ڕۆژئاوا ئەڵێ: (چاودێری مزگەوتەکان بکەن)(١٥) واتە ئەمیش هاوڕای ڕاستەڕەوە توندڕەوەکانە لەوەی مزگەوت بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی خەتەرەو شوێنی بەرهەم هێنانی توندڕەوییە، قسەیەکی لەو شێوەو لە زاری سەرۆکی ووڵاتێکی موسڵماننشینی گەورەی وەکو میسر تەواو خزمەت بە ئەجندای توندڕەوەکانی ڕۆژئاوا ئەکات و زیاتر ئەو بڕوایە ئەچەسپێنێت لەلایان کە (ئیسلامۆفۆبیا)حەقیقەتە و هەرمزگەوتێک بۆمبێکی تەوقیت کراوەو هەر ڕۆژێک بێت پیایاندا ئەتەقێتەوە، ئەمەلەکاتێکدایە (عبدالفتاح سیسی) بە کودەتایەکی خوێناوی بەسەر سەرۆکێکی شەرعی و هەڵبژێردراو هاتۆتەسەرحوکم و لەپێشچاوی هەمو ڕۆژئاواو بە موبارەکەی خۆیان.

**برەودەری چوارەم/ موسڵمانی هەڵگەڕاوە:**

هۆکاری هەڵگەڕانەوەی ئەم موسڵمانانە لەئیسلام هەرچییەک بێت سەرەنجام قسەکانیان خزمەت بەدیاردەی (ئیسلامۆفۆبیا)ئەکات، هەندێکیشیان ئەکەونە داوی ڕێکخراوە ئەنتی ئیسلامییەکان لە مەسیحی و لە نازییە نوێیەکان، ئەوانیش کۆمەکی مەعنەوی و مادیان ئەکەن و ڕەواجیان بۆ دروستئەکەن، کاریگەری نەرێنی ئەمانە لەوەدایە زۆرێکیان هەر لە بنچینەدا بە پرۆسەی پەروەردەیەکی خواری کۆمەڵایەتی یان تەدەیونێکی ناتەندروست تێپوڕیوەو پەرچەکرداری بۆ دروستبووە لەواقعەکەی خۆی، هاتووە ئەم تێگەیشتنە کەڵەکەبوە نارێکە وەکو حەقیقەتێک پەخش ئەکات و گوێگری ڕەیسستی ڕۆژئاوایی زیاتر دڵنیایی بۆ دروست ئەبێت لەسەر بۆچونە نێگەتیڤەکانی لەسەر ئیسلام و موسڵمانان، ئەمەش وائەکات دیاردەی (ئیسلامۆفۆبیا) زیاتر ڕەواج پەیدابکات،

لەنموونەی ئەو هەڵگەڕاوانە؛ (ماجد نەواز) ئەم کەسە ئێستا بێژەر و پێشکەشکارە لە ڕادیۆی (LBC leading britain›s conversation) بە ڕەچەڵەک پاکستانیەو هەڵگری بیری پەرگیری و ئەندامی حیزبی تەحریری ئیسلامی بووە، دوای ئەوەی سجن ئەکرێت و پاشتر ئازاد ئەکرێت گۆڕانکاری زۆری بەسەردادێت، تاوای لێدێت ئەبێت بە لیبراڵی و حەداسی کە ئایین لە نەگۆڕ خاڵی ئەکەنەوە، تێکەڵاویەکی زۆری لەگەڵ ئەنتی ئیسلامییەکان بۆ دروست ئەبێت و وا خۆی نمایش ئەکات دژی توندڕەوییە بەڵام نازانێت لە توندڕەویەکەوە کە پێشتر هەیبووە لە حیزبی تەحریر سەنگەری گواستۆتەوە بۆ سەنگەری توندڕەویەکی تر کە ئەویش سەنگەری ئەنتی ئیسلام و ڕەواج پێدەرانی (ئیسلامۆفۆبیا)ن، لەو کەسانەی ئەم تێکەڵاویان ئەکات (سام هاریس Sam Harris) خاوەنی کتێبی (Islam and the Future of Tolerance)ئیسلام و داهاتوی لێبورەدەیی، ئەم کتێبە بەهاوبەشی لەگەڵ نەواز دایانناوە، (هاریس) ئیسلام بە ترسناک ناوزەند ئەکات و (نەواز)یش وەکو کەسێکی لیبراڵی بەرگریکار لەئیسلام دەرئەکەوێت و قەناعەتی وایە ئیسلام وەکو هەردینێکی تر بنەماکانی کرانەوەی

تێدایەو ئەتوانێت لەگەڵ سیکۆلاریزمدا خۆی جۆر بکات(١٦).

لایەنێکی نادیاری ئەم جۆرە لە موسڵمان ئەوەیە کاتێک لەژینگەیەک گەورە ئەبن و تێکەڵەیەک لە ئیسلام و نەریتی خێڵ و کلتووری نابەجێ بە ئیسلام نمایش ئەکرێت و دواتر لەناوکۆمەڵگەیەکی کراوە خۆیان ئەبیننەوە لەجیاتی بێن و (شەن و کەوی)بیرو تێگەیشتنی رابوردوی خۆیان بکەن ، لەڕووی دەروونییەوە هەست بەکەمی ئەکەن بەرامبەر واقیعەتازەکە. بۆیە دەستبەردار ئەبن لەبنەم انەگۆڕەکان بەناوی چاکسازی ئایینی، ئەم جۆرە لە ڕوخان و تەسلیم بوونە شایەتی دانێکی ناڕاستەوخۆ و پشتیوانیەکی بەهێزە بۆ رەواجپێدەرانی (ئیسلامۆفۆبیا) کە بە ئاسانی ئەتوانن بڵێن: خۆ هەر ئێمە نین ئەڵێین ئیسلام ترسناکە، ئەوەتا هەر لەموسڵمانەکان خۆیان بەشێک لە(دەقەکانی قورئان و فەرمودە) رەدئەکەنەوە یان لەمانا و مەبەستی خۆی دوری ئەخەنەوە، ئەم وێنەش لە حیواری نێوان (هاریس و نەواز)دا بەرجەستەئەبێت.

(نەواز) لەلایەن (Jewish News) کە سەنتەرێکی رۆنامەوانی و هەواڵیی جولەکەیە و پشتیوانی ئیسرائیلن خەڵات ئەکرێت و هەر لەوێش زۆر بابەت بڵاو ئەکاتەوە و رەخنەی توند لە موسڵمان ئەگرێت، بەڵام لە بەرامبەردا ناکۆک و ناجۆرە لەگەڵ سەنتەرو رێکخراوە ئیسلامییەکان بەتایبەت دامەزراوەی (MCB. Muslim council of Britain) ئەنجومەنی موسڵمانی بەریتانی کە سەرپەرشتی سەدان مزگەوت ئەکەن، تۆمەتباریان ئەکات بە توندڕەو(١٧).

هاوشێوەی (نەواز) زۆرن لە رۆژئاوا کە رۆڵی نەرێنی ئەگێڕن بەرامبەر بە ئیسلام، هەندێک لە کوردەکانیش لە رۆژئاوا هەمان ڕۆڵ ئەگێڕن بەڵام لەڕووی کاریگەری و ئەکادیمیەوە نەگەیشتون بەئاستی پێویست بۆیە کەمتر ناسراون.

**بەرەودەری پێنجەم/ موسڵمانی پەڕگیر):**

موسڵمانی پەڕگیر بەڵگەیەکی بەهێزی دەستی برەوپێدەرانی (ئیسلامۆفۆبیا)ن و قەناعەتیان وایە ئەم موسڵمانانە تەرجەمەی کردەیی دەقەکانی قورئان و فەرمودەن، خزمەتێکی باش و بەلاشی رەوتی مەسیحی توندڕەو نازییە نوێیەکان ئەکەن و بوون بەمادەی خاوی میدیای ئەنتی ئیسلام، بۆئەوەی زیاتر بتوانین وێنای مەشهەدەکە بکەین، کەسێکی رۆشنبیری ئینگلیز بهێنە پێشچاوی خۆت کە میراتگری ئەو وێنە کۆن و نوێیە ناشرینەیە بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمانان کێشراوە لە زهنیدا بەڵام نایەوێ تەسلیمی ئەو خوێندنەوە نێگەتڤە ببێت، هەر ئەم کەسە لەسەر پردی وێستمینستەر نزیک سەعاتی بیگبن پیاسە ئەکات، لەناکاو موسڵمانێکی پەڕگیر بەدەمونتنەوەی (الله اکبر)بەسەیارەکەیەوە خۆی ئەکات بەناو خەڵکی پیادەی سەرشۆستەکان و دەیانیان لێئەکوژێت و بریندارئەکات، ئایا ئەم ئینسانە هیچ کەلێنێکی مەنتقی بۆ ئەمێنێتەوە کە بیرۆکەی (ئیسلامۆفۆبیا) رەتبکاتەوە، ئایا بەبێ هیچ گومانێک و دوودڵیەک کاری ئەم موسڵمانە پەڕگیرانە نابێتە بەڵگەی قەتعی بۆ نەخشەسازانی (ئیسلامۆفۆبیا)!؟

بێجگە لەوەی توندڕەوی هیچ بەڵگەیەکی قورئان و فەرمودە پشتیوانی لێناکات و بەڵکو دژی دەیان دەق ئەوەستێتەوە، لەگەڵ ئەمەش دژە بە عەقڵی سەلیم و مەنتیق. هەندێک لەو نارێکیانەی توندڕەوی:

١- توندڕەویی ئیسلامی نەیتوانی گەلانی رۆژئاوایی و حکومەتەکانیان لێکجیابکاتەوە، بۆ تەبریرهێنانەوە ئەڵێن ئەم حکومەتانە دەستی سەرەکیان هەیە لە پشتیوانی دەسەڵاتی ستەمکارو گەندەڵی وولاتانی ئیسلامی-ئەم

قسە تاڕاددەیەکی باش ڕاستە- بەڵام خەڵکێکی سڤیل بۆچی باجی حکومەتەکەیان بدەن؟! ، پاشان بانگەوازکردنی خەڵکی بەگشتی لە واجبی موسڵمانان نییە؟ ئایا تەقینەوە یان شێلان بەسەیارە یان هەررێگەیەکی تری کوشتن نابێتە لەمپەر بۆ بانگەواز؟! وەکو ئاماژەشم پێدا پێشتر بەڵگەیەکی بەرجەستەی دەستی هەڵگرانی بیرۆکەی (ئیسلامۆفۆبیا)یە.

٢- توندڕەویی ئیسلامی فەزای ئازادی ڕۆژئاوایان شێواند بەشێوەیەک بەقازانجی توندڕەوی مەسیحی و نازییە نوێیەکان شکایەوە، پانتاییەکی ئازادی زۆر باش لەئارادا بوو لە هەموو ڕوویەکەوە بەڵام ئیستغلالکردنی ئەودۆخە بۆ بیری کورت و بێ ئامانجی توندڕەوی بوو بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگری یاساناس و سیاسیە ڕاستڕەوەکان کە کۆمەڵێک یاساو کۆتوبەند بەسەر دەوڵەتدا فەرزبکەن لەژێر ناو و بیانووی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی، لێرەش دیسانەوە بابای توندڕەو ئەم خزمەتەشی پێشکەشکردن لەسەر سینیەکی ئاڵتونی.

٣- توندەڕویی ئیسلامی زەمینەی بانگەوازکردنی ڕۆژئاواییەکانی بەرتەسک کردەوە و قورستریکرد، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان میراتگری وێنەیەکی شێوێنراوی مێژوویین لەبارەی ئیسلامەوە، دنیای ئەمڕۆی ڕۆژئاواش بە هەمان وێنە و بەبەرگێکی مۆدێرن و لە چوارچێوەی (ئیسلامۆفۆبیا) بازاڕی بۆ گەرمئەکەن، بۆیە هەموو هەڵسوکەوتێکی ناعاقڵانی خزمەت بە تەوژمی دژە ئیسلام ئەکات.

٤- توندڕەویی ئیسلامی پێشێلی بنەمای نەگۆڕی ئەوەی کرد کە موسڵمان خاوەن پەیمان و ئەمانە لە سەر هەر خاک و لەناو هەر خەڵکێک کە ئەژی.

**ئەنجام و ڕێگەچارە:**

ئایا بەڕاست شتێک هەیە بەناوی چارەسەر بۆ دیاردەی (ئیسلامۆفۆبیا)!؟ زەمینەی لەباری کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بۆ قبوڵکردنی وەهمی(ئیسلامۆفۆبیا) و ئیشی بەردەوامی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە ڕێکخراو و حیزبی سیاسی و میدیا و سیاسەتی گشتی زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، وایکردوە قسە لەسەر چارەسەر نزیک بێت لە تەرحێکی ناواقعی، بەڵام هەرچۆن یاسایەک هەیە ئەڵێت: (ما لا یدرک کلە لایترک جلە) ئێمەش ئەگەرچی لە ئەنجامی ئەو واقعە دڵنیا ئەبین چارەسەری ڕیشەیی لە گۆڕانکاری بەسەر نیەت و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا و خەمخۆری ڕاستگۆیانەی وڵاتە ئیسلامیەکان دەست پێ ئەکات، بەڵام وەکو ئەویاسای ئاماژەم پێکرد لە نەبونی هەنگاوێکی لەوشێوە لە ئێستادا بۆ چارەسەر . ناکرێت موسڵمانان دەستەوستان دابنیشن و خۆیان تەسلیمی ئەمری واقعێک بکەن کە ناحەزانی ئیسلام خوڵقاندویانە، بۆیە جالیەی ئیسلامی لە ڕۆژئاوا تاڕاددەیەکی باش توانیویانە لە ڕێگەی چەند هەنگاوێکەوە ژینگەی دەوروبەری خۆیان بکەن بەژینگەی پێکەوەژیانی دوور لە جیاکاری و دەمارگیری. ئەگەر لەم جۆرە هەوڵانە بەردەوام بن و فراوان بکرێن، لە دورمەودا ڕۆڵی گەورەی ئەبێت لەسەر کەمکردنەوەی هەژمونی (ئیسلامۆفۆبیا) لەسەر کۆی کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و میدیاییەکەی ڕۆژئاوا، گرنگترینیان بریتین لە:

١- هەوڵی چڕوپڕ و نەبڕاوە بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی توندڕەوی بەناوی ئیسلامەوە لە ڕۆژئاوا، بەتایبەت لە سەنتەرە ئیسلامی و مزگەوتەکان و قوڵکردنەوەی گوتاری پێکەوەژیان.

٢- پەخشی رادیۆ و تیڤی ئیسلامی بەزمانی لۆکاڵ و دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نموونەی سەتەلایتی (کەناڵی ئیسلامIslam channel).

٣- دروستکردنی رێکخراوی مەدەنی بەمەبەستی هەماهەنگی لەگەڵ ئەو رێکخراوو کەسایەتییە رۆژئاواییانەی کە دژی وەهمی (ئیسلامۆفۆبیا) دڵسۆزانە و مرۆڤدۆستانە وەستاونەتەوە لە نمونەی ئەوان پرۆفسیۆر (جۆن لویس ئیسپۆزیتۆ(١٨)

**J(John Louis Esposito)**

**Descripti**

**DescriptioJohn Louis Esposito**

**DescriptionJohn Louis Esposito**

**(DescriptJohn Louis Esposito**

مامۆستای زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتن،

٤- رێکخستنی بۆنەو یادە ئیسلامییەکان و بانگهێشتکردنی دراوسێی ناموسڵمانەکان بۆی .

٥- تێکەڵاوی کردن و بەشداری پێکردنی خەڵکانی نزیک و دراوسێی سەنتەرە ئیسلامی و مزگەوتەکان لە بۆنەکان و تایبەتکردنی رۆژێک لەساڵەکە بۆ ناساندنی ئیسلام، ماوەی چەندساڵێکە ئەم کارە لە بەریتانیا لە ژێر ناوی (Vist my mosque)سەردانی مزگەتەکەم بکە, لەژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنی موسڵمانی بەریتانیا MCB زیاد لە ٢٥٠ مزگەوت لە ٢٠١٩/٣/٣ دەرگاکانیان بەرووی هەمووان کردەوە، یەکێک لەچالاکییەکان پێناسەی ئیسلام و مێژوی ئیسلام بوو بۆ بەشداربوان(١٩).

٥-بەشداری چالاکانەی هاوکاری و بەدەمەوەچوونی هەرلێقەومانێک کەروو ئەکاتە ئەو وولاتەی جالیەی موسڵمانی لێ نیشتەجێیە، لەخوێن بەخشین و کارەستاتی سروشتی و شتی تر.

٦- موشارەکەی سیاسی و لۆبیکردن، جالیەی ئیسلامی لە بەشێک لەوولاتانی رۆژئاوا کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەگەر ئاراستەیەکی تەندروست و رۆشنبیری و وەعی سیاسی لەئاستی پێویست بێت، ئەمەش رێگەیەکی باشە بۆ پشتیوانی کردنی ئەودەنگانەی کە دژی (ئیسلامۆفۆبیان) هەرچەندە موشارەکەی سیاسی تائێستاشی لەگەڵبێت نەبووە بەجێگەی بایەخ و سەرنجی کۆی جالیە ئیسلامیەکە.

٧- سوود وەرگرتن لە یاساکانی وولاتانی رۆژئاوا بۆ بەرگریکردن لە مافی تاک و رێگریکردن لە دەمارگیری، لەوەش گرنگتر بردنەوەی ئەم کەیسانەیە لە داگاکان، شایەنی باسە ئەوە یاسایە سنوورێکی بۆ تاوانکاری رەگەزپەرستی داناوە هەرچەندە زیادی کردوەو روو لەهەڵکشانە، بەڵام گەر هێزی یاساو دادگاو پۆلیس نەبێت، رێژەکە ئەبێت بەدەیان هێندە.

٨- بەشداریکردن و ئەندام بوون لەو دەزگاو دامەزراوانەی کە بۆ بەرەنگاری رەگەزپەرستی دروستکراون چ لەئاستی وولاتان یان لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتوەکان کەچەند دامەزراوەیەکی هەیە بۆ ئەومەبەستە دامەزراوە(٢٠).

٩- بانگەوازکردن بۆ ئیسلام کەسانێک پێی هەستن کە پربن لە جوانی و رەنگدانەوەی میهرەبانی ئیسلام تیایاندا و دووربن لە زمانی رق و تورەبون و حیواری نا لۆژیکی.


ئەمانەو دەیان رێگەی تر هەن کە موسڵمانەکان ئەتوانن ژینگەیەکی لەبار بۆخۆیان فەراهەم بهێنن و ئەمەش بەدڵنیایی کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەو چواردەورە دروست ئەکات، نموونەی ئەمەش یاریزانی ئێستای یانەی (لیڤەرپوڵ)ی بەریتانی (محمد سەڵاح) توانیوێتی نموونەکی بەرزی خورەوشت پیشان بدات بەو هۆیەوە دیاردەی دەمارگیری بەرێژەیەکی زۆر کەم بکاتەوە بەتایبەت

لەسنووری شاری (لیڤەرپوڵ)و بەگشتیش لە ئاستی (بەریتانیا)، هەروەک چۆن پێگەی رۆژنامەی (ئیندپێندێنت independent) لە ٢٠١٩/٦/٤ ئاماژەی پێکردوە لەژێر ناونیشانی (Mohamed Salah has caused Islamophobia in Liverpool to fall since joining club, study finds)(٢١) محمد سەلاح ئیسلامۆفۆبیای شکست پێهێنا لەوکاتەوەی پەیوەندی کردوە بە یانەی لیڤەرپوڵەوە.

هەرچەندە ئەم هەواڵانە دڵخۆشکەرن بەڵام لەسەرێکیشەوە ئازاربەخشن، واتە ئەوە تەنها موسڵمانەکانن ئەبێت تێکڕا ببنە (محمد سەلاح) بۆ ئەوەی قبوڵ بکرێن، کە ئەمەش داواکاریەکی بێئینسافانەیە، چونکە ناکرێت شوێنکەوتوانی هەمو ئایین و مەزهەبێک تێکڕا خەڵکی باشبن و گشتاندنی وێنایایەک بەسەریاندا دورە لە مرۆڤدۆستی و دادگەری و پڕە لە دەمارگیری و ڕقی بێ بیانوو.


## سەرچاوەکان:

1-https://arabic.rt.com/middle_east/902874
2- https://ar.m.wikipedia.org/wiki/باەر- .
3-https://ar.m.wikipedia.org/wiki اسلاموفوبيا
4-(Michael Curtis (Orientalism and Islam
5-https://www.city-journal.org/html/theres-no-such-thing-islamophobia-15324.html
6-https://ar.m.wikipedia.org/wiki حرب- الثلاثين - عاما
7- https://www.aljazeera.net/programs/religionandlife/2004/6/3/
صورة-المسلمين-في-السينما-الأميركية
8-https://www.google.com/amp/s/www.albayan.ae/sports/2006-10-16-1.954180%3fot=ot.
AMPPageLayout
9-https://www.google.com/amp/s/www.masrawy.com/islameyat/makalat-other/details/-
10-https://www.google.com/amp/s/www.albayan.ae/sports/2006-10-16-1.954180%3fot=ot.
AMPPageLayout
11-https://www.facebook.com/207242941103/posts/10156174798166104?sfns=mo
12-https://www.google.com/amp/s/www.bbc.com/arabic/amp/science-and-tech-47593625-
13-https://www.trtarabi.com/now
قانون-فرنسي-يحظر-ارتداء-الأمهات-الحجاب-رفقة-أبنائهن-18234-
14-https://www.google.com/amp/s/www.bbc.com/arabic/amp/world-40454703-
15-https://youtu.be/Wo88XEs1_oA
16-https://en.m.wikipedia.org/wiki/Islam_and_the_Future_of_Tolerance-
17-https://www.lbc.co.uk/radio/presenters/maajid-nawaz/maajid-slates-the-muslim-council-of-britain/-
18-https://www.google.com/amp/s/www.aljazeera.net/amp/programs/withoutbounds/2004/6/4/%25
19-https://www.visitmymosque.org
20-https://www.un.org/ar/letsfightracism
21-https://www.google.com/amp/s/www.independent.co.uk/sport/football/news-and-comment/mohamed-salah-liverpool-islamophobia-muslim-goal-celebration-study-a8943501.html%3famp


ترس لە ئیسلام
لە وڵاتی موسڵمان
STOP
ISLAMOPHOBIE
فازڵ قەرەداغی
لەدایکبووی ١٩٦٢، بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری شارستانیی
(١٥) کتێب و چەند نامیلکەی چاپکراوی هەیە لە بوارەکانی
مێژووی دێرینی کوردستان، فیکر، رەخنە و ئەدەب.

گرنگتر لە ئیسلامۆفۆبیا لە رۆژئاوا ئەو ترسەیە لە ئیسلام یان لە تێگەیشتنێکی جیاواز لە ئیسلام کە لە وڵاتانی ئیسلام هەیە. ئەگەرچیش ئەم باسە بۆ ئەم جۆرە ترسەیە لە ئیسلام بەڵام پێویستە ئەگەر زۆر بەکورتیش بێت لە ئیسلامۆفۆبیا لە رۆژئاوا تیبگەین.

**ئیسلامۆفۆبیا لە رۆژئاوا**

ترس لە ئیسلام بەشێکە لە دیاردەیەکی فراوانتر کە ترسە لە بێگانە. هەبوونی کەسانی بێگانە لە وڵاتێک ئاساییەو تەنانەت جێگەی بایەخدانو سەرسوڕمانو فزوولی خەڵکی وڵاتە تا ئەو کاتەی چەند شتێک لە بێگانەکان دەردەکەون: زۆربوونی ژمارەیان یان رەفتاری نەگونجاو یان کەلتووری جیاواز لە کۆمەڵگە. زۆربوونی ژمارەی بێگانە پرسی بێکاریی خەڵکە ئەسڵییەکە دەهێنێتە کایەوە. ئەگەر بەپاڵ زۆربوونی ژمارەوە بێگانەکان رەفتاری نەگونجاو ئەنجام بدەن وەک رێزنەگرتن لە یاساو دابونەریت پرسەکە قوولتر دەبێتەوە. پرسەکە بەشێوەیەکی تر خۆی پیشان دەدات کاتێک ژمارە زۆرەکەی بێگانەکان کەلتوورێکی جیاواز پیادە دەکەن وەک بۆ نموونە لە جلوبەرگو رواڵەتی جیاواز (حیجاب و نیقابو دزداشەو ریش) هەروەها پابەندبوون بە نەریتی وڵاتی ئەسڵیی بێگانەکان وەک پەیوەندیی نێوان پیاو و ئافرەت. هەستی باڵابوونو تەماشاکردنی بێگانە بەچاوێکی کەم جۆرە ترسێک لای خەڵکەکە لەسەر پاکیی رەگەزی وڵاتەکە دروست دەکات کە بەزۆری رەگەزپەرستەکان دەریدەبڕن.

ئەمانە وا دەکەن بێگانەکان وەکو تەنێکی جیاواز لە جەستەی کۆمەڵگە دەربکەون. تا ئەو کاتەش کۆمەڵگە لەنێوان قبووڵکردنو دوورەپەرێزی لەو بێگانانە دەبێت. لەوە بەدوا تێڕوانینەکە دەبێتە سڵکردنەوە تا دواتر دەبێتە رقو ترس. تێکەڵ نەبوونی بێگانەکانو خەڵکی ئەسڵیی وڵاتەکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوانەی دوایی لێیان تینەگەن. پەندێکی باویشە کە مرۆڤ دوژمنی هەر شتێکە کە نایناسێت. پاش ئەمانەش ئەو هێزانە دێن کە نارەزایی هاووڵاتی بەکار دەهێنن بۆ ئەجینداکەیان، ئەوانەش بەزۆری هێزە راستڕەوە رەگەزپەرستەکانن کە لە کەشوهەوای لەم جۆرە گەشە دەسەنن.

ئیسلامۆفۆبیا لە رۆژئاوا هەنگاوی گەورەی ناوە بەهۆی ئەو هێزە رەگەزپەرستانەوە. ژمارەی لایەنگرانی حزبە پۆپۆلیستەکان (شەعبەوییەکان) زۆرتربوونو ئەو حزبانە لە هەڵبژاردنەکان دەنگی زیاتریان هێناوە. سەرکەوتنی سەرکردەی لەم جۆرانە تینێکی زیاتری بە ئیسلامۆفۆبیا داوە. هەر لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە کە ترامپ پاڵێوراوی حزبی کۆماری بوو تاوانەکانی رق زیادیان کردبوو و زۆریان لەدژی موسڵمانان بوون. سەرکەوتنی ترامپ تەنانەت هانی ئیسلامۆفۆبیای لە وڵاتانی تری رۆژئاوا داوەو بەشێکی رەگەزپەرستەکان ترامپیان بە ئیلهامبەخشی خۆیانیان زانیوە.

یەک لە هۆیە گرنگەکانی ئیسلامۆفۆبیا لە دەرەوەی رۆژئاواوە هاتووە. شێواندنی چەمکی جیهاد لەسەر دەستی قاعیدەو داعش ئاینی ئیسلامی یەکسان کردووە بە کوشتوبڕ. ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە لە جیهاد وێنەی جیهادو تەنانەت ئیسلامیشی ناشیرین کردووە لای بەشێکی موسڵمانان.

ئەو هۆکارەی سەرەوە، واتە شێوازی مومارەسەکردنی جیهاد، بەشێکە لە هۆکارێکی فراوانترو گرنگی تر کە بریتییە لە شێوەی خۆنیشاندانە بە جیهان. بەپێویستیشی دەزانم زیاتر لەسەر ئەم خاڵە بوەستم.

بۆچی جیهادەکەی سەلاحەددینی ئەییووبی نەبوو بە هۆی ناشیرینکردنی جیهادو ئیسلام لای نەیارانی ئیسلام بەڵام ئەوەی قاعیدەو داعش ئیسلامو جیهادی ناشیرین کرد تەنانەت لای بەشێکی موسڵمانان؟

وەڵامەکە ئەوەیە هەردوو هۆکارەکە: شێوازی

ئەنجامدانی جیهادو شێوازی خۆنیشاندان بە ڕۆژئاوا لە دوو حاڵەتەکە جیاوازە.

سەلاحەددین بەشێوەیەک دەرکەوت کە لەگەڵ بەها باشەکانی ڕۆژئاوا گونجاو بوو. دەڵێم دەرکەوت نەک خۆی دەرخست چونکە کارە باشەکانی خەسڵەتی خۆی بوون نەک خۆنواندن. سەلاحەددین جوامێریی پیشان دا کە لە بەهای ئەسپسواری پێناسە دەکرا. ئەورووپا لە سەردەمی جوامێری (پیتاوپیت: ئەسپسواری) دەژیا کە بریتی بوو لە مەردایەتی‌و یارمەتیدانی لاوازەکان‌و توندوتۆلی بەرامبەر تەعداکاران‌و جوامێری تەنانەت لەگەڵ دوژمن. سەلاحەددین هەموو ئەوانەی پیشانی خاچداران دا لەو کاتە زۆریان لەو بەهایە بێبەش بوون. هەر بۆیە سەحەلاددین ڕێزی ئەورووپای دەستکەوت‌و ئەو ڕێزە تا ئەم کاتە ماوە.

مەرجعیەتی فیکریی قاعیدەو داعش شتێکی ترن بۆیە نەیانتوانی وەکو سەلاحەددین بن. بەپێچەوانەی ڕەفتاری سەلاحەددین، ڕەفتارو وتاری قاعدەو داعش هیچیان تیا نییە پێشکەشی ڕۆژئاواو جیهانی بکەن. جیهادەکەی ئەوان سەرنجی تەنها کەسانێکی ڕۆژئاوای ڕاکیشابوو کە حەزیان لە شەڕو موغامەرەیە، ئەمانەش کەمینەیەکی هەندێک کەمن کە حسابی هیچیان بۆ دەکرێت. وتاری ئەو جیهادە کاری تەنها لە وەرگری موسڵمان کردووە. بەڵام ئەو وەرگرە موسڵمانە تەنها بەشێکی بچووکی موسڵمانان پێک دەهێنێت. ئەمەش بابەتەکەی خۆمانە کە چۆن‌و بۆچی ئیسلامۆفۆبیا تەنانەت لە وڵاتانی ئیسلامیش هەیە.

ڕەفتاری قاعیدەو داعش بریتییە لە تۆخکردنەوەی قبوول نەکردنی ((ئەوی تر))ە کە زۆربەی کات ئەو ئەوی ترە بە هەموو شتێکییەوە جێگەی قبوول نییە. ئەو تۆخکردنە وای کردووە بەشی ئاشتی لەگەڵ دەوروبەر نەبێت تەنانەت لەگەڵ ئەو موسڵمانانەش کە لە هەندێک شت لەگەڵیان ناکۆکن. ئەمە بۆ ڕەفتار، وتاری ئەو دوانەش هەڵقوڵاوی فیکرو ڕەفتاریانە. وتارەکەیان نامۆییەکەیانی زیاتر کردووە. بەردەوام زمانی هەرەشەو پەنجەڕاوەشاندن بەکاردەهێنن. ڕەنگە ئوسامە بن لادن هەستی بەو کەلێنە کردبێت‌و لە وتارێکی (ئەگەر بەهەڵە نەچووبم دوایەمین وتاری بوو) ویستی شێوازەکە بگۆڕێت‌و بە زمانی ڕۆژئاوا قسە بکات. بەڵام چونکە لەم بوارە نوێ بوو وتارەکەی ساکار بوو و باش نەهۆنرابووەوە.

هەر سەرکردەیەکی جیهاد ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکات ئیسلام وەک بیروباوەڕێکی نامۆ پیشان نەدات‌و لەگەڵ جیهانی دەرەوە بە زمانی خۆی قسە بکات دەتوانێت سەرمایەیەکی گەورە لە دوژمنانی بسەنێت کە ترساندنی خەڵکە لە موسڵمانان‌و ترساندنی موسڵمانانە لە جیهاد. سەرکردەیەکی وا دەتوانێت سەرکردەکانی ڕۆژئاوا تووشی تێکچوونی هاوسەنگی بکات‌و بەرەی دوژمن پەرت بکات‌و بەشێکی ڕای گشتیی جیهان بێلایەن بکات. سەرکردەیەکی وا زیاتر لە سەرکردەکانی قاعیدەو داعش جێگەی مەترسییە بۆ دەسەڵاتی ڕۆژئاوا. قاعیدەو داعش دەیانەوێت بە بۆمب غەزوی دوژمنانیان بکەن بەڵام ئەو سەرکردەیە بە کەسایەتیی خۆی‌و بە سیاسەت‌و دانایی غەزویان دەکات.

یەک شت داعش کردبووی کە وتارێک بوو کە سەردەمییانە بوو ئەویش تۆمارکردنی سەرپەڕاندنی دوژمنان بەشێوەیەکی سەردەمییانە. بەڵام مەخابن، لەو کاتەی تەکنیکەکە سەردەمییانە بوو بابەتی تۆمارەکە جەنگیزخانییانە بوو.

پاراستنی ناوبانگ لای قاعیدەو داعش‌و هاوشێوەکانیان گرنگ نییە. ناوبانگی ئەوان تەنها ترساندنی دوژمنە. ئەوەی لە قورئان‌و سوننەت وەریانگرتووە بریتییە لە ئایەتی (ترهبون) ئەوەشی لە فەرموودە وەریانگرتووەو بۆتە دەستووری کاریان فەرموودەی (نصرت بالرعب)ە. ئەوان



سەلاحەددین بەشێوەیەك دەركەوت كە لەگەڵ بەها باشەكانی رۆژئاوا گونجاو بوو. دەڵێم دەركەوت نەك خۆی دەرخست چونكە كارە باشەكانی خەسڵەتی خۆی بوون نەك خۆنواندن.

رەنگە پاراستنی ناوبانگیش بە مەرایی و لاوازی تەماشا بکەن. ئەو چەند فەرموودەیەش بەلایانەوە گرنگ نین کە پیغەمبەر سومعەی خۆی مەبەست بوو وەک **(لا يتحدث الناس أن محمدًا يقتل أصحابه)** واتە نامەوێت خەڵک بڵێن موحەممەد هاوڕێکانی دەکوژێت ئەویش کاتێک پێشنیار کرا سەرێکی گەورەی موناфیقەکانی مەدینە بکوژرێت. پێغەمبەر هەروەها رەچاوی ئەوەی کردووە خەڵک تازە بوونەتە موسڵمانان وەک لە مەسەلەی بناغەو سنووری کەعبە کە حەزی کرد تێکی بداتو بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەسڵی خۆی بەڵام لەوە ترسا ئەمە کار بکاتە سەر ئیمانو گوێڕایەڵیی خەڵکی مەککە کە تازە موسڵمان ببوون.

هۆکاری ئەو گوێنەدانەی قاعیدەو داعش بە سومعە زیادە باوەڕبەخۆبوونە. هەبوونی باوەڕبەخۆ یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن نەک تەنها لە مەیدانی جەنگ بەڵکو لە بواری شارستانیەتیش. بەڵام ئەگەر دانایی هاوڕێی باوەڕبەخۆ نەبێت ئەو باوەڕبەخۆبوونە دەبێتە کەللەڕەقییەکی زیانبەخشو خۆگیڤکردنێکی ناپێویست.

نموونەیەک لەسەر ئەو عەقڵیەتە رۆژنامەنووسێکی کوردە کە دەیگێڕێتەوە. رۆژنامەنووسەکە بە داعشێکی وتبوو بۆ چاوپێکەوتنێک چونکە وێنەیان ناشیرین کراوە. کابرای داعش قبوڵی نەکردو وتی ئەوانی داعش گوێ نادەن ناشیرین بکرێن مادەم خوا لێیان رازییە. قسەکە بەڕواڵەت راستە بەڵام رووەکەی تری کەمتەرخەمییە بەرامبەر بە ئیسلام ئەگەر رێگە بدەین بەهۆی کردەوەکانمان لە ئیسلام بدرێت. بەڵام باوەڕی داعش ئەوەیە کە کردەوەکانیان لە ئیسلامەوە هەڵقوڵاون بۆیە کاتێک باس دەکرێن کە ئەوان خەڵک دەکوژن یان ئافرەت بە کەنیزەک دەبەن بە لێدان لە ئیسلامی نازانن.

ئەو باوەڕبەخۆبوونە چەند سەرچاوەیەکی هەیە، یەک لەوانە ئەو یەقینیەتەی سەلەفیەت هەیەتی کە ئیجتهادەکانی خۆی بە تاکە راستی دەزانێت بەڵکو تەنانەت بە ئیجتهادیشی نازانێت. یەکێکی تر چەمکێک سەید قوتب دەیوتەوە ئەویش خۆبەرزکردنی باوەڕ (استعلاو الايمان) کە دیسان ئەمە راستە بەڵام خراپ بەکارهاتووە. شتێکی داواکراوە لە موسڵمان متمانەی بە ئاینەکەی هەبێت (بە ئاینەکە نەک بە ئیجتهادەکان کە کارێکی بەشەرین نەک وەحیی خودایی) بەڵام بێئەوەی نەخوێندنەوەی بەرامبەر (دۆستو نەیار)ی لێ بکەوێتەوە. ئەو خۆبەرزکردنە کە بەهەڵە پیادە کرا دەبێتە لووتبەرزی بەرامبەر نەک تەنها موخالیفەکان کە دژایەتیمان ناکەن بەڵکو هەروەها دژی موسڵمانی ئاساییش. بەم شێوەیە ئەو رەوتە چیتر نابێتە رێنیشادەری هیدایەت بەڵکو دەبێتە ((ئەوی تر))ی نامۆ لەبەرچاوی ناموسڵمانو موسڵمانی ئاسایی.

ئەوانەی سەرەوە بەربەست لەنێوان حزبی ئیسلامی جیهادیو خەڵک دروست دەکات. هەمان شتیش بۆ حزبی ئیسلامیی سیاسی و بۆ بانگخوازانو مەلاکانیش راستە.

### ئاستەکانی پابەندبوون بە ئیسلام

بۆچی حزبە ئیسلامییەکانو بەتایبەت ئیخوان موسلمین ماوەیەکی زۆرە کار دەکەن بەڵام هیشتا تەنها بەشێکی جەماوەریان لەگەڵە؟ پرسیاری گرنگتریش ئەوەیە بۆچی خەڵکێکی زۆر کە پابەندن بە ئاینو پەرستنەوە نەبوون بە لایەنگریانو تەنانەت هەندێکیان بوونەتە دوژمنیان؟ چەند



**ترس لە ئیسلام بەشێکە لە دیاردەیەکی فراوانتر کە ترسە لە بێگانە. هەبوونی کەسانی بێگانە لە وڵاتێك ئاساییەو تەنانەت جێگەی بایەخدانو سەرسوڕمانو فزووڵی خەڵکی وڵاتە.**

هۆکارێک هەن وەک: ناشیرینکردنی ئیسلامییەکان لەلایەن دەسەڵاتو هەندێک هێزی سیاسیی ناو کۆمەڵگەوە، دژایەتیی رەوتی سۆفی بۆ ئیسلامییەکانو بەتایبەت ئیخوان چونکە کاتێک ئیخوان وەک هێزێکی دینی دەرکەوت تەسەوف خۆی بە رابەری ئەهلی دین دەزانی، پەیدابوونی رەوتی جامی-مەدخەلی کە تەرکیزی گەورەی خستە سەر حزبە ئیسلامییەکانو بەتایبەت ئیخوان.

رەوتە دژبەیەکەکانی سۆفیو سەلەفیی مەدخەلیو بەتایبەت دوومیان نزیک بوون لە دەسەڵاتو ئەو دەسەڵاتە توانی بەکاریان بهێنێت بۆ شەڕەکەی لەدژی حزبە ئیسلامییەکان. لەبەر ئەوەش جەماوەر ئەو جیاکردنەوە وردە لەنێوان رەوتەکان ناکات ئەو هێرشەی ئەو رەوتانە لەدژی ئیسلامییەکان شەڕەکەی خستە ناو پابەندبووان بە ئیسلامەوەو بەم جۆرە ئەو ڕەوتانە بێئەوەی بزانن زیانیان بە کۆی دیاردە ئاینییەکە دا. خەڵک کاتێک ترسی لێ دەنیشێت لە کۆمەڵێک ئەو ترسە بۆی هەیە بۆ سەرجەم پابەندبوون بە ئاین دریژبێتەوە.

بەڵام هەموو ئەمانە هۆکاری لاوەکینو ناتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە بدنەوە: بۆچی کەسانی دیندار کە نە سۆفینو نە سەلەفین بەڵکو تەنها دینداری ئاسایین لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکان نین؟

دوو هۆکار هەن توانایان هەیە وەڵامەکە بدەنەوە: یەکەمیان رەفتاری نەشیاوی هەندێک لە ئیسلامییەکان. دووەمیشیان گرنگترەو پێویستی بە چارەسەرێکی قووڵە ئەگەر چارەسەری هەبێت، ئەوەشە کە ناوم ناوە ئاستەکانی پابەندبوون بە ئیسلام.

ئەندامانی حزبی ئیسلامی کەسانی چالاکن؛ کار دەکەن بۆ ئەو ئامانجەی ناویان ناوە ((گەڕاندنەوەی ئیسلام بۆ کایەکانی ژیان)). ئەگەرچیش ئیشەکەیان لەسەر ئیسلامە کە نامۆ نییە بە موسڵمانی ئاسایی بەڵام بەهۆی تۆخبوونەوەی ئیسلامەتیی ئەندامانی حزبی ئیسلامییەوە حزبەکە وەکو ((ئەوی تر)) لای موسڵمانی ئاسایی دەردەکەوێت. حزبی ئیسلامیش وەکو ((ئەوی تر)) زەقتر دەبێتەوە لای کەسانی نامولەتزم بە ئیسلام. لای ئەمانەی دوایی نوێژو رۆژوو تا رادەیەک نامۆن. حەجکردن زیاتر نامۆیە. بەکارهێنانی ناوی خوا لە ژیانی رۆژانە وەکو یارمەتیدەرو وەک بیرخستنەوە لە ترس لە خوا...تاد گوفتارێکی تا رادەیەک نامۆیە چونکە جگە لە فیکرەکانی پشت ئەو زاراوانە (ترس لە خوا، پەرستن... تاد) زاراوەکان خۆیان نامۆن.

هیچ لەمانە لای موسڵمانی ئاسایی نامۆ نین. ئەنجامدانی ئەمانەش ئاسایین. ئەمەش ئاستی دووەمی پابەندبوونە بە ئیسلام (ئاستی یەکەم هی ئەوانەیە کە باوەڕیان هەیە بەڵام ئەرکەکان بەجێناهێنن‌و گوناهەکان دەکەن). ئەگەر ئەوانە ئاستی یەکەم‌و دووەم بن ئیسلامییەکان ئاستی سێیەم نین واتە یەکسەر لە سەرووی ئاستی موسڵمانی ئاسایی نین بەڵکو لە ئاستێکی زۆر بەرزترن. ئیسلامییەکان نەک تەنها باوەڕیان بە ئیسلامە لە ژیانی تایبەتیی خۆیان (وەک چۆن لای موسڵمانی ئاسایی هەیە) بەڵکو باوەڕیان بەوەیە کە پێویستە ئیسلام لە هەموو شوێن‌و سووچێکی ژیانی کۆمەڵگە هەبێت، پێویستە تەنانەت لە دەسەڵات‌و حوکمیش هەبێت. ئەو پابەندبوون دەگاتە ئەوەی ئیسلامییەکان بایەخ بە کێشەی موسڵمانانی جیهان بدەن کە موسڵمانی ئاسایی کەم ئاوڕیان لێ دەداتەوە. لەوەش زیاتر،

ئەندامانی حزبی ئیسلامی بایەخ بە حزبو ئەزموونە ئیسلامییەکانی جیهان دەدەن کە لای موسڵمانی ئاستی دووەم لە کێشەکانی موسڵمانانی جیهان کەمتر بایەخەیان هەیە.

جیابوونەوەی بایەخەکان دەگاتە رادەیەک کە چەند شتێک لەوانەی سەرەوە نامۆترن بەلای موسڵمانی ئاسایی. بابەتەکانی وەک وردەکاریی عەقیدەو ناکۆکیی فیقهیو شەڕەکانی مێژوو وەک شەڕی ئەهلی کەلام لەسەر مەسەلەکانی عقیدە وەکو علو و ئیستوا و خەلقی قورئانو ئەسماو سیفات...تاد جیهانێکی دوورە لە عەقڵو ژیانی موسڵمانی ئاستی یەکەمو دووەم.

نامۆبوون هەروەها خۆی لە روخساری دەرەوەش دەنوێنێت. بەناوی پابەندبوون بە ئیسلامەوە کە راستەکەی پابەندبوونە بە لێکدانەوەیەکی ئیسلامو جاری وایە پابەندبوونە بە فیقە بایەخی گەورە دەدرێت بە رواڵەتی دەرەوە وەک ریشی درێژو نیقاب و شەرواڵی کورت تا گەیشتۆتە ئەوەی فیکرەیەک لای هەندێک کەسی سەلەفی دروست بووە کە بۆ ئەوەی وەکو سەحابەکان بژین پێویستە پیاوان ریش درێژ بکەن و ئافرەتان نیقاب بپۆشن. ئەم بابەتەی ئێستامان شوێنی موناقەشە ئەوە نییە چەند ئەو رواڵەتانە پابەندبوون بە ئیسلام پیشان دەدەن بەڵام تەنها ئەوە دەڵێین کە هەموو ئەوانە قابیلی موناقەشەنو هەموویان لە سیاقیک هاتوون کە مەرج نییە بۆ هەموو کاتو شوێنێک راست بێت. ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەکی گەورەیە لە فیقە و فیکری ئیسلامییە کە فەرمانو نەهیی کە لە سیاقێکی دیاریکراو هاتوون کراونەتە بنەمایەکی نەگۆڕ.

بەڵام خودی رواڵەت کێشەی نامۆیی دروست نەکردووە. روخساری دەرەوە جیاوازی دروست دەکات بەڵام هەموو جیاوازییەک نامۆیی نییە. ئەوەی روخسارو بەتایبەتی ریشی کردۆتە نامۆ رەفتاری کەسانی ریشدارە. مۆنیو هەڵچوون لەلایەکو قسەکردن لەگەڵ خەڵک بە زمانێک لێی تێناگەن لەلاکەی تر وای کردووە ئەو مۆنیو تووڕەییەو ئەو بابەتە نەبیستراوانە ئاوێتەی روخسار بنو بینینی کەسانی ریشدار ببێتە هۆی هەست کردن بە نامۆیی ئەو کەسانە تا دەگاتە رادەی رەق لێبوونو ترس لێیان. بۆ ئەوەشی باشتر تێبگەین با بیهێنینە پێش چاومان ئەگەر لەکۆنەوە پەروەردەو کاری ریشدارەکان بریتی بووبێت لە زمانی شیرینو شێوازی نەرمو ئولفەتبەخشینو بێزیانی. ئەو کاتە بینینی کەسی ریشدار دەبووە هۆی هەستکردن بە ئەمانو ئاشنایی.

بەڵام وەکو چۆن رەفتار کارێکی سلبیی هەبووە لەسەر قبووڵکردنی روخساری دەرەوە، پێویستە بزانین چی وایکردبوو رەفتارەکە ببێتە مۆنیو تووڕەیی. چەند هۆکارێکی دەرەکی هەن وەکو ستەمی دەسەڵات کە مرۆڤی تووڕە دروست دەکات، هەورەها نارەزایی کەسەکە لە دەوروبەری خۆی کە دەبینێت ئەو دەوروبەرە لە فیکرو عەقیدەو جلوبەرگ پابەندی ئیسلام نییە. بەشێکی ئەو هۆکارە دەرەکییانە مرۆڤەکە لێیان بەرپرسیار نییە بەڵام بەشێکیان ئەنجامی فیکرو رەفتاری تووڕەی ئەو مرۆڤەیە.

ئەوەی کە پەیوەندیی بەو مرۆڤەوە هەیە جۆری فیکرەکەیەتی. سەلەفیەت کاتێک تەرکیز دەکاتە سەر عەقیدەو کاتێک وردەکارییەکانی ئەو عەقیدەیە رەچاو دەکات مەیدانێکی شەری فیکری بۆ خۆی دەهێنێتە بوون. هەموو شتێکیش دەبێتە بواری شەڕو پیکدادان. شەڕ لەسەر مەسەلەی وردی عەقیدە دەکرێت. شەڕی کۆن زیندوو دەکرێنەوە. باس لە تاقمی کۆن دەکرێت کە هەندێکیان نەماونو ئەوانەی تر بەدەگمەن دەبینرێن. فیکری مرۆڤی سەلەفیش دەبێتە دوو بەش: بەشێک بریتییە لە تەبدیعکردنی تاقمەکانو و بەشەکەی تر خۆپەسەندنە. ئەو خۆپەسەندنەش تێکەڵی فیکرەی مەدحی نامۆکان (گوبی للغرباو) کە لە فەرموودە هاتووە دەبێتو نامۆییەکە زیاتر دەکات وەک بڵێیت بوون بە نامۆ بۆ خۆی مەتڵەبو داواکاری بێت. ئەو

نامۆبوونەی فەرموودەکە باسی دەکات واقعێکی ناچارییە نەک خۆمان بەدوای بگەڕێین‌و بەپێویستی بزانین بۆ سەلماندنی ئەوەی ئێمە لەسەر هەقین.

ئەگەر بچینە ئاستێکی بەرزتر کە ئاستی جیهادییە، جیابوونەوە لە کۆمەڵگە گەورەتر دەبێت. قاعیدە ئاستی سەرەوەیەو داعش ئاستی سەرووترە کە هەردووکیان ترسێکی گەورەتر لە ئیسلام لای موسڵمانان دروست دەکەن. هۆکاری دروستکردنی ئەو ترسەش ئەوەیە ئەو وردەکارییانەی کە قاعیدەو داعش بە گرنگیان دەزانن زۆرترن. ئەوان بەپاڵ بابەتەکانی عەقیدە کە لەگەڵ سەلەفیەت لەبارەیانەوە کۆکن بابەتی تریان هەیە کردوویانەتە بەشێک لە عەقیدە کە بابەتەکانی فەرمانڕەوایین وەک بەشداریکردن لە پەرلەمانی وڵاتێک حوکم بە شەریعەت ناکاتو کە کەسی لەو جۆرە بەتایبەتی لای داعش بە مورتەد ناوبراوە. جیاوازییەکی تریشیان لەگەڵ سەلەفیەت ئەوەیە حوکمی ریدده جێبەجێ دەکەن. هەروەها ئەوان کاری چەکداری دەکەن کە زۆر جار دەبێتە توندوتیژییەکی دوور لە گیانی جیهاد لە ئیسلام. وتاریشیان وەکو کرداریان بەشی ئاشتی‌و نەرمیی تیا نییە. فەرموودەی (نصرت بالرعب) فەرموودەی لە جۆری (إن الله رفيق يحب الرفق ويعگي على الرفق ما لا يعگي على العنف وما لا يعگي على ما سواه) شاردۆتەوە. نەک تەنانەت غەیری مولتەزمیش بەڵکو موسڵمانی ئاساییش لەو جۆرە وتارو رەفتار دەترسێت. تەنانەت زۆربەی ئیسلامییەکانیش کە باوەڕیان بە حوکمو شەریعەتی ئیسلامییە سڵ دەکەنەوە لەو عەقلییەتەو هەست دەکەن جیهانی ئەو تاقمانە جیهانێکی نامۆو رووگرژو ترسناکە. زیارەویش نابێت ئەگەر بڵێین گۆڕینی چەمکی جیهاد بۆ کوشتوبڕ وای کردووە بەشێکی ئەو ئیسلامییانەی باوەڕیان هەبووە بە جیهاد سڵ لە تەنانەت وشەکەش دەکەنەوە. دیسانەوەش زیارەوی نابێت ئەگەر بڵێین خەریکە قاعیدەو داعش ئەو کارە بکەن کە ئینگلیز لە هیندستانی ئەوسا بۆیان نەکرابوو. قادیانیەت هانی موسڵمانانی هیندستانی ئەوسای دابوو جیهاد لەدژی ئینگلیز ئەنجام نەدەن‌و جیهادی لەکار خستبوو. قاعیدەو داعش بە شێواندنی واتای جیهاد پاساوی ئیلغاکردنی جیهادیان بەهێزکردووە. ئەنجامی بەردەوامبوون لەسەر ئەمە ئەوەیە پاش سڵکردنەوە لە وشەی جیهاد سڵکردنەوە لە خودی ئیسلام دێت چونکە لەلایەک نەیارانی ئیسلام‌و ئەوانەی فیکرەی هەڵەیان لەبارەی ئیسلامەوە هەیە ئەوە زۆر دووبارە دەکەنەوە کە کردەوەکانی قاعیدەو داعش هەڵقوڵاوی ئیسلامن‌و ئەوان ئیسلامی راستەقینە پێشکەش دەکەن، لەلاکەی تریشەوە قاعیدەو داعش هەمان شت دووبارە دەکەنەوە کە خۆیان نوێنەری ئیسلامن‌و جیهادەکەی ئەوان جیهادە راستەقینەکەی ئیسلامە.

تاقمی تر هەن کە ترس لە ئیسلام لای موسڵمانان دروست ناکەن بەڵام وێنەیەکی دواکەوتووی ئیسلام پیشان دەدەن وەک بەشێک لە سۆفیی‌و دەروێش‌و شیعە کە فیکرو مومارەسەیان تێکەڵن بە خورافەت‌و ناعەقلانیەت. ئەو کاتەش دەبنە هۆکاری ترس لە ئیسلام کە دەچنە بواری سیاسەت‌و چەکداری. کوشتوبڕی میلیشیا شیعەکانی عیراق‌و شەڕی تایفی لەو وڵاتەو لە یەمەن‌و سووریاو دەرکەوتەکانی لە لوبنان ترس لە هەموو ئیسلام دروست دەکەن چونکە ئیسلام وەک سەرچاوەیەکی تایفەگەری پیشان دەدەن. لەترسی ئەوەش بانگەشە دەکرێت بۆ دوورخستنەوەی ئیسلام لە هەموو ژیان یان بەلای کەمەوە لە پێگە کاریگەرییەکان وەک پەروەردەو حوکم.

### زاڵبوونی ژیانی دنیایی

هۆکارێکی گرنگی تری ترس لە ئیسلام هەیە کە کەمتر هەستی پێدەکرێت بەڵام قوربانییەکانی زۆرترن. پابەندبوون بە ئیسلام لای خەڵکێکی لە رادەبەدەر زۆر یەکسانە بە بێبەشبوون لە خۆشییەکانی ژیان. ئافرەت بە سروشت حەزی لە پۆشاکی جوان‌و خۆگۆڕینە. پابەندبوون بە ئیسلام لایان واتای پابەندبوونە بە پۆشاکی ئیسلامی. وەنەبێت ئەو ئافرەتانە بێباوەڕ بن. بەپێچەوانەوە

ئافرەتان لە پیاوان زیاتر پابەندی ئەرکەکانن وەک نوێژو رۆژوو، لە پیاوانیش دوورترن لە خواردنەوەو زیناو دزیو مرۆڤکوشتنو بێباوەری. کەم گەنجو پیاوی مولتەزم ئەوە دەزانن چونکە تەنها حوکم لەسەر پۆشاکی ئافرەتان دەدەن. جوانیو خۆگۆڕین بەشێکی گەورەی ژیانی ئافرەتانیان داگیرکردووە، پابەندبوونی تەواویش وەکو بێبەشبوون لەو ژیانە دنیاییە دەبینن. ئەوەش کە ترسەکەیان گەورەتر دەکات ئەو فیکرە باوەیە کە لە دەولەتی ئیسلامی حیجاب ئیجبارییە. بەڵام وەنەبێت ئەمە ترسی ئافرەتان بێت بەتەنیا. ترسی پیاوان لە هی ئەوان کەمتر نییە. پیاوی نامولەتزم نایەوێت ئافرەت بە داپۆشراوی ببینێت. ئەمەش بەپاڵ ترسی تایبەتیی خۆیان وەک قەدەغەکردنی خواردنەوەو زیناکردن.

ئەم هۆکارە، واتە زاڵبوونی ژیانی دنیایی کێشەیەکی هێندە گەورەیە قورئان بەردەوام باسی کردووە. قورئان نە جارێکو نە دوان باسی مرۆڤ دەکات کە حەزی لە خۆشیی بەردەستە (العاجلة)و بایەخ بە خۆشیی دوایی (الاجلة) نادات. ئەو حەزە رەگی داکوتیوە لە دڵی مرۆڤو هۆکاری یەکەم تاوانی یەکەم مرۆڤ بوو (ئادەمو حەووا کە لە درەختەکەیان خوارد). تەنانەت ئەگەر خۆشمان مولتەزمی تەواو بووینو توانیمان بەسەر ئەو حەزە زاڵ بین ناتوانین هەموو خەڵکەکە وەک خۆمان لێبکەین چونکە ئیمانو پابەندبوونی کەسەکان وەکو یەک نین. ئەوەی دەتوانین بیکەین (پاش ئەوەی خۆمان بووینە نموونە بۆیان) ئەوەیە ترسی مرۆڤەکان لە لەدەستدانی خۆشییەکانی ژیان کەمبکەینەوەو هەوڵ بدەین ئیمان لە دڵیان بچێنین بۆ ئەوەی حەزیان بە ژیانی دنیایی کەم بێتەوە.

بەواتایەکی تر پێویستە ناوەرۆکو شێوەی باسی ئیسلامو فێرکردنو مەوعیزە بگۆڕین. زۆر واعیز بۆ کاریگەری لەسەر بیسەران چیرۆکی سەیری خواناسان دەگێڕنەوە. مەبەستەکە گوایە هاندانی بیسەرانە تا چاو لەوان بکەن بەڵام ئەنجامەکەی قورسکردنی دینەکەیەو تووشکردنی بیسەر بە شکست چونکە ناتوانێت وەکو ئەو خواناسانە بێت. بێگومان ئەوە ئەگەر چیرۆکەکان راست بن کە زۆریان راست نین. پێویستە تەنانەت پیاچوونەوەش بکەین بۆ تێگەیشتنمان بۆ ئایەتو فەرموودەکان. تەنها یەک نموونەش لێرە باس دەکەم ئەویش فەرموودەی **(أشد الناس بلاء الأنبياو ثم الصالحون ثم الأمثل فالأمثل... تاد)** کە ئەلبانی تەصحیحی کردووە. فەرموودەکە دەڵێت باشترین موسڵمان تووشی زۆرترین بەڵاو تاقیکردنەوە دەبن. پێغەمبەران تووشی زۆرترین بەڵا دەبنو دوای ئەوان موسڵمانە باشەکانو دوای ئەوە ئەوانەی خوار خۆیان. ئەو فەرموودەیە دروست نییە چونکە پێچەوانەی کۆی ئایەتو فەرموودەکانە کە مرۆڤ بەهۆی تاوانەوە سزا دەدرێت. هەروەها سەرەتای فەرموودەکە پێچەوانەی کۆتاییەکەیەتی چونکە کۆتاییەکەی ئەوەیە مرۆڤ تووشی هێندە بەڵا دەبێت لەسەر زەوی دەڕوات بێئەوەی گوناهێکی مابێت. بەپێی ئەم بەشەش پێویستە ئەو موسڵمانەی تاوانی زۆرترە تووشی زۆرترین بەڵا بێت نەک بەپێچەوانەوە. واعیزەکان ئەمە بۆ خەڵک دەگێڕنەوە بێئەوەی لە فەرموودەکە وردبنەوە. ئەنجامی ئەوەش مرۆڤ لە پابەندبوون دەترسێت چونکە بەڵای بەدواوە دێت. ئەی ئەگەر تێگەیشتنە راستەکەمان فێری خەڵک کرد؟ واتە ئەگەر خەڵکمان فێر کرد بزانن ناڕەحەتییەکان سزای دنیایین بۆ تاوانەکانیان؟ ئەو کاتە نەک تەنها ترسەکەیان لە پابەندبوون کەم دەبێتەوە بەڵکو ترسیشیان بۆ دروست دەبێت لە پابەندنەبوون چونکە سزای دنیایی بەدواوەیە. سروشت مرۆڤیش کە حەزی (عاجلە)یە وای لێدەکات لە سزا دنیاییەکە بترسێت زیاتر لە سزا قیامەتییەکە.

### لە نامۆبوونەوە بۆ ئاشنایی

چارەسەر لەدوای دۆزینەوە هۆکاری نەخۆشییەکە دێت. دیاردەی ترس لە ئیسلام لە ولاتێک خەڵکەکەی موسڵمان بنو زۆربەیان باوەڕیان بە ئیسلام هەیەو زۆریان ئەرکەکانی ئیسلام جێبەجێ دەکەن پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرە چونکە لەلایەک فێرکردنی هەڵەو لەلایەکی تر وێنە خراپی ئیسلامییەکانو ئیسلامو حوکمی ئیسلامی لە مێشکی خەڵک هێندە چەسپ بووە کاتی دەوێت بۆ گۆڕینیان. بۆ ئەم بابەتەی خۆشمان تەنها ناچارین چەند چارەسەرێک پێشنیار بکەین.

کارێکی گرنگ هەیە بکرێت تێکەڵبوونی زیاترە لەگەڵ خەڵکو پیشاندانی روویەکی نەرمو بەبەزەیی پێیان. هەروەها بە وتارێک قسە لەگەڵ خەڵک نەکرێت کە لە ئاستی ئەوان نییە، وەک قسەکردن بە زمانێکی شەعبییانە بۆ نوخبە یان بەپێچەوانەوە قسەکردن لەگەڵ خەڵکی ئاسایی بە زاراوەکانی فیکری ئیسلامی. هەردوو جۆرە گوفتار نامۆیی ئیسلامییەکان زیاتر دەکات. تێبینیش بکەین کە ئەو ئیسلامییانەی بە فیکرو زاراوەی ئیسلامی کاریان کردبوو تەنها کاریان لە توێژێکی دیاریکراوی خەڵک کردووە کە بەزۆری لاوەکان، بەڵام ئەوانەی بە رەفتارو زمانێکی شەعبی کاریان کردووە کاریگەرییان لەسەر کەسانی ئاسایی کۆمەڵگە کردووەو زۆرتر چوونەتە ناو خەڵکەکە. بەواتایەکی تر هەر ژینگەیەکو زمانی خۆی دەوێت، شێوازەکەش هەرچۆنێک بێت گرنگ ئەوەیە ئەوی تر هەست بە نامۆیی تۆ ئیسلامی یان دیندار یان مەلا نەکات.

پێش ئەوەش هەموو پێویستە خۆمان نموونە بین. زۆربەی خەڵک لە ئاستی یەکەمو دووەمی پابەندبوونن بە ئیسلام. ئەگەر بمانەوێت بەرزیان بکەینەوە بۆ ئاستی بەرزتر ناچار دەبین زۆریان لێبکەین. ئەمەش ئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە.

پاشان ئێمە بۆ چ ئاستێک بەرزیان بکەینەوە؟ بۆ ئاستی خۆمان کە خۆمان پێویستمان بە چاککردنە؟ ئایا بیانهێنینە کاری ئیسلامی لەکاتێک خەڵکمان هەن دەستکەوتی دنیایان لا مەبەستەو خەڵکی ترمان هەن دەمارگیرن بۆ حزبەکەیان؟ بیانهێنینە ناو حزبێکی ئیسلامی تا فێریان بکەین کارێکی بچووکی حزبەکەمان بەرینە ئاسمان بەڵام بچووکترین عەیب یان هەڵەی حزبەکەی تر زەق بکەینەوە؟ کەواتە یەکەم کار بۆ نەهێشتنی ترس لە ئیسلام ئەوەیە ئەو کەسانەی کار بۆ ئیسلام دەکەن (حزبە ئیسلامییەکان، بانگخوازان، واعیزەکان، مەلاکان) بەرز بنەوە بۆ سەرووتر لە ئاستی موسڵمانی ئاسایی. خەڵک زیاتر نموونەی زیندوو دەبینن.

هەر سەر بەمەش خۆمان لەو چارەسەرە وەهمییە دووربخەینەوە کە هەندێک کەسایەتی بۆ چارەسەری چەقبەستوویی حزبە ئیسلامییەکان پێشنیاری دەکەن ئەویش لێکردنەوەی وشەی ((ئیسلامی)) لە ناوی حزبە ئیسلامییەکان. ئەمە ستەمێکە لە ئیسلام دەکرێت چونکە خەتاکە دەخاتە پاڵ ئیسلام لەکاتێک خۆیان بوونە هۆی سڵکردنەوە لە وشەی ((ئیسلامی))و لە حزبی ئیسلامی بەگشتی. جگە لەو ستەمەش کە لە ئیسلام دەکرێت ئەمە پێشنیارێکە هیچ لێکۆڵینەوەی بۆ نەکراوە. گریشمان ناوەکە لابرا، حزبەکان زیانی دووقاتیان لێ دەکەوێت: یەکەم ئەوەیە بەشێک لە لایەنگرانیان لێیان دەتەکێنەوەو دووەم ئەوەیە خەڵکەکە هیچ گۆڕانکارییەک نابینن چونکە هەمان حزبو دەموچاو و رەفتارو وتارو رابوردووە. ئەنجامی ئەوەش پووکانەوەی زیاتری حزبە ئیسلامییەکانە هەروەها پڕکردنەوەی بۆشاییەکەیان لەلایەن حزبی ترەوە کە ناوی ئیسلامی لەخۆیان دەنێنو تەنانەت پێگەی فیکری قاعیدەو داعشیش بەهێز دەبێت چونکە لێکردنەوەی ناوەکە دەبێتە نیشانەی شکستی حزبەکە.

# فۆرمەکانی تری ئیسلامفۆبیا لە وڵاتانی موسڵمان نشین





**سەلام ناوخۆش**

لەدایکبووی ١٩٦٦ هەولێر. ماستەر لە زمانی ئینگلیزی. پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی سەلاحەددین. نزیکە (٦٠) بەرهەمی چاپکراوی هەیە. ڕاوێژکاری گۆڤاری (خاڵ)ە.

### دەروازە

ئیسلام فۆبیا، واتای سێکوچکەی بوغزاندن، رق لێبونەوە، تۆقاندنی موسڵمان. دیاردەیەکی نوێیە، ئەو دیاردەیە دیاردەیەکی سۆسیۆسیاسییە، بەرهەمی سەرانی سیاسی رۆژئاوایە دەربارەی ئیسلام و موسڵمانان بە گشتی. ئەم کورتە نووسینە قسە لە سەر فۆرمەکانی تری ئیسلام فۆبیا لە رۆژهەڵاتی ناوین دەکات، بەو فۆرمانەوە ئاماژە بە دژایەتی ئیسلام دەکات لە لایەن موسڵمانی عەلمانی _شیوعی.

### چەمکی ئیسلامفۆبیا

وشەی فۆبیا وشەیەکی یۆنانییە\ گریکییە بەواتای تۆقاندن لە ....، ترسان لە.... ...کوشندە _ترسناک دێت . سەرەتا وشەکە لە پزیشکی بۆ نەخۆشی کوشندە و ترسان لە نەخۆشی کوشندە بەکاردەهات. نەخۆشی وەک ئۆتۆفۆبیا، ئەگۆرافۆبیا لە نەخۆشییە دیارەکان بوون. ئۆتۆفۆبیا هەروەها پێیدەوترێت مۆنۆفۆبیا، ئایسۆفۆبیا ئەوەش ترسێکی تایبەتە لە تەنیایی، گۆشەگیریی هەرچی ئەگۆرافۆبیایە ترسە لە قەرەباڵغیی، بەرزیی هەردووک بریتیین لە نیگەرانی کۆمەڵایەتیی.

ئەو جۆرە ترسە سروشتی نییە، بەڵکو تۆقاندنە وەک تۆقین لە بە فرۆکە، کەشتی سەفەرکردن، ترس لە تۆفان و لافاو هەتا ترس لە زیندەوەران، مار، دووپشک و شەوە. ئەو فۆبیایە بەشێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکان، چونکە هەمیشە تاکەکە متمانەی لا نییە، یان لە باوکی، دایکی، برا گەورەی دەترسێ لە مەجلیس یا لە نێو خەڵک لای ئەو کەسانە بیشکێندرێتەوە. دیاردەی دەروونی و جڤاکیی بەشێکن لە سایکۆلینگویستیک _زمانەوانی دەروونیی_ و سۆسیۆلینگویستیک _زمانەوانی کۆمەڵایەتیی_ ئەو ئەدگارە گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی گواستراونەوە ناو زمان بوونە بەشێک لە پرسی کەلتووریی زمان، بە واتای نیگەرانی کۆمەڵایەتی وەک زمانگرتن، زمان تەلەڵەکردن، تەواو گۆ نەکردنی وشەکان هەروەها هەبوونی ناوێکی قێزەون وەک کلاب لە کەلتووری عەرەبی، بەشێک لەو دوو زانستە پێک دەهێنن.

Crystal 1980 , p. 90 and Skuriana 2016 , p. 3 .

هەرچەندە دوای کەوتنی کۆمۆنیزم و دەوڵەتی شیوعی لە بەرایی نۆوەدەکانی سەدەی بیستەم رۆژئاواییەکان قسەییان لە سەر ئیسلامفۆبیا دەکرد، بەڵام هەردوو رووداوی یازدەی سێپتێمبەر و هێرشکردنە سەر چارلی هیپدۆ لە پاریس فۆرمێکی ئاشکرای رقلێبوونەوە و بوغزاندنی موسڵمان لە رۆژئاوا دەرکەوت.

- Deepa kumar and Mariusz Bogacki, Jan Jaap de Ruiter & Romain Sze

لە پاش ئەو دوو رووداوە هەڵوێست لە بەرانبەر ئیسلام شەکڵی رقلێبوونەوەی وەرگرت، کۆمار لە کتێبی ئیسلامفۆبیا چەندان نموونە لە ئەمریکا دەهێنێتەوە، کە نەک تەنها دەستیان لە قوتابی موسڵمان نەپاراستووە، بەڵکو هەتا سیخی تۆربۆن لە سەریان تیرۆرکردووە. جۆرج بۆش بە ئاشکرا قسەی لە سەر ئیسلامفۆبیا وەک جەنگێکی خاچ پەریسی کرد.

ئیسلامفۆبیا لە بنەرەتدا فۆرمێکی دی خاچ پەریسیی لە نێو کۆنتێکستی رۆژئاوای مەسیحینشین دێنیس هالی و جۆناسان دوبێ ئیسلامفۆبیایان بە کۆنتێکستی سۆسیۆسیاسی رقلێبوونەوە وێناکرد. بێگومان ئەوەی لە رۆژئاوا دەگوزەرێ بەرانبەر ئیسلام و موسڵمانان، ئاسان نییە دەسەڵاتە عەسکەرییەکانی رۆژهەڵاتی ناوین ئەو رقلێبوونەوەیان بە فۆرمی خۆی، واتای خۆی لە راگەیاندن باس بکەن. بە حوکمی کۆنتێکستی رۆژهەڵاتی ناوینی موسڵماننشین بە فۆرمی تر قسە لە سەر ئیسلامفۆبیا دەکەن، لەوانە:

### یەکەم: عوسمانیی

وشەی «عوسمانی» دوای هەردوو ئیمپراتۆریەتی ئەمەوی و عەباسی، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی فۆرمێکی دی دەسەڵاتی « ئیسلامی » بوو . ئینگلیز هانی مستەفا کەمالی دا کە سیستەمی سەلطەنە و کەلتووری ئیسلامی لە تورکیای نوێ قەدەغە کرد

(ضابط ترکی سابق ١٩٧٨، الرجل الصنم) بەمجۆرە مستەفا کەمال لە ١٩٢٣ دەوڵەتی عەلمانی تورکی لە ئەنقەرە نەک ئەستەمبۆل ڕاگەیاند و لە ١٩٢٤ سیستەمی سەلتەنەتی عوسمانی هەڵوەشاندنەوە هەروەها لە ١٩٢٥ شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران بە واستەی سۆڤیەت دەمکوتکرد (احسان نوری پاشا، ڕاپەڕینی ئاگریی) هەریەک لە شێخ سەعیدی پیران و هاوەڵانی بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی خیلافەت لە سێدارەدا (عوسمان عەلی، مێژووی هاوچەرخی کوردی) کەمالییەکان هەتا سەرەتای پەنجاکان چۆن دژی دۆزی کورد بوو لە باکووری کوردستان زۆر زیاتریش دژی هەموو دیاردەیەکی ئیسلامی بوون لە تورکیا (دێرک کینان، کورد و کوردستان) مستەفا کەمال و عصمەت ئینۆنۆ هەتا بانگی ئیسلامیان لە دەرەوەی مزگەوت قەدەغەکرد (سەلام ناوخۆش ٢٠١٧، پرسی کورد).

ئەو ئیسلامفۆبیایە تەنیا لە ماوەی ١٩٥٠_١٩٦٠ کپ بوو، بەڵام لە ١٩٦٠ عەسکەر کودەتای لە سەر دیموکراسیەکان کرد، بەمجۆرە ئیسلامفۆبیا لە تورکیا هەتا هاتنی ئاکپارتی بۆ دەسەڵات کەم و زۆر درێژەی هەبوو، بۆیە وشەی عوسمانیی فۆرمێکە لە ئیسلامفۆبیا ئەمریکا و ڕووسیا و کۆمینیستە کوردەکانی باکوور دژایەتی ئاکپارتی/ئەردۆگان لە فۆرمی ئیسلامفۆبیا دەکەن.

عوسمانیەت وێنەیەکی تەواوی ئیسلام نییە، بەڵام عەلمانییەکان کاتێک ناوی دەهێنن وەک وێنەیەکی دەسەڵاتی ئیسلام ئاماژەی پێ دەکەن نایەنەوێ ئەم جۆرە دەسەڵاتە دوبارە بێتەوە . وێرای ئەوەش کورد تەنها لە دەوڵەتی عوسمانی پێگەی هەبووە، ئەوەتە (ستارە عارف ٢٠١٩، ل٢٣ )دەنووسێت : کورد لە پێواژۆی عوسمانیدا، هێز و توانایەکی دیارکراوی خۆیان هەبووە و ناوچەیەکی فراوانی جیوگرافیان بە دەستەوە بووە، بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەر لە دەوڵەتی عوسمانی بینیوە و خزمەتیانکردوە..» جگە لەوەش ئەمڕۆ لە ڕێگای توێژەری وەک د. عوسمان عەلی و د.هێمن خۆشناو و مامۆستایان بژار عوسمان و دیدار عوسمان بەشێکی زۆر لە کەلتووری کوردی لە دۆکیومێنتەکانی عوسمانی دەدۆزینەوە.

**دووەم .ئیسلامی_فۆبیا**

وەک گوتمان دیاردەی ئیسلام-_فۆبیا لە کۆنتێکستی ڕۆژئاوا لە دایک بوو، کە ئایینی ئیسلام تێیدا غەوارە و نامۆ بوو، بۆیە ئاسایی بوو بە ئاشکرا قسە لە سەر ئیسلام فۆبیا بکرێت.

ڕۆژهەڵاتی ناوین زۆربەی دەوڵەتی موسڵمانیشینی سیستەم عەلمانی بوو/_ە، ئاسایی نییە بە ئاشکرا قسە لە سەر ئیسلام فۆبیا وەک ڕقبوونەوە، بوغزاندن، تۆقاندنی موسڵمان لە کۆنتێکستی موسڵماننشین بکەی. زۆربەی دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕێگای کودەتاوە یا ماڵبات و گوێڕایەلی هەردوو کامپی سەرمایەداری و کۆمۆنیستیی دروستبوونە. بە واتای ئەو دەسەڵاتانە بە قورمیشی ڕۆژئاوا و سۆڤیەت دەجولێنەوە. ساڵی ١٩٢٨_١٩٦٨، سەرەتای دامەزراندنی ئیخوان موسلیمین لە مصر بوو، سەرەتای پەیدابوونی هێزێکی مەعنەوی بوو لە جەستەی ڕۆژهەڵاتی ناوین.

دەسەڵاتی عەسکەری ئەو دەوڵەتە عەلمانیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە ئارەزووی خۆیان لە ڕێگای ئیسلامی سیاسیەوە کەوتنە کەوڵکردنی ئیسلام. لە وڵاتی وەک مصر کەوتنە تیرۆرکردنی حەسەن بەننا و ئیعدامکردنی سەید قوتب هەروەها لە وڵاتی وەک لیبیا و تونس و مەغریب...هتد دیاردەی حیزبی ئیسلامی بە ئاشکرا قەدەغە کرا.

بە حوکمی پێکهاتەی عێراق، دەوڵەتی عێراق لەو دەوڵەتانە جیاوازبوو، سیوەیلی ٢٠٠٩، ل١٤ دەنووسێت :» حکومەتی پاشایەتی دژایەتی جددی ئیخوان نەدەکرد، چونکە ئیخوان نەگەیشتبووە قۆناغی مەترسی بۆ سەر حکومەت ...ئیخوان موسلمین لە گۆڕەپانەکەدا زیانی بۆ شیوعییەکان

هەبوو، نەک حکومەتی پاشایەتی ...لە ١٩٦٠ ئیخوان بەناوی حیزبی ئیسلامی مۆڵەتی لە دەوڵەت وەرگرت. ئیخوان بەو دەسەڵاتە شەکلانیە هەڕەشە نەبوو لە سەر دەوڵەت، بەڵکو هەڕەشە بوو لە سەر شیوعییەت، بۆیە ئیسلامفۆبیا لە فۆرمی ئیسلامی _فۆبیا لە لایەن شیوعیەت هەڕەشەی لێدەکرا.

لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماریی دەوڵەتی عێراق حیزبی ئیخوانی موسلیمین بە ناوی حیزبی ئیسلامی یا قەدەغە کرا یا لە ترسان هەڵوەشێنرایەوە. لە باشووری کوردستان پرسی قەدەغەکردنی دیاردەی حیزبی ئیسلامی چەند فۆرمێکی وەرگرتبوو: دەوڵەتی عێراق لە سەرانسەری عێراق بە کوردستانەوەش دژی حیزبی ئیسلامی بوو، هەر دەوڵەت قەبوڵی نەدەکرد لە نێو کوردان حیزبی ئیسلامی هەبێت، چونکە دەوڵەت دژی هەر حیزبێکی کوردی بوو، هەردوو تەریقەی قادریی و نەقشەبەندیی، کە زیاتر لە سەدەیەک لە نێو کوردان هەبوون ئەوانیش دژی حیزبی ئیسلامی بوون.

### سێیەم . سیستەمی خیلافەت

ناوهێنانی سیستەمی خیلافەت یا بانگەشەکردن بۆی یەکێ لە فۆرمە تابۆکان بوو. لە دوای قاعیدە و داعش وشەی خیلافەت قێزە ونتر بوو. بە پێی قانونی تیرۆر هەر حیزبێکی ئیسلامی بانگەشەی خیلافەت بکات، دەخرێتە لیستی تیرۆرەوە، چونکە خودی خیلافەت لە نەزەر حیزبی عەلمانی هەڕەشەیە لە سەر ئەو یان هەر ئەلتەرناتیڤی ئەوە.

لەو ڕوانگەوە هەموو دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەموو یەک ڕان لە پێشگیریکردنی سیستەمی خیلافەت. ئەو دەوڵەتانە بە ناوی دژایەتیکردنی عوسمانییەت و ئیسلامیی و خیلافەت ...هتد شەڕی ئیسلام دەکەن.

### ئیسلامفۆبیا لە کوردستان

دیاردەی ئیسلامفۆبیا مێژوویێکی درێژی لە کوردستان هەیە . دیاردەکە لە نێو منەوەر و حیزبی مارکسی کوردی ڕەگی هەیە. جەمال عیرفان لە سەردەمی شێخ مەحموددا بە ئاشکرا نەقدی لە ئیسلام و دەسەڵاتی شێخ مەحمود دەگرت و دەیوت: ئەوەی نەبینرێ، بوونی نییە، بۆیە باوەڕ بە بوونی خوایەکی نەبینراو ناکەم: ئەو شتەی کە من بیپەرستم، دەبێ بە چاوی خۆم بیبینم، بزانم چییە (ڕۆڤار ژمارە ١٣، تاڵەبانی، ل٨٧). بە دیدی تاڵەبانی جەمال عیرفان لە مارکسیەت و بەلشەفیەت نەگەیشت بوو، بەڵام هەر بانگەشەی بۆ دەکرد (تاڵەبانی، ل٨٥ ). ئەو، تاڵەبانی ڕاستی دەکرد، نە لە ئیسلام نە بەلشەفیەت گەیشت بوو، ئەگینا نەقدی دینی نەدەکرد . گۆران سەلام ٢٠١٤، ل٤٦ پاش ئەوەی باسی کاریگەری بەرچاوی ئایین لە جوڵانەوە کوردییەکاندا، وتەیەکی ئەنگلس دەهێنێتەوە بەوەی « لە رابردوودا فکری ئایینی تاقە ئایدیۆلۆژیای میللەتان بووە بۆ بزواندنی جەماوەر.»

هاوار لە یاداشتەکەیدا ئاماژە بە چەند ناوی وەک تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حیلمی، مستەفا یامولکی... دەکات، کە لە سلێمانی بە مسقۆف ناسرا بوون( هاوار، ل٢٦٠) . هەر لە بیستەکان بەشێک لە منەوەری کورد لە هەوڵی ئەوە دابوون، ڕێگایەک بۆ دەرچوون لە ئیسلام بدۆزنەوە، بۆیە دوای کەوتنی دوا حکومەتی شێخ مەحمود، کۆمەڵەیەکیان دروستکرد بە ناوی کۆمەڵەی زەردەشتی.

لە پاش دامەزراندنی شیوعیەت لە نێو کورددا، ئیسلامفۆبیا بۆوە بەشێک لە دروشمی هەندێ لە شاعیری میللی، یەکێک لەوانە سلام عازەبان.

سەلام عازەبانی شیعرێکی هەجووی لە سەر ئیسلام نووسی بوو، گاڵتەی بە کاراکتەری ئایینی دەکرد بەوە ئێوە هەر خەریکی بڵاوکردنەوەی

خورافاتن نەک داهێنان، کوا تۆپ و تەیارەتان؟ کوا عیلم و فەنتان؟...نەتانتوانی دەرزیەک دروست بکەن، بۆیە ئیتر بەسە و دەست هەڵگرن لەم خورافاتانە و ڕێگە چۆڵ بکەن بۆ داهێنان و پێشکەوتن ( ئیکرام کەریم ٢٠١٧، ل٥٩) .

وەک گوتم دیاردەی ئیسلامفۆبیا بەرهەمی نیگەرانی منەوەری کورد و حیزبی مارکسی کوردی بوو. منەوەر لای بێکەس و ڕەفیق حیلمی منەوەر لای عەوامی خەڵک بێ دینەکان و دوژمنی ئیسلام بوون، ئەوانەی لە مەجلیسان بەناو دەکەوتن و بە ئاشکرا نەقدی ئیسلامیان دەکرد ( ڕۆڤار، ژمارە ١٣ تایبەت بە جەمال عیرفان). کۆمەڵەی مارکسیـ لینینی چەندان شاعیر و نوسەری ئیسلامفۆبیای دروست کرد . یەکێ لەوانە دەڵێت : « من دەمەوێت بە شێوەی تر بچینە بەهەشت، دەرگای تر، فرینی تر، شێوەی دیکە هەیە بۆ گەیشتن بە باغاتی عەدەن ( ئەبو عوبێد ٢٠١٢، ل١٥٧)

لەم سەردەمەشدا شاعیری ناودار هەیە لە سەلام عازەبان خراپتر قەبوڵی گوتاری قورئانی نییە و بە ئاشکرا دەڵێت:

**«تۆش لە حوجرەی مزگەوتێکدا**
**نەش و نمات کردووە، کە هەنووکەش**
**«هل من مزید»ی دۆزەخ**
**شلپەشلپی روبارەکانی**
**شەراب و شیر، لە گوێمدا**
دەزرینگێتەوە.» (شیعری پەرداخێک ژەهر)

ئەلتەرناتیڤی ئەو گوتارەی قورئان شتانێکن لە نەزەر شاعیر، مرۆڤایەتی شەرم لێی دەکات، نەک وەک ئەو کوردە شانازی پێ بکات. ئەو شتەی شاعیر خۆی پێ لە بابای موسڵمان جیا دەکاتەوە مارکسیەت و لینینزمە وەک لە هەمان شیعر دەڵێت:

من لە باخچەی ساوایاندا، مێشکم
بە بۆنی گوڵە سورەکانی مارکس و لینین
چەکەرەی کردووە...»

ئەمە لەم سەردەمە دا مەهزەلەیە، چونکە نەک تەنها ڕۆناکبیر، کەسانی عەوام لە مەرگەساتەکانی مارکس و لینین لە جیهان گەیشتوون . ستارە عارف ٢٠١٩ دەنووسێت :» پێواژۆی چەپ و کۆمۆنیزم لەم سەدە نوێیەدا بە دوا ترۆپکی داتەپین و دارمانی گەیشتووە، ...لە بری بەرهەمهێنانی هزر و هۆشمەندی لای تاک و کۆمەڵگا، بوون بە داردەستی ئەم وڵات و ئەو وڵات و بە درێژایی ئەو دیرۆکە یەک دێریان پێشکەش نەکردوە...بگرە زیانێکی گەورەیان بە گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی گەیاندوە..»

سەیرەکە لەوە دایە دوای ئەو داتەپینە بیرۆکەی ئیسلامفۆبیا لە قالبی «دابڕان» دەیەوێ هەمان دیرۆک بە سەر نەوەی نوێ دوبارە بکاتەوە، چونکە ئەوانەی بانگەشە بۆ دابڕان لە ئیسلام دەکەن، زۆربە ئەو کەسانەن لە بوغز و ڕق و کینەی ڕابردوی شاخ و شار بەرانبەر ئیسلام ڕزگاریان نەبووە، هەروەک بڵێی سوێندیان خواردوە هەر لە سەر ئیسلامفۆبیا و فۆرمەکانیتر بەردەوام بن.

## ئەنجام

ئیسلامفۆبیا گوتاری پێکەوەژیان و یەکترقەبوڵکردن هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوەی لە ڕۆژئاوا دەگوزەرێ هەر تاکی موسڵمان لێی بەرپرس نییە، بەڵکو چەندان تاکی غەیرە موسڵمان زۆر زیاتر بەرانبەر موسڵمانان لەوێ دەکەن . ئەم دیاردە سۆسیۆسیاسیە بڕیار لە سەر مەرگی دیموکراسیەت لە ڕۆژئاوا دەدات. لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی موسڵماننشین، تەنیا دەسەڵاتی عەلمانی لە دەسەڵاتن ئەوانیش ناتوانن بە چەمکی ئاشکرای ئیسلامفۆبیا کار بکەن، بۆیە پەنا بۆ ناوی وەک عوسمانییەت و ئیسلامیی و لایەنگرانی خیلافەت دەبەن و لەو ڕێگایەوە نەقد لە ئیسلام دەگرن . ئیسلامفۆبیا بە ئاشکرا لە کوردستان تەنها لەناو منەوەر و ڕەوتی مارکسی لینینی هەیە، جگە لە ئایین و زەرەرێکی زۆری ناوە لە دۆزی کورد هۆکارێک بووە بۆ پەرتەوازەیی کورد.

## سەرچاوەکان


أ.سەرچاوەی کوردی

بەکر، سەلام ناوخۆش ٢٠١٤ دەروازەیەک بۆ ڕۆژئاواناسی، هەولێر: چاپخانەی منارە .

بەکر، سەلام ناوخۆش ٢٠١٩ لاسەنگیی لە دوالیزمی خانیدا . هەولێر: چ.ڕۆژهەڵات

تاڵەبانی، جلال ٢٠١١ کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی ح_ا . سلێمانی: چاپخانە؟

سیوەیلی، ئیدریس ٢٠٠٩ لە هەناوی ئیخوانەوە بۆ چەخماخەی چەک. سلێمانی : لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ.

عارف، ستارە ٢٠١٩شوێنەواری نەرێنی ڕەوتی چەپ ...سلێمانی: چوارچرا.

کەریم، ئیکرام ٢٠١٧ گەنج و ئیلحاد .سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ڕێنوین.

دکتۆرانامەکەی ئەبوعوبێد٢٠١٢ لە کۆلیژی ئاداب، زانکۆی دهۆک ...

### ب.سەرچاوەی ئینگلیزی

.Crystal , David 1980 linguistics . London


Kumar, Deepa 2012 Islamphobia . Chicago : Haymarket .Books

Skuriana, Skuma 2016 Speech Disfluency Analysis , E-_Journal …, vol.7 , No.1

Helly , Denise and Dube , Jonathan 2014The Socio-political Context of Islamophobic Prejudices , slamophobia Studies Journal Vol. 2, No. 2 (Fall 2014), pp. 143-156

Bogacki , Mariusz et als Defining Islamophobia And Its Socio-Political Applications In The Light Of The Charlie Hebdo Attacks In Paris

Rozenberg Quaterly Magazine


أیسلامفۆبیا
لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا
عومەر عەلی
نووسەر و لێکۆڵەر
هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە.

ئیسلام + فۆبیا، ئیسلامفۆبیا، ئیسلام خۆی وشەیەکە، فۆبیاش وشەیەک، کراون بە یەک وشە، وەک مۆڵەت + شۆفێر، مۆڵەتی شۆفێری.

فۆبیا جگە لەوەی مانای ترس، تۆقان دەگەیەنێت، لەگەڵیدا مانای نەخۆشینیشی تێدایە، وەک چۆن ترس لە ئایدز، شێرپەنجە... هەڵبژاردنی ئەم وشەو تێکەڵکردنی لەگەڵ ئیسلام، هەرخۆی زۆر پێچەوانەی یەکترن!

**ئیسلام واتای ئاشتی، ئارامی، دڵنیایی...**

چون هەڵبژاردنەکە بۆ وڵاتانی نا ئیسلامین و ماناو چەمکی ئیسلام نازانن واتای چی، بەم تێکەڵییە، خەڵکی لێ بە ئاگا دەهێنن، کە دووری لێ بگرن، چون فۆبیا لە هەرشتێک بێت، خەڵکی خۆی لێ دەپارێزێت و لێی رادەکات، زۆرجار بەبێ ئەوەی لە خودی شتەکەش بکۆڵێتەوە، بۆ نموونە لە رووی تەندروستییەوە هەر ئەوەندە وتیان ئەو شتە خراپە، خەڵکی دووری لێ دەگرێت بە گشتی، هەتا لێکۆڵینەوە تەندروستیەکانیش زۆرجار لە تویژینەوەکاندا بەهەڵە دەچن لەم ترس و بە ئاگا هێنانەوە، ئەنجامی گەرانەکان ئەوە دەردەخات، زۆر شت لە رابردودا بە چاک یان خراپ دانراوە، دواتر پێچەوانەکەی دەرچووە، لە زۆرینەی تیۆرە زانستیەکانیشدا گۆران و جیاوازی زۆر هەبووە، چ جای چەمکی سیاسیی، ئیسلامفۆبیا دەستەواژەیەکی تەواو سیاسییە، لە سیاسەتیشدا هەردەم ئەگەر هەیە، نەک شتی براوە، ئەڵبەت مەبەستم سیاسەتی سەردەم و لە روانگەی داهێنەرانی رۆژئاوایی خۆشیان، گەرنا لە سیاسەتی ئیسلامیدا شتگەلی براوە زۆرە، وەک چەمکەکانی بیروباوەرو رەوشت.

لە روی یاساشەوە داهێنانی ئەو وشە پێچەوانەی یاسایە، چونکە رەگەزپەرستی تێدایە، رق و قین و دوبەرەکی دەچێنێت، چون بەرانبەرەکەت مرۆڤە، لە یاسێکدا، شەمەندەفەرێکدا، فرۆکەیدا سەردەکەویت و دەبینی ئەوەی تەنیشتت کە شانی لکاوە بە شانتەوە مسوڵمانە!

تا ئەو کاتە کێشەی نییەو هیچ ترسێکی تێدا نییە، تەنها ئەوەندە کەوتنە قسەکردن و وتی مسوڵمانم، ئیتر ئەم کەسە توشی دەرد بوو؟! هەر ئەوەندەی وەڵامی پرسیاری بە مسوڵمانم دایەوە، یان وتی خەڵکی فلان وڵاتم! کەواتە ترسەکە لە قسەکەدایە، نەک لە خودی کەسەکە!

ئەمەش کرۆکی ئەم باسەیە، ترس و بە ئاگاییەکە لە دەربرینەکەدایە، ئەوەی کە پەیامەکەی لێوە دەردەچێت. ئەم ترس و بە ئاگاییە مێژویەکی کۆنی هەیە، هەتا کۆنتر لە مێژوی ئیسلام، ئەوەتا لە بەسەرهاتی نوح علیه السلام، خوای گەورە بۆمان دەگێرێتەوەو دەفەرموێت: **(وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوتُهُم لِتَغفِرَ لَهُم جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُم فِيٓ ءَاذَانِهِم وَٱستَغشَواْ ثِيَابَهُم وَأَصَرُّواْ وَٱستَكبَرُواْ ٱستِكبَارا)** نوح:٧.

جا ترسیش لە چی؟ کە داوا لە خەڵک دەکات بۆ خەیرو بەیر، وەک لە هەمان سورەت لە ئایەتی ١٠،١١، ١٢ دەستنیشانی دەکات. هەر لە سەروبەندی راگەیاندنی ئیسلامیش، لەلایەن خودی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) خودی کەسەکە کە محمد بوو، پیاوێکی متمانە پێکراو و دیارو جێگای رەزامەندی خەڵکی بوو، کە پەیامەکەی ئاشکراکرد، خودی کەسەکەش بوو بە بێزراو! بەڵام بێزراو لەلای کێ؟ لای گەورەو سەیدەکان، بە زمانی ئەمرۆ، سیاسی و دەستەڵاتدارەکان.

دواتریش هەرکەس فرسەتی گوێگرتنی بۆ دروست دەبو، دەیبینی پێچەوانەکەی راستە، خودی ئەم کەسە وەک خۆی چۆن کەسێکی ئەمین بووە، پەیامەکەشی داوای ئەمان دەکات، **(وَءَامَنَهُم مِّن خَوفِۭ) قریش:٤.**

چون گوێگرتن لە ئیسلام و پەیامی ئیسلامی موعجیزەی تێدایە، موعجیزەی دروستکردنی گۆران، ئەوە موعجیزە نییە خراپترین کەس بەهۆی پەیامی ئیسلامییەوە گۆراوە بۆ باشترین، بەبێ زۆرلێکردن، بەبێ زیندان و غەرامەکردن، ئەمەیە



## بانگخوازێکی ئەڵمانی دەڵێ: ئەگەر دەرفەتم پێ بدرێت و لە ڕاگەیاندنی ئەڵمانییەوە بانگەواز بکەم، لە ماوەی ساڵێکدا ئەڵمانیا دەبێتە وڵاتێکی ئیسلامی.

ئەوان ناویان ناوە سیحر، نەیانتوانیووە یان نەیانویستووە ئەم پەیامە بگات بە گوێی بەرانبەر، چون بە گشتی ئیستجابەی خێرا دروست دەکات، قورئان دیسان ئەمەشمان دەخاتە پێش چاو: **(أَفَمِنهَٰذَا الحَدِيثِ تَعجَبُونَ، وَتَضحَكُونَ وَلَا تَبكُونَ، وَأَنتُم سَٰمِدُونَ، فَٱسجُدُواْ لِلَّهِ وَٱعبُدُواْ) النجم: ٥٩-٦٢.**

کەسێک لە دایک دەبێت و ناوی لێ دەنرێت، هەرکە گوێی لە ناوی خۆی بوو مل قوت دەکاتەوەو سەیری ئەملاولای خۆی دەکات، تا بزانێت دەنگەکە لە کوێوە هات، چون کەسەکە ناوی خۆی دەزانێت و بانگەکە بە خۆی تێدەگات، لەناخی مرۆڤیشدا ناسینەوەی پەیامی خوایی بەخۆی تێدەگات، چون خیطابە دینیەکە ڕێکی دڵەکان دروستکراوە، هەروەک چۆن کابرای دەشتەکی کە گوێی لەو چەند ئایەتە بوو کە باسمان کرد( النجم ٥٩–٦٢) لە حوشترەکەی دابەزی و سوجدەی برد.

تەسلیم بوون بۆ پەیامی ئیسلامی، چون ناسینەوەی لە ناخدا هەیە ئاسانە، بە مەرجێک دەرفەتی بۆ برەخسێت و خەڵکی لێ نەتۆقێندرێت، وەک بانگخوازێکی ئەڵمانی دەڵێ: ئەگەر دەرفەتم پێ بدرێت و لە ڕاگەیاندنی ئەڵمانییەوە بانگەواز بکەم، لە ماوەی ساڵێکدا ئەڵمانیا دەبێتە وڵاتێکی ئیسلامی.

لەگەڵ ئینگلیزێکدا بە هێمنی قسەم بۆ دەکرد لەسەر ئیسلام، ئەویش بێدەنگ هەر گوێی دەگرت، بە شێوەیەک نەمدەزانی بۆچوونی چییە لەسەر قسەکانم، کە هەر بێدەنگ بوو، من وەستام و داوام لێکرد کە بۆ قسەناکەیت؟! وتی نازانم بڵێم چی! ئەم قسانە دەدات لە دڵم و هاوتایە لەگەڵ دڵ و مێشکمدا.

فیطرەتی پاکیش پەیامی دینی بەبێ چەندوچوون قبوڵ دەکات، مەگەر فیطرەتەکە بشێوێت و ببێتە کەسێکی خراپەکارو شەهوەتباز، یان لێی بشێوێنن (ئیسلامفۆبیا)، بۆیە ئەوانەی دژی پەیامی ئیسلامین و ئیسلامفۆبیاو ناوی جۆربەجۆی بۆ دەتاشن، لەو دوو چینە بەدەرنین، فیطرەتەکەی شێواندوەو دوای ئارەزوو پەرستن کەوتووە، ئیتر دەکرێت کەسێکی ئاسایی کۆلان بێت یان سیاسیەکی کورسی پەرست بێت، یان ئەوەیە دەیشێوێنن و ڕێگری لەبەردەم دادەنێن، ناهێڵن بانگەوازەگە بگات و پشێوی دروست دەکەن، ئەوەش سیفەتێکی کۆنی کوفریەو قورئان بۆمانی دەستنیشان کردوە: **(وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلقُرءَانِ وَٱلغَواْ فِيهِ لَعَلَّكُم تَغلِبُونَ) فصلت: ٢٩.**

هەتا لەسەردەمی پێغەمبەردا درودی خوای لەسەر بێت، لە کاتی جومعەدا زۆرجار ئەو پشێویەیان دروست دەکرد تا ئایەتێک دابەزی لەسەری: **(وَإِذَا رَأَواْ تِجَٰرَةً أَو لَهوًا ٱنفَضُّواْ إِلَيهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا) الجمعة: ١١.**

لە ئێستەدا لە ئەمەریکاو ڕۆژئاوا بە گشتی کاری زۆر لەسەر تۆقاندنی خەڵک دەکەن لە ئیسلام، لەوانیشەوە بۆ خوارەوە، چونکە زۆر سستمی جۆربەجۆر تاقیکرایەوە لە دوای ڕوخانی خەلافەتی ئیسلامی، خەلافەتی ئیسلامی توانی ١٣٠٠ ساڵ بەردەوام بێت، سستمەکانی تر تەمەنیان لە سەدە تێناپەڕێت، شوعیەت کە زۆر وڵاتی داگیرکرد، ئێستە بوو بە یادگاری، هەرگیز نە توانا نە ڕۆحییەتی ئەوە نەما ئومێدی هەستانەوەی هەبێت جارێکی تر، لە وڵاتانی سۆڤیەت خۆشیدا پەیکەرەکانیان مەمنونن وەک کەلەپۆرێک بمێنێتەوە، کەچی



، فۆڕمی ئیسلامفۆبیا تەواو سیاسییە، پێچەوانەی چەندین چەمکی یاساییەو جیاکاری زۆر دروست دەکات، زیانی زۆر بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت.

خەڵکەکە ئەوەشیان قبوڵ نییە! بە هەردووچاوی خۆم دیومە چۆن بە تورەییەوە پەیکەرەکانیان دەڕوخاند، دیسان دیومە پەیکەرەکان پاسەوانیان بۆ داناوەو بە پەردەش دایان پۆشیوە!

ئیسلام بەبێ هێزی فیزکی وەک چەک و جبەخانەو کەرەستەی هێرش و بەرگری هێشتا ئەوەندە رۆحییەتەکان بەهێزن، ئەو کەرەستانەش لە بەردەمیدا دەلەرزن، تۆ سەیر بکە وڵاتێکی زلهێزی دەوڵەمەند و بە توانای وەک بەریتانیا لە دکتۆر یوسف قەرزاوی دەترسێت، پیاوێکی پیر کە بە گۆچانەوە هاتە بەریتانیا، بۆ جاری دوهەم بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی، ڕێگریان لێکردەوە ٢٠٠٥ کە بێتەوە بەریتانیا جارێکی تر(١) بیانووی یاسایی بۆ دەدۆزنەوە! کە سەیری بیانوەکەش دەکەیت، ئەو بنەمایەیە کە فیطرەتەکەی لەسەر شێوێنراوە، بە ڕاشکاوی نووسراوە هاوڕەگەزبازەکان دژی قەرزاوین و قسەکانی جیاکاری دروست دەکات!

دەبینی دیسان دەترسن لە دکتۆرێک کە بە ڕیباتەوە بێتە بەریتانیا، دکتۆر زاکیر نایک(٢) لە کاتێکدا خۆ ئەمە نە تاوانێکی کردوەو نە دراوەتە دادگاش، تێبینی بکە بۆ ئەمەو زۆری هاوشێوەکانی تەنها بە گومان ترس بەرانبەر مسوڵمان و بڵاوبونەوەی بانگەوازی خوا دروست دەکەن، لە کاتێکدا کەسەکان نە لەسەر تاوان دراون بە دادگا، نە هیچ تاوانێکیشیان لەسەر ساغ بوەتەوە، ئەم جۆرە حوکمە تەنهاو تەنها بۆ ئیسلامییەکان داتاشراوە، لە ئەمەریکا سیخێک بە خەنجەرەکەیەوە دەچێتە ناو فڕۆکەو ئاساییە، لە کاتێکدا پێچەوانەی یاسای فڕۆکەوانی و نێو دەوڵەتیشە!

تاوانیش خۆ دەکرێت هەرکەس بیکات، هەتا ئەگەر زانای ئایینیش بێت، لە شەرعیشدا سزای بۆ دانراوە، بەڵام سەرنج بدەن بۆ زەقکردنەوەی ئیسلامفۆبیا کەسێک تاوانێک بکات و مسوڵمان بێت، یان بە ڕەچەڵەک مسوڵمان بێت، گەر لە ژیانیشیدا نوێژێکی نەکردبێت، سیفەتی دینەکە دەدەنە پاڵ تاوانەکە، بۆ ئەوەی لای خەڵک ئیسلامفۆبیاکە بچەسپێت و ببێتە بەڵگە بۆ ڕاستی قسەکان، لە ئەوروپا بە گشتی، بەهۆی فەراغی ڕۆحی زۆرو بێزاری خەڵک بە دەست ئیش و ماندووبوون بە دەست ژیانەوە، شەممان و یەک شەممان ڕوودەکەنە بارو مەشروبخانەکان، بۆ نموونە لەناو ئەمانەدا مسوڵمانیش هەیە! ئەڵبەت مسوڵمان لەنێوان دو کەوانەدا! لەگەڵ کەسێکدا بەشەڕدێن و بە سەرخۆشی سەروملی یەکتر دەشکێنن، دواتر کە هەواڵەکە بڵاو دەبێتەوە دەڵێ: کەسێکی مسوڵمان هێرشی کردە سەر کەسێک و واو وای لێکرد! لە کاتێکدا ئەم کەسە پێش هەموشت سەرپێچی لە ئیسلام کردووە، ڕۆشتوە بۆ ئەو جێگە، گەر حوکمی ئیسلام هەبێت، بەبێ شەڕیش سزای خواردنەوەی مەشروبی بەسەردا دەدات، مادام لە جێگەی گشتیدا بێت و شاهید هەیەو ڕوونە، شەڕەکەش دیسان تاوانێکی ترە، واتە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەگەر یەک تاوانی کردبێت، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دوو تاوانی کردووە، کەچی دەشڵێن مسوڵمان، لە کاتێکدا ئەم هێرش و شەڕو پێکدادانانە یەکجار زۆرەو یەک و دووان نین، بە دەگمەنیش ڕوودەدات شەڕکەری مسوڵمان تێیدا، نابینین جگە لە مسوڵمان کەسێکی تر سیفەتی دینی بدرێتە پاڵ، لە کاتێکدا لە دینەکانی

تر خودی خواردنەوەکەش ئاساییە!

ئیتر بەو شێوەیە بەردەوام ناوی ئیسلام زەق دەکەنەوە بە خراپی.

تێکچونی فیطرەو لادانە مرۆییەکانیش ئەوەندە زۆرن لە ئەوروپاو ئەمەریکا لە کۆنترۆڵ دەرچوون! بۆیە ناچار دەبن لادانەکان بکەن بە یاسایی و بەرگی یاسای بکەن بە بەردا، لە ژێر ناوی مافی مرۆڤ و قبوڵکردنی رەئی بەرانبەر، کەچی لەمەشدا مسوڵمانەکە ستەمی لێ دەکرێت و مافی پێشێل دەکرێت، هاورەگەزبازی و زەواج لەگەڵ حەیواناتدا شایستەی رێزە! بەبێ ئەوەی مسوڵمانێک بتوانێت بە یاسایی بۆ نمونە دوو ژن بهێنێت، کەچی هەر باسی دەکەن! ئێ تۆ لە یاسادا چەسپاندوتە کە ناکرێت و تەواو، ئیتر باسکردن لە پای چی! رەزامەندی بۆ خیانەت ئاساییە بەڵام بۆ زەواجی دوهەم ئاسایی نییە! ناتوانن کۆنترۆڵی لایەنی جسنی خەڵکی بکەن، بۆ کەمکردنەوەی پشێوی یاسا، رێنومای جۆربەجۆر و نهێنی دروست دەکەن، بۆ نمونە لەباربردن Abortion لە بەریتانیا تا ٢٤ حەفتە زۆر بە ئاسایی منداڵ لە سکی دایکیدا دەکوژن، بۆ زۆرینەی ئەمانە منداڵن و زگیان پڕ بووە، یان بە خیانەت بووە، واتە کچێک کە هێشتا شوی نەکردووە، یان هێشتا منداڵەو تەمەنی یاسایی زەواجی پڕنەکردوەتەوە دەکرێت زگی پڕ بێت و لە دایک و باوکی بشارێتەوەو زگەکە لەبار ببات، یاساو سستمی تەندروستیش پشتگیریەتی، یان هەر ژنەو دەیەوێت بە دزی پیاوەکەیەوە منداڵەکەی لەبار ببات، هەتا دوای ٢٤ حەفتەش هەر دەتوانێت. ئەمە لە کوێ و ئەوە لە کوێ لە ئیسلامدا دەڵێ بۆ شیربڕینەوەی منداڵەکەش دەبێت بە مشۆرەت بێت لەگەڵ مێردەکەدا! چ جای گوشتنی بە دزیەوە!

لە کاتێکدا مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا لە زگی دایکەکەوە دەستپێدەکات، کە گیانی کرا بە بەردا مافی کوشتنیت نییە، مەگەر مەترسی تەندروستی براوە لەسەر ژیانی دایکەکە دروست ببێت، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو مافەکە پێش مومارەسەی جنسیش دەست پێ دەکات، کە لەگەڵ کێ و بە چ شێوازێک و کەی بکرێت!

ئیسلام یاسای وردی بۆ پاراستنی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتیەکان هەیە، هەتا خودی قورئان لە چوارچێوەی ئەو پاراستنانەدا دەسوڕێتەوەو زاناکان وردیان کردوەتەوەو دابەشیان کردوە بەسەر پێنج خاڵدا، پارستنی دین، جەستە، ژیری، وەچە، ماڵ، کە پێداویستی مرۆڤەکانیش هەموی لەو پێنج خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە، یەکێک لەو خاڵانە لا سەنگ بێت تەنها بە ئیسلام پارسەنگ دەبێتەوە.

گەرچی بۆ بەدیلی ئەوانە شتی تریش هەبێت، بەڵام بەبێ یاسا دینیەکە هەر بە لاسەنگی دەمێنێتەوە، جنس دەکات و بە ئاسانی دەستی دەکەوێت بەڵام لە دەرەوەی زەواج و بە ئالیەتی خۆی نەبێت هەر لاسەنگەو مافی منداڵی تێدا پێشێل دەبێت، یاسا رێگەی دەدات ژیری نەپارێزێت و مەشروب بخوات، بەڵام لەسەر سەرپێچیش سزای دەدات با بە سەرخۆشیش بێت و بارقورسی و کێشەی زۆریشی دروست کردووە، دزی سزای هەیە بەڵام ئەوەندە سزاکان لاوازن کەس ئەمین نییە لە ماڵی خۆی، ئەوەندەی کامێرای چاودێری لە ئەوروپا هەیە لە تەواوی دونیادا نییە، بۆ؟! بە قەستی دەستڕێژی گولە دەکات بەناو خەڵکداو لە دادگاش دەڵێ هەر بە ئارەزووا! کەچی لە حەقی ئەم هەموو کوژراوەدا ناکوژرێتەوە! بۆ تەنها ئەم بکوژە مرۆڤ بوو کوژراوەکان مرۆڤ نەبوون وا لە ژێر ناوی مافی مرۆڤدا کوشتنەوە هەڵدەگیرێت!

هەموو ئەمانەش غیابی دینە، هیچ دینێکیش وەک ئیسلام بە پارسەنگی ئەم پاراستنانەی نە پاراستووە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم وردەکاریانە نەزانێت و هەر لە یەکەم هەنگاوەوە بیتۆقێنن، ئیسلامفۆبیا، ئیسلامفۆبیا، ئیسلامفۆبیا!

زیاتر لە ٢٠٠ سەفەری وڵاتانی جیهانم کردووە،

خودی کەسەکە تەنها خۆمم، بۆ نموونە لە ئیسپانیاوە دەگەڕێمەوە بەریتانیا، لە فڕۆکەخانە هیچ تێبینیەک لەسەرم نییە بە ئاسانی جەوازەکە لەسەر دەزگاکە دادەنێم و بەبێ بینینی پۆلیس و کۆنترۆڵ داخلی بەریتانیا دەبم، هەر دیسان خۆم و لە مەغریبی عەرەبیەوە دەگەڕێمەوە بەریتانیا، کە مەغریب و ئیسپانیا دراوسێشن، دەبینی دەیان پۆلیس چاویان زەقکردنەوەتەوە لەم گەشتیارانەو زۆربەی دانە دانە دەیان بەنە ژوریکەوەو پرسیاری وا دەکەن، کوردەواری دەڵێ لە قوتوی هیچ عەتاریکدا نییە!

مەغریبی داماویش کە دەڕۆیت بۆ ئەوێ بۆ درهەمێک سەعاتێک بە دەورتا دەسوڕێنەوە!

لە تورکیاوە دەگەڕێیتەوە دیسان هەم چاوت لەسەرە، جاریکیان پۆلیس زۆر بە ڕەسمی و بە رویەکی گرژەوە وتی: هۆکاری سەفەرت بۆ تورکیا چی بووە؟ منیش بە پێکەنینەوە وتم: هۆکاری سەرەکی بۆ کەباب خواردن بووە! پۆلیسەکە خۆی پێنەگیرا دەستی کردە پێکەنین و هیچی تری پێ نەوترا وتی: خۆش بوو؟ وتم: تاقی بکەرەوە خۆشترین کەبابیان هەیە، داینابوو تەحلیلی سیاسی بۆ بکەم، خەڵک بۆچی دەچێت بۆ گەشت؟!

جا ئەمە موعاناتە نەک پێکەنین، هەزارەها کوردو عەرەب و بێگانە لە ئەوروپا هەن و زمان نازانن لەبەر ئەم تەعقیداتانە بەبێ هیچ، ترسی لە خۆی هەیە، بەشێوەیەک تێی دەڕوانن گومان لە خۆی دەکات!

دونیایەک نمونەم لایە بەناوی شەخسەکانیشەوە.

ڕاگەیاندنیش بەشێوەیەک کاری لەسەر دەکات جیاکاریەکی زۆریان خستوەتە نێوان هاوڵاتیانەوە، لەکاتێکدا بە یاسا دژی جیاکاری و ڕەگەزپەرستی و چینایەتین، هەرگیز لەیادم ناچێت لە پارکێکدا منداڵێک نیقابێکی بینی هەر فەقیرە مرد بە مردن! دەستی بە گریانێکی توند کردو ڕایکردە باوەشی دایکی و بە ترسێکەوە سەیری نیقابەکەی دەکرد! دایک و باوکیشی بە ڕوویەکی گرژەوە، ئافرەتە نیقابەکەش بە دیار منداڵەکانییەوە دانیشتبوو، منداڵەکان جۆلانەو خلیسکانەیان دەکرد! ئەمە مانای چییە؟ واتە لە ماڵیشەوە کار لەسەر ئەمە کراوە، لە کاتێکدا دەبینی زەرەرمەندی یەکەم خودی کەسەکە خۆیەتی لەگەڵ خانەوادەکەدا، دواتر ئەو منداڵەش گەورە دەبێت و دەزانێت دایک و باوکی درۆی لەگەڵدا کردووە، نیقاب بۆ جێگەی مەترسی بێت، بە یەک نەسیحەتی بچووک ئەو منداڵە ترسی دەڕەوێتەوە، بۆ لە سەگ ناترسن و باوەشیشی بۆ دەگرنەوە، بۆ لە نیقاب دەترسن، تا ئێستە نیقاب کێی خواردوە، لە کاتێکدا پێنج جۆری سەگ هەیە پرمەترسی ترین سەگن لە بەریتانیاو سەدان کەسیان خواردوەو بریندار کردوە!

بەوە کۆتایی پێ دەهێنم، فۆرمی ئیسلامفۆبیا تەواو سیاسییە، پێچەوانەی چەندین چەمکی یاساییەو جیاکاری زۆر دروست دەکات، زیانی زۆر بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت، سوودمەندی یەکەم تەنها دەستەڵاتدارو سیاسیەکان، باقی کەسانی تر هەمویان قوربانین.

**پەراوێزەکان:**

1. https://www.theguardian.com/uk/2008/feb/07/religion.politics
2. https://www.bbc.co.uk/news/10349564

# ئیسلاموفوبیا

## لەنێوان هەڵەی هەڵگرانی و ڕقی ناحەزانیدا






**د.ئیدریس کەریم کاریتانی**

لەدایکبووی ١٩٧٢، هەولێر. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا.
بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕووناکی.

دوای شکست هینان و کۆتایی هاتنی دەسەلاتی سیاسی هەزار ساڵەی هەردوو ئیمپراتوریەتی رۆم و فارس بەهاتنی سیستەمی سیاسی ڕاست و ستاندەری ئیسلامی ململانێیەکی قوڵ لەنێوان دژەکان بەگشتی و ئیسلام بەتایبەتی دروست بوو، ئیسلام و فۆبیا بەناو و شێوازی جیاواز سەری هەڵدا، چونکە لادانی دەسەلاتی سیاسی واتە لەدەستدانی دەسەلات و فکرو بیرو باوەڕو کلتوورو ئایدیا و هەرچی هەتە، بۆیە لەپێناو گەڕانەوەی هەموو ئەوانە بەرامبەرەکان هەموو ریگایەکیان گرتە بەر، لەسەرەتاوە پیغەمبەریان (صلی الله علیه وسلم) بەفوبیا وەسف کرد بەناوی (شێتە، ساحیرە، کاهینە، دایک و باوک و کوڕو کچ لێک دەکا ... هتد) ئەم زاراوەو چەمکانە هەموویان چەمکی سایکولوژین، فۆبیاش زاراوەیەکە زیاتر پەیوەستە بە بواری تەندروستی لەبوارە ترسناکییەکەی، ئەو زاراوانەی ئەوانیش بەکاریان هێنا تەنها بۆ تۆقاندنە واتە مەبەستیان فۆبیایە، لەقوناغی دووەم لەشەڕی بەناو جەنگی خاچپەرستان لەچەرخی یانزە قولتر بۆوە، دواتر لەرووداوی ١١ی سیبتیمبر ٢٠٠١ زیاتر پەرەی سەندو دروستکردنی ئیسلام و فوبیا گەیشتە لوتکە.

## هەڵەی هەڵگرانی؛

داننان بەهەڵە بەشکست دانانرێت، بەڵکو دیاریکردنی خاڵی لاواز تەکانە بۆ هەستانەوە، خاڵی بەهێزی هەر مەدرەسەیەکە کەپەنجە لەسەر برینەکانی خۆی دابنێت، دوای کوتایی پێهینانی سیستەمی سیاسی ئیسلامی (خەلافەتی ئیسلامی) جیهانی ئیسلامی سنوور و جوگرافیا و تاکەکانی کەوتنە بەر هەڕەشەو ئومەت بێ خاوەن مایەوە، سەرچاوەی زانیاری و زانست و فەتواو بیرکردنەوە درزی تیکەوت و هەر کەس لەشوینی خۆی بەپێی مەدرەسەو کاریگەری دەورو بەرو بانگراوندی فکری و قوناغ و زانیاری شەرعی بڕیار و فەتوای دەر دەکرد. ئینجا لەگەڵ زوڵم و زۆرداری ئەمریکاو وڵاتە زلهێزە داگیرکارەکان، هەروەها دژایەتیکردنی موسڵمانان و سوتاندنی قورئان لەلایەن ئەمریکاوە لەگوانتانامۆ، بی ڕێزی کردنی دانیمارک بەرامبەر بە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ، قەدەغەکردنی بانگدان لەسویسرا، لادان و دژایەتیکردنی حیجاب لەلایەن فەرەنسا، پەرچە کردار (رد فعل) موسلمانان زیادی کرد، بێگومان بەشێکیش لەرەد فیعل بەهەڵە مومارەسە دەکرێت، موسڵمانان لەوێوە هەندێکیان کەوتنە هەڵەو هەندێک ترس و توقاندنیان ئەنجامدا لەهەندێک شوێن، بەتایبەتی هەندێک لەو مەدرەسانەی بەناوی بیرو ڕەوتی توند ناویان رۆیشتوە گەنجن و شارەزاییی تەواویان نییە لەسەر ئەم ئیسلامە، تەنها چەند نامیلکەیەکیان خوێندوەتەوە بوون بەموفتی، یان چەند ئایەتێکیان بەشیعارو دورشم هەلگرتووە ئاگایان لە مەنزومە گشتیەکەی قورئان نییە، بەمەش ئیسلامیان لەهەندێ شوێن تەشویە کردوەو دەرفتیان بۆ پیلان گێڕانیش ڕەخساندوە تا بەناوی ئیسلام و موسڵمنانەوە دەیان هەنگاوی توقێنەر بهاوێن و ئیسلام و موسڵمانان پێ ناشرین بکەن، لەڕووداوەکانی جیهانی ئیسلامی و لەنێو ڕێزەکانی بەشێک لەڕەوتە جیهادییەکان خەلکێکی غەیرە موسڵمان خویان خزاندە نێویان و ئەم کارانەیان ئەنجام دەدا، کەواتە هەڵەی خۆمانیشی تێدایە ئەگەر لەهەندیک جوزئیات ئیسلام بەفوبیا وەصف بکرێت، ئەگەر هەندێک لەم گەنجە داماوو تازە پێگەیشتوانە بدوێنی بۆت دەردەکەوێ کە ئەم عەقلیەتە تازەو کەم زانیاریانە هەڵەی زور کوشندە دەکەن، ئەمە راستیە و دەبی دانی پێدا بنێین.

## سەرهەڵدانی ئیسلام و فۆبیا و ڕقی ناحەزانی؛

بەسروشت بەشیکی زور ڕقی لەراستی و حەقە، بێگومان ئیسلام لوتکەی راستی و حەق و دادگەرییە، لەپێشیشدا ئاماژەم پێکرد هەڵگران و پاشماوەی دوو ئیمپراتوری فارس و ڕۆم ئەوەندە ئاسان نییە کاتیک ئیسلام بووەتە هۆکار بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی سیاسیان دەست هەڵبگرن و واز لەدژایەتی ئیسلام و موسلمانان بێنن، خودای گەورەش ئاماژە بەرق و کینی نێو دڵیان دەکات، دەفەرموێت: ( قل موتوا بغظيكم) ، ( وما تخفى صدورهم اكبر) ، ئەمە وەک حەقیقەتیکی مێژومیی، دواتر قوناغی دووەم لەدوای روداوی ١١ی سیبتیمبر بەئاشکرا لەساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە دەستی پێکردو ئیسلام و فۆبیا بانگەشەی بۆ کرا لەلایەن بەشێکی زۆر لە بیرمەندو موستەشریقی هەڵگری فکری سەهیۆنی لەدوای شەری ساردی سوفیەت و کوتایهاتنی دەسەڵاتی شوعیەت وەک بەدیلی دووەم بو رۆژئاواو شوێنگرەوەی ئەوان، ئیسلام و فۆبیا زۆر زەقکرایەوەو هاتە نێو ڕاگەیاندن و جیهانی پێ توقێندرا، دەتوانین بڵێین لەقوناغی سێیەم گوتاری سیاسی لەلایەن ڕاستڕەوە توندرەوەکان (اليمين المتطرف) سەر پەرشتی کراو کۆمەڵێک دروشمی توقێنەریان لەسەر ئیسلام و موسڵمانان بڵاو کردەوە لەتوڵەی روداوی ١١ی سیبتیمبەر بەناوەکانی (أسلمة أوروبا، التهديد الإسلامي الخفي)، وەک بانگەشەی هەڵبژاردنیش بەکاریان هێنا، ئەم بانگەشەو شیعارانە تۆوی رق و کینە و دوژمنایەتی لەدڵی تاکەکانی روژئاوا چاند و موسڵمانیان بەگشتی بوغزاند، کۆمەڵێک مزگەوتیان لەئەوروپا کردە ئامانج و موسڵمانانیان ئەزیەتدا، دواتر بزوتنەوە توندڕەوکانی ئەوروپا لەڕوی ئابووریەوە روژئاواییەکانیان ترساند گوایە بوونی موسڵمانان لەروژئاوا هۆکارن بۆ ئەزمەی ئابووری و داهاتی تاکەکان لەئەوروپا لەم ڕێگەیەشەوە ئیسلامیان کردە فوبیای ئەزمەی ئابووری.

دیارە ئەمریکا گەورەترین پشکی ناحەزایەتی دژی موسلمانان بەر دەکەویت بەپێی سەرژمێری نووسینگەی لیکوڵەری فیدراڵی امریکی (ئیف بی ئای) کە لەمانگی ئایاری ٢٠١٧ دەرچوە دەڵێت :ڕێژەی ئەو تاوانانەی بەرامبەر موسڵمانان کراوە لە امریکا ١٤٠٠ دەستدریژی تاوان کراوە، لەکاتیکدا ئەنجومەنی پەیوەندی ئەمریکی ئیسلامی رایگەیاند تاوانەکانی سالی ٢٠١٦ گەیشتوتە ٢٠٠٠ تاوان.

بێگومان ئەم توقاندن و ترساندنە پەڕپەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپی، ریکخراویان بەناوی دژی ئیسلام و فۆبیا دروستکرد، وەک (جمعية مكافحة الإسلاموفوبيا في فرنسا)، لەوڵاتانی بەریتانیاو تەواوی ولاتانی ئەوروپی تاوانیان ئەنجام دا.

## ڕاستیەکە لەکوێیە یان کێ فۆبیایە؟

ئەوەی بەنیاز پاکی بڕوانێتە جیهان بەگشتی بەتایبەتی لەدوای سێ دەسەڵاتی یەک لەدوای یەکی شیوعییەت و ئیشتراکی و سەرمایەداری ئەمریکا ، بڕوانیتە لەناو بردنی مروڤەکان لەماوەی یەک سەدە کەئەوان حاکم و دەسەڵاتیان لەدەست بووەو ڕێژەکەی گەیشتوتە ١٦٣ ملیون مروڤ، بێجگە لەتوقاندن و ترساندن و لەناو بردنی دارو درەخت و گیانلەبەرو تا دەگاتە مێرولەش دەزانی گەورەترین فۆبیا لەدونیا ئەمریکایە و دواتر وڵاتە زلهیزەکانن، بونەتە فۆبیا و ترس و توقاندن بۆ هەرچی مروڤە لەجیهان، لە هەر چرکەیەک ئەتومە ناوەکیەکانیان بتەقێنەوە دونیا بە مروڤەکانەوە نەک فوبیا بکەن بەڵکو کاولی دەکەن، بۆیە فۆبیا بەرهەمی ئەوانە، ئێمە بەواقیع جوزئێکی زۆر بچوکمان بەر ئەکەوی ئەویش لەئەنجامی پەرچە کردارە نەک کردار.



# بابەتی گشتیی



# زانیاریی نوێ لەسەر باپیرانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی

کلیلەکانی لێکۆڵینەوە: کوردستانی سەدەکانی (٧-٨ک)، مێژووی شارەزور و هەورامان، باپیرانی مەولانا خالید.


پ.د.زرار صدیق تۆفیق
کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی دهۆک

**پوختەی لێکۆڵینەوە:**

وەک روونە لە مێژووە و هەر لە رۆژگاری خودی مەولانا خالیدی نەقشبەندیەوە (١٧٧٧-١٨٢٧ز)، دەیان کتێب و نامیلکە و لێکۆڵینەوە لەمەڕ ژیان و بەسەرهات و پلەوپایە و بیروباوەڕەی مەولانا خالیدی و نووسینەکانی و تەریقەتی نەقشبەندی کە هەر ئەو رێبەر ونوێکەرەوەیەتی لە کوردستان، نووسراون و بڵاوکراونەتەوە وباندۆر و کاریگەریی ئەم زانا مەزنە لەسەر مێژوو و ئەدەبیات و هزری کۆمەڵگای کوردی روونکراوەتەوە. بەڵام هاوکات کارێکی زانستیی وا دەربارەی سەرگوزشتەی باب وباپیرانی ئەنجام نەدراوە وتا هەنووکە شتێکی وا لەبارەیانەوە نەخراوەتەڕوو.

لێرەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆششێکی بەراییە سەبارەت بەم پرسە و بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان توانراوە یەکەم باپیرەی ناسراو و ناوداری مەولانا بناسرێتەوە، ئەویش زاهید وپیاوچاک ئیسماعیلی گۆرانی (م:٦٤٤ک/١٢٤٦ز) یە کە لە رۆژگاری ئەیوبی ژیاوە وماوەیەکی بەرچاوی ژیانی و هەتا مردنی لە وڵاتی غەریبی گوزەراندوە، دوای خۆیشی کوڕ و نەوەکانی لە کوردستان درێژەیان بە رێنوێنی خەڵکی داوە و سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بیری خوداناسی وکاری چاکە وخێرخوازی بوونە ودیارترینیان قطب الدين میکائیلە کە لە ساڵی ٧١٠ک/١٣١٠ز لە ژیاندا بووە و بە پیر میکائیلی جاف و پیر میکائیلی شەش ئەنگوشت ناوی دەرکردووە ودەبێتە باپیرە هەرەگەورەی جافی میکائیلی. ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە ئەم ماڵباتە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دێرین وخانەدان بووە و رۆڵی کاریگەریان لە دیرۆکی جڤاکی کوردەواری گێڕاوە.

**یەکەم-باپیرانی مەولانا خالید لە سەرچاوەکاندا:**

دیارە هێشتا مەولانا خالید لە ژیان دابوو و لە پاش مردنیشی، بەردەوام لە لایەن مەنسوب و لایەنگر و خەلیفە و شاگردانیاوە، چەندین کتێب ونامیلکە وقەصیدە لەمەڕ ژیان و بەسەرهات و پلەوپایە و مەناقبی یان داکۆکیکردن لە بێگەردیی مەزهەب و بیروباوەڕی دینیی و بەرپەچدانەوە وبەدرۆخستنەوەی نەیارانی دانراون(١). بێگومان لەم کتێبانەدا وردەکاریی سەرگوزشتە و ژیاننامەی مەولانا لە هەموو روویەکەوە خراوەتەڕوو، وەلێ ئەوەی جێگەی داخە، ئەوەندەی من سۆراخم کردبێت و بەرچاوم کەوتبێت، شتێکی وا لەخۆناگرن سەبارەت بە ناسنامەی باوانی مەولانا و رەگوریشەی نزیکی بنەماڵەکەی، لە راستیدا لەرێگای ئەم کتێبانە و لە دەیانی دی لە وانەی وا مەولانەیان ناساندووە، تەنها کونیە و نازناوی(ابوالبهاء ضياء الدين) وناوی سییانی: خالیدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حوسێن دەزانرێت، کە لە سەرجەمیان هەمان زانیارین و گومان لەوەدا نییە کە هەموویان لە یەک سەرچاوەوە وەریانگرتووە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم بابەتەی ئێمە گرنگە ئەوەیە کە پەردە لەرووی ریوایەتێکی گرنگ هەڵدەماڵن و زانیارەیەکی پڕبایەخ و سەرنجراکێش بەدەستەوە دەدەن لەسەر بنەچەی دووری، کاتێک دەڵێن نەوەی پیاوچاکێکە بە ناوی پیر میکائیل و ئەمیش لە نەوەی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففانە(٢).

وا پێدەچێت مەلا عبدالکریمی مودەڕیسیش لەگەڵ ئەو هەموو ئاگاداری و شارەزاییەی ،شتێکی نوێی سەبارەت باب وباپیرانی مەولانا چنگ نەکەوتووە، هەر تەنها ئەوانەی پێش خۆی دوپاتکردۆتەوە(٣)، تەنانەت لە بەرگی یەکەمی کتێبی(یادی مەردان) دا کە سەرلەبەری تەرخانکردووە بۆ ژیاننامە و مەناقیب ومەکتوباتی مەولانا زۆر بەکورتی لەم بابەتە دوواوە(٤)، بەهەمان شێوە ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەی لەم ساڵانەی دوایشدا نوسراون، هیچ زانیاریەکی نوێیان زیاد نەکردووە(٥).

لە راستیدا، لە ئاکامی نەبوونی بزاڤی مێژوونوسی ویاداشتنوسی لە کوردستان و پشتگوێخستنی

سەربوردە مێژووییەکان وهەستنەکردنی زانایان و رۆشنبیرانی کورد بە بایەخ وگرنگیی تۆمارکردنی رووداوە مێژووییەکان و ژیاننامەی ناوداران، بەسەرهاتی دەیان کەسایەتی و بنەماڵەی ئایینی و رۆشەنبیری کوردی بەیەکجاری لەناوچوون، ئەم راستیە بەسەر باب و باپیرانی مەولانا خالیدیش دەچەسپێت کە نزیکەی پێنج سەدە لە مێژوویان ناڕوونە، بەڵکو گوم و بزرە و پێزانینی ئەوتۆی لەسەر نییە، ئەو سێ چوار کەسەی کەوا لە باوانی مەولانا ناسراون و چەردەیەک پێزانینیان لەبارەوە هاتووە، تەنها ئەوانەن کە سنووری کوردستانیان بەزاندووە و چوونەتە وڵاتانی دەوروبەر و سەردانی بەغدا و حەلەب ودیمەشقیان کردووە ومێژوونووسانی ئەوێ ژیاننامەیان تۆمارکردوون. سەرەڕای گەڕان و پشکنینێکی زۆر لە سەرچاوەکاندا، تەنها توانرا سێ دەق دەربارەی ماڵباتی مەولانا خالید دەستبخرێت کە هەر چەند کورت و ناتەواون، بەڵام پێزانینی گرنگ و ووردیان تێدایە دەربارەی سێ لە باب و باپیرانی و ئەوە دەسەلمێنن کە لەسەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەهەمی زایینیەوە خاوەن پلە و پایەی بڵندی ئایینی بوون و کاریان رێبەدێیی خەڵکی رەشۆکیی ناوچەکە بووە.

### -دووەم: ئیسماعیلی گۆرانی باپیرە هەرەگەورەی مەولانا (م:٦٤٤ک/١٢٤٦ز):

ئیسماعیلی گۆرانی صۆفی و پیاوچاکێکی کوردە و یەکەم کەسی ناسراوە لە باب و باپیرانی مەولانا، تا لە کوردستان بووە هیچی لەبارەوە نازانرێت و لە مێژوویێکی نادیاردا بە یەکجاری ماڵ ومناڵی بەجێهێشتووە و بە نەریتی زانایان و رۆشنبیرانی کورد روویکردۆتە وڵاتی شام وپەیوەندیی بە ئەیوبیەکانەوە کردووە و ماوەیەکی درێژی لە حەلەب و دیمەشق بەسەربردووە، پتر ژیانی لە مزگەفتی (باب الاربعین) لە حەلەب و لە مەقصورەی حەنفییەکان لە مزگەوتێکی دیمەشق(٦) بە دوورەپەرێزی و بەدابڕاوی لە خەڵکی دەگوزەراند و لە لای قازی ئەحمەدی کوڕی محەممەدی تەرسوسی(؟) گوێبیستی حەدیس بووە، تا وەک مرۆڤێکی دیندار و راستگۆ ناودەنگی دەرکرد و لەلایەن هەمووانەوە رێزی لێدەگیرا وقسەی دەبیسترا، دەسەڵاتداران و میران سەردانیان دەکرد ولێی دسەڵمینەوە، ئەمیش هەردەم ئامۆژگاری دەکردن کە دیندار و دادپەروەر و لەخواترس بن و لەکاتی پێویستدا سەرزەنشتی دەکردن(٧).

مخابن جگە لە مێژوونوسی حەلەبی (ابن العديم)، کەسی دی سەربوردە و ژیاننامەی ئیسماعیلی گۆرانیی یاداشت نەکردووە، تەنانەت ئەویش بە کورتی ناساندوویەتی و بەوپێیەی بوونەتە دۆست وناسیاوی یەکدی و بە(الگوراني الكردي) ناویبردووە(٨)، دیارە پەیڤی گۆرانیش بەواتای خەڵکانی نیشتەجێ و گوندنشین نەک کوردانی رەوەند و کۆچەری، لەم روانگەوە دەشێین بڵێن لە بنەماڵەیەکی دانیشتووی گوندێکی شارەزور یان پاوە وجوانرۆ بوونە و دوور نییە هەر دەودانی لای پاوە بێت.

ئیسماعیلی گۆرانی هەر لە وڵاتی شام ماوەتەوە و نە گەڕاوەتەوە کوردستان، تا لە مانگی شەعبانی ساڵی (٦٤٤ک/ ١٢٤٦ز) لە دیمەشق مرد و لە گۆرستانی صۆفییەکان نێژرا(٩)، وەلێ وا دیارە ماڵ و خێزانەکەی هەر لە کوردستان ماونەتەوە بەوپێیەی کوڕ و نەوەکانی لە شارەزوور و هەورامان درێژەیان بە رێبازەکەی داوە.

خاڵێکی دیی گرنگ وشایەنی لەسەر راوەستان لێرە، ئەوەیە کە گەڕاندنەوەی نەژادی مەولانا خالد بۆ خەلیفەی راشدیی سێهەم عوسمانی کوڕی عەففان، زادەی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم نییە ونابێت گومانی وا بکرێت کە مەنسوب وهەوادارانی مەولانا هەڵیانبەستابێت، بەڵکو ئەم خۆگرێدانە بە رەمزێکی پیرۆزی ئیسلامەوە، لایەنی کەم دەگەڕێتەوە

بۆ سەردەمی ئەیوبی و ئیسماعیلی گۆرانی لە پاڵ کوردبوون، خۆی بە عوسمانی (العثمانی) یش ژماردووە، هەروەها قطب الدین میکائیلی کوڕەزازایشی چەختی لەوە کردووە کە نەوەی خەلیفە عوسمانن و (ابن الفوطی) (م:٧٢٣ک/١٣٢٣ز) شەجەرەی بنەماڵەکەی بۆ نووسیوەتەوە، مخابن ئەم شەجەرەیەش چارەنووسی دیار نییە و هیچ سۆراخێکی نەکراوە(١٠). هەروەها ئەوەندەی ئێمە ئاگەدارین، ژێدەرە مێژوویەکانیش هیچیان باسی ئەوەیان نەکردووە کە نەوەیەکی خەلیفە عوسمان هاتبێتە کوردستان و نیشتەجێ بووبێت، ئەوەندە هەیە لە دەستپێکی سەردەمی عوسمانیدا ماڵباتێکی کورد دەرکەوتوون کە بە(خادم السجادة) دەناسرێن وخۆیان بە نەوەی ئەبانی کوڕی خەلیفە عوسمان دەزانن و گوایە ئەو بەرماڵەی لەکنیانە هەمان بەرماڵی پێغەمبەرە (د.خ) کە بەخشی بووی بە خەلیفە عوسمان و پاشان بۆ ئەبانی کوڕی ماوبووە.

لە راستی دا زانیاری وا دەستەوە نییە رووناکی بخرێتە سەر ئەم بابەتە، ئەمە لە دەمێک دا زۆربەی بنەماڵە ئایینی و رۆشەنبیریەکانی شارەزوور و هەورامان خۆیان بە سەیید دادەنا و بنەچەی خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ ئالی بەیت(ال البیت)(١١).

### سێهەم:-فخرالدین ئیبراهیمی کوڕی میکائیل (نیوەی دووەمی سەدەی ٧ک/١٣ز):

هیچ هەواڵ وپێزانینێک دەربارەی میکائیلی کوڕی ئیسماعیلی گۆرانی بەردەست نییە و روون نییە کەنگی و لەکوێ ژیاوە؟ ئایا پاش مردنی باوکی لەشامەوە گەڕاوەتەوە کوردستان یان بەخۆی هەر لە کوردستان ماوەتەوە و یاوەری باوکی نەبووە؟.

بەڵام دەزانین کە فخر الدین ئیبراهیمی کوڕی میکائیل کە دەبێتە نەوەی ئیسماعیلی گۆرانی، ڕێبەرێکی ئایینی پایەبەرز و خانەدان بووە و یەکەم کەسی ئەم بنەماڵەیەیە کە لە کوردستان ناسراوە و ئەم بەپێچەوانەی باپیریەوە، زێدی خۆی جێنەهێشتووە وخەریکی بڵاوکردنەوەی دینداری وخوداناسی بووە لە دەڤەرەکانی دەربەند و دەرەتەنگ و پاوە و کۆمەڵێکی زۆری لە لایەنگر و موریدی هەبووە، خەرقەی صوفێتی پۆشیوە و بە شێخی چیاکان(شیخ الجبال)-کە مەبەست چیاکانی کوردستانی رۆژهەڵاتە-ناوبراوە ، تا وای لێهاتووە بووە بە پێشەوای رێبازێکی صوفیگەریی تایبەت و تەنها یەک هەواڵی لەسەر هەیە و بەمەزندە لەدەوروبەری ساڵی ٧٠٠ک/١٣٠٠ز مردووە(١٢).

### چوارەم: قطب الدین میکائیلی کوڕی فخر الدین ئیبراهیم(پیر میکائیل):

پاش مردنی فخرالدین ئیبراهیم، میکائیلی کوڕی جێی گرتووتەوە و ئەم لە باب و باپیرانی پتر ناسراوە و رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە چەسپاندن و بڵاوکرنەوەی هزر و بیرۆباوەڕی صۆفیگەری لە شار و دێهاتەکانی هەورامان و شارەزوور و وخاوەن پایە و مەقامی بڵند بووە وهەر بۆیە لەنێو جەماوەری شوێنکەوتوو و باوەڕدانی نازناوی پیری پیبەخشراوە و بە پیر میکائیل ناسراوە. نازناوی (قطب الدین) یشی لێ نراوە کە دەشین بڵێن نیشانە و ئاماژەیەکی دیە لەسەر ئەو پلەو پایەی پێگەیشتووە..

هاوکات بە میکائیلی شەش ئەنگوشت ناسراوە و نازانرێت ئەم ناوە لەوەوە هاتووە کە بە زگماک وا بووە و لە دەستێکی شەش پەنجەی هەبووە(١٣) یان بەوەی ئەوەوە بووە مرۆڤێکی جوامێر و دەسترەنگین بووە لە بوارە زانستی و ئایینەکاندا. لە هەواڵە زارەکیەکاندا کە دەماودەم گێڕدراوەتەوە وگەیشتووەتە دەست مەلا عبدالکریمی مودەڕیس، هاتووە کە پیر میکائیل لە ساڵی (٧٣٨ک/١٣٣٧ز) کۆچیکردووە بۆ ناوچەی جوانرۆ و لە دێی دەودان دانیشتووە(١٤)، بەڵام ئەم هەواڵە دوورە لە راستیەوە و پیر میکائیل و باب وباپیرانی لایەنی کەم لە سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەهەمی زایینیەوە دانیشتووی ئەو ناوچەیە بوون..

وا دیارە پیر میکائیل بۆ سۆراخکردنی بنەچەی باب وباپیرانی و تۆمارکردن و چەسپاندنی نەژادی عوسمانی یان ، ساڵی ٧١٠ک/١٣١٠ز چووەتە بەغدا و سەردان وهاتوچۆی مێژوونوسی شارەزا لە ئەنساب و بەرەبابەکان(ابن الفوطی) (م:٧٢٣ک/١٣٢٣ز) کردووە، ئەویش شەجەرەی بنەماڵەکەی بۆ نووسیوەتەوە و عوسمانیبوونی بۆ سەلماندووە و بە پیری چیاکان (شیخ الجبال) وەصفیکرووە(١٥).

ئەوەی لەو دوو کورتە هەواڵەی لەمەڕ پیر میکائیل وئیبراهیمی باوکی دا جێگەی سەرنج و رامانە، ئەوەیە کە ئەو بەیەکجاری دەستبەرداری گۆرانی بوون وکوردبوونی خۆی بووە وخۆی و فخر الدین ئیبراهیمی باوکی بە ئومەوی و عوسمانی گرێداوە، بە واتایەکی لە دەمێکدا ئیسماعیلی باپیرە گەورەی بە(العثمانی الکورانی الکردی) خۆی بە(ابن العدیم) ناساندووە، ئەم خۆی و باوکی لەکن(ابن الفوطی) بە(العثمانی الاموی)داناوە و وا دیارە نکووڵی لە کوردبوونی بنەماڵەکەی کردووە.

لە لایەکی دیکەوە، پیرمیکائیل هێندە پایەبەرز و ناودار بوو، تەنانەت لەکن نووسەرانی ئەهلی حەق- یارەسانەوەش- ناسراو بوو، گوایە هاودەمی سوڵتان سەهاک-ئیسحاق -بووە ودیارە سەرەتا دژایەتی سوڵتان سەهاکی کردووە ونەیهیشتووە لە بەرزنجەی شارەزورەوە بگوازێتەوە ناوچەکانی ژێر هەژموونی وگوایە بووەتە گەنگەشە و دەمەقاڵێیان، وەلێ دواتر پاشگەزبووەتەوە و تەنانەت گیرۆدەی بیروباوەڕی بووە و رازی بووە پردیوەری سەر روباری سیروان ئاوەدان بکاتەوە وبیکاتە بنکەی رێبازەکەی(١٦).

لە کتێبی سەرئەنجامیش شیعری هەڵبەستراوی دراوەتە پاڵ، هەروەها لە دەستنووسێکی ئەلی هەقیشدا تەمەنی بە نێوان ساڵانی(٦٥٨-٧٣٦ک/ ١٢٦٠-١٣٣٦ز) خەمڵێنراوە(١٧). لە راستیدا ئەم دەستنیشانکردنە رەنگە ئەوەندە لە راستیەوە دوورنەبێت و دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت و دووریش نییە تەواو راست بێت و لەگەڵ ئاخافتنی (ابن الفوطی) هاودەمی پیرمیکائیل یەکدەگرێتەوە. شایەنی باسە گۆڕ و گڵکۆی پیر میکائیل تا ئێستاش ماوە و لە گوندی دەوان-دەودانی نێوان پاوە وجوانڕۆیە(١٨).

### پێنجەم-جافی میکائیلی:

لە دوای مردنی پیر میکائیل-سەدەی٨ک/١٤ز- تا دەرکەوتن و ناوداربوونی مەولانا خالید – سەدەی ١٣ک/١٩ز- واتە نزیکەی چوار سەدەیەک بە ئاگاداری ئێمە و بە گوێرەی گەڕان و سۆراخی هەموو ئەو کەسانەی دەربارەی ماڵباتی مەولانا خالید ئاخافتوون، هەندە هەواڵ و زانیاری لەبەردەست دا نییە و باوەڕ ناکرێت بەڵگەنامەکانی عوسمانیش کە زۆریان بڵاوکراونەتەوە شتێکی وایان تێدا بێت دەرهەق ئەم بنەماڵەیە(١٩).

بەڵام لە ئاست فەرامۆشکرنی سەرگوزشتە وبەسەرهاتی ئەم بنەماڵەیە لە لایەن سەرچاوەکانەوە، یادگاری و پایەبەرزیی پیر میکائیل لە ناو خەڵکی ناوچەکە هەر مابوو و دیارە وەک شێخ و رێبەرێکی ئەم بزاڤە صۆفیگەریە پتر لە گوند و ئاواییەکان سەرقاڵی دینداری وخزمەتی زانست و ئایین بووە و بووەتە پێشەوا و رێنوێنی خەڵکانی سادە و ڕەمەکی و خۆی ونەوەکانی هەندە توخنی سیاسەت ودنیاداری نەبوونە و رەنگە ئەمەش پاساوی ناو نەهێنانیان بێت لە سەرچاوە وبەڵگەنامەیەک نەهاتووە. ئەوەش دەزانین و پیران و رێبەرانی ئەم بنەماڵەیە و شوێنکەوتووان و مریدانیان خەرقەی پۆشیوە(٢٠)، تەنانەت ئیسماعیلی گۆرانی فەرەنجیەکی خوریینی بەخشیە (ابن العدیم)ی هاورێی(٢١).

دواتر نەوە و مورید و لایەنگرانی پیر میکائیل وەکو خێڵێکیان لێهاتووە کە بە میکائیلی دەناسرێن و ئێستا لقێکن لە هۆزی مەزن و بەربڵاوی جاف و لە چەند شوێنی شارەزور و هەورامان ئاکنجین و دیارە باپیرانی مەولانا خالید هاتوونەتە قەرەداغ .

**پاشكۆ(١)**

باپیرانی مەولانا خالید لە سەرچاوەکاندا

- اسماعيل بن علي بن محمد العثماني الكوراني الكردي، شيخ حسن صالح متعفف منقطع عن أهل الدنيا يأمر بالمعروف وينهى عن المنكر، قدم علينا حلب وأقام مدة طويلة في مسجد باب الأربعين لا يخالط أحدا من أرباب الدنيا ولم يقبل من أحد من الملوك صلة وكان يغلظ لهم في الأقوال ويخشن عليهم في الموعظة والنهي عن الظلم والتقريع لهم على ذلك.

سمع بحلب من القاضي أبي الحسن أحمد بن محمد بن الطرسوسي وحدث عنه بدمشق شيخنا أبا بكر عبد الله بن عمر القرشي واجتمعت به مرارا متعددة بحلب وبدمشق وصار بيني وبينه ود ومؤانسة ولم يتفق لي سماع شيء منه ووهبني فرجية من صوف من ملابسه.

وتوفي بدمشق ليلة السبت ثامن عشر شعبان سنة أربع وأربعين وستمائة ودفن بظاهرها في مقابر الصوفية رحمه الله (٢٢).

- إسماعيل بن علي بن محمد الكوراني، الزاهد، المقيم بمقصورة الحنفية من الجامع. كان زاهدا عابدا، أمارا بالمعرو ، كبير القدر. وكان يغلظ للملوك وينصحهم وينكر عليهم، ولا يقبل صلتهم. سمع بحلب من: أبي الحسن أحمد بن محمد بن الطرسوسي. وحدث. وتوفي بدمشق في ثامن عشر شعبان، ودفن بمقابر الصوفية، وشيعه خلق(٢٣).

- فخر الدين أبو محمد ابراهيم بن ميكائيل بن اسماعيل بن علي العثماني شيخ الجبال من مشايخ الجبال والدربند مما يلي حلوان ودرتنك وباوة وله نسب متصل بأمير المؤمنين ذي النورين عثمان بن عفان الأموي وقدم ولده قطب الدين الى بغداد وكتبت له نسبه وهو الآن بيده (٢٤).

- قطب الدين ميكائيل بن إبراهيم بن ميكائيل الأموي شيخ الجبال. هو من شيوخ الجبال المجاورة لحلوان ودرتنك ولهم جماعة كثيرة ينتسبون اليهم وأهل تلك الجبال والبراري ينتمون في الخرقة اليهم، ولهم صيت منتشر هناك، قدم بغداد سنة عشر وسبعمائة وله نسب الى عثمان بن عفان، وتردد إلي (٢٥).

**پاشكۆ(٢)**

گۆڕی پیر میكائیلی جاف لە گوندی دەودان- شارستانی پاوە



## پەراوێزەکان:

١- بڕوانە :جواد فقی علی الجومحیدری، مولانا خالد النقشبندی ومنهجە فی التصوف، دار الکتب العلمیە(بیروت:٢٠١٦)، ص٦-٩.

٢- ابن عابدین، سل الحسام الهندی لنصرة مولانا خالد النقشبندی، ص٥٩، ابراهیم فصیح الحیدری، المجد التالد فی مناقب خالد، مطبعة العامرة ، ص٣٧. إبن البیطار، حلیة البشر في تاریخ القرن الثالث عشر،٥٧٠/١-٥٧١.

٣- عبدالکریم محمد المدرس، علماؤنا فی خدمة العلم والدین، عنی بنشره: محمد علی القرداغي، دار الحریة للطباعة (بغداد:١٩٨٣)، ص ١٨٥.

٤- یادی مەردان، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس (هەولێر:٢٠١١) ،ل٩.

٥- نزار إباظة ،الشیخ خالد النقشبندی العالم المجدد،حیاتە وأهم مؤلفاتە، دار الفکر المعاصر (بیروت:١٩٩٤) ،ص٩ ، الجومحیدری، مولانا خالد النقشبندی، ص٢٧-٢٨، هەردی صابر، پوختەیەک لە ژیاننامەی ڕابەر و زانای گەورە مەولانا خالد نەقشبەندی، چاپی یەکەم، ڕێنوین(سلێمانی: ٢٠١٨) ،ل٩.

٦- الذهبي، تأریخ الإسلام ،٢٤٥/٢٧-٢٤٦.

٧- ابن العدیم ، بغیە الطلب فی تأریخ حلب، ١٧١٨/٤، الذهبي، العبر فی خبر من غبر،٢٥١/٣، الیافعی، مریة الجنان وعبرة الیقظان،١١٢/٤.

٨- ابن العدیم ، بغیە الطلب فی تأریخ حلب ، ١٧١٨/٤.

٩- ابن العدیم ، بغیە الطلب، ١٧١٨/٤.

١٠- مجمع الاداب فی مجمع الالقاب ،٣/ ٤٨٨.

١١- بڕوانە: مەلا عبدالکریمی مدرس، بنەماڵەی زانیاران،چاپخانی شەفیق (بەغدا:١٩٨٤).

١٢- مجمع الاداب فی مجمع الالقاب ،٥٢٣/٢-٥٢٤.

١٣- ابن عابدین ،سل الحسام الهندی لنصرة مولانا خالد النقشبندی ،ص٥٩.

١٤- یادی مەردان ، چاپی دووەم ، دەزگای ئاراس (هەولێر:٢٠١١) ،ل٩.

١٥- مجمع الاداب فی معجم الالقاب ،٥٢٤/٢ .

١٦- نوسەر و لێکۆڵەر :محەمەد ڕەشیدی ئەمینی دانیشتووی شاری پاوە و شارەزا لە ئەدەبیاتی ماچۆیی بە سوپاسەوە میوانداریی کردین و یاوەر و ڕێنوێنمان بوو لە سەردانیی هەردوو مەزاری سوڵتان سەهاک و کۆسەی هەجیج لە ڕۆژی ١٨-٣-٢٠١٨ ، گوتی وا دەگێڕنەوە کە سوڵتان سەهاک وپیر میکائیل لەبەرانبەر یەکدی و لەمبەر و ئەوبەری زێی سیروان لە سەرووی مەزاری سوڵتان سەهاک ،دەمەقاڵەیان بووە و گفتوگۆیان کردووە.

١٧- هاشم کاکەیی، ئەستیرەگەشەکەی ئاسمانی شارەزور سوڵتان سەهاک، بەشی یەکەم، گۆڤاری کاروان، ژ(٦١)، (کانوونی یەکەم :١٩٨٧)، ل١٠٢-١٠٣.

١٨- لەڕۆژی ١٩-٣-٢٠١٨ بە مەبەستی زیارەتی گۆڕی پیر میکائیل سەردانی گوندی دەودانم کرد.

١٩- بڕوانە : هەردی صابر ، پوختەیەک لە ژیاننامەی ڕابەر و زانای گەورە مەولانا خالد نەقشبەندی ، چاپی یەکەم ، ڕێنوین ، ( سلێمانی : ٢٠١٨).

٢٠- مجمع الاداب فی معجم الالقاب ، ٤٨٨/٣.

٢١- بغیة الطلب في تأریخ حلب ،١٧١٨/٤.

٢٢- ابن العدیم ،بغیە الطلب فی تأریخ حلب ،١٧١٨/٤.

٢٣- الذهبی، تأریخ الإسلام ،٢٤٥/٢٧-٢٤٦.

٢٤- بن الفوطی ، مجمع الاداب فی معجم الالقاب ،٥٢٣/٢-٥٢٤.

٢٥- مجمع الاداب فی معجم الالقاب، ٤٨٨/٣.

## سەرچاوەکان:


– إبن البيطار،عبد الرزاق بن حسن بن إبراهيم الميداني (ت: ١٩١٧م).
– حلية البشر في تاريخ القرن الثالث عشر ، دار صادر (بيروت :١٩٩٣).
–الحيدري،ابراهيم فصيح(ت:١٨٨٢م).
–المجد التالد في مناقب خالد،مطبعة العامرة (استانبول:١٢٩٢هـ).
–الذهبي شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز (ت: ٧٤٨هـ/١٣٤٧م)
– تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام،تحقيق: عمر عبد السلام التدمري دار الكتاب العربي(بيروت:١٩٩٣).
– ابن عابدين،محمد أمين بن عبدالعزيز (ت: ١٨٣٦م).
–سل الحسام الهندي لنصرة مولانا خالد النقشبندي،مطبعة آراس(أربيل:٢٠٠٩).
–عبدالكريم المدرس،علماؤنا في خدمة العلم والدين،عني بنشره محمد علي القرداغي، دار الحرية للطباعة(بغداد:١٩٨٣).
–ابن العديم ،كمال الدين عمر بن أحمد (ت:٦٦٠هـ/١٢٦٢م).
–بغية الطلب في تاريخ حلب ،تحقيق د. سهيل زكار،دار الفكر(بيروت:؟).
–ابن الفوطي، كمال الدين عبدالرزاق بن احمد الشيباني (ت:٧٢٥هـ/١٣٢٣م).
–مجمع الآداب في معجم الألقاب، تحقيق: محمد الكاظم(طهران: ١٤١٦هـ).
–نزار إباظة، الشيخ خالد النقشبندي العالم المجدد،حياته وأهم مؤلفاته، دار الفكر المعاصر(بيروت:١٩٩٤).
–الوائلي، عثمان بن سند البصري (ت ١٢٤٢ هـ/١٨٢٦م)
–رأصفى الموارد من سلسال أحوال الإمام خالد،المطبعة العلمية(القاهرة: ١٨٩٦).
– اليافعي، عبد الله بن أسعد بن علي بن سليمان (ت:٧٦٨هـ/١٣٦٧م).
– مرآة الجنان وعبرة اليقظان ، دار الكتاب الإسلامي (القاهرة:١٩٩٣).
– هەردی صابر، پوختەیەک لە ژیاننامەی ڕابەر وزانای گەورە مەولانا خالد نەقشبەندی ، چاپی یەکەم ، ڕێنوین (سلێمانی: ٢٠١٨).
–هاشم کاکەیی، ئەستێرەگەشەکەی ئاسمانی شارەزور سوڵتان سەهاک، بەشی یەکەم، گۆڤاری کاروان، ژ (٦١)، (کانوونی یەکەم :١٩٨٧).



# هەڵوەستە لە ئاستی بەیتێکی «مەحوی»دا

عەبدوڵڵا قەرەداغی

لە سەرەتای ئاشناییمەوە لەگەڵ شیعری "مەحوی" لێکدانەوەی هێندێک لە بەیتەکانی ئەو شاعیرەم بەلاوە جێی سەرنج بووە، بەڵام هەمیشەش لە ئاستی هەر بەیتێکیاندا بێدەنگ ماوم تا ئەو کاتەی پێموابووە دەروازەیەکی گونجاوتری لێکدانەوەم دۆزیوەتەوە. یەکێک لەو بەیتانە ئەمە بوو:

**دووری مەبینــە تۆ لە کەریــمی بەها نەجۆ**
**هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشێ بە (بولوفا)**
**مەحوی ١٩٨٤، ٤أ/ ١١**

هەڵوەستەی من لە ئاستی ناوی (بولوفا – أبو الوفا – بولوەفا) دا بووە، بەڵام خوێندنەوەی جیاوازیشم بۆ دوو وشەی نیمچە لێکدراو و بە یەک وشە کراوی (بەها نەجۆ) هەیە و، پێموایە دەکرێ، بەڵکو گونجاوتریشە، بەم ڕێنووسە بێت: (بەهانە جۆ)، بە مانای "ئەو کەسەی بۆ بیانوو دەگەڕێ ». بەم شێوەیەش، مانای گشتیی بەیتەکە دەبێ ئاوەها لێکبدرێتەوە: "تۆ بە دووری مەزانە ئەو خودا بەخشندەیەی بۆ بیانوو دەگەڕێت تا لە بەندەکانی خۆش ببێ، سەرجەمی کوردان ببەخشێ بە "بولوەفا" و گەردنیان لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار بکات ». پاساوی ئەم لێکدانەوەیەم ئەوەیە کە "بەها نەجۆ»، واتە ئەوەی بۆ نرخ ناگەڕێ، یا داوای نرخ ناکات، لێکدابڕانێک لەگەڵ چەمکی بەشبەخشین بە کەسێک دروست دەکات، چونکە ئەو کەسە لە بناغەدا دەبێ کارێکی ئاوەهای کردبێت و، شوێن و پایەیەکی ئەوتۆی هەبێ کە شایانی بەخشینی خەڵکی بێت بەو. واتە توانای شەفاعەت کردنی ڕێگەپێدراو و لێ قەبووڵکراوی هەبێت. ئەو خەڵکەش کە ئەو شەفاعەتیان بۆ بکات و لێی وەربگیرێ، ئەگەر هێندە زۆر بن کە میللەتێکی دەیان ملیۆنیی وەکو کورد بێت، ئەوا دەبێ چ پایەیەکی هەبێت؟.

هەڵبەتە جێی خۆیەتی بیر، لە لێکدانەوەی ناوی "بولوفا" وا بکرێتەوە کە مەبەست هەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بێت. چونکە هەر ئەو شەفاعەتکاری ئێجگار گەورە و سەرداری ئەو ئوممەتەیە کە کورد بەشێکێتی. لە خودی ئەو غەزەلە ٩ بەیتییەدا، لانی کەم، سێ بەیت هەن ئاشکرا بۆ ئەو زاتە نوسراون، کە ئەمانەن:

**عەفــوم کە (یا عفو) بە حەق جاهی ئەو شــەهە**
**ئایــەی عولــووی جــاهی ئەوە ئایــەتی (عفا)**

**مەحموودی (في الســما)یە، حەبیبی خودایە ئەو**
**مەقبوولی بارەگــاه، ئەوە موختــار و موصطەفا**

**"صلــی علیــە إلاهنــا ما یلیــق بـــە"**
**"مع صحبــە وآلــە والأهــل ذي الصفــا»**
**مەحوی ٤أ/ ٥ تا ٧، ١٢**

بەڵام جوداکردنەوەی "کورد"بە تەنێ، لەنێو سەرجەم موسڵمانان ناگونجێ لەگەڵ چەمکی "ڕەحمەتی ڕەها"ی هەڵێنجراو لە ئایەتی پیرۆزی [وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ، الأنبياء ١٠٧]، واتە : «ئێمە تۆمان تەنها وەکو ڕەحمەت بۆ هەموو جیهانیان نارد»، کە تەنانەت غەیری موسڵمانیش دەگرێتەوە، چ جای ئەوەی کورد لە تێکڕای میللەتان جودا بکرێتەوە!. هەڵبەتە ئەگەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە کورد زانرابایە، ئەوا ڕەنگە پاساوێک بۆ ئەو شێوە بۆچوونە هەبا، بەڵام ماتۆستایانی لێکدەرەوەی دیوانیش شتی ئاوەهایان نەگوتووە. خودی شاعیریش لە بەیتێکی چامە –قصیدة–ی "عقد العقائد – دەڵێ:

**یەعنــی پەیەمبەری عەرەبی، هاشــمی نەســەب**
**ئەحمــەد لە ئاســمان و، موحەممەد لە ســەرزەمین**
**عقد العقائد ٤٤/ ٣٧٩**

بۆیە بەندە ئەم ئەگەری لێکدانەوەیە بە دوور دەزانم. دوەمین ئەگەری لێکدانەوە، کە ماتۆستایان بۆی چوون، ئەمەیە: "دووریش نییە ئیشارەتێکی تێدا بێ بۆ (أبو الوفا) ی کوڕی شێخی سیراجەددینی تەوێڵە کە مەحوی خۆی خەلیفەی شێخی سیراجەددین بووە، لەبەر ئەوەی کە کوردە

و یەکێکە لە خاسانی خوا، پەراوێزی هەمان بەیت، ل ١١». لێرەدا مەرجی کوردبوونی ئەو پیاوچاکە هەیە و، بە کردەوەش کوڕی ڕێبەرێکی ناسراو و پایەبەرزی تەریقەتی نەقشبەندییە لە کوردستاندا و، ئەوەی لێیشی دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە کە پیاوێکی خوداویست و دوور لە دنیا و، تەنانەت دور لە شوێنە بەرچاو و جەنجاڵەکانی زیکر و ڕێوڕەسمی باوی تەریقەتیش لەو ناوچەیەدا بووە. بەڵام ئایا ئەم گشتاندنەی شەفاعەتکاریی پیاوچاکێکی یەکێک لە تەریقەتەکان، ئەویش کە خودی ڕێبەر نەبێ، بۆ هەموو کورد – کە پەیڕەوانی چەندین تەریقەتی تەنها لەنێو موسڵمانانیدا هەیە – پاساوی گونجاوی هەیە؟.

پێموایە وەڵامی هەر کەسێک بۆ ئەم پرسیارە هەر «نەخێر» دەبێ. چونکە لەلایەکەوە چەمکی شەفاعەت لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە و شەرعیشدا سنووری خۆی هەیە و، شاعیرێکی وەکو «مەحوی»ش، کە خۆی مەلای باش بووە، لەم مەسەلەیە بێئاگا نییە. لەلای دیکەشەوە کورد موسڵمان و ناموسڵمانیشی تێدایە و، شەفاعەت کردن و بەخشینی تێکڕایان بە شەفاعەتی تاکەکەسێک، هەر پایەیەکیشی هەبێ، بەپێی هەمان ئەو پیوەرانەی ئاماژەیان بۆ کرا، مەحاڵە. هەڵبەتە نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێ کە شاعیر «دووری مەبینە"ی بەکار هێناوە، واتە «ئەگەری ڕوودانی هەیە»، یا «بە مەحاڵی مەزانە». کە مەسەلەکە دوور دەخاتەوە لە بە حەتمی زانینی ئەو ئەگەرە. کوردیش ئەو جۆرە بەکارهێنانە پتر بۆ دەرخستنی بەرزیی پایەی شەفاعەتکار – لەم حاڵەتەدا – دەخاتە کار. کەواتە: دەبێ ئەم «بولوفا – أبو الوفا»یە کێ بێت کە مەحوی"ئەو پایە بەرزەی پێ ڕەوا بینیوە؟.

پێش ماوەیەک و، لە میانی کۆششی گەڕانم بۆ دۆزینەوەی سەرەدەزوویەک بۆ ئەو"کورد"ەی شاعیری گەورەی هەشتەمین سەدەی کۆچیی (محمد شیرین شمس مغربی/ی تەبریزی، ٧٤٩؟ – ٨٠٩ ک) گوتوویەتی، کە ئەم بەیتە سەرەتایەکەیەتی:

**این کرد پری چهره ندانم که چه کرد است**
**کز جملــــهء خوبان جهــان گوی ببردســـت**
**مغربی ١٣٧٢ هـ ش.، ٣٩**

واتە: «ئەم کوردە پەریشێوەیە نازانم چ کوردێکە، کە لە تێکڕای چاکانی جیهان گۆی پێشکەوتنی بردۆتەوە». چاوم بە بابەتێکی مامۆستا (شەپۆل – محمد صالح ئیبراهیمی) کەوت، دووەمین بەشی لە (پرتال جامع علوم إنسانی – ensani.ir)دا بڵاو کردبووەوە، ئەو کوردەی بە (تاج الدین أبو الوفا، ٤١٧ – ٥٠١ ک) دەزانی. هەڵبەتە، وێڕای جیاوازیی تەواوی بۆچوونم لەگەڵ مامۆستا شەپۆل، لەم ڕووەوە، بەڵام بابەتەکەی دەروازەی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاوی بۆ مەبەستی بەیتێکی شاعیری داهێنەری هیندستان – ئەفغانستانی ئێستا – *(سەنایی غەزنەوی، أبو المجد مجدود بن آدم، ٤٧٣ – ٥٤٤ک، ١٠٨٠ – ١١٣١ز) بۆ کردمەوە، کە ئەمەیە:

**قرن ها باید كه تا أز ثُشت آدم نُطفة اي**
**بولوَفاي كُــرد طردد يا شَـــوَد وَيْسِ قَرَن**

**سنایی ١٣٣٦، ٢٥٨. ١٣٨٠، ٤٨٦ و ١٣٨١، ٢٥٣**

واتە «چەندین سەدە – چەند سەد ساڵێک – دەخایەنێ تا لە پشتی ئادەم، لە نەوەکانی حەزرەتی ئادەم علیە السلام – دا نوتفە – چۆرە ئاوێکی نێرینە – بولوەفای کوردی لێ بێتە بار، یا ببێتە وەیسی قەرەن –». خۆ ئەگەر لە مانای تێکڕای خودی بەیتەکەشەوە بەراوردێک بکەین، بەو مەرجەی بزانین (وەیسی قەرەن – أویس القرني، أویس بن عامر بن جزء بن مالك بن عمرو، کۆچکردووی ٣٧ ک/ ٦٥٨ ز) کێیە، بۆمان دەردەکەوێ ئەم"بولوەفای کورد"ەش لای سەنایی دەبێ چ پایەیەکی هەبووبێ.

بەڵام با بزانین ئوەیس – وەیس – ی قەرەنی کێیە و چ پایەیەکی هەیە. پێشموایە ئەو پیاوچاکەی کورد پێی دەڵێ"وەیس"هەر ئەم پیاوەیە، بەڵام ئەو ئارامگا – مەرقەد – انەی لێرە و ئەوێی کوردستان وا باس کراوە گوایە هی ئەوە، ڕاست نییە چونکە ئارامگەی ئەو لە شاری"ڕەققە"ی سووریادایە و، لە جەنگی"صەففین «، ساڵی ٣٥ ی کۆچی، دا شەهید بووە.

ئووەیس لە فەرموودەدا:

لە فەرموودە ڕاستەکانی نێو موسلیم/دا، لەسەر زاری (أُسَیْر بن جابر، چەند ناوێکی دیکەی وەکو یسیر بن عمرو، أسیربن عمرو، یسیر بن عمرو بن جابر، بەڵام بە أسیر بەناوبانگترە، هێندێک گومان دەکەن لەوەی لە یارانی پێغەمبەر – صلی الله علیه وسلم – بووە، هێندێکیش دەڵێن لەو سەردەمەدا یازدە ساڵان بووە)، دەگێڕێتەوە:"خەڵکی کووفە هاتنە خزمەتی عومەر – رضي الله عنه – و پیاوێکیان تێدا بوو لەوانەی گاڵتەیان بە ئووەیس دەکرد، عومەر گوتی: کەستان لە قەرەنییەکان تێدایە؟، ئەو پیاوە هاتە لای، عومەر گوتی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم گوتوویەتی: پیاوێکی خەڵکی یەمەن دێتە لاتان، ناوی ئووەیس/ ە، لە یەمەندا جگە لە دایکێک کەسی نییە، سپێتی – شێوە گەڕی – یەکی هەبوو لە خوا پاڕایەوە لایبرد جگە لە پەڵەیەکی هێندەی شوێنی دینار یا درهەم/ ێک، هەر کەسێک بینیی با داوای پارونەوە بۆ لێخۆشبوونی لەلایەن خواوە لێ بکات، مسلم ١؟، ٧/ ١٧٧ ح ٦٦٥٤ و مسلم ٢؟، ٤/ ١٩٦٨، ح ٢٥٤٢ و البغوي ١٤٠٣ هـ ١٤/ ٢٠٥ ح ٤٠٠٥». خودی ئوسەیر بن جابر دەگێڕێتەوە:"لە کووفە گوێمان لە پیاوێک بوو قسەی بۆ دەکردین. کە پیاوان بڵاوەیان لێ کرد چەند پیاوێک مانەوە لە نێوانیاندا پیاوێک هەبوو کەسم نەبیستووە ئەو قسەیانەی ئەوی کردبێ. چووە دڵمەوە و لە دڵمدا جێی خۆی کردەوە. کە لەو خولیایانەی خۆمدا بووم ونم کرد. بە یارانی خۆم گوت: ئەو پیاوەی ئاوەها و ئاوەها بوو و لەگەڵمان دانیشتبوو، هیچ کەسێکتان دەیناسی؟، پیاوێک گوتی: بەڵێ، ئەوە ئووەیسی قەرەنییە. گوتم ئایا ماڵەکەیم پیشان دەدەی؟. گوتی: بەڵێ. پێکەوە کەوتینە ڕێ تا بەقەد ڕمێک لێی نزیک بوومەوە و، دەرچوو. گوتم: برا، چی ڕێی لێ گرتی بێیتە لامان؟، گوتی: ڕووت و ڕەجاڵی. هیچم نەبوو بیپۆشم و بێمە لاتان. منیش جلێکم لەبەر بوو، بۆم داکەند و گوتم: ئەمە لەبەر کە. گوتی: ئەوەم لەگەڵ مەکە. ئەگەر ئەم جلە لەبەر کەم ئازارم دەدەن. زۆرم لەگەڵ گوت تا لەبەری کرد پاشان گوتی: لەبەری کرد و دەرچوو بۆ لایان، گوتیان کێی بۆ ئەم جلەی هەڵخەڵەتاندووە؟. هات دایکەنێ، ڕووم لێ کردن و گوتم: چیتان لەم پیاوە داوە؟، ئازارتان دا، جارێک جل لەبەر دەکا و جارێک ڕووت دەکرێتەوە. ئیدی بە توندی هاتمە سەریان. گوتی: پیاوێک لە یارانی، ئەوەی گاڵتەی پێ دەکرد لێم یاخی بوو. وەفدێکی خەڵکی کووفە هاتنە لای عومەر – کوڕی خەططاب خوای لێ ڕازی بێ – و ئەو پیاوەشیان لەگەڵ بوو. – لێرەدا فەرموودەکەی پێشووی گێڕایەوە – گوتی: ئەوا ئەوە وا هات. گوتم: تۆ کێی؟، گوتی: من ئووەیس/ م، گوتم: کێت لە یەمەن بەجێهێشتووە؟، گوتی: دایکم، گوتم: سپێتییەکت هەبوو، لە خوا پاڕایتەوە جگە لە هێندەی شوێنی دینارێک یا شوێنی درهەمێکی لە لەشتدا لێی بەجێ نەهێشت؟، گوتی: بەڵێ. گوتم: لە خوا بپاڕێوە تا لێم خۆش ببێ، گوتی: میری موسڵمانان کەسی وەکو من بۆ کەسی وەکو تۆ بپاڕێتەوە؟، گوتی: گوتم: تۆ برامی، لێم جودا نابیتەوە. گوتی: لێم ڕزگار بوو. ئاگادار کرامەوە کە وەفدی کووفە هاتوتە لاتان. گوتی: پیاوەکە سووکایەتیی پێ دەکرد لەسەر ئەوەی عومەر لەبارەیەوە فەرمووی. گوتم: ئەوەی دەیڵێی لەنێو ئێمەدا نییە و ئێمە ئەوە نازانین. عومەر گوتی: بەڵێ، ئەو – واتە ئووەیس – پیاوێکی ئاوەهایە. پیاوەکە – ئەوەی گاڵتەی پێ دەکرد – پەشیمان بووەوە و گوتی: کە گاڵتەی پێ

دەکەین پێی دەگوترێ ئوەیس، گوتی: خۆیەتی، خۆیەتی، تێ بگە و پێموایە تێی ناگەی. گوتی: پیاوەکە هات و چوە لای پێش ئەوەی کەسوکاری بێن. ئووەیس گوتی: تۆ وا نەبووی، چیت بەسەر هاتووە؟ پیاوەکە گوتی: خوات وەبیر دێنمەوە. عومەرم بینی ئاوەها و ئاوەهای گوت. لە خوا بپارێوە لێم خۆش ببێ. گوتی: بۆت ناپاڕێمەوە تا بەڵێنم نەدەیتێ چیدی گاڵتەم پێ ناکەیتەوە ئەوەی لە عومەر/ یشت بیستووە بۆ کەسی نەگێڕیتەوە. گوتی: وا بەڵێنم دایتێ. گوتی: بۆی پاڕایەوە. ئوسەیر گوتی: زۆری پێ نەچوو باسەکەی بە کووفەدا بڵاو بووەوە. هاتمە لای و گوتم: برایەکەم وام نەدەزانی تۆ ئەم پیاوە سەیرەیت و ئێمەش هەستمان پێی نەکردبوو. گوتی: نەدەبو ئەمە ڕوو بدا – نەدەبوو کەس پێی بزانێ – و لەنێو خەڵکدا بڵاوی بکەیتەوە. هەر بەندەیەکیش تەنها بە کاری خۆی پاداش دەکرێ و سزا دەدرێ. کە باسەکەش بڵاو بووەوە هەڵات و خۆی شاردەوە، إبن المبارك ١٤٠٧هـ ١/ ١٩ ح ٣٤». هەمان چیرۆک، بەڵام بە داڕشتنێکی جیاواز، ئیمامی نەوەوی (أبو زكريا يحيى بن شرف الحزامي الشافعي، ٦٣١ – ٦٧٦، ١٢٣٣ – ١٢٧٧) لە شەرحەکەی فەرمووده ڕاستەکانی موسلیم/ ەوە دەیگێڕێتەوە و، لەبارەی گاڵتە پێکردنی لەلایەن کابرای خەڵکی کووفەوە و بێدەنگیی ئووەیس بەرانبەری، دەڵێ:"ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە حاڵی خۆی دەشارێتەوە و، ئەو ڕازەش دەشارێتەوە کە لەنێوان خۆی و خوای خۆیدایە و، هیچ شتێکیش ناخاتە ڕوو کە ببێتە بەڵگەی ئەوە. ئەمە ڕێگەی خواناسان و وەلییە تایبەتەکانی خوایە و، خوایان لێ ڕازی بێت، النووي ١٣٩٢هـ ١٦/ ٩٤ و ٩٥». ئەمەش ڕێک ئەو خاڵەیە کە ثاڵ بە صۆفییانەوە دەنێ ئەو ڕێزە گەورەیە لە ئووەیس بنێن و ئەو پایە بەرزەی بۆ دابنێن.

ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل/ یش لە گەورە شوێنکەوتوو – تابعي – (بن أبي ليلى، عبدالرحمن ١٧ – ٨٣ک، لە ئەنصارییەکانە) دەگێڕێتەوە:"ڕۆژی جەنگی صەففین – ٣٧ کۆچی بوو لەنێوان سوپای حەزرەتی عەلی – كرم الله وجهه – و سوپای مەعاویەی کوڕی أبو سوفیان، ١٥ ی پێش کۆچ – ٦٠ ک – پیاوێکی خەڵکی شام بانگی کرد: ئایا ئووەیس/ ی قەرەنیتان تیدایە، گوتیان بەڵێ، گوتی: لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) م بیست فەرمووی: یەکێک لە باشترین شوێنکەوتووان ئووەیسی قەرەنییە، بن حنبل ١٤٢٠هـ ٢٥/ ٣٩٠ ح ١٥٩٤٢». هەمان ئەم بەشەی دوایی لەلایەن (ئیمامی نەوەوی) یەوە بەم شێوەیە:"چاکترین شوێنکەوتوو پیاوێکە پێی دەگوترێ ئووەیس، النووي ١٣٩٢هـ ١٦/ ٩٥"و ئەوەش بە بەڵگەی تەواوی ئەو ڕاستییە دەزانێ کە ئووەیس باشترین شوێنکەوتووە. فەرمووده گێڕەوەی دیکەش لەسەر زاری الحسن – ڕەنگە کوڕی عەلیی کوڕی ئەبو طالب بێ – دەگێڕێتەوە:"پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم گوتی: بە شەفاعەتی پیاوێک لە ئوممەتەکەم هێندەی ڕەبیعە و موضەڕ دەچنە بەهەشتەوە. بە الحسن/ مان گوت: ئایا ناوی ئەو پیاوەی لای ئێوە هێنا؟، گوتی: بەڵێ، ئووەسی قەرەنی، إبن أبي شيبة؟، ١٢/ ٥٣ ح ٣٣٠٠٩». هەمان فەرمووده لە شوێنێکی دیکەدا دووبارە بۆتەوە، بەڵام بە بە زیاد کردنی"إنما أقول **ما أُقوَل** – هەڵبەتە ئەوە دەڵێم کە پێم ڕاگەیەندراوە، یا فێرکراوم یا خراوەتە سەر زمانم لە سرووش – ئیلهام – ەوە، یا بە ڕاستی وەحیە، المناوي ١٤٠٨هـ ٢/ ٦١٩».

بەغەوی (ركن الدين أبو محمد الحسين بن مسعود بن محمد الفراء ٤٣٣ – ٥١٦ ک، ١٠٤٤ – ١١٢٢ ز)، کە بە بووژێنەری سوننەت/ یش ناسراوە، ئەگەرچی لە ڕێگەی فەرموودەوە باسی خەڵکی یەمەن دەکات، بەڵام ناونیشانی باسەکەی لەژێر سەردێڕی"دەریچەی باسی خەڵکی یەمەن

و باسی ئووەیسی قەرەنی – خوای لێ ڕازی بێ – دایە) و، لەسەر زاری (أبو هريرة، عبدالرحمن بن صخر الدوسي، کۆچکردووی ساڵی ٥٩ ک) ی گەورە فەرموودە گێڕەوەوە، ئەم فەرموودەیە دەگێڕێتەوە: «خەڵکی یەمەن هاتنە لاتان. ئەوان دڵ لاواز و دڵ ناسکترن. بڕوا – الإيمان – هی یەمەنە ژیری/ یش هی یەمەنە ». و لە ڕوونکردنەوەی فەرموودەکەشدا دەڵێ: «. گوتنی"ژیری هی یەمەنە"مەبەستی زانست و تێگەیشتنە. وەکو ئەوەی خوای یەکتا بێ هاوشێوە دەڵێ [وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ، البقرة ١٢٤]. بە شێوەی"والفقه يمان – زانست و تێگەیشتن – یش دەگێڕدرێتەوە، ئەمەش ستایشی خەڵکی یەمەن/ ە، بەهۆی پەلە کردنیان لە باوەڕهێنان و بە جوانی وەرگرتنیەوە. مەبەست لە"دڵ لاوازتر »، بە شێوەی «دڵ نەرمتر و دڵ ناسکتر"یش گێڕدراوەتەوە. هەردوو داڕشتنی پێشوو یەکسانن و، بە مەبەستی جەخت لەسەر کردن بە دوو شێوازی جیاواز دووبارەی کردەوە. دەشگوترێ – فوئاد – الفؤاد – پەردەی دڵە و دڵیش کاکڵە و ناواخنیەتی، ئەگەر پەردەکە تەنک بوو، ئەوا شت بە ئاسانی و خێرایی دزە بۆ ئەودیوی دەکا. گوتراویشە: گوتنی"باوەڕ هی یەمەنە"مەبەست لێی"هی مەککە"یە، چونکە لە مەککەوە دەستی پێ کرد و، درایە پاڵ یەمەنەوە چونکە مەککە بەشێکە لە سەرزەمینی"توهامە – تهامة"و توهامە/ ش سەر بە یەمەنە و، بەمەش مەککە دەبێتە بەشێکی یەمەن. گوتراویشە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەو ڕۆژەی ئەمەی فەرموو لە"تەبووک – تبوک"ی ڕووەو شام بوو و، مەککە و مەدینە/ ش لەنێوان ئەوێ و یەمەندان، کە ئاماژەی بۆ یەمەن کردووە مەبەستی مەککە و مەدینە بووەم واتە: باوەڕ لەم ئاراستەیەوەیە، وەک چۆن دەگوترێ:"سوهەیلی یەمانی – سهيل اليماني – ئەستێرەی سیوەیل»، چونکە لە ئاراستەی یەمەنەوە دەردەکەوێ. گوتراویشە: واتە پاڵپشتکاران – الأنصار – چونکە پاڵپشتیی باوەڕیان کرد و ئەوانیش هی ناوچەی یەمەنن و، باوەڕ درایە پاڵ ئەوانەوە، البغوي ١٤٠٣هـ ١٤/ ٢٠٢، ح ٤٠٠١». لەم پیاوە قسەیەک دەگێڕنەوە کە بە (هرم بن حيان، العبدي، أو الأزدي؟) گەورە شوێنکەوتووی گوت: «لە خوا بپارێوە دڵ و نیازت چاک بکا، چونکە تۆ ناتوانی هیچ شتێک چارەسەر بکەی لەو دوانە کاریگەریی بەسەرتەوە گەورە بێ. لە کاتێکدا کە دڵت ڕووت لێ دەکا، کەچی لێت دەڕوا، کەواتە پێش ڕۆیشتنی تۆ هاتنی بقۆزەوە، إبن بطال ١٤٢٣هـ ١٠/ ٢١٠».

## مانای شەفاعەت لە هەردوو ڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە:

لە ڕووی زمانەوانییەوە چەندین مانای"شَفَعَ"ی عەرەبی لەلایەن گەورە فەرهەنگدارانی زمانی عەرەبییەوە خراوەتە ڕوو، لەوانە: «بناغەی مانای شَفْعْ زیادەیە. خوای مەزن و دیار گوتوویەتی: {مَّن يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُنْ لَّهُ نَصِيبٌ مِّنْهَا، النساء ٨٥}، واتە: ئەوەی کارێک – ی باش – بخاتە سەر کارێکی باشی دیکەی – ئەوا پشکێکی بەردەکەوێ – و،"عين شافعة"ئەو چاوەیە کە دوو جار – بە دوو شێوە – دەڕوانێ، وەکوو ئەوەی نوێژکاران بۆ مردوو کە بۆی دەپاڕێنەوە ئەوا بەو پاڕانەوەیە داوای ڕەحمەتی زیاتر لەوە بۆ دەکەن کە بە کردەوە و یەکتاپەرستیی شایانی بووە، الهروي ١٣٩٩هـ ١٣٢». فەرهەنگناسی دیکە چەندین مانای دیکەی نزیک لە یەک دەخاتە ڕوو، لەوانە:"بۆ پاڕانەوە، داخوازیی شتێک بۆ کەسێکی دیکە و داخوازیی خۆشبوون لە گوناە، إبن منظور؟، ٨/ ١٨٣ و الرازي ١٤١٥هـ ٣٤٥ و مصطفى وآخرون؟، ٢/ ٨٩٣ و إن سيده ١٤١٧هـ ٣/ ٤١٦». بەشێک لەو سەرچاوەیانە و هی دیکەش مانای"یارمەتیدەر"یشی بۆ دادەنێن، بەڵام کە بگوترێ:"فلان يشفع لي بالعداوة،

واتە یارمەتیی خەڵکی دەدات بۆ دژایەتیی من، الفراهیدي؟، ١/ ٢٦١». وشەی"إستَمَاحَ"ش، هەمان مانای"شَفَعَ"دەبەخشێ، واتە: داوای لێ کرد بیداتێ یا شەفاعەتی بۆ بکات، إبن منظور؟، ٢/ ٦٠٨ و مصطفی وآخرون؟، ٢/ ٨٩٣». یەکێک لەو خاوەن فەرهەنگانە سنووری ئەو چەمکە تەنانەت بۆ ئاستی تاکاکەسی و دنیاییش کورت دەکاتەوە:"شەفاعەت داخوازی کردنی خۆشبوونە لە گوناه لەلایەن ئەو کەسەوە کە تاوان دژی کراوە، الجرجاني ١٤٠٤هـ ١٦٨». هەروەها باس لە وشە و چەمکی"الشفعة"ش دەکرێ، کە:"پێدەچێ لە"شەفاعەتەوە وەرگیرا بێ، چونکە داخوازیی تێدایە و، یەکەمەکەش – واتە شەفاعەت – بناغەیە و نەشمانبیستووە فیعلی هەبێ، إبن المطرز ١٩٧٩ز، ١/ ٤٨٨». تێکڕای مانا زمانەوانییەکانی دیکەش هەر لەمانەوە نزیکن یا لێیانەوە وەرگیردراون. هێندەی پەیوەندیی بە مانای زاراوەیی شەفاعەت/ یشەوە هەیە، ڕەنگە پێویست بێ ئاماژە، بەلای کەمەوە بۆ دوانیان بحکەین:"پەیوەست بوونە بە کەسێکی دیکەوە بۆ پاڵپشتی کردن و لێپرسینی، پتریش بۆ پەیوەست بوونی کەسێکی بەرێزتر خاوەن پایەی بەرزتر بە کەسێکی لە خۆی نزمتر، الراغب الأصفهاني ١٤٣٠هـ ١/ ٧- ٤٥٨ و الأصفهاني؟، ١/ ٦- ٣٤٧». و"داخوازیی خۆشبوون لە گوناهەکان لەلایەن ئەو کەسەوەی تاوانی لە ئاست کراوە، الجرجاني؟، ١٠٩». بە گشتییش، بەلای یەکێک لە نوسەرانی ئەم بوارەوە، لەسەر بنەمای فەرموودەی (من شفع **لِأَخِيهِ شَفَاعَةً فأهدى لَهُ هَدِيَّةً فقد أَتَى بَابا عَظِيما من أَبْوَاب الرِّبَا**، إبن دقيق العيد ١٤٢٣هـ ٢/ ٥٠٠، ح ٩٧٨، السيوطي١٤٢٣هـ ٣/ ١٩٣، ح ١١٩٠٧، الطبراني ١٤٠٤هـ ٨/ ٢٣٨، ح ٧٩٤٤، المتقي الهندي؟، ٣٦/ ١٧٩، ح ١٥٠٧٠ وغيرها)، واتە: ئەوەی بۆ برایەکی پاڕایەوە و دیارییەکی پێ بەخشی و وەری گرت، ئەوا دەرگایەکی مەزنی ڕیبا – سوود – ی کردۆتەوە ، مانای گشتیی شەفاعەت وا لێکدەداتەوە کە «تێوەگلانە بۆ تەواوکردنی کارێک، الصنعاني ١٣٧٩ هـ ٣/ ١٣». درێژەی مانا زاراوەییەکەش ئەوا لەنێو کتێبە فیقهییەکاندا بۆی دەگەڕێین.

## مانای شەفاعەت و جۆرەکانی لە لێکدانەوەکانی قورئان و فیقهدا:

لێرەدا، لە بواری فیقهدا، تەنها لە ڕوانگەی هەردوو مەزهەبی شافیعی و حەنەفی و فیقهی گشتییەوە ئەو لایەنانەم خستۆتە ڕوو و، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کوردستانی ئەمڕۆماندا لایەنگری ئەو سێ فیقهە هەن. هەڵبەتە دەکرا تەنها لە ڕوانگەی مەزهەبی شافیعییەوە بایە، چونکە مەحوی مەلایەکی شافیعی مەزهەب بوو، بەڵام ئەم هەڵبژاردەیەم لەبەر دوو هۆ پێ چاکتر بوو: لەبەر ئەوەی لەم ڕووەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نییە** و، لەبەر ئەوەش کە سنوورەکان لای هەمووان ڕوونتر ببێتەوە. ئاشکراشە کە حوکمە فیقهییەکان لەسەر بناغەی قورئانی پیرۆز و فەرموودە، پتریش لێرەدا فەرموودە، بنیاتنراون. بۆیە هەر بەو شێوەیەی لە سەرچاوە فیقهییەکاندا پەیڕەوی لێکراوە، بە تەواوی ئاماژە بۆ ئایەت و فەرموودەکان و شێوەی لێوە هەڵێنجانی بۆچوونە فیقهییەکە دەکەم. بە گشتییش، مەزهەبەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کاکڵەی مانا زاراوەییەکەی"شەفاعەت""نێوەنجی کردنە بۆ کەسێکی دیکە بە مەبەستی وەدەست هێنانی بەرژەوەندییەک، یا دوورخستنەوەی زیانێک، إبن عاشور ١٩٩٧، ١/ ٤٨٦»، بەڵام هەمان نووسەر چەمکە زاراوەییە دنیاییەکەی شەفاعەت/ یش بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: «شەفاعەت نێوانگیری کردنە لە داخوازیی سوودبەخش و، هەوڵدانیش بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەوەی شایانیەتی لەبارەی کەسێکەوە کە لێی تووڕە بووە یا بۆ لەنێوبردنی کینە و ساردیی نێوانیان، هـ س. ٣/ ١٥».

بایەخداران بەچەمکی شەفاعەت جۆرەکانیشیان ڕوون کردۆتەوە، لەوانەش شەفاعەتی چاک – الشفاعة الحسنة – و شەفاعەتی خراپ – الشفاعة السيئة – و، بۆچوونە جیاوازەکانیش لەبارەی ئەو چەمکانەوە خراونەتە ڕوو: یەکێکیان"داخوازیی مرۆڤە بۆ ئەوەی شەفاعەتی بۆ دەکات کە چاکەی بەو کارە بێتە ڕێی یا خراپە. ئەمەش بۆچوونی الحسن و مجاهد و إبن زید/ه، دووەم: شەفاعەتی چاک پاڕانەوەیە بۆ بەرژەوەندیی موسڵمانان و شەفاعەتی خراپ دوعا لێ کردنیانە، الماوردي؟، ١/ ٥١٢». یا"شەفاعەتی چاک ئەوەیە کە لە دێندا دەشێ شەفاعەتی تێدا بکرێ و، شەفاعەتی خراپ ئەوەیە حەرامە لە دیندا شەفاعەتی تێدا بکرێ، إبن أبي زمنين ١٤٢٣هـ ١/ ٣٩٢». یا وەکو لە (إبن عباس، عدالله بن عباس بن عبدالمطلب ٣ ن پێش کۆچ – ٦٨ ک، خوا لە خۆی و باوکی ڕازی بێت) ەوە دەیگێڕنەوە:"شەفاعەتی چاک چاککردنەوەی نێوان خەڵکییە و، شەفاعەتی خراپ دووزمانییە لەنێوان خەڵکیدا و، و گوتراویشە: شەفاعەتی چاک لە گوتنی شتی باشە لەنێوان خەڵکیدا، کە پاداش جاکەی لەسەر وەردەگرێ و، خراپ: لە غەیبەت کردن و قسەی خراپ کردن لەنێوان خەڵکیدا، کە خراپەی لەسەر وەردەگرێ، البغوي ١٤١٧هـ ٢/ ٢٥٦». بەڵام لەسەر زاری (الواحدي، ابو الحسن بن أحمد بن علي، کۆچکردووی ٤٦٨ ک) یشەوە، قسەی دیکەی (إبن عباس) لەبارەی ئەو دوو چەمکەوە، بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: «شەفاعەتی چاک، لێرەدا، ئەوەیە کە باوەڕی خۆی بە خوا بە شەڕکردن لەگەڵ کافران بەرەو پێ بدات و، شەفاعەتی خراپیش ئەوەیە کە کفری خۆی بە خۆشەویستیی کافران و دەستهەڵگرتن لە ئازار دانیان بەرەو پێ بدات، الفخر الرازي؟، ١٠/ ١٥٧». یەکێک لە لێکدەرەوەکانی قورئانی پیرۆز وا باسی"الشفاعة الحسنة"دەکات کە"ئەوەیە مافی موسڵمانێکی تێدا ڕەچاو کرا بێت و خراپەیەکی لێ دوور خرابێتەوە و، مەبەستیش لەوەدا ڕەزامەندیی خوا بووە و، بەرتیلی لەسەر وەرنەگیرا بێت و، لە کارێکی ڕەوادا بێت، نەک لە بەزاندنی سنوورێکی خوا یا پێشێلکردنی مافێک، الإستانبولي؟، ٢/ ٤١٧». بەڵام هەمان لێکدەرەوە چەمکی"الشفاعة المنفية – شەفاعەتی نەرێنی"ش بەکار دێنێ بەو مانایەی ئەوەیە کە:"شەفاعەتکار لە ڕۆژی قیامەتدا سەربەخۆ بیکات، بێ ئەوەی ڕێگەی پێ درابێت. بەڵگەش هەیە لەبارەی سەلماندنی شەفاعەت بۆ بڕواداران پاش ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێ، ئەویش بۆ کەسێکە کە مردبووبێت و هاوەڵی بۆ خوا نەدۆزیبێتەوە، هـ س. ١/ ٣٩٦». البقاعي/ش (إبراهيم بن عمر بن حسن بن الرباط بن علي بن ابي بكر، ٨٠٩ – ٨٨٥ ؛، ١٤٠٧ – ١٤٨٠ز)، ئەم چەمکەی شەفاعەت بەو چەمکەی سوننەت – السنة – ەوە دەبەستێتەوە لە فەرموودەی (**مَنْ سَنَّ سُنَّةً حَسَنَةً فَعُمِلَ بِهَا كَانَ لَهُ أَجْرُهَا وَمِثْلُ أَجْرِ مَنْ عَمِلَ بِهَا لاَ يَنْقُصُ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ**، بەم شێوەیە یا بە هێندێ جیاوازی، بڕوانە: البيهقي ١٣٤٤، ٤/ ١٧٦ ح ٧٩٩٣، العسقلاني؟، ٢ظ ١٩٤ ح ٢٠٨٩، السيوطي ١٤٢٣هـ ٣ظ ١٩١، ح ١١٨٨٦، إبن أبي شيبة؟، ١٠ظ ٤٠، الطبراني ١٤١٥هـ ٤/ ٩٤، ح ٣٦٩٣، إبن ماجة؟، ١/ ٧٢، ح ٢٠٣، مسلم؟، ٨/ ٦١، ح ٦ و غيرها)، واتە:"ئەوەی ڕێوڕەسم – یا کردەوەیەک – ی چاک بێنێتە نێوانەوە و کاریشی پێ بکات، ئەوا پاداشی ئەوە و هاوشێوەی پاداشی ئەو کەسەشی بۆ دەنوسرێ، بێ ئەوەی هیچ شتێک لە پاداشی ئەوان کەم ببێتەوە"دا ئاماژەی بۆ کردووە گرێ دەدات. کە لێرەدا ئەو وشەیە مانای هەر کارێکی باش دەگەیەنێ کە کەسێک لە نێو خەڵکیدا دایبهێنێت و ئەوانی دیکەش چاوی لێ بکەن، البقاعي ١٤١٥هـ ٢/ ٢٩١».

لەبارەی ئایەتی (**وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ**، ألبقرة ١٠٧) ەوە، واتە: «لە خوا بەولاوە هیچ کارساز و پاڵپشتێکی دیکەتان نییە»، کۆمەڵێک لێکدەرەوە کۆکن لەسەر ئەوەی «الولي

– کارساز"لە"النصیر – پاڵپشت"جوانترە، چونکە مانای شەفاعەت/ یش بەخۆوە دەگرێ، إبن عادل ١٤١٩هـ ١٥/ ٣٣٥، الفخر الرازي ١٤٢١هـ ٢٥/ ٤٤».

ئەمە تەنها مانا گشتییەکەیە. بەڵام هەڵوەستەی پێشەنگانی مەزهەبەکان و شوێنکەوتووانیان بنەمای خۆیان هەیە. لە ئاستی فەرموودەی : (پینج شتم پێ بەخشراوە بە پێغەمبەرانی پێش خۆم نەبەخشراون، بە تۆقاندن لە دووریی مانگە ڕێگایەکەوە سەرخرام و، زەویم بۆ کرایە شوێنی نوێژ و خاوێن و هەر کەسێکی ئوممەتەکەم کاتی نوێژی هات با نوێژ بکات و، دەستکەوتم بۆ حەڵاڵ کراوە و، پیغەمبەر تەنها بۆ قەومەکەی خۆی دەنێردرا، من بۆ تیکڕای خەڵکی نێردرام و، شەفاعەتیشم پێ بەخشرا، البخاري ١٤٠١هـ ١/ ١١٤, المتقي الهندي ؟، ١٠/ ١٦٧ و ٢١٠ ح ٣١٩٢٩ و ٣٢٠٦٢، الألباني ١٤٠٥هـ ١/ ٣٥١، السیوطي ١٤٢٣هـ ١/ ١٨٨، إبن دقیق العید ١٤٢٦هـو ١ظ ٨٠ و ٨١ و إبن الأثیر ١٣٩٢هـ ٨/ ٥٢٨ ح ٦٣٢٩». إبن دقیق العید (أبو الفتح تقي الدین محمد بن علي بن وهب بن مطیع القشیري ٦٢٥ – ٧٠٢ هـ ١٢٢٨ – ١٣٠٢ ز) ی شافیعی، لە ڕوونکردنەوەی (وأعطیت الشفاعة) ی فەرموودەی سەرەوەدا دەڵێ:"ئەوە بۆ پەیمانە... و شەفاعەتی مەزنیەتی لە خەڵکی ڕزگارکردن لە چاوەڕوانیی دووروودرێژیان بە مەبەستی زوو حیساب لەگەڵ کردنیان و، ئەو شەفاعەتەش تایبەتە بەو صلی الله علیه وسلم و جیاوازیش لەم مەسەلەیەدا نییە، إبن دقیق العید ١٤٢٦هـ ١/ ٨٤». ئەمەش، بەلای هێندێ شەرعزانەوە پەیوەندیی بە پلەی گەورەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ەوە هەیە و"ئەهلی سوننەت و جەماعەت تێکڕا شەفاعەتیان بۆ ئەو و پێغەمبەران – علیهم السلام – و فریشتە و زانا و شەهیدان سەلماندووە. هەر یاکێکیان بەپێی پلەی لای خوای گەورە شەفاعەت دەکا، النفراوي؟، ١/ ٢٧٦».

لە مانا زاراوەییەکانی دیکەی شەفاعەتدا دەتوانین لە ئاستی شەفاعەت کردین ئەوانەدا کە نوێژ لەسەر مردوو دەکەن، هەڵوەستە بکەین. شافیعییان لەسەر بنەمای فەرموودەی (الجنازة متبوعة ولیست بتابعة****، إبن ماجە؟، ١/ ٤٧٦، ح ١٤٨٤، السیوطي؟، ٢/ ٦٣، ح ٣٦٣٨، السیوطي ١٤٢٣هـ ٢/ ٦١ ح ٥٧٥٣ و المتقي الهندي ١٩٨٩هـ ١٥/ ٩٢٤، ح ٤٢٣٣١»، ". إبن نجیم (زین الدین بن إبراهیم بن محمد بن محمد بن محمد ٩٢٦ – ٩٧٠ هـ ١٥٢٠ – ١٥٦٢ ز) ی فەقیهی حەنەفی ئاوڕلە چەمکی سوێند و لە چەمکە ئێجگار باوەکەی شەفاعەت دەداتەوە، کە ناوەنجی کردنە بۆ خۆشبوون لە کەسێکی دیکە و، دەڵێ:"پێویستە، ئەگەر سوێندخۆرمەبەستی ڕەتکردنەوەی شوێن بۆ خوا بڕیاردان بوو، ئەوا کارەکەی بە کفر دانانرێ، بەڵکو باوەڕە، لە"الذخیرة"*** شدا گوتوویەتی: ئەوە سوێندە و پێی بە کافر ناکرێ. هەر لەو کتێبەشدا، ئەگەر بڵێ: ئەگەر کارێکی ئاوەهام کرد ئەوا من پاکانە لە شەفاعەت دەکەم – واتە لە شەفاعەت دوور بخرێمەوە – ئەوا ڕاستتر ئەوەیە کە بە سوێند نەزانرێ، لە"الظهیریة"**** شدا پاساوی ئەمەی وا هێناوەتەوە کە شەفاعەت، ئەگەرچی ڕاستە، بەڵام ئەوەی ڕەتی بکاتەوە دەبێتە بیدعەکار نەک کافر، إبن نجیم الحنفي١٤٢٢هـ ١٠/ ٤٠٢، هەروەها بڕوانە: برهان الدین مازە؟، ٤/ ٦٥٦».

لەبارەی فەرموودەی (أتشفع في حد من حدود الله، النسائي ١٤١١هـ ٥/ ٣٥٥ ح ٧٣٨٦، البیهقي ١٣٤٤هـ ٨/ ٢٥٣ ح ١٧٦١٥، الحمیدي ١٤٢٣هـ ٤/ ٤٥ ح ٣١٧٢، السیوطي ١٤٢٣هـ ٣ظ ٣٦١ ح ١٤١٣٧، المبارکفوري ١٢٨٣ هـ ٩/ ٢٥٠ ح ٥٨١و الجزري ١٣٩٠ هـ ٣/ ٥٦١ ح ١٨٧٩، النووي ١٤١١ هـ ١/ ٣٣٥ ح ٦٥١، أبو داود؟، ٤/ ٢٣٠ ح ٤٣٧٥، إبن ماجە؟، ٣/ ١٣١ ح ٨٥١، البیهقي ١٤١٤ هـ ٨/ ٢٥٣ ح ١٦٩٣٢، الترمذي ١٤١٤ هـ ٤/ ٣٧ ح ١٤٣٠، الدارمي ١٣٤٩ هـ ٢/ ١٧٣، النسائي ١٤٠٦ هـ ٨/ ٧٣ ح ٤٨٩٩، إبن حبان ١٤١٤ هـ ١٠/ ٢٤٨ ح ٤٤٠٢، مسلم؟، ٥/ ١١٤، إبن حجر العسقلاني؟، ٧/ ١٥٠ و المتقي

الهندي؟، ٢٩/ ٤١٤ وغيرها). واتە"ئایا لە بەزاندنی یەکێک لەو سنوورانەدا شەفاعەت دەکەیت کە خوا دیاریی کردوون؟»، کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ئوسامەی کوڕی زەید تووڕە بوو چونکە دەیویست بۆ ژنێکی مەخزوومی بپاڕێتەوە دزیی کردبوو. ئەم فەرموودەیە درێژترە لەمەی لێیمان وەرگرتووە، بەڵام ئەوە کاکڵە و ناوەڕۆکیەتی و پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە کۆتاییەکەیدا سوێند دەخوا بەوەی ئەگەر فاطمەی کچی – خوای لێ ڕازی بێ – دزی بکات، ئەوا هەر دەستی دەبڕێ. هەموو مەزهەبە فیقهییەکان بە پشت بەستن بەم فەرموودەیە، کۆکن لەسەر ئەوەی نابێ هیچ یەکێک ئەو سنوورانە ببەزێنرێن کە خوا دایناون و تکای لێخۆشبوونیان تێدا بکرێت بۆ ئەوەی بەزاندوونی، بۆ نموونە بڕوانە: إبن دقيق العيد ١٤٢٦هـ ١/ ٤٨٨، إبن نجيم ١٤٢٢هـ ١٢/ ٢، الشوكاني ١٤٠٧ هـ ١/ ٤٢٥، المقدسي ١٤٢٤ هـ ١٠/ ١٣٧، إبن تيمية ١٣٦٩هـ ١٠٦، إبن تيمية؟، ٨٧». بۆیە بەشێک لە فەقیهەکان «بە تەواوی ڕقی لە شەفاعەت کردن لە سنوورەکانی خوادا بوو، أبو يوسف ١٣٨٢، ١٥٢».

یەکێک لەو ووردەکارییانەی لە تێرامان لە فەرموودەکاندا دەبینرێ هەڵوەستەیە لە ئاستی ئەم بەشە لە فەرموودەیەک: (فمن سأل الله لي الوسيلة حلت عليه الشفاعة، النسائي ١٤١١هـ ١/ ٥١٠، ح ١٦٤٢، الترمذي؟، ٥/ ٢٤٦، پ ٣٦٩٣، إبن حبان ١٤١٤هـ ٤/ ٥٨٨، ح ١٦٩٠، الحميدي ١٤٢٣هـ ٣/ ٣٣٨ وغيرها) وشەی"حَلَّت"ی عەرەبی لێکدەدرێتەوە"بە مانای پێویست بوو و بووە ئەرک، یا دابەزییە سەری و، نابێ لە حەڵاڵ بوونەوە بێت چونکە پێش ئەوە حەرام نەبووە، الشوكاني ٢/ ٣٩ - ٤٠».

پەیڕەوانی ئیمامی شافیعی بە گشتی لەسەر ئەوەن کە نەک تەنها فەرموودەی (الجنازة تابعة..) لاوازە*****، بەڵکو لە بیهقي (أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخراساني ٣٨٤ – ٤٥٨) وە دەگێڕێتەوە:"کە تێکڕای فەرموودەکانی – پێویستیی ڕۆیشتن – لەدوای تەرمی مردووەوە لاوازن، المناوي ١٤١٥هـ ١٢/ ٣٩٦». بۆیە پێیانوایە لەدوایەوە ڕۆیشتن بنەمای نییە. زەرقاني (محمد بن عبدالباقي بن يوسف ١٠٥٥ – ١١٢٢؛ ١٦٤٥ – ١٧١٠ز) ی مالیکی/ ش لە إبن عبدالبر (أبو عمر يوسف بن عبدالله النمري ٣٦٨ – ٤٦٣ک) ەوە دەیگێڕێتەوە کە پێیوایە"ئەو فەرموو دانە لە زنجیرەی ئەوانەی گێڕاویانەتەوە متمانە پێکراو نییە و، یاوەران – الصحابة – و شوێنکەوتووان لەوەدا هاوبۆچوون نەبوون و، ڕۆیشتن لە پێشیەوە لایان پتر بووە لە دوایەوە و، سێ ئیمام – واتە مالک و شافعی و إبن حنبل – لەسەر ئەوەن، الزرقاني ١٤١١هـ ٢/ ٧٧». هەڵبەتە تەنها شوێنکەوتووانی ئیمامی حەنەفی (أبو حنيفة النعمان، بن ثابت الكوفي، ٨٠ – ١٥٠ ک، ٦٩٩ – ٧٦٧ز)، لە چوار مەزهەبەکە، لەم ڕووەوە جیاوازن. هەر کەسێک لەو شافیعییانەی ئەم باسەیان هێناوەتە نێوانەوە پاساوەکانی خۆیان لەبارەی بۆچوونی خۆیانەوە هێناوەتەوە، بڕوانە: المناوي ١٤١٥هـ ١٢/ ٥ – ٣٩٨، السيوطي؟، ٢/ ٦٣، السرخسي ١٤٢١هـ ٢/ ١٠٢».

جێی ڕامانە الشوكاني (بدرالدين محمد بن علي بن محمد ١١٧٣ – ١٢٥٠ ک، ١٧٥٩ – ١٨٣٩ز)، کە خۆی بە خاوەنی مەزهەبێکی جیاواز دادەنرێ، نوێژ لەسەر مردوو لەسەر قەبرانیشدا، بە بەڵگەی تەواوەوە، شیاوە و ئەرکەکەی و شەفاعەت بۆ مردووەکەشی پێ جێبەجێ دەکرێت، الشوكاني ١٤٠٥هـ ١/ ٣٦٩».

إبن حجر (شهاب الدين أبو العباس أحمد بن محمد بن محمد بن علي بن حجر الهيتمي السعدي الأنصاري الشافعي، ٩٠٩ – ٩٧٣ ک)، کە گەورەترین و پڕ بەرهەمترین فەقیهی شافیعیی سەردەمی خۆیەتی، بە پشتبەستن بە فەرموودەی (إذا كان يوم القيامة جمع الله تعالى أهل الجنة صفوفا وأهل النار صفوفا فينظر الرجل من صفوف أهل النار إلى الرجل من صفوف أهل الجنة فيقول

له يا فلان أتذكر يوم اصطنعتك معروفا فيقول اللهم هذا اصطنع لي في الدنيا معروفا فيقال له خذ بيده وأدخله الجنة، البيهقي ١٤١٠هـ ٦/ ١٢٥، ح ٧٦٧٨ والمتقي الهندي ١٩٨٩، ٦/ ٥٦٥، ح. ١٦٠٩٩. هەروەها بڕوانە: إبن حجر الهيثمي ١٤١٧هـ ٢/ ٣٣١)، واتە:"ڕۆژی بەرپابوونەوە – القيامة – خوا بەهەشتییەکان و دۆزەخییەکان، هەر کۆمەڵ لە ڕیزی خۆیدا کۆدەکاتەوە و، پیاوێکی ڕیزی دۆزەخییان دەروانێتە پیاوی ڕیزی بەهەشتییان و دەڵێ: فلان، لەبیرتە ڕۆژێک لە دنیادا چاکەم بۆ کردی؟. دەستی دەگرێت و دەڵێ: خوایە ئەمە لە دنیادا چاکەیەکی بۆ کردووم، پێی دەگوترێ دەستی بگرە و بە ڕەحمەتی خوا بیبەرە بەهەشتەوە «، پێدەچێ مەبەستی ئەم گێڕانەوەیەی سەلماندنی ئەوە بێ کە وەلییانی خواش بۆیان هەیە شەفاعەت بۆ بڕوادارانی دۆزەخی بکەن و ببرێنە بەهەشتەوە. بەڵام حوکمی (شعيب الأرنؤوط، ١٣٤٦ – ١٤٣٨، ١٩٢٨ – ٢٠١٦ز) لەسەر ئەم فەرموودەیە ئەوەیە کە زۆر لاوازە، الطحاوي ١٤١٥، ١٣/ ٦ – ٤٠٧ «.

لە مەسەلەی نوێژ لەسەر مردوودا، ئەوەی پێشنوێژی دەکات لە ئاستی سنگدا دەوەستێ"چونکە سنگ شوێنی دڵە و ڕووناکیی باوەڕی تێدایە، وەستانیش لەو ئاستەدا نیشانەی شەفاعەت بۆ کردنیەتی بەهۆی باوەڕەکەیەوە، المنبجي ١٤١٤هـ /١ ٣١٨». لەبارەی شەهید/یشەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، لەوانەش:"شافیعی، ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: شمشێر گوناهـ سڕەوەیە و دەبێتە مایەی پێویست نەبوونی سیفاعەت بۆ کردنی. ئێمەش دەڵێین: نوێژ لەسەر مردوو بۆ دەربڕینی ڕێزیەتی و، شەهیدیش پتر شایانی ئەوەیە. ئەوەی لە گوناهیش خاوێنە، وەکو پێغەمبەر و منداڵ و"ئەوەی شەڕخوازان و زۆردار و جەردە کوشتوویانن بە چ شتێک کوشتوویانن تا نەشۆردرێن"چونکە شەهیدانی"ئوحود"یش هەموویان کوژراوی شمشێر و چەک نەبوون، المرغيناني؟، ١/ ١٥٦ و بڕوانە: إبن نجيم ١٤١٨هـ ٤/ ٤٨٢». بەڵام لە مەسەلەی بۆ سەر قەبران بردنی مردوودا یەکێک لە شەرعزانان پێیوایە لە دواوەی تەرمەکەدا بوون باشترە «بۆ هاوکاری یەکدی کردن لە هەڵگرتنیدا، السرخسي ١٤٢١هـ ٢/ ١٠٢».

پسپۆڕانی ئەم بوارە تەنها ئەو شەفاعەتانەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم"یەکەمیان: شەفاعەتی مەزن لە ڕۆژی قیامەتدا، دووەم لەو کۆمەڵەدا کە بێ حیساب لەگەڵ کردنیان دەخرێنە بەهەشتەوە... سێیەم: لە خەڵکانێکدا کە شایانی چوونە نێو دۆزەخ بوون، بەڵام ناخرێنە نێویەوە. چوارەمیان: لە خەڵکانێکدا کە لە دۆزەخدا بوون و لێوەی دەرهێنران و، پێنجەم لە بەرزکردنەوەی پلەی خەڵکانێک لەنێو بەهەشتدا... ئەو شەفاعەتانەش کە تایبەتن بە خۆی صلى الله عليه وسلم یەکەم و دووەمن و، دەشکرێ سێیەم و پێنجەمیش بن، النووي؟، ٥/ ٣٧٥». لە ڕوونکردنەوەی فەرموودەی: (وأعطيت الشفاعة) شدا «دوازدە جۆر شەفاعەت ژمێردراون، الصنعاني ١٣٧٩هـ ١/ ٩٤».

تا ئێرە ڕەنگە بەسبێ بۆ ئەوەی مانا زاراوەییەکانی شەفاعەت، هێندەی پەیوەندیی بەم باسەوە هەیە، بخرێنە ڕوو. ئەگەرچی ئەو جۆرە شەفاعەتەی مەبەستی (مەحوی) یە لەو بەیتەدا تەنها شەفاعەتی ڕێگەپێدراوی پیاوچاکانە. ئێستاش کاتی ئەوەیە هەوڵبدەین بزانین ئەم (أبوالوفا) یە کێیە******.

لە سەرجەمی ئەو سەرچاوەیانەی لەبەردەستدان أبو الوفا بە نازناوی"تاج العارفين – تاجی سەری خواناسان"ناسراوە، ناوی تەواوی (محمد بن محمد بن الحسيني الكردي الخانكي) یە."ڕاستیی لەدایکبوونی لە ڕەجەبی ٤١٧ ی کۆچیدایە – بەرانبەر بە ئەیلوولی ١٠٢٦ زایینی – و.. لە ٢٠ ی مانگی ربيع الأول/ ی ٥٠١ی ک – کۆتایی ئۆکتۆبەری ١١٠٧ز، لە شاری قلمينيا/ ی نزیکی بەغدا کۆچی دوایی کردووە، التاذفي ٢٠٠٧، ٣١٦، النبهاني ٢٠١٤،

١/ ١٤٥». سەیر لەوەدایە مێژوونووسێکی کوردی را ڕادەیەک نزیک لە سەردەمی پاش کۆچی دوایی أبو الوفا، دەڵێ:"کەس ناوی نەهێناوە و، یەکێکە لە شێخە هەرە پایەبەرزەکانی عێراق لە سەردەمی خۆیدا و، سەرۆکایەتیی صۆفییانی پێ گەیشتووە، إبن المستوفي ١٩٨٠ز، ٢/ ٦٤».

"لە وەلییانی خوا بووە و، گەورەم عەبدولقادری گەیلانی تەریقەتی لێوە وەرگرت، البدري ٢٠٠٨، ٣٠». جیاوازی لە نێوان مێژوونوساندا هەیە لەبارەی وەچەیەوە. هێندێکیان دەیگێڕنەوە بۆ ئیمامی عەلی – کرم الله وجهە – و بەم شێوەیەی باس دەکەن: «محمد بن محمد بن محمد بن زيد بن علي بن الحسن العريض الأكبر بن زيد بن زين العابدين بن علي بن الحسين بن علي بن أبي طالب ، السخاوي ٢٠٠٣، ٦/ ٧٤ و السخاوي ١٩٩٢، ٨٤/١١ و العليمي ١٩٩٩، ٢/ ٧٧». ئەم سەرچاوەیەی دوایی پێیوایە «شەریفترین ڕەچەڵەکی لەنێو کوردانداهەیە و، (الشريف أبو الوفا – باوکی –، کە کۆچی دوایی کرد، هێشتا تاج العارفين لەدایک نەبووبوو. لەنێو کوردانی خاڵوانیدا پەروەردە بوو و نازناوی (کاکیسا) ی پێ بەخشرا، واتە ئەو باوکی پیاوانە. بە زمانی ئەوانیش دەدوا، بۆیە بە"کوردی"ناسرا، العليمي ١٩٩٩، ٢/ ٧٧». کەچی مێژوونوسانی دیکە هەر بە کوردی دەزانن"أبو الوفا، کونیەی محمد تاج العارفين/ ی کوردە. یەکێکە لە شێخانی عێراق، بن أبي الوفا الكبير ٢٠٠٧، ٧٤». لە بارەی بنەماڵەکەشیانەوە، کە بە وەفاییەکانی عێراق ناسراون، نوسراوە: دراونەتە پاڵ برای باپیرەیان محمد تاج العارفين. محمد الشنبكي/ ی مامۆستای ئەو نازناوەی پێ بەخشی بەهۆی ئەوەوە کە بەڵێنێکی پێدا بوو و بەجێی هێنا، البدري ٢٠٠٨، ٣٠». لەبارەی تیرەکەشیانەوە نوسراوە:"وا گوتراوە لەبارەیەوە کە نەرجسی – نێرگزی – یە، کە تیرەیەکی کوردانە، التاذفي ٢٠٠٧، ٣١٦». ئەو تیرەیەش، بە بۆچوونی نوسەرێک:"تیرەیەکە لە خێڵی جاوان – گاوان – نیشتەجێی حیللەن بەنی مزید – شاری حلە – و دەوروبەری بوون. میرانی نێرگسیان لە ڕیزی سوپای مەزیدییەکان – میرنشینیی مەزیدی – خزمەتیان کرد. پاش کوژرانی میر سیف الدوله صدقة المزیدی ساڵی ٥٠١ ک – ١١٠٧ ز، میرانی نێرگسی و بەشیری و غەیری ئەوانیش وڵاتەکەیان بەسەردا دابەش کرا و، نێرگسیان لە سەلجووقییەکان هێندە زەوییان بۆ برایەوە کە زیاتر بوو لەوەی شایانی بوون، توفیق ٢٠٠٧، ١٧١». بەلای نوسەری دیکەشەوە ئەم بنەماڵەیە باذەران/ ین،"باذەران/ یش شارێکە لە عێراقی عەجەم/ دا، البدري ٢٠٠٨، ٣٠». لەبەر ئەوەی شاری حلە کاتی خۆی لە شارەکانی عێراقی عەجەم بوو، ئەوا دوور نییە باذەران شارێکی نزیکی حلە، یا سەر بەوێ بووبێ.

## پایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆحیی ئەبوالوەفا لەنێو خەڵکی و صۆفییاندا

بە پێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ تەنها کەسانێکی کەم ئەم پیاوە دەناسن، کتێبی مێژوونووسانی کۆن و قسەی هاچەرخانی و پاش خۆیشی بەڵگەی ئەوەن کە لەنێو خەڵکیشدا زۆر ناسراو و بەرێز بووە. "لە شێخ عزاز/ ەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صلى الله علیە و سلم) ی لە خەوندا دیتووە و لێی پرسیوە: چی لەبارەی ئەبولوەفا/ وە دەڵێی؟، فەرموویەتی:"بسم الله الرحمن الرحيم: چی بڵێم – یا ئەوەی دەیڵێم – لەبارەی کەسێکەوە ڕۆژی قیامەت لە پێش ئوممەتەکاندا شانازیی پێوە دەکەم، التاذفي ٢٠٠٧، ٣١٦». یەکێک لە بەرجەستەترین نیشانەکانی پایەی بەرزی ئەم پیاوە ئەوەیە کە ، ئەگەرچی خۆی"نەوەی نەبووە، بەڵکو ڕاستەکەی ئەوەیە کە دوور بووە لە ئارەزووە دنیاییەکان، خاوەن پایەیەکی مەزن بووە و بۆ پیرۆزی نەوەی برایەکەی – زکي الدين سالم – دراوەتە پاڵی، البدري ٢٠٠٨، ٣٠». مێژوونووسێکی

ئێجگار ناسراوی زانا و پیاوچاکان لەبارەیەوە دەڵێ:"لە هەرە گەورە شێخەکانی عێراق بوو لە سەردەمی خۆیدا. کەراماتی زۆر دەگمەنی هەبوو. لەم لایەنەوە سەرۆکایەتیی ئەم لایەنەی لە کاتی خۆیدا پێدرا. خەڵکانێکی لە ژماردن نەهاتووی زانایان و پیاوچاکان بوونە شاگرد – قوتابی – ی. چل خزمەتکاری هەبوو تێکرایان خاوەن حاڵ – خاوەن پایەی بەرزی صۆفیگەری – بوون. کە"الشنبکی"پەیمانی لێ وەرگرت، گوتی: ئەمڕۆ باڵندەیەک کەوتە داوەکەمەوە نەکەوتۆتە داوی هیچ شێخێکەوە. شێخانی البطائح ******* دەیانگوت: سەر ئەوەیە کەسێک ناوی ئەبولوەفا بێنێت دەستی بەسەر ڕوومەتیدا نەهێنێت و ناوی خودای لێ بهێنێ چۆن گۆشتی ڕوومەتی لە هەیبەتی ئەو هەڵناوەرێ. گەورەم عبدالقادری گەیلانی/ ش دەیگوت: لە دەرگای خوداوەندی مەزندا هیچ کوردێکی دیکە نییە وەکوو ئەبولوەفا بێت. یەکەمین کەسیشە کە لە عێراقدا نازناوی تاج العارفین/ ی لێ نرا، الشعراني ١٤٢٦ هـ، ١/ ٢٤٠». مێژوونووسێکی گەورەی دیکەی گەورە پیاوچاکان لەبارەیەوە دەڵێ:"پێشەنگی خوداپەرستە ڕێچکەگرتووەکان, ڕێبەری سەردەم و مامۆستای کاتی خۆی بوو. زانستی برەوپێدراو و کەرامەتی نائاساییی هەبوو. ماجد الکردي گوتی: لەگەڵ ئەو – تاج العارفین – بووم لە گەشتدا، بە یاوەریی دە هەزار مورید ، تا چووە نێو شارێکی عەجەمان. پەندی بۆ تۆبەکردن دادا و فەرمانی تۆبەکردنیشی دا. لەسەر مینبەرەکە نەهاتە خوارەوە تا قژی ئەوانەی تۆبەیان کرد یەکسان بوو لەگەڵ مینبەرەکە، چونکە بەپێی شێوازەکەی ئەو، ئەو کەسەی تۆبەی دەکرد دەبوو سەری بتاشێ، المناوي ٢٠١٦، ١٣٠».

لەبارەی تاج العارفین/ هوە شتگەلێکی مایەی ڕامان دەگێڕدرێتەوە، لەوانە قسەی"الموصلي الکردي، ڕەنگە ضیاء الدین أبو حفص عمر بن بدر بن سعید الموصلي الکردي/ ی کۆچکردووی ساڵی ٦٢٣ ی کۆچی بێ"کە لەبارەیەوە گوتوویە:"لە گەورە شێخانی عێراق و خواناسە ئێجگار ناسراوەکانە. یەکێکیشە لەوانەی بە قوتبی مەزن ناسراون. ئەو دوو خەرقەیەی لا بوو کە ئەبو بەکری صدیق – خودای لێ ڕازی بێت – لە خەودا کردیە بەر (بو بکر البطائحي*********) و، کە بێدار بووەوە بینیی لەبەریدان، کە بریتی بوون لە کراسێک و کڵاوێک. ابو بەکر/ یش دابوونی بە محمد الشنبکي و، شەنبەکی/ ش دابوونی بە تاج العارفین أبو الوفا و، بو الوفا دابوونی بە شێخ علي إبن الهیتي و، شێخ علی دابوونی بە شێخ إبن إدریس، پاشان ون بوون. هەشتا ساڵ وا مایەوە کە نە خەڵوەتی دەکێشا و نە گۆشەگیر بوو، بەڵکو لەنێو هەژاران – صۆفییاندا – دەنوست، چونکە فەتحەکەی وەهبی بوو – واتە لەلایەن خوداوە بوو نەک بە میرات بۆی مابووبێتەوە، القادري ٢٠٠٨، پەراوێزی ل ٢٣٥». ئەم چیرۆکە پایەی ئێجگار تایبەتی بولوەفا، هاوشان لەگەڵ ئەوانەی دیکەی ناوبراون، دەخاتە ڕوو. هەروەها لەسەر زاری هەردوو شێخ بو الحسنی هیتی (أبو الحسن علي بن أبي نصر المعروف بإبن الهیتي، کۆچکردووی ٥٦٤ ک) و (ماجد الکردی؟) یەوە، کە هەردوکیان لە یار و یاوەرانی نزیکی شێخ بولوەفا بوون و پاش ئەویش هی شێخ عەبدولقادری گەیلانی(أبو محمد محیي الدین عبدالقادر بن موسی بن عبدالله، ٤٧٠ – ٥٦١ک، ١٠٧٨ – ١١٦٦ز)، دەگێڕنەوە:"تاج العارفین بەسەر کورسییەوە قسەی بۆ خەڵکی دەکرد، شێخ عبدالقادری گەیلانی، کە لەو سەردەمەدا لاو بووک هەر کە هاتە نێو بەغدادەوە هاتە نێو مەجلیسەکەیەوە، تاج العارفین قسەکانی خۆی بڕی و فەررمانی دا شێخ عبدالقادر دەربکرێ و دەرکرا. پاشان تاج العارفین قسەی کرد و شێخ عبدالقادر هاتەوە نێو مەجلیسەکە و تاج العارفین قسەکانی بڕی و فەرمانی کرد شێخ عبدالقادر دەربکرێت و دەرکرایەوە. پاشان تاج العارفین دەستی بە

قسان کردەوە و، بۆ سێیەمین جار شێخ عبدالقادر هاتەوە مەجلیسەکە، تاج العارفین هەڵسا و باوەشی پێدا کرد و نێوچاوانی ماچ کرد گوتی: خەڵکی بەغدا هەستنە سەر پێ بۆ وەلیی خودا. من بۆ سووکایەتی کردن بە ئەو دەرم نەکرد، بەڵکو بۆ ئەوەی بیناسن. پاشان گوتی:"ئەی عبدالقادر، کات ئێستا هی ئێمەیە - واتە ئێمە قوتبی ئێستاین -، پاشان دەبێتە هی تۆ. هەموو کەلەشێرەکانی دیکە خامۆش دەبن غەیری کەڵەشێرەکەی تۆ، الیافعي الیمني ٢٠١٢، ١٦٨». ئەو بەشەی ئەم چیرۆکە کە پەیوەندیی بە سێ جار دەرکردنی ئەو زاتەوە هەیە، لە سەرچاوەیەکی دیکە بە شێوەیەکی بە تەواوی جیاواز دەگێڕدرێتەوە:"شێخ أبو الوفا، خوای لێ ڕازی بێ، بەو پیاوەی خزمەتی دەکا گوتی: ئەگەر لاوێکی عەجەم هات و ویستی لەو کاتەی من بەسەر قسان دەکەم بێتە ژوورەوە، ڕێگەی لێ مەگرە. لەپڕ شێخ عەبدولقادری گەیلانی هات، کە چووە ژوورەوە شێخ لەسەر کورسییەکەی دابەزی و ماوەیەکی زۆر باوەشی پێدا کرد.... ژە کۆتایی باسەکە، الصفوري ١٢٩٠هـ ١/ ٢٩٥».. ئەم بەشەی دوایی قسەکانی بە یەکێک لە کەراماتەکانی شێخ تاج العارفین دادەنرێ. لە هەمان بواردا لێی دەگێڕنەوە کە"بەلای أم عبیدة/ دا تێپەریوە گوتوویە: السلام علیک یا أحمد. یارانی پێیان گوتووە: کەس نابینین!. گوتی: ئەمە کۆرپەڵەیەکە لە سکی دایکیدا ناوی (أحمد الرفاعي) یە. پاش کۆچی دوایی من لەدایک دەبێ. هەموو بەرماڵێک لە ڕووی زەویدا سەری بۆ دادەنەوێنێ، المناوي ٢٠١٦، ١٣٠». تەنانەت لە پلەیەکیشدا بینراوە کە بە یەکێک لە کەسانێکی کەم دانراوە کە موژدەی گێڕانەوەی فەرموودەی ڕاستیان پێ بەخشراوە. الصیادي الرفاعي ٢٠٠٧، ١٥٧ - ١٥٨»، ئەمەش بۆ کەسێک کە لەو سەردەمەدا ژیابووبێ، پلەیەکی ئێجگار بەرزە. زۆری دیکەش هەیە بگوترێ. هێندە بۆی هەیە پایەی ئەو زاتە ڕوون بکاتەوە. بەڵام پێویستیشە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە لێکۆڵەرێکی کورد سەرنجی ئەوەی داوە کە ئەوەی لەبارەی پیر شەهریاری هەورامان — پیر شالیار — وەوە دەگوترێ هەمان شتە کە کتێبە مێژووییەکان لەبارەی ئەبولوەفاوە گێڕاویانەتەوە، تۆفیق ٢٠١٦، ١٢».

کە (تاج الدین بولوەفای کورد) ئەم کەسە بێ، بێگومان جێی خۆیەتی پایەیەکی گەورەی بۆ دابنرێ. مانای گشتیی ئەو بەیتەی لە سەرەتای ئەم بەشەوە هێنرایەوە بەڵگەی ئەوەیە کە مەحوی بە زانیاریی تەواو و وریاییشەوە ئەو ناوەی لەو شوێنەدا، بەو شێوەیە بەکار هێناوە. هەڵبەتە هێشتاش ناکرێ باس لە شەفاعەت کردن بۆ هەموو کورد، با لەلایەن کەسێکی ئاوەهاشەوە بێت، لە ڕووی ئایینییەوە شیاو نییە. بەڵام مەحوی لێرەشدا وریایانە"دووری مەبینە"ی بەکار هێناوە، کە ڕەهەندی ئەو جۆرە بەکارهێنانەشم لە زمانی کوردیدا، پێشتر، ڕوون کردۆتەوە.

## پەراوێزەکان:

* ئاشکرایە کە پاکستان و ئەفغانستان/ یش کاتی خۆی بەشێک بوون لە هندستان و پاشتر جیا بوونەوە. سەنایی غەزنەوی – غەزنەیی – یە، واتە لە شاری"غەزنە"لەدایک بووە، کە کاتی خۆی ناوی"غەزنین"بوو. شارێکی مامناوەندییە، دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کابول / ی پایەتەختی ئەفغانستانەوە. لەسەردەمی غەزنەییەکاندا هەم پایەتەختی حوکمڕانیی ئەوان و هەم یەکێک لە مەڵبەندە گرنگەکانی ئەدەب و شارستانیی ئەو کاتە بوو. دانیشتووانی ئێستای پتر لە ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار کەسێک دەبن. سەنایی داهێنەری غەزەل و پێشەنگ و داهێنەری ئەو شێواز – Style – ەیە کە بە"سەبکی عێراقی"ناسراوە و، لە هامان کاتیشدا شیعری صۆفییانەی فارسی لەوەوە شێوەی داهینراو و گرنگی خۆی دەستی پێکرد. دوای ئەو فریدالدین عطار (أبو حامد، أبو طالب محمد بن إبراهیم بن مصطفی بن شعبان نیسابوری، ١١٤٢ – ١٢٢١ز)، مەولەویی فارس – جلال الدین رومی (جلال الدین محمد بن حسین بهاءادین البلخی ٦٠٤ – ٦٧٢ ک، ١٢٠٧ – ١٢٧٣ز) و سعدی (أبو محمد مشرف الدین مصلح بن عبدالله بن مشرف، ٦٠٦ – ٦٩٠ ک، ١٢١٩ – ١٢٩١ ز) – بەردەوامییان بەو ڕێچکەیەی ئەم دا و، غەزەل شێوەی درەوشاوەی خۆی چەسپاند و، لە سەردەمی حافظ (شمس الدین محمد، ٧٢٥ – ٧٩٢ک، ١٣١٥ – ١٣٩٠ز) دا گەیشتە بەرزترین ئاستی.

** نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو جیاوازییانە ئەمەیە: إبن نجیم فەقیهی حەنەفی لەبارەی ئەم فەرموودەیەوە، کە خۆی ئاوەهای تۆمار کردووە: (أن صلاة اربعین من المتقین علی المیت تکون شافعة له)، واتە «نوێژی چل کەسی لەخواترس لەسەر مردوو دەبێتە شەفاعەتکاری»، دەڵێ:"شافیعی دەڵێ: ئەوان شەفاعەتکارن و، شەفاعەتکاریش پێشدەکەوێ تا زەمینە بۆ مەبەستەکەی خۆش بکات و، ئێمەش دەڵێین: ئەوان **مُشَیِّع** – بەخاک سپێر – ن بۆیە دوا دەکەون. شەفاعەتکاری پێشکەوتوو ئەو کەسەیە کە یاوەریی شەفاعەت بۆکراو ناکات لە شەفاعەتەکەیدا، ئەوەی ئێمەش تێیداین پێچەوانەی ئەمەیە. بەڵکو لەڕووی شەرعیشەوە سەلماوە کە دەبێ لە حاڵەتی شەفاعەت کردندا پێش بخرێ، واتە لە کاتی نوێژ بۆ کردنیدا، إبن نجیم الحنفي ١٤٢٢هـ ٥/ ٤٧». پێش هەموو شتێک پێموایە إبن نجیم دوو ئاراستەی پێچەوانەی گرتوتە بەر بۆ بەرەوپێشەوە بردنی پاساوەکانی، ئەویش بە تێکەڵ کردنی نوێژ لەسەر مردوو کردن و بەرەو ئارامگا بردنی. وێڕای ئەمەش دوو لایەنی مەعنەوی و ماددیی مەسەلەکەشی تێکەڵ کردووە، واتە چەمکی شەفاعەت بە گشتی و ئەم حاڵەتی شەفاعەتە. ڕاستە لە چەمکی گشتییدا شەفاعەتکار پێشدەکەوێ و، تەنانەت بێ شەفاعەت بۆ کراویش دەڕوا، بەڵام لە نوێژی مردوودا، ؛ە ئەگەر چل کەسی ئاوەڵ بۆ خوا نەدۆزەرەوە بەشداریی تێدا بکەن، ئەوا جەستەی مردوو لە پێشیان دەبێت و، نوێژەکەی ئەوان لەسەری دەبێتە شەفاعەتکار بۆی. سەرەڕای ئەم دوو خاڵەش، فەرموودەکە بەو شێوەیە نییە کە هێناویەتیەوە، بەڵکو ئاوەهایە: (**مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوتُ فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلاً لاَ يُشْرِكُونَ بِاللَّهِ شَيْئًا إِلاَّ شَفَّعَهُمُ اللَّهُ فِيهِ**)، هەر پیاوێکی موسڵمان بمرێ و بە دیار تەرمەکەیەوە چل پیاوی هاوەڵ بۆ خوا نەدۆزەرەوە بوەستن – واتە نوێژی لەسەر بکەن – خوا هەر دەیانکاتە شەفاعەتکاری، مسلم؟١، ٣/ ٥٣ ح ٢٢٤٢ و، بە هەمان شێوەش یا نزیکی لە: إبن حجر العسقلاني؟، ٣/ ٢٥١ ح ٣٨٣٠، السیوطي؟، ٤/ ١٢ ح ٨٠٣٤، الطبراني ١٤١٥هـ ٨/ ٣٦٩، إبن الأثیر ٦/ ٢٤٦ ح ٤٣٥٠، النووي ١٤١١، ١/ ٢٤٨، أبو داود؟، ٣/ ١٥٤ ح ٧٣، البیهقي ١٤١٤ هـ ٣/ ١٨٠ ح ٥٤١١ و ٤؟ ٣٠ ح ٦٦٩٥، البیهقي ١٤١٠ هـ ٧/ ٥ ح ٩٢٤٩و إبن حبان ١٤١٤ هـ ٧/ ٣٥١ ح ٣٠٨٢ «. هەڵبەتە ماناکە هەمانە، بەڵام پاراستنی ئەمانەتی زانستی وا دەخوازی پابەند ببین بە دەقەوە.

***"الذخیرة"کتێبێکی ناسراوی فیقهی حەنەفی، (ظهیر الدین الحسن بن علي المرغیناني، کۆچکردووی دەوروبەری ٦٠٠ ک، ١٢٢٢ ز) دایناوە. بەپێی زانیاریی بەردەست، پێدەچێ ئەم کتێبە هەر بە دەسنووسی مابووبێتەوە و تا ئێستا چاپ نەکرابووبێ.

****"الظهیریة، یا الفتاوی الظهیریة"کتێبێکی دیکەی فیقهی حەنەفی/ یە، لەلایەن (ظهیر الدین الحسن بن علي

الميرغيناني/ ی) نوسراوە، واتە هەمان نوسەری باس کراو لە پەراوێزی پێشوودا. کتێبێکی دیکەش بە هەمان ناوەوە لەلایەن (ظهیر الدین محمد بن أحمد بن عمر البخاري، کۆچکردووی دەوروبەری ٦١٩ ک، ١٢٠٣ ز) یەوە دانراوە. ئەگەرچی لە شەشەمین سەدەی کۆچیدا نوسراوە، بەڵام لەلایەن شەرعخوازە حەنەفییەکانی ئەم ساڵانەی دواییەوە بایەخی گەورەی پێدراوە.

***** لە پەروێزەکەی تەخریجی ئەم فەرموودەیەدا لەسەر زاری (السندي/ یەوە، ڕەنگە أبو الفوارس أحمد بن محمد بن الحسین، ٢٤٥ – ٣٤٩ ک، بێ، کە بە إبن السندي/ ش پتر ناسراوە) دەیگێڕێتەوە کە (الترمذي، أبو عیسا محمد بن عیسا بن سورة بن موسی بن الضحاک السلمي، ٢٠٩ – ٢٧٩) و غەیری ئەویش ئەم فەرموودەیەیان بە لاواز داناوە لەبەر ئەوەی لە زنجیرەی ئەوانەی گێڕاویانەتەوە یەحیی (أبو الحارث یحیی بن عبدالله بن الحارث الجابر الکوفي؟) و (أبو ماجدة،؟) یان تێدایە کە هەردوکیان بێ متمانەن لای زانایانی فەرمووده. هەروەها بە لاواز دانانی فەرموودەکە لە چەند دەسنووسێکی (أبو داود، ) یشدا بینراوە"الترمذي"گوتی: گوێم لە (محمد بن إسماعیل – پێموایە مەبەست لێی أبو عبد الله محمد بن إسماعیل البخاري، ١٩٤ – ٢٥٦ ک/ ی ناسراوترین زانایانی فەرموودە – یە) بوو ئەم (أبو ماجدة) ەیەی بە لاواز دادەنا. محمد/ یش گوتی: إبن عیینة(سفیان بن عیینة بن أبي عمران میمون ١٠٧ – ١٩٨ک) بە یەحیا ی گوت: ئەم أبو ماجدة/ یە کێیە؟، گوتی: باڵندەیەک بوو فڕی و فەرموودەی بۆ گێڕاینەوە، إبن ماجە؟، ١/ ٤٧٦، پ ١٤٨٤، المناوي ١٤١٥، ١٢/ ٣٩٦». دیارە مەبەستی ئەوەیە وەک چۆن ناتوانرێ باڵندەیەکی فڕیو بناسرێ، ئاوەهاش ئەو نەناسراوە. ئەم بەشە لە کتێبێکی دیکەدا بەم شێوەیە نوسراوە:"لەپڕ لە بەصرە/ وە لێمان پەیدا بوو، الذهبي ١٤١٦هـ ٧/ ٤١٨». لاوازی ئەو فەرموودەیە و نەناسراویی أبو ماجدة لە چەندین سەرچاوەی دیکەدا باسی لێ کراوە، لەوانەش کە جەخت لەسەر ناساندنی یەحیا دەکەن کە فەرموودەکەی لە أبو ماجدة/ وە گێڕاوەتەو کە (یحیی بن عبدالله، یحیی الجابر/) ە، السهارنفوري ١٩٩٤م، ١٤/ ١٥١، العظیم آبادي، ٥/ ٧٣، الأشبیلي ٢٠٠٠م، ٢/ ٢٧٠" کە (أبو داود) لەبارەی (یحیی) وە گوتوویەتی:"لاوازە و، یحیی بن عبدالله الجابر و یحیی الجابر هەر خۆیەتی. ئەم خەڵکی کووفە/ یە و أبو ماجدة خەڵکی بەصرە/ یە. ئەم أبو ماجدة/ یە ناناسرێ، السهارنفوري ١٩٩٤، ٧/ ٧٨». خاوەنی کتێبی"میزان الإعتدال"یش بەم شێوەیە دەیناسێنێ:"أبو ماجدة السهمي، أبو مالک، لە عومەر- خوای لێ ڕازی بێت – ەوە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، ناناسرێ. گێڕانەوەشی جێی خراپە و باوەڕ نییە، الذهبي ١٤١٦هـ ٧/ ٤١٨».

****** لێرەوە، هاوشێوەییەکی گەورە لەنێوان ئەم بەشە تا کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە بابەتی (شیعرێک و شاعیرێک و، هێندێ ســەرنجی تایبەتی خۆم)داهەیە، کە بۆ گۆڤاری"بەیان"ی شاری مەهاباد ناردوومە بڵاو بۆتەوە، بەڵام تا کاتی نوسینی ئەم بابەتە نەگەیشتۆتە دەستم. هۆکارەکەش ئەو هاوشێوەییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زانیارییەکونی هەردوو شوێن پشکنین و کنەی نێوان ئەو سەرچاوە مێژووییانەیە کە ئاماژەیان بۆ هەر لایەنێکی ژیان و کەسایەتیی ئەو پیاوە کردووە.

******* البطائح: عەرەبییە. کۆی وشەی"البطیحة و"البطحاء"یشی پێ دەگوترێ . لە ڕووی زمانییەوە مانای"دەشتی فراوان دەبەخشێت کە ئاوی پێدا بڕوات و وردە چەوی تێدا بێت. ئاوی زەلکاوە و بە هۆی فراوانییەوە ئەمسەر و ئەوسەری دیارنییە، الحموي ٢٠٠٣، ١/ ١٤٤». لە ڕووی جوگرافیشەوە بەو ناچەیەی عێراقی عەجەم دەگوترا کە نزم بوون ئاوی زەلکاوی زۆر بوو، ئێستاش هەر وایە، لە نێوان واسط و بەصرەدا. ئەو ناوچەیە کۆمەڵێک شێخی ئێجگار گەورەی تێدا هەڵکەوت، وەکو ( منصور البطائحي ، أبو شیبة، کۆچکردوو لە ٥٤٠ ی کۆچیدا)، کە خاڵ و مامۆستای سەیید ئەحمەدی ڕیفاعی (أحمد بن علي الحسیني الرفاعي، ٥١٢ – ٥٧٨ ک، ١١١٨ – ١١٨٢ ز) یە.

******** أبو بکر البطائحي: ئەمیش یەکێکە، بەڵکو سەردەستەی شێخانی ناوچەی البطائح و مامۆستای شێخ محمدی شەنبەکی/ ی مامۆستای تاج العارفین بووە. زانیاریی زۆری لەسەر نییە، بەڵام پێدەچێ لە نیوەی دووەمی پێنجەمین سەدەی کۆچی – واتە پاش ٤٥٠ ک – کۆچی دوایی کردبێ. خۆی و شێخ محمدی موریدیشی لە دوو تیرەی کورد بوون، بڕوانە: التل ٢٠٠٩، ٧٥».

إبراهيمي؟، محمد صالح، شناختی أز كرد و كردستان، بخش دومك پایانی، پرتال جامع علوم إنسانی www.ensani.ir .

إبن أبي شيبة؟، أبو بكر عبدالله بن محمد بن أبي شيبة العبسي، مصنف إبن أبي شيبة، الدار السلفية الهندية.

إبن أبي العز؟، الإمام القاضي علي بن علي بن محمد، شرح العقيدة الطحاوية، تحقيق، تعليق، تخريج أحاديث وتقديم: الدكتور عبدالله بن محسن التركي و شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة

إبن الأثير ١٣٩٢هـ مجد الدين أبو السعادات المبارك بن محمد، جامع الأصول في أحاديث الرسول، تحقيق: عبدالقادر الأرنؤوط، مكتبة الحلواني- مطبعة الملاح- مكتبة دار البيان، الطبعة الأولى.

إبن بطال ١٤٢٣هـو أبو الحسن علي بن خلف بن عبدالملك بن بطال البكري القرطبي، شرح صحيح البخاري، تحقيق: أبو تميم ياسر بن إبراهيم، مكتبة الرشد، الرياض، الطبعة الثانية.

إبن تيمية ١٣٦٩ هـ أبو العباس أحمد بن عبدالحليم الحراني، إقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم، تحقيق: محمد حامد الفقي، مطبعة السنة المحمدية، القاهرة، الطبعة الثانية.

إبن تيمية؟، السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، دار المعرفة.

إبن تيمية ١٤٢٦هـ مجموع الفتاوى، إعتنى بها وخرج أحاديثها: عامر الجزار وأنور الباز، دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، المنصورة، القاهرة، الطبعة الثالثة.

إبن حبان ١٤١٤ هـ أبو حاتم محمد إبن حبان بن أحمد التميمي البستي، صحيح إبن حبان بترتيب إبن بلبان، تحقيق و تخريج أحاديث: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، بيروت، الطبعة الثانية.

إبن حجر العسقلاني؟، أبو الفضل أحمد بن محمد بن علي بن محمد بن أحمد، إطراف المسند المعتلي بأطراف المسند الحنبلي، دار إبن كثير و دار الكلم الطيب، دمشق، بيروت.

إبن حجر الهيثمي ١٤١٧هـ أحمد بن محمد بن محمد بن علي إبن حجر المكي الهيتمي، الفتاوى الكبرى الفقهية على مذهب الإمام الشافعي، جمع وتدوين: عبدالقادر بن أحمد بن علي الفاكهي المكي، ضبط وتصحيح: عبداللطيف عبدالرحمن، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى.

إبن دقيق العيد ١٤٢٦ هـ أبو الفتح تقي الدين محمد بن علي بن وهب بن مطيع القشيري، إحكام الأحكام"شرح عمدة الأحكام «و تحقيق: مصطفى شيخ مصطفى و مدثر سندس، مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى.

إبن عادل ١٤١٩هـ أبو حفص عمر بن علي بن عادل الدمشقي الحنبلي، اللباب في عموم الكتاب، تحقيق: عادل أحمد عبدالموجود و علي محمد معوض, دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى.

إبن المستوفي ١٩٨٠م، المبارك بن أحمد بن المبارك بن موهوب اللخمي, تاريخ إربل، تحقيق وتعليق: سامي بن خماس الصقار، وزارة الثقافة والإعلام، دار الرشيد، بغداد.

إبن نجيم الحنفي ١٤٢٢هـ زين الدين بن إبراهيم بن محمد، البحر الرائق.. شرح كنز الدقائق، دراسة وتحقيق: أحمد عزو عناية الدمشقي، دار إحياء التراث العربي، الطبعة الأولى.

إبن ماجة؟، أبو عبدالله محمد بن يزيد القزويني، سنن إبن ماجة، تحقيق، ترقيم كتب، تبويب ، تخريج أحاديث وتعليق: محمد فؤاد عبدالباقي, دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.

أبو داود؟، سميمان بن الأشعث السجستاني، سنن أبي داود، تحقيق وتعليق: سعيد محمد اللحام، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية.

أبو يوسف ١٣٨٢ هـ يعقوب بن إبراهيم، الخراج، المطبعة السلفية ومكتبتها، القاهرة، الطبعة الثالثة.

البدري ٢٠٠٨، الإمام الشيخ بدرالدين حسن بن محمد العوضي، مناهل الصفا في مناقب آل الوفا، تحقيق و تخريج وتعليق: أحمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية، بيروت.

الأشبيلي٢٠٠٠، ابو العباس شهاب الدين احمد

إبن فرح بن احمد بن محمد بن فرح اللخمي ، مختصر الخلافيات للإمام البيهقي، تحقيق: علاء إبراهيم الأزهري، منشورات: محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية, بيروت.

الألباني ١٤٠٥هـ محمد ناصرالدين, إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل، إشراف: زهير الشاويش، المكتب الإسلامي، بيروت، الطبعة الثانية.

بحري ٢٠١٦، عائشة حسين علي، الشفاعة"دراسة قرآنية «، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية الدراسات العليا بجامعة النجاح الوطنية/ نابلس, نالت بها الطالبة الشهادة بإشراف: الدكتور محسن سميح الخالدي.

البخاري ١٤٠١هـ أبو عبدالله محمد بن إسماعيل بن بن إبراهيم بن المغيرة بن بردذبة الجعفي، صحيح البخاري، دار الطباعة العامرة، استانبول.

برهان الدين مازه ؟، محمود بن أحمد بن الصدر الشهيد النجاري، المحيط البرهاني، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

البعلي ١٤٠١هـ آبو عبدالله محمد بن أبي الفتح، المطلع على أبواب الفقه الحنبلي، تحقيق: محمد بشير الأدلبي، المكتب الإسلامي، بيروت.

البغوي ١٤٠٣ هـ الحسين بن مسعود، شرح السنة، تحقيق: شعيب الأرناؤوط و محمد زهير الشاويش، المكتب الإسلامي، بيروت، دمشق، الطبعة الثانية.

البقاعي ١٤١٥ هـ برهان الدين أبي الحسن بن عمر، نظم الدرر في تناسب الآيات والسور، تحقيق: عبدالرزاق غالب المهدي، دار الكتب العلمية، بيروت.

بن حنبل ١٤٢٠ هـ أبو عبدالله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال الشيباني ، مسند الإمام أحمد بن حنبل، تحقيق و تعليق وتخريج لٔحاديث: شعيب الأرنؤوط ، عادل مرشد، شارک في التحقيق آخرون ، مؤسسة الرسالة، الطبعة الثانية.

بن محمد وفا الكبير ٢٠٠٧، محمد، نفائس العرفان من أنفاس الرحمن، ويليه المعاريج، وفي المقدمة: نقاب الخفا عند ساداتنا بني الوفا للشيخ أبي الفيض محمد بن محمد بن مرتضى الزيدي، دار الكتب العلمية، بيروت.

البيهقي ١٤١٤هـ أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي بن موسى، سنن البيهقي الكبرى، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، مكتبة دار الباز، مكة المكرمة.

البيهقي ١٣٤٤ هـ السنن الكبرى وفي ذيله: الجوهر النقي ل"علاء الدين علي بن عثمان المارديني الشهير بإبن التركماني، مجلس دائرة المعارف النظامية، حيدر آباد، الهند، الطبعة الأولى.

البيهقي ١٤١٠هـ شعب الإيمان، تحقيق: محمد السعيد بسيوني زغلول، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى.

التاذفي ٢٠٠٧، محمد بن يحيى، قلائد الجواهر في مناقف تاج الأولياء و معدن الأصفياء و سلطان الأولياء الشيخ محيي الدين عبالقادر الجيلاني، عن كتاب: يضم معا عدة كتب تحت عنوان رئيسي هو (سر الأسرار و مظهر الأنوار فيما يحتاج إليه الأبرار و فتوح الغيب لشيخ الإسلام عبدالقادر بن موسى الجيلانى و (السيف الرباني في عنق المعترض على الغوث الجيلانى) ل"محمد بن مصطفى بن حزوز المكي الإدريسي، تحقيق و تعليق: أحمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية، بيروت. الطبعة الثانية.

التل ٢٠٠٩، عمر سليم عبدالقادر، متصوفة بغداد في القرن السادس الهجري/ الثاني عشر الميلادي، دراسة تاريخية، دار المأ مون للترجمة والنشر، بغداد.

تۆفيق ٢٠١٦، پ. د. زرار سديق، ناسينەوەى پير شەهريارى هەورامان – پير شاليار -، گۆڤارى ئەكاديمياى كوردى، هەولێر، ژماره (٣٥).

توفيق ٢٠٠٧، الدكتور زرار صديق، القبائل والزعامات الكردية في العصر الوسيط، مؤسسة موكريانى للبحوث والنشر، أربيل.

الجرجاني؟، علي بن محمد السيد الشريف، معجم التعريفات، تحقيق ودراسة: محمد صديق المنشاوي، دار الفضيلة للنشر والتوزيع والتصدير، القاهرة.

الحميدي ١٤٢٣هـ محمد بن فتوح، الجمع بين الصحيحين البخاري ومسلم، دار إبن حزم، بيروت، الطبعة الثانية.

الحموي ٢٠٠٣، شهاب الدين أبو عبد له بن عبد له، معجم البلدان، ترتيب وتحقيق: الدكتور عبدالحميد هنداوي، دار الكتب العلمية، بيروت.

الذهبي ١٤١٦هـ شمس الدين ابي عبدالله محمد بن احمد، ميزان الإعتدال في نقد الرجال ومعه ذيل ميزان الإعتدال، دراسة وتحقيق وتعليق: علي معوض وعادل عبدالموجود، شارک في التحقيق: الأستاذ الدكتور عبدالفتاح أبو سنة، دار الكتب العلمية، بيروت.

الراغب الأصفهاني ١٤٣٠هـ الحسين بن محمد بن المفضل، مفردات ألفاظ القرآن، تحقيق: صفوان عدنان داوودي، دار القلم، دمشق، الدار الشامية، بيروت، الطبعة الرابعة.

الراغب الأصفهاني؟، المفردات في غريب القرآن، تحقيق وإعداد: مركز الدراسات والبحوث بدار النشر، مكتبة نزار مصطفى الباز.

الزرقاني ١٤١١هـ محمد بن عبدالباقي بن يوسف، شرح الزرقاني على موطأ الإمام مالك، دار الكتب العلمية، بيروت.

السخاوي ٢٠٠٣ ، شمس الدين محمد بن عبدالرحمن بن محمد، الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، ضبطه و صححه: عبداللطيف حسن عبدالرحمن، منشورات محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية، بيروت.

السخاوي ١٩٩٢ك شمس الدين محمد بن عبدالرحمن بن محمد، الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، دار الجيل، بيروت.

السرخسي ١٤٢١ هـ شمس الدين أبو بكر محمد بن سهل، المبسوط، دراسة وتحقيق: خليل محيي الدين الميس، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة الأولى.

لسخاوي ٢٠٠٣ ، شمس الدين محمد بن عبدالرحمن بن محمد، الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، ضبطه و صححه: عبداللطيف حسن عبدالرحمن، منشورات محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية، بيروت.

السخاوي ١٩٩٢ك شمس الدين محمد بن عبدالرحمن بن محمد، الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، دار الجيل، بيروت.

سنايي ١٣٨١هـ ق.، أبو المجد مجدود بن آدم، ديوان حكيم سنايي غزنوى بر أساس معتبرترين نسخه ها، بإهتمام: پرويز بابايي، مقدمه، شرح زندگى و حواشى و شيوه سخن سنايي: بقلم بديع الزمان فروزانفر، نشر آزاد مهر و مؤسسه إنتشارات نگاه آزاد، تهران، چاپ أول.

سنايي ١٣٨٨ هـ ق.، أبو المجد....، ديوان حكيم أبو المجد بن مجدود سنايي غزنوى، با مقدمه و حواشى و فهرست، بسعى و إهتمام: مدرس رضوى، محمد تقى، إنتشارات سنايي، تهران، چاپ هفتم.

سنايي ١٣٣٦ هـ ق.، أبو المجد....، بكوشش: مظاهر مصفا، مطبوعات أمير كبير، تهران.

السهارنفوري ١٩٩٤م، خليل أحمد، بذل المجهود في حل سنن أبي داود ٧/ ٨٧، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

السيوطي؟، جلال الدين عبدالرحمن بن أبى بكر، الجامع الصغير في أحاديث البشير النذير، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

السيوطي ١٤٢٣هـ الفتح الكبير في ضم الزيادة إلى الجامع الصغير، تحقيق: يوسف النبهاني، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة الأولى.

الشوكاني ١٤٠٧هـ محمد بن علي بن محمد، الدراري المضية.. شرح الدرر البهية، دار الجيل، بيروت.

الشوكاني ١٤٠٥هـ السيل الجرار المتدفق على حدائق الأزهار، تحقيق: محمود إبراهيم زايد، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى.

الصفوري ١٢٩٠هـ عبدالرحمن بن عثمان بن عبدالرحمن الشافعي، نزهة المجالس ومنتخب النفائس، المطبعة الوهبية، القاهرة. ئەم کتێبە ئەگەرچی زۆر کۆنە – نزیکەی ١٤٦ ساڵ پێش ئێستا بە ساڵی زایینی چاپ کراوە – بەڵام گووگڵ – Google – بە شێوەیەکی ئێجگار جوان وێنەی لەبەر گرتۆتەوە و بێ بەرانبەر خستوویەتیە بەر دەستی خوێنەران. لە بەرگی دەرەوەیدا، لەبارەی ساڵ و شوێنی چاپکردنی هیچ نەنوسراوە. بەڵام لە تێبینیی زانیاریی دوا لاپەڕەی دووەمین بەرگی کتێبەکەوە ڕوونکراونەتەوە.

الصيادي الرفاعي ٢٠٠٧، ابو الهدى محمد بن حسن وادي بن على بن خزام الصيادي الرفاعي الحسيني، قلائد الزبرجد على حكم مولانا الغوث الرفاعي أحمد، تحقيق وتخريج وتعليق: أحمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية، بيروت.

الطبراني١٤١٥ هـ الحافظ أبو القاسم سليمان بن أحمد بن أيوب، المعجم الأوسط، تحقيق: أبو معاذ طارق بن عوض الله بن محمد و أبو الفضل عبدالحسن بن إبراهيم الحسيني، دار الحرمين للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

الطحاوي ١٤١٥هـ أبو جعفر أحمد بن محمد بن سلامة، شرح مشكل الآثار، تحقيق، ضبط، تخريج أحاديث والتعليق عليه: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى.

العليمي ١٩٩٩، محيي الدين أبي اليمن عدالرحمن بن محمد بن عبدالرحمن العليمي المقدسي الحنبلي، تحقيق:

مصطفى عبدالقادر أحمد عطا، المنهج الأحمد في تراجم أصحاب الإمام أحمد، منشورات: محمد علي بيضون، دار الكتب العلميةک بيروت.

الفخر الرازي ١٤٢١ هـ فخرالدين محمد بن عمر التميمي الشافعي، مفاتيح الغيب، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى.

القادري ٢٠٠٨، الشيخ الإمام برهان الدين بن علي االديري، الروض الزاهر فيمناقب الشيخ عبدالقادر، ويليه، النور السافر في مناقب سيدي عدي بن مسافر ل: نصر بن عبدالله بن نصر العسقلاني، تحقيق وتعليق: حمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية، بيروت.

المباركفوري ١٢٨٣هـ أبو العلا محمد عبدالرحمن إبن عبدالرحيم، تحف' الأحوذي بشرح جامع الترمذي، دار الكتب العلمية، بيروتز

المتقي الهندي؟، علاء الدين علي المتقي بن حسام الدين البرهان فوري، كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال، ضبط، تفسير، تصحيح و وضع الفهارس والمفتاح: بكري حياني وصفوة السقا, مؤسسة الرسالة.

مەحوی ١٩٨٤ز، مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوثمانی باڵخی، دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی ئۆفسێتی"حسام «، لە ڕووی چاپەکەی کۆڕی زانیاریی کوردەوە، چاپی دووەم.

المرغيناني ؟، برهان الدين علي بن أبي بكر، الهداية في شرح بداية المبتدي، دراسة و تحقيق: طلال يوسف، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

مسلم ١ ؟، أبو الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري، الجامع الصحيح المسمى صحيح مسلم، دار الجيل و دار الآفاق، بيروت.

مسلم ٢ ؟، ابو ، صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

مغربی ١٣٧٩هـ ش.، ابو عبدالله محمد بن الشيخ عزالدين بن عادل بن يوسف التبريزی، ديوان محمد شيرين مغربی، بتصحيح و إهتمام دكتر لئونارد لوئيزان، متن إنتقادی با مقدمه، حواشی و فهرست إصطلاحات عرفانی، تهران، مؤسسهء مطالعات إسلامی دانشگاه تهران ـ لندن، دانشگاه مک گيل، دانشگاه لندن.

المقدسي ١٤٢٤هـ أبو عبدالله شمس الدين محمد بن مفلح بن محمد بن مفرج الراميني ثم الصالحي، كتاب الفروع، ومعه: تصحيح الفروع ل: علاء الدين علي بن سليمان المرداوي، تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركي، مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى.

المناوي ٢٠١٦، الإمام الحافظ زين الدين عبدالرؤوف محمد رؤوف إبن تاج العارفين، إرغام أولياء الشيطان بذكر مناقب أولياء الرحمن، أو"الطبقات الصغرى «، كتاب ناشرون، دار الكتب العلمية، بيروت.

المناوي١٤٠٨ هـ التيسير بشرح الجامع الصغير، مكتبة الإمام الشافعي، الرياض، الطبعة الثالثة.

المناوي ١٤١٥هـ فيض القدير، شرح الجامع الصغير، ضبط وتصحيح: أحمد عبدالسلام، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى.

المنبجي ١٤١٤هـ أبو محمد علي بن زكريا، في الجمع بين السنة والكتاب، تحقيق: الدكتور محمد فضل عبدالعزيز المراد، دار القلم، دمشق، الطبعة الثانية.

النبهاني ٢٠١٤، القاضي الشيخ يوسف بن إسماعيل بن يوسف، جامع كرامات الأولياء، ضبط وتصحيح: عبدالوارث محمد علي، دار الكتب العلمية، بيروت.

النسائي ١٤١١هـ أبو عبدالرحمن أحمد بن شعيب، السنن الكبرى، تحقيق: عبدالغفار سليمان البنداري و سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى.

النفراوي؟، أحمد بن غنيم بن سالم، الفواكه الدواني علىرسالة إبن أبي زيد القيرواني، تحقيق: رضا فرحات، مكتبة الثقافة الدينية.

النمري؟، أبو عمر يوسف بن عبدالله بن محمد بن عبدالبر بن عاصم القرطبي، التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد، تحقيق: مصطفى بن أحمد العلوي و محمد بن عبدالكريم البكري، مؤسسة قرطبة للبحث العلمي وتحقيق التراث الإسلامي والترجمة، القاهرة.

النووي ١٤١١هـ ابو زكريا يحيى بن شرف بن مري، رياض الصالحين من كنوز سيد المرسلين، وشرحه"كنوز الباحثين، صنعة: أحمد راتب حموش، دار الفكر المعاصر، بيروت، الطبعة الثانية.

النووي ١٣٩٢ هـ المنهاج، شرح صحيح مسلم بن الحجاج، دار إحياء التراث العربي، بيروت، الطبعة الثانية.



# ڕێبوار سیوەیلی

# نالی بەرەو کوێ دەبات

ئیسماعیل تەها

## جەنگ لە پەنای نالی

کورد لەگەڵ شیعر مێژوویێکی دووروودرێژی هەیە، بەشی زۆری سەرمایەی مەعریفی کورد لە سەدەکانی پێشوو بە زمانی کوردی لە چوارچێوەی شیعردایە، شیعر بەهێزترین وەسیلەی گەیاندن بووە، بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شیعری شاعیرانی کورد پڕە لە پەند و ئامۆژگاری و خەمخۆری بۆ گەلەکەیان، بەشی زۆری پاشخانی شیعری کلاسیکی پاشخانێکی ئایینیە، ئەوانەی شیعریان نووسیوە، خاوەنی پاشخانی ئایینی بووینە، ئایین بە ڕوونی لە شیعرەکانیان ڕەنگی داوەتەوە.

لەو نێوەندە حوجرەکان ڕۆڵی سەرەکیان گێراوە لە پێگەیاندنی شاعیران، بۆیە بەشی زۆری شاعیرانی کورد دەرچووی حوجرە و خانەقاکان بووینە، مەعریفەیان مەعریفەیەکی ئایینی بووە، ئەوەش وایکردووە بە ڕوونی کاریگەری ئایینی ئیسلام بەسەر شیعرەکانیانەوە دەرکەوێت، ئەو کاریگەریەش ئەوەندە روونە، کەس ناتوانێ نکۆڵی لەو کاریگەریانە بکات، مەگەر کەسانێک بێن بەزۆر خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکەن و بیانەوێت لە ڕێی شێواندنی واتای شیعرەکان ئەو کاریگەریە بشارنەوە.

تا کۆتایی سەدەی نۆزدە حوجرەی مزگەوتەکان تاکە شوێنی پێگەیاندنی خوێندەواران بووە، دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەندێک قوتابخانە لە شارەکانی وەک کۆیە و سلێمانی و هەولێر دەکرێتەوە، وردە وردە خوێندەواری جیا دەبێتەوە، دەبێت بە دوو بەش: خوێندەوارانی حوجرە، خوێندەوارانی قوتابخانە، هەر لە سەرەتاوە هەندێک ناکۆکی دروست دەبێت لە نێوان ئەو دوو توێژە، ئەوەش بە زیانی هەردوولا تەواوبوو، ئەنجامی ئەو ناکۆکییە«هەڵەیەکی زۆر کەوتووەتە نووسینەوەی شیعرەکان هەرچەندیش زمانەکە بەرەو پێشتر هاتووە، قوڕەکە خەستتر بووەتەوە»١.

لە بەرامبەریشدا وەچەی یەکەمی خوێندەوارانی قوتابخانەکانی میری دڵیان پڕکراوە لە دژایەتی لەگەڵ خوێندنی کۆن و تێکڕایی کولتووری کۆن و مەلا و فەقێ یان وەک نیشانەی ڕابردوویەکی ڕزیو خراوەتە بەرچاو٢.»محەمەدی مەلا کەریم» ئەو کولتوورەی ناوناوە (تطرف يساری ثقافی)٣ ئەگەرچی نووسەر دواتر نەیتوانیوە لە ژێر ئەو کاریگەرییە دەرچێت.

کاتێکیش کۆڕی زانیاری کورد دادەمەزرێت، کەسانێکی سەربە ئایین و نزیک لە ئایین، یاخود لای کەمی کە ئەوان نەچووینە بەرەی دژە ئایینەکان، هەندێک شت دەکەن، کە پێوەندی بە ئایین هەیە، ناکۆکییەکان قوڵتر دەبنەوە «ڕەنگە پێت سەیر بێ ئەگەر بڵێم بڵاوکردنەوەی کتێبێکی کوردی لە ڕێی کۆڕی زانیاری کوردەوە بەناوی: (ڕێکەوت لە تەرازووری ژیری) کە نووسەرەکەی ڕای خۆی لەمەدا دەربڕیوە بوونی پەروەردگار بسەلمێنێ، ڕقی پاسەوانە کوردەکانی مارکسیزم بەسەر کۆڕدا هەڵڕژاو پاڵی بە قەڵەمەکانیانەوە نا بۆ دەربڕینی نارەزایی و ڕەخنەگرتن و شتی لەو بابەتانە لە چاپەمەنییەکاندا و ئەوەیان لە مسوڵمان بە زیادەوە دەزانی لە وڵاتێکی خۆیدا بەرگری لە باوەڕی ئایینی خۆی بکا و دەهۆڵیشیان بۆ کۆڕ لێدا، کە ئەو کتێبەی چاپکردووە و لێپرسراوانیشیان لێ ئاگادارکردەوە کە ورووژاندنی باوەڕداری و بێ باوەڕی پشێوی دەنێتەوە، بەڵام لۆمەی وڵاتێک ناکەن کە لەبارەی باوەڕنەبوونەوە بەخودا بەردەوام کتێب چاپ دەکا و بڵاوی دەکاتەوە ئەمەیان چ وریایی ناوێ و چەپەچپی بشێوێنی لە ئارادا نییە٤.

کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمە، هەر یەک لە «د.عزەدین مستەفا ڕەسوڵ» و «د.عەبدوستار تاهیر شەریف» و «د.مارف خەزنەدار» بوون، بە پلەی یەکەمیش شەڕەکە لەگەڵ «مەسعوود محەمەد» بوو، زۆرجار کە نەیاندەتوانی ڕووبەڕووی ببنەوە، دەهاتن لە پەنای

شتی تر شەڕەکەیان لەگەڵ گەرم دەکرد.

کتێبی حاجی قادری کۆیی «مەسعوود محەمەد» یەکێک بوو لەو کتێبانەی کە شەڕی زۆری» مەسعوود محەمەد»ی لەپەنادا کرا، کاتێک نەیاندەتوانی بەرپەرچی بیروڕاکانی «مەسعوود محەمەد» بدەنەوە، دەیانگوت: مەسعوود محەمەد، باسی «حاجی قادری کۆیی» نەکردووە٥، «مەسعوود محەمەد» باسی لە بنەماڵەکەی خۆی کردووە٦.

ئەو شەڕە درێژەی کێشا دوا کتێب لە دژی «مەسعوود محەمەد» چاپ کرا، کتێبەکەی «خالید دلێر» بوو، بەناوی «نابۆ ستەم کردن لە حاجی قادری کۆیی» بەشێکی ئەو ململانێیە پێوەندی بە دیدگای کەسەکان هەبوو، بۆ ئەدەبی کوردی، بەتایبەت قسەکردن لەسەر ئەو ئەدەبە.

شیعری کلاسیکی کوردی زادەی حوجرەکانی کوردستانە، ئەو کەسانەی ئەو ئەدەبەیان نووسیوە کەسانی خاوەن پاشخان ئایینی بووینە، شیعرەکانیان پڕە لە چەمکی ئایینی، کەسێک ئەگەر بیەوێت قسە لەسەر ئەو چەمکانە بکات دەبێت، ئاگاداری ئەو پاشخانە فیکری و مەعریفیە هەبێت، بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەی زەق.

لە ساڵانی ڕابردوو ئەوانەی کاریان لەسەر ئەدەبی کوردی دەکرد، بەشێکی زۆریان خاوەن پاشخانێک نەبوون، هەڵقوڵاوی پاشخانی شاعیرانی کورد بێت، هەندێکیشیان بە ئاشکرا نەیان شاردۆتەوە، کە ئەوان بەگوێرەی پاشخانی خۆیان شیعری کوردی شی دەکەنەوە، «د.عزالدین مستەفا رەسوول» بەئاشکرا دەربارەی شەرحی «ئەحمەدی خانی» دەڵێت: من کەسێکی چەپم بۆیە ئەحمەدی خانیم مادیانە شەرح کردووە٧.

نالی شاعیر دیارتر و بەرزەکانی کورد، قسەکردن لەسەر شیعری «نالی» و جیهانبینی «نالی» پێویستی بە رۆشنبیریەکی فراوانی سەردەمی «نالی» هەیە، بۆ تێگەیشتن لە نالی هەر ئەوە نییە مرۆڤ توانای خوێندنەوەی هەبێت.

قسەکردن لەسەر هەر بابەتێک پێویستی بەخۆداماڵین هەیە، لە حەز و ویستی مرۆڤەکان، کاتێک حەزو ویست تێکەڵی قسەکردن بوو، ئەوکات، قسەکردنەکە دەبێتە قسەکردنی نابابەتی، مرۆڤ بە دڵی خۆی چی بیەوێت دەیکات.

بۆیە ئەگەر سەیری ئەو کتێبانە بکەین کە لەبارەی کلاسیک نووسراون، زیاتر حەزی نووسەر زاڵکراوە بەسەر واقیعی نالی، کتێبی «نالی لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە« و «نالی لە کڵاو رۆشنەی شیعرەکانی» لەو کتێبانەیە بەو نەفەسە نووسراون. سەرەتای ناکۆکی دەربارەی «نالی» لە نێوان «محەمەدی مەلا کەریم» و «د.مارف خەزنەدار» بوو، دواتر «عەبدولخالق مەعروف» وەک کەسێکی نزیک لە «د.مارف» خۆی خزاندە ناو شەڕەکە، کتێبێکی نووسی بەناوی «دیوانی نالی و کێ راستە» نووسەر لەو کتێبەی بە ئاشکرا لایەنگری «د.مارف»ی کردووە، دژی کارەکانی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس و کوڕەکانی وەستاوەتەوە.

سەرەتای ناکۆکییەکە بەو جۆرە بوو، «دیوانی نالی» بە شەرحی «فاتیح عەبدولکەریم» و «مەلا عەبدولکەریمی مودەریس» دەکەوێتەوە بازاڕ، «دیوانی نالی» بە شەرحەکەی «مەلا عەبدولکەریم» بە یەکێک لە کارە گرنگەکان دادەنرێت، ماندوبوونێکی زۆری تێدا کراوە. دواتر کە «د.مارف» «دیوانی نالی» دەنووسێت، پێشەکییەکی بۆ دەنووسێت، لە پێشەکییەکە هەندێک ئاماژە بەهەندێک ناوەڕۆکی شیعری «نالی» دەکات.

لە «دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی» د.مارف خەزنەدار» بەهۆی نەبوونی پاشخانێکی قوڵ لە شیعری کلاسیک بەگشتی و شیعری «نالی» بەتایبەت نووسەر نەیتوانیوە لە شیعرەکانی نالی قوڵ بێتەوە، دوای دەرچوونی کتێبەکەی «د.مارف خەزنەدار»، «محەمەدی مەلا کەریم» کتێبی «لە ڕێگای ئەدەب و لە پێناوی نالی»٨ رەخنەی لە

کتێبەکەی «د.مارف» گرت، نووسەر لەو کتێبەی بەشێکی ڕەخنەکانی لە پێشەکی «د.مارف»ە، بەشی دووەمی ڕاستکردنەوەی شیعرەکانە، بەشی سێیەمی ڕەخنەکانی لە فەرهەنگی نالی یە.

دواتر «عەبدولخالق مەعروف» کتێبی «دیوانی نالی و کێ ڕاستە»ی نووسی.

«د.مارف» نەیتوانیوە، یاخود خۆی نەیویستووە، وەڵامی ڕەخنەکانی «محەمەدی مەلا کەریم» بداتەوە، تا دواجار «عەبدولخالق مەعروف» وەڵامی کتێبەکەی «محەمەدی مەلاکەریم» دەداتەوە. نووسەر هاتووە لەکتێبەکەی هەشت لاپەڕەی بۆ ڕەخنەگرتن لەکتێبەکەی «محەمەدی مەلا کەریم» تەرخان کردووە، ڕەخنەکانی بەزۆر کردووە بە ڕەخنە، ئەگینا ئەوەندە لاوازە، هی ئەوە نییە بخرێتە چوارچێوەی ڕەخنە.

بەشێکی تری کتێبەکەی ڕەخنەگرتنە لە دیوانی «نالی» بە شەرحی «مەلا عەبدولکەریم» و «فاتح»ی کوڕی.

نووسەر نەیتوانیوە لەڕێی وەڵامدانەوەی «محەمەدی مەلا کەریم» پارێزگاری لە کتێبەکەی «د.مارف» بکات، هاتووە لەڕێی ڕەخنەگرتن لە کاری «مەلا عەبدولکەریم»ی تۆڵەی خۆی لە «محەمەدی مەلا کەریم» بکاتەوە، ڕاستە «محەمەدی مەلا کەریم» پێیدا چۆتەوە، هەموو ڕەخنەکان بەر «محەمەدی مەلا کەریم» ناکەوێت، گریمان ڕەخنەکانی ڕاستن، بەڵام ئەوە ناکاتە هۆی ڕەخنەکانی «محەمەدی مەلا کەریم» لە کتێبەکەی «د.مارف» ڕەخنەی نازانستین، بەڵام وەک دەردەکەوێت نووسەر دەیەوێت لە ڕێی ڕەخنەوە لە کتێبەکەی»محەمەدی مەلاکەریم» پارێزگاری لە «د.مارف» بکات.

ئامانجی سەرەکی کتێبەکەی «عەبدولخالق مەعروف» تەنیا بۆ پاڵپشتی کردن بووە لە «د.مارف» نووسەر لە سەرەتاوە بڕیاریداوە کارەکانی «د.مارف» بە ڕاست دابنێ، ئەگەر نووسەر خاوەنی ئینصاف بوایە، دەبوو بەراوردێکی هەموو ڕەخنەکانی هەردوو نووسەری بکردایە، ئەوکات دەردەکەوت، کامیان ڕاستن و کامیان هەڵەن، ئایە ڕەخنەکانی «محەمەدی مەلا کەریم» لە دکتۆر هەیە، یان خود ئەوە د.مارفە کەتۆتە هەڵەی کوشندە*.

## کتێبی «نالی لەبەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە»

کتێبی «نالی لە «بەلاغە«وە بۆ مۆدێرنیتە« لە نووسینی «ڕێبوار سیوەیلی»، یەکێک لەو کتێبانەی لەو ساڵانەی دوایی کەوتە بەردیدی خوێنەران، نووسەر لەو کتێبەی هەوڵی داوە بیسلەمێنێت، کە «نالی» بەلاغەی جێهێشتووە، بەلاغە کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر شیعری «نالی»، ئەو بۆچوونە تا ئەندازەیەک «د.مارف خەزنەدار» ئاماژەیەکی پێداوە لە کتێبی «دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی» دەربارەی کتێبی (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی دا) دەڵێت: «سەجادی چەند غەزەلێکی نالی شی دەکاتەوە، لە ڕووی ڕەخنەی زانستییەوە، لێرە ڕێچکەی بەلاغەی عەرەبی بۆ ئەم مەبەستە وەرگرتووە، ئەمەش وەنەبێ کارێکی زۆر بەجێ بێ بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی.٩

قسەکردن لەسەر ئەدەبی کلاسیک وەک قسەکردن نییە لەسەر ئەدەبی هاوچەرخ، لە ناو ئەدەبی کلاسیک «نالی» شاعیر یەکێکە لە شاعیرە بەرزەکانی کورد، تێگەیشتن لە شیعری «نالی» پێویستی بە وردبوونەوە و پێداویستییە مەعریفییەکانی سەردەمی «نالی» هەیە، بەبێ خوێندنەوەی پاشخانی نالی خوێندنەوەکان خوێندنەوەی سەرچیغن، زۆربەی جار خوێنەر بە هەڵەدا دەچێت، ئەو کەسەی بیەوێت لە «نالی» وردبێتەوە ئەو مانایانە بدۆزێتەوە، کە پێشتر نە دۆزراینەوە، دەبێت زۆر ورد بێت، خاوەنی پاشخانێکی بەرفراوانی مەعریفی بێت،

ئەگەر ئەو پاشخانەی نەبوو خوێنەر ناتوانێت نزیک بێتەوە لە مەبەستەکانی «نالی»، چونکە شیعرەکانی زادەی کۆمەڵێک زانستی جۆراو جۆرن، کە پێشتر لە حوجرەکانی کوردستان دەخوێندران، ئەو زانستانەی «نالی» خوێندویێتی بەشێکی زۆری ئەوانەی بەحیساب وەک «نالی» مەلان، زۆر کەمیان شارەزاییان لەو زانستەکان و وردەکاری ناو باسە نەحوی و سەرفی و کەلامی و مەنتیقیەکان هەیە، بۆنموونە:

**حەرکاتم سەکەنات و، سەکەناتم حەرەکات**

**چوستە، سستی، قەوییە، ضعیف و، سەریعە کەسەلم**

«نالی لەو دێرە شیعرە باس لە مەسەلەی (حەرەکات) و (سەکەنات)ەدا ئیشارەی بۆ وتەیەکی علیمی کەلام کردووە١٠.

ئەگەر کەسێک شارەزایی زۆرباشی لەو زانستانە نەبێت ناتوانێ پەیی بە وردەکاری ئەو واتایانە ببات، چ جای کەسێکی وەک نووسەر کە شارەزایەکی سەرەتایی هەیە، ئەگەر پێشمان وابێت شەرحەکەی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس بەسە بۆ ئەوەی بتوانین لە «نالی» حاڵی بین و لەژێر ئەو شەرحە واتای نوێ بدەین بە شیعرەکانی »نالی» ئەوا زۆر خراپ لە نالی» حاڵی بووین، چونکە ئەگەر شەرحەکەی مامۆستا بەس بوایە بۆ تێگەیشتن لە نالی، ئەوا «مەسعوود محەمەد» کتێبی «دەستەو دامانی نالی» نەدەنووسی، کە سەرلەبەری پێداچوونەوەیە بە شەرحەکەی مامۆستادا.

نووسەر هاتووە، چەند باسێکی گرنگی وروژاندووە، ئێمە هەوڵدەدەین، هەندێک لەوباسانەی شەن و کەوبکەین، بزانین ئەو باسانەی نووسەر تاچەند لەگەڵ جیهانبینی مۆدێرن دێنەوە، هەندێک لەو باسانەش نووسەر بۆ پێکانی ئامانجی خۆی چۆن بەلارێیدا بردووە، ئایە نالی کەسێکی مۆدێرن بووە، نالی چی کردووە لە مەککە؟

## ئیرۆتیک و مۆدێرنیتە

لە ناو ئەدەبی کوردی، شیعری هەجوو پێگەیەکی بەرچاوی هەبووە، ئەو پێگەیە لەلای شێخ رەزای تاڵەبانی دەگات بە لووتکە، دوای ئەویش شاعیرانی تر کەم و زۆر شیعری هەجوویان هەیە، شیعری هەجوو زادەی مۆدرێنە نییە، وەک ئەوەی نووسەر دەڵێی هەنگی لە کلۆرەدار دۆزیتەوە، نووسەر پێیوایە شیعری هەجوو بەرهەمی مۆدێرنیتەیە، ئەگەر بگەرێینەوە بۆ شاعیرانی عەرەب و فارس پڕە لە شیعری هەجوو، لەوانە بەشار بن برد، بەناوبانگترین شاعیری عەرەب بووە، کە شیعری هەجووی گوتووە، ئەو سەردەمەش مۆدێرنە بوونی هەر نەبووە، ئەگەر «نالی» بە هۆی شیعرێکی هەجوو بە شاعێرێکی مۆدێرن حیساب بێت، ئەوا دەبێت هەر کەسێک شیعرێکی هەجووی گوت، لەسەر کولتووری مۆدێرنە حیساب بێت، چەندین شاعیر هەیە شیعری هەجووی هەیە، سەر بە کولتووری مۆدێرنەش نییە، شاعیرێکی وەک «مەلا سەید فەتاحی جەباری» دیوانەکەی پڕە لە شیعری هەجوو، بەڵام کەسیش ناڵێت شاعیرێکی مۆدێرنە.١١ هەروەها دیوانی مەلا ئەحمەدی نالبەند بە کوردیی کورمانجی پێشەوای شیعری هەجووە لە کورمانجیدا.

نووسەر بۆ مۆدێرنەتی «نالی» چەند شتێکی کردۆتە بەڵگە، کە یەکێکیان شیعری مەستوورەیە، ئەوەی تر شیعری کەرەکەی «نالی»یە، لە پێشەوە باسمان کرد، کە شیعری هەجوو زۆر کۆنترە لە مۆدێرنە، نووسەر نەدەبوو ئەوەندە خۆی ماندووبکات، کە شیعری «مەستوورە« شیعرێکی مۆدێرنە، کەسێکی وەک «شێخ رەزا»، ئەو هەموو شیعرە هەجووەی هەبووە، بەڵام کەسێک بوو لەسەر ئەهلی دین حیساب بووە.

سەبارەت بە قەسیدەی (کەر) نووسەر بۆ ئەوەی ئامانجی خۆی بپێکێت، هاتووە کۆمەڵێک

شتی بەسەر یەکدا کۆکردۆتەوە، تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت نالی لە کولتووری ئایینی هەڵگەڕایتەوە و پەنای بۆ ئەو ئایەت و فەرموودانە بردووە، کە باس لە کەر دەکەن.

نووسەر پێیوایە قورئان و فەرموودە سەرزەنشتی کەریان کردووە، بە گیاندارێکی زەمکراو وەسفکراوە، بەوەش نووسەر هەستی مرۆڤدۆستانەی بەرزبۆتەوە، کەوتۆتە گلەیی کردن لە قورئان و فەرموودە، چۆن دەبێت قورئان بەوجۆرە باسی ئاژەڵان بکات، بەڵام لەبیری چووە نالی لەهەمان قەسیدە کەرەکانی وێڵداشی کەرەکەی خۆی خۆی بە هەرزە و گێژ و وێژ وەسف کردووە.

لە شیعری کەرەکەی نالیدا: چەند خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت نالییا، هەر دوو حەیوانین ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ، شیکارییەکی زانستی مەنتیقییە بەوەی هەردووکمان حەیوانین تەنیا جیاوازیمان لە گوێ کورت و درێژی دایە، (کل انسان حیوان، ولیس کل حیوان انسان، والانسان حیوان ناطق.....) ئەوەش هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە شتێکی مۆدێرنی باس کردبێ، بەڵکو شرۆڤەیەکی مەنتیقی باسکردووە کە پێشان لە شیعری کلاسیک باوبووە.

ئیتر لێرە ئەوە نییە کە نووسەر دەیەوێت بیسەلەمێنێت، کە نالی بەوە لە کولتووری باوی دینی دەرچووە، هەستی مرۆڤ دۆستانەی بەرزبوویتەوە، بۆیە ئەوەندە ئاژەڵدۆستە، هەروەک نووسیویەتی: ئەمە بەرفراوان کردنی هیومانیزمە، بەڵام نووسەر لە باسکردنی قەسیدەی کەر خیانەتێکی زانستی کردووە، «نالی» لە قەسیدەی کەر، تەنها باسی کەرەکەی خۆی کردووە، هەموو ستایشەکانی بۆکەرەکەیەتی، نەک بێت باسی ڕەگەزی کەر بکات، کە ئەوە لە باسکردن دووشتی زۆر لێک جیاوازن، چونکە قەسیدەکەی نالی زۆر ڕوونە، کە باسی کەرەکەی خۆی دەکات، نەک باسی ڕەگەزی کەر.

کاتێک دەڵێ:

**هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟ تەیکەری هەوراز و لێژ سینە پان و، مووچە کورت و، شانە بەرز و، گوێ درێژ بن زک و جەبهەت سپی، کلک ئێستر و دامەن سیا یەککە تاز و، سێ برو، دوو باد و، شەش دانگ و درێژ کەلە وەک چەرپەی شەرابی پڕ نیشات و تەڕ دەماغ شێری نەڕ، ئاهویی بەڕ، گورگی سەفەر، قەمچی نەچێژ مل عەلەم، شیرین قەلەم، ئاهوو شکەم، مەیموون قەدەم سم خڕ و کلک ئێستر و، مەنزل بڕ و، عارەق نەڕێژ چەندە پێم خۆش بوو، زوبانی حاڵی دەیوت نالیا هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ.**

ڕوونە ئەوە باسکردنە لە کەرەکەی خۆی، بەڵام نووسەر دەڵێت: ئەم قەسیدەیەی بۆ کەر، بۆ ڕزگارکردنی کەر لە «کەرایەتی»١٢، ئاخر کەر بەمە چۆن لە کەرایەتی ڕزگار دەبێت، تازە کەر هەر کەرە، کەس ناتوانێ سیفەتی کەراتی لێ دارنێت، کەچی دارنینی سیفەتێکی ئەسڵی ستەم کردنە، لەو ئاژەڵە. نووسەر لە سەر دێرە شیعری جوست و وریاتر لە گوێ کورتانی پاڵانی و گێژ، خۆش سلوکتر بوو لەصەد وێلداشی هەرزە گێژ و وێژ.

دەنووسێت: ئەم فراوانکردنی هیومانیزمە، نەک بە بەرجەستەکردنی توانای مرۆڤ بۆ هاوچەشندۆستی، بەڵکو بە جێکردنەوەی (ئەویتر) لە کەنار و لە هەمان ئاست و پێگەی مرۆڤ دا دەستکەوێتێکی هیومانیستانەی (نالی)یە و تەبایە لەگەڵ سرووشتویستی و نەرێتی مامەڵەکردنی کوردیانە لەگەڵ ئاژەڵدا وەک بوونێکی سەربەخۆی هەیە لە گەردووندا١٣.

نووسەر باسی کەر دەکات نەک باسی مرۆڤ، لە کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەم کەر پێداویستی سەرەکی بووە، کڕین و فرۆشتنی پێکراوە، ئالیکی تایبەتی بۆ دابینکراوە، جۆ لەو سەردەم هەم ئالیکی کەر بووە، هەمیش کراوە بە ئارد و خەڵک کردوویەتی بەنان.

ئەو مامەڵەیە لەگەڵ کەر هیچ پێوەندی بە مرۆڤدۆستی کورد نەبووە، چونکە ئەگەر کورد ئەوەندە مرۆڤ دۆستبوونایە ئەوکات ئەو هەموو ناکۆکییەیان نەدەبوو.

## نالی و رەوانبێژی

نووسەر هاتووە بەلاغە و مۆدێرنەی کرووە بە دژی یەکتر، ئەو دووە بەهیچ جۆرێک دژی یەکتر نین، ئەو بە چ پێوەرێک ئەوانەی لە هەمبەری یەکتر داناون؟ زانستی شێوازگەری کە ئێستا بە زانستێکی نێو مۆدێرنە حسێب دەکرێت بەشی هەرە زۆری لە سەر بیروڕاکانی عەبدولقاهیری جورجانی نووسراوە و ئەوروپیەکانیش ئەوە ناشارنەوە، بۆیە کە باس لە مۆدیرنە کرا مانای وا نییە مۆدێرنە بەلاغەی تێدا نییە، ئەو سێ زانستەی بەیان و بەدیع و مەعانی بە چ پێوەرێک بە دژی مۆدێرنەی دادەنێ، من قەناعەتم وایە لەو کتێبەی کە باسی بەلاغە و مۆدێرنەیە دەیەوێ بەلاغە بکاتە هاوتای تەخەلوف و دواکەوتوویی.

تەوەری سەرەکی ئەو کتێبەی نووسەر بریتییە لە بەلاغە و مۆدێرنە، نووسەر دەیەوێت بەهەموو شێوەیەک «نالی» لە بەلاغە دووربخاتەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێ چی حەزدەکات بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی رەوانبێژی بە فیکری دادێ بیڵێت.

نووسەر دەنووسێت: لە بەشەکانی پێشودا زوو زوو رەهەندە مۆدێرنەکەی «نالی»م بیری خوێنەر دەهێناوە، بەڵام زیاتر جەختم لەسەر جێهێشتنی بەلاغە دەکردەوە، لای نالی لە ئاستی ناوەرۆکدا١٤.

نووسەر چەند شیعرێکی هەڵبژاردووە، کە گوایە ئەوانە رەهەندی مۆدێرنەی تێدایە، «نالی» لە بەلاغەوە دوورکەوتەوە، نووسەر بەچی زانی ئەو شیعرانەی نالی هی ئەو سەردەمەن کە «نالی» ئاشنایەتی لەگەڵ بابانەکان هەبووە، لەرێگای ئەوانەوە بە شتی مۆدێرن ئاشنا بووە؟

نووسەر لەخۆی نەپرسی چۆنمانزانی ئەو شیعرانە هی سەردەمی کاریگەربوون بە مۆدێرنەن، خۆ نالی وەک نووسەر پێیوایە لەسەرەتاوە کەسێکی ناو توراس و کولتووری ئایینی بووە، بەڵام دواتر ئاشنابووە بە مۆدێرنە.

دواتر دەنووسێت بۆ ئەوەی «نالی» لەو قەفەسە بەلاغیە بهێنیتە دەرەوە و لە ئازادیدا سەربەستی بکەین، چارمان نییە جگە لە دوورکەوتنەوە لەو چوارچێوە بەلاغیە١٥.

قەفەسی بەلاغی یانی چی؟ بەو تەعبیرەی نووسەر بەلاغە نووسەر زیندانی دەکات، لەکاتێک بەلاغە ئەوەندە واتای داوە بە شیعری «نالی» نموونەکانی شیعری «نالی» ئەوەندە واتایان تێدا ڕێزکراوە، چاو بەهەڵە دەچێت لە ژماردنیان هیچیشیان جێی بە دراوسێکەی تەنگ نەکردووە، گەلێ لە بەیتەکانی «نالی» وەک کانگای گەوهەر وایە، تا لێی دەیتەوە گەوهەری تازەی تێدا بەدیار دەکەوێت. ١٦

کەسێک شارەزایی لە ڕەوانبێژی و زمان نەبێت، چۆن دەتوانێ قسە لەسەر دەقی بەلاغی بکات، شیعرەکانی «نالی» پێویستیان بەخوێندەوەی ڕێزمان و زمانەوانی گراماتیکن. ئێمە نەتوانین بینای زمانەوانی قەسیدەیەک بخوێنینەوە، چۆن دەتوانین شیبکەینەوە و لێتێبگەین؟١٧ شیعرەکانی «نالی» لە لووتکەی بەلاغەدان، کەسێک بیەوێت «نالی» لە بەلاغە دووربخاتەوە، ئەوە رێک کوشتنی «نالی»یە، یەکێک لە شانازیەکانی زمان بوونی ڕەوانبێژییە، هەر زمانێک ڕەوانبێژی هەبوو، ئەوە ئاخێوەرانی ئەو زمانەن دەتوانن یاری ژیرانە لە ناو ئەو زمانە بکەن مانای جوان و رێک بدەن بەدەستەوە، چ لەڕووی وشەسازییەوە چ لەڕووی واتا و رستەسازییەوە، «نالی» شاعیر زۆر بەجوانی توانیویەتی هەردوو یاری پێکەوە بکات، تا ئەوپەڕی ئاستبەرزی یاری بە وشەو و واتا کردووە.

«نالی» لە شیعرەکانیدا توانای بەرزی ڕەوانبێژی خۆی دەرخستووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە شیعرەکانی

ماناکانی ئەوەندە جوان هەیە، جوانی واتا و جوانی وشەسازی ئاوێتەی یەکتر بووینە، هیچ شیعرێکی نالی نادۆزیتەوە تووشی ناتەواوی بووبێت بەهۆی گەمە کردنی لەناو زمانی مانا. نووسەر کە باسی مامەڵەی خۆی لەگەڵ «نالی» دەکات، دەڵێ: نامەوێت شیعری «نالی» لەبەر بکەم، حینجەی بکەم و بیڵێمەوە، مامەڵەی من لەگەڵ ئەدەبی «نالی»دا مامەڵەیەکی فێندەمێنتاڵیستانە نییە١٨.

نووسەر نایەوێت شیعری «نالی» لەبەر بکات، ئەی دەیەوێت چی بیکات؟ ئەگەر لەبەرت نەبێت بیرکردنەوەی بەردەوامت بۆی نەبێت، چۆن دەتواندرێت قسەی لەسەر بکرێت.

دواتر دەڵێت: مامەڵەی من لەگەڵ ئەدەبی «نالی»دا مامەڵەیەکی فێندەمێنتاڵیستانە نییە. نووسەر لێرە وشەی «فێندەمێناڵ»ی بەکارهێناوە، ئەو وشەیەی لە چەند شوێنێکی تریش بەکارهێناوە.

جارێ ئەو وشەیە ئێستا واتایەکی تری وەرگرتووە کە بە واتای توندڕەوی بەکاردێت، ئینجا گریمان نووسەر دەیەوێت مامەڵەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ شیعری «نالی» بکات، دەبوو روونتری بکاتەوە مامەڵەی بنەڕەتی یانی چی؟.

کێشەی نووسەر و نووسەرانی تر ئەوەیە حەزیان لە بەکارهێنانی وشەی قەبەیە، ئەگینا وشە برانە وشەی «فێندەمێنتاڵ» بەکار دەینێ؟

زۆرجار نووسەرانی کورد وشەی (أصولی) بە فێندەمێنتاڵ لێک دەدەنەوە، کە هەندێک جار تەنانەت وشەی (أصولی) کە بۆ زانایانی زانستی «أصول الفقه» دەگوترێت: یەکسەر دەیکەن بە فێندەمێنتاڵ.

دیارەی وشەی فێندەمێنتاڵ ئێستا واتایەکی تایبەتی وەرگرتووە، بە کەسی توندڕەو دەگوترێت، نووسەر لای وایە هەر کەسێک بە ڕەگ و ڕیشەی زمانی بەلاغی «نالی» دا چووە خوارەوە، ئەوە خوێندنەوەکەی خوێندەوەیەکی فێندەمێنتاڵانەیە، کە نەدەبوو بکەوێتە ئەو هەڵە زەقە، چونکە ئەو جۆرە ڕێبازێکی تایبەتە بۆخوێندنەوە، نەک وەک نووسەر پەیوەستی کردووە بە توندەڕەوی، نووسەر دواتر دەنووسێت: قسە لەسەر ئەوەیە کە دواجار هونەرەکانی بەلاغە، یان وەک دەگوترێت زانستەکانی بەلاغە بۆخۆی چوارچێوەیەکی تایبەت و تا ئەندازەیەک فێندەمێنتاڵستانە دا لێکدانەوە بۆ دەق دەکات١٩.

نووسەر ئەگەر یەک تۆز شارەزایی سروشتی دەقی ئاینی هەبوایە دەبوو بزانێت گرفتی ئەو کەسانەی بە دیدێکی توندڕەوانە دەق دەخوێننەوە، بەتایبەت دەقی قورئانی حیساب بۆ زمان ناکەن، لە ناو زمانیش حیساب بۆ بەلاغە ناکەن، بۆیە کەسانی توندیان لێ دەرچێت، هەر زانستی زمانەوانییە، پێمان دەڵێت: مەرج نییە هەموو فەرمان کردنێک، بۆ واجب بێت. کەوایە تێگەیشتنی فێندەمەنتالستانە یانی چی؟ پێی وایە هەر کەسێک بەلاغیانە لە دەق بڕوانێت تووشی توندەڕەوی دەبێت، دواتریش لە پەراوێزی هەمان لاپەڕە ئەوە روون دەکاتەوە، کە بەڵێ: ئەو قسەیە پێوەندی بە بە دەقی یەکەمی بەلاغەوە هەیە، کە قورئانە.

نووسەر پێی وایە بەلاغە مانا ئازاد ناکات، سەقامگیری دەکات، لە چوارچێوەی دەگرێت و ڕێگرە لە فرە مانایی و فرە شیکاری و فرە ڕاڤەیی و بەکورتی مانا ڕاگیر دەکات و سزای دەدات بە یەکمانایی٢٠!

ئەگەر کەسێک تۆزێک سەروکاری لەگەڵ بەلاغە هەبێت، دەزانی ئەو جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ بەلاغە زۆر نالۆژیکییە، ڕێک مامەڵەیەکی توندەڕەوانەیە، بەبێ شارەزا بوون لەو بابەتە هاتووە حوکمی بەسەردا دەدات. چونکە ئامانجی سەرەکی بەلاغە کە سێ لقی هەیە ـ معان ـ بدیع ـ بیان - دەرخستنی جوانییە، زۆرجار جێژی ئاشکرا و ناوەکی دەردەخات، بەبێ ئەوەی فکر بتوانێت هەموو ڕەگەزەکانی جوانی و سەرسامی دەربخات.

ئاسۆی جوانی فراوانترە لەوەی کە دیاری بکرێت و کورتبکرێتەوە، بەهەندێک پێوەر و



**وەچەی یەکەمی خوێندەوارانی قوتابخانەکانی میری دڵیان پڕکراوە لە دژایەتی لەگەڵ خوێندنی کۆن و تێکڕایی کولتووری کۆن و مەلا و فەقێ یان وەك نیشانەی ڕابردوویەکی ڕزیو خراوەتە بەرچاو.**

چوارچێوە٢١.

خالیدی کوڕی سەفوان یەکێک لە فەسیحەکانی عەرەب بوو، لەگەڵ عومەری کوڕی عەبدولعزیز و هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک دادەنیشت، ساڵی (١٣٢)ی مردووە، دەیگوت: باشترین قسەیەک واتاکانی ناسک بێت، وشەکانی بەرز بێت، گوێ چێژی لێ ببینێت.

ئەگەر سەیری شیعرە بەلاغەکیەکانی «نالی» بکەین، هەموو ئەو شتانەی لێ هاتووتە دیی.

**ئەستێرە هەموو مەحوە لە نووری قەمەردا**
**یا شەمسی جەماڵت شەو گێراوە بە فەردا**

لەو شیعرەی «نالی» تەناسبوب هەیە، کە کۆدنەوەی (شەمس) و (قەمەر) و (ئەستێرە)یە٢٢.

یاخود کە دەڵێ:

**عەجەب ئەسستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خسرەوی خاوەر**
**لەڕووی تۆم دیدە هەڵنایە شەو و ڕۆژ گەرچی بێدارم٢٣.**

ئەو شیعرەی «نالی» پڕە لە بەلاغە:

**خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین**
**کە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین**
**برۆت هەرچین و پەرچەم چین لەسەر چین**
**ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین**
**شکافێکە کڵافەی نافی زوڵفت**
**دەرێژێ میسک و عەنبەر لێرە تاچین**
**لەسەر بەرگی گوڵێکی باغی حوسنت**
**هەزار، گوڵچینی بێ بەرگ و نەواچین!**
**ئەتۆ میهری و مەهروویان ستارەن**
**لە خزمەت شەوقی تۆدا شەوچرا چین**
**هەموو زەڕراتی میهری رووتە باقین**
**خودامان بۆ بەقایە لێرە لاچین!**
**بڵێ (نالی) بە ئەربابی وەفا: بێن**
هەموو موحتاجی خاک و بێڵ و پاچین

دەبێت بەلاغە لەو شیعرەی «نالی» ڕێگربێت لەچی؟ مەگەر بەلاغە ڕێگربێت لە تێگەیشتن کە سەروکاری لەگەڵ بەلاغە نییە، وەک هەموو زانستێکی تر ڕێگری دەکەن لە تێگەیشتنی کەسێک کە سەروکاری لەگەڵ هەر زانستەکان نەبێت، ئەوا لە زانستان ناگەن، کەسێک شارەزایی لە دەروونزانی نەبێت چۆن دەتوانێت لە دەروونزانی تێبگات، کەسێک شارەزایی لە کۆمەڵناسی نەبێت چۆن دەتوانێ لە کۆمەڵناسی تێبگات، کەسێک شارەزایی لە فیزیا نەبێت چۆن دەتوانێ باس لە دەقە فیزیاییەکانی «ئەنیشتاین» بکات، کەسێک شارەزایی لە دەرونزانی نەبێت چۆن دەتوانێ باس لە دەرونزانی «فرۆید» بکات، بەلاغەش بەهەمان شێوەیە، کەسێک شارەزایی نەبێت بەخوێندنەوەی دوو مەقالە چۆن ڕێ بەخۆی دەدات باس لە بەلاغە بکات. شیعری «نالی» سەر بە کولتووری ئیسلامییە، دەبێ ئەو کەسەی قسە لەسەر «نالی» دەکات، ئاگاداری ئەو کولتوورە بێت، نەک سەر بە باگراوندی فکری ڕۆژئاوا بێت، و قسە لەسەر «نالی» بکات.

### ئەوانی تر لە قەڵەمڕەوی ئیسلامی

قسەکردن لەسەر ژیان لە ژێر قەڵەمڕەوی ئیسلامی یەکێکە لە بابەتە زۆر قسە لەسەر کراوەکان، جەدەلێکە تا ئێستا کۆتایی نەهاتووە، بەڵام نووسەر ئەوەندە خۆی ماندوو نەکردووە یەکسەر بە وشەی پێ دەچێ دەستی پێکردووە، دەڵێت»پێدەچێت شاعیرانی ژێردەستەی موسڵمانی نێو چوارچێوەی کولتووری (عەرەبی/



**گەر پاشخانێکی باشی مەعریفی نەبوو خوێنەر ناتوانێت نزیك بێتەوە لە مەبەستەکانی «نالی»، چونکە شیعرەکانی زادەی کۆمەڵێك زانستی جۆراو جۆرن، کە پێشتر لە حوجرەکانی کوردستان دەخوێندران.**

ئیسلامی)، یان (فارسی/ ئیسلامی) و (عوسمانی/ ئیسلامی)، لەوانەش کوردەکان، بۆ ئەوەی دانیان پێدا بهێنرێت، لە بازنەکەدا بمێننەوە، یان خۆیان لەگەڵ باڵادەستی دۆخە (سیاسییە/ ئایدۆلۆژییە، بەلاغی) یەکەدا بگونجێنن، یان هیچ نەبێت خۆیان بسەلمێنن، یان هەر خۆیان بە شاربەدەرکردن نەدەن، توانایەکی زۆریان بە خەرج دابێت بۆ ئەوەی لە کاری خۆیاندا وا پیشانی دەسەڵاتی باڵای سیاسیی و کولتوورییەکەی بدەن کە ئەمانیش (شارەزاییەکی تەواوی بەلاغەی عەرەبین) و لەو رێگەیەشەوە دان بنێن بە باڵادەستیی و پیرۆزیی زمانی عەرەبیدا و ئینیتمایان بۆ زمانی قورئان و ملکەچییان بۆ مەرجەکانی هەڵسەنگاندن بەپێی پێوەرە زەوقییە عەرەبی/ئیسلامییەکە، پیشان بدەن و بیسەلمێنن ٢٤.

نووسەر لێرە دەیەوێت پێمان بڵێ: لە پێناوی دانپێدانان بە کورد بەلاغە بەکارهاتووە، ئەو لەبیری چووە، ئەگەر لەو پێناوە بوایە دەبووایە، شاعیرانی کورد زمانی کوردیان بەکار نەهێنابوایە، چونکە مادام لە ترسی عەرەبە، دەبوو بە عەرەبی شیعرەکان بنووسن، ئاخر عەرەبێک نەزانێت کوردی بخوێنێتەوە، چی لە شیعری «نالی» حاڵی دەبێت، کە پڕی کردووە لە بەلاغە، چۆن دەزانێت «نالی» بەلاغەی بەکارهێناوە؟

نووسەر دەنووسێت، پێدەچێت، بەچی دەچێت؟ ئاخر قسەکردنێکی لەوجۆرە بە وشەی پێ دەچێت، کەی بۆ بابەتێکی ئەوەندە گرنگ بەکار دێت، ئەگەر قەرینەیەک، ئاماژەیەک، دەلالەتێک هەبوایە، بۆ ئەو قسەیە جێی خۆی بوو نووسەر ئاماژەی پێ بکردایە، نەک بێت بیەوێت بە زۆر ئەوە بسەلمێنێت، کە ئەوە لە ترسان کراوە.

ئینجا ئەوە ترسنۆکی ئەو کەسانە دەگەیێنێت، کەسێکیش بە ترسەوە کارێک بکات، هیچ کات ناتوانێ بگاتە لووتکەی داهێنان و جوانی، چونکە لە ناخەوە بڕوای بەکارەکە نییە، هەمیشە لە مامەڵەکردن لەگەڵی دوو دڵە.

بەلام ئەگەر سەیری شیعری «نالی» بکەین رێک پێچەوانەی ئەو دیدەیە، کە نووسەر هاتووە بەزۆری زۆرداری دەیەوێت شیعری نالی بخاتە چوارچێوەی ترس لەوانەی تر لەبەر دانپێنەنان، ئەگەر مەبەست دانپێنان بوایە، دەبوو شیعرەکان بە زمانی گەلانی باڵادەست بوونایە، نەک بە زمانی خۆیان.

### گرفتی پاشخانی جیاواز لەخوێندنەوە

یەکێک لە ئیشکالیەتەکانی خوێندەوەی هەر بابەتێک بە میتۆدێکی تر دروستکردنی فەوزایە، ناکرێت خوێندەوارێکی باگراوند ئایینی بێت بەو باگراوندەی خۆی شیکاری «فرۆید» بکات، یان خوێندنەوە بۆ «هایدگەر» بکات، چونکە ئەوکات ماناکانی «فرۆید» و «هایدگەر» دەشێوندرێت، دەکرێت میتۆدی بەراوردکاری بەکار بهێندرێت لە نێوان دەروونناسی ئیسلامی و دەروونناسی «فرۆید»ی، یان کۆمەڵناسی «خەلدون»ی کۆمەڵناسی «درۆکایم»ی، بوونگەرایی «سارتەر»ی و بونگەرایی «مەلا صەدرا»یی، ئەوکات نووسەر دەگات بە کۆمەڵێک ئەنجام، لە هەندێکی هاوبەشن، لە هەندێکی ناکۆکن، ئەوە زۆر ئاساییە، دەیان تێزی

بەراوردكاری هەیە.

هەركەسێک ئەگەر خوێندنەوەی قوڵی نەبێت لە بابەتێک، دەکەوێتە هەڵەی میتۆدی، تەنانەت لە تێگەیشتن لە خودی چەمکەکان هەڵە حاڵی بوون روو دەدات.

بەهان شێوە بۆ هەموو زانستەکان بەو جۆرەیە، بۆیە دەبینی نووسەران زۆرجار بەهۆی خوێندنەوەیان بە پاشخانێک بۆ پاشخانێکی تر هەڵەی گەورەیان کردووە، هەر بۆ نموونە: وشەی(الوضعیة = پۆزەتیڤیزم)ی لێدەبێتە یاسای دەستکرد، یاخود (أصولی) ـ کە بەمەبەست پێی زانای ئوسوڵی فیقهە ـ لێدەبێتە: فێندەمێنتالیزم، (علوم الحدیث)ی لێدەبێتە زانستی نوێ، هەروەها (عقل المطبوع)ی لێدەبێتە عەقڵی چاپکراو، (حبرالامة)ی لێ دەبێتە مەرەکەبی ئومەت، ـ کە وشەی حبر بۆ کەسی زانا بەکاردێت، دواین هەڵەی باو وەرگێرانی ناونیشانی رۆمانی «ئێوارەی پەروانە« بە (مساءالفراش) ئەو جۆرە تێکەڵکردنە لە ئەنجامی نەبوونی پاشخانی بەهێزە لەو فکرانە، گرفتی نووسەر لەگەڵ بەلاغە هەر لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە خۆی پاشخانێکی بەهێزی نییە، لەگەڵ بەلاغە و زانستە ئیسلامییەکانی تر، ئەوەشی خوێندویەتیەوە، ئەو رەخنانەن، کە لە زانستەکان گیراوە، بۆیە نووسەر هاتووە دەڵێت: هەمیشە تێگەیشتنی بەلاغیانە لە شیعری ئێمە، بۆ خۆی رێگرێکە لەبەردەم تێگەیشتن و خوێندنەوەی میتۆدیانەی دیکەدا.

یەکێک لە جوانییەکانی پۆیەتیکا و شیعرییەتی دەقێک ئەوەیە کە تێیدا هەیە (ناسازە) بە زۆر شێوە بخوێندرێتەوە، واتە دەق خۆی نەبۆتە رێگر، کە دەق رێگر نییە با جەنابی ئازاد بێ بۆ خۆی بە خوێندنەوەی دیکە یان میتۆدی دیکە بیخوێنێتەوە و یەخەی بەلاغەی نێو شیعرەکە نەگرێ.

بەلاغە پێچ و دەورانی بەلاغی رێگرەی زۆرە بۆ تێگەیشتنی خوێنەر دروستدەکات ئەمەش نەک تەنیا لەبەر ئەوەی بەلاغە تەکنیکێکی ئاڵۆز و ئاستێکی تایبەتی زیرەکی دەوێت بۆ شارەزایی پەیداکردن تێیدا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەلاغە بەشێکە لە ئایدۆلۆژیای سەردەستەو خۆسەپێن٢٥.

نووسەر لێرە ئەو دەقەی وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین و شیبکەینەوە، کەوتۆتە هەڵەی زەق، بۆچی دەبێت بەلاغە رێگر بێت لە تێگەیشتن، ئینجا ئەگەر بەلاغە خۆسەپێن بێت، دەبوو هەر لەسەرەتاوە بەلاغە رێگر بێت لە دەست بۆبردنی، بەبەهانەی بەرزی زمانی بەلاغی عەرەبی و لاوازی زمانەکانی تر.

ئینجا ئەو خوێندنەوە میتۆدیانەی تر چین، بەلاغە رێگربووە لە خوێندنەوەی دەقی بەلاغی، بۆ مەگەر دەقی تر بەزمانی بەلاغی نەنووسراوە، چەندین میتۆدی تری لەسەر جێبەجێ نەکراوە، بەڵام دیارە نووسەر لەبیری چووە، خۆی هاتووە میتۆدی تری بەکارهێناوە لە شیعری «نالی»، کە شیعرەکانی پڕن لە رەوانبێژی، هیچ میتۆدی تری بەکارنەهێناوە، با بێ بڵێ فلان میتۆدم بەکارهێناوە، هەموو ئەو میتۆدە رەخنەییانەی بۆ شیکردنەوەی دەق هەن کە ئێستا بە تیۆری وەرگر (نظریة التلقی) دەناسرێن هیچیان رەخنە لە بەلاغە ناگرن و هەموویان پێوەرێکی زانستییان هەیە بێ ئەوەی ئەویتر رەتبکەنەوە شیکاری دەقەکە دەکەن.

بەبێ ئەوەی بەلاغەش رێگر بێت لەبەردەم ئەو میتۆدانە، ئینجا زۆرجار بەلاغە هاوکارە بۆ تێگەیشتن لە دەق، نەک رێگر، چونکە کەسێک شارەزایی لە بەلاغە هەبێت، زۆر ئاسانتر دەتوانێ بگات بە واتای شیعرەکان، مامۆستای مودەریس ئەگەر ئەو ئاستە بەرزە بەلاغیەی نەبوایە، ئەوەندە جوان «نالی» شی نەدەکردەوە، دوای ئەویش «مەسعوود محەمەد» بەو ئاستە بەلاغیە بەرزەی جارێکی تر «نالی» شەرح کردۆتەوە، ئەگەر سەیری نووسەرانی شارەزای بەلاغە بکەیت و لەگەڵ نووسەرانی ئاسایی، دەردەکەوێت بەلاغە خۆسەپێنە، یان بەلاغە لە دێرێک چەندین واتای

جۆراوجۆر دەخولقێنێت.

نووسەر بۆ خوێندنەوەی «نالی» هاتووە، میتۆدی (کۆژێڤ بۆ خوێندنەوەی هێگڵ)٢٦ ی بەکارهێناوە، بۆ خوێندنەوەی «نالی»، خوێندەوەی کۆژیف بۆ «هێگڵ» زۆر سوود بەخشە بۆ خوێندنەوەی هێگڵ، بەڵام بۆ «نالی» دوور و نزیک ناتوانێ مافی تەواوی «نالی» بدات، بەتایبەت، کەسێک بیەوێت، لە جیهانبینی «نالی» قوڵ بێتەوە، دەبێت بە پلەی یەکەم بە دوای سەرچاوە مەعریفیەکانی «نالی» بگەڕێت، لەوێوە دەتوانێ بچینە ناو وردەکاری جیهانبینی «نالی»، کە داخۆ نالی چی دەوێت.

ئاساییە هەوڵ بدرێت خوێندنەوە بۆ رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەم بکرێت، بۆ لێکۆڵینەوە لە جیهان بینی نالی، بەڵکو بگەین بە هەندێک سەرەداوی و نهێنی، کە تا ئێستا لە شیعری «نالی» وەک رەمزی لێهاتووە، بەهۆی دوورکەوتنەوە لەزەمەنی «نالی»، نەک وەک نووسەر کردوویەتی.

ئەو خوێندنەوەی «کۆژیف بۆ هێگڵ» و چەپاندنی بەسەر «نالی»، رێک وەک ئەوەیە کەسێک بێت، بەزۆر جیهانبینی «فرۆید»، یان «مارکس» و «فرۆید» و «درۆکایم» بکات بە جیهانبینیەکی ئایینی و تەفسیرێکی ئایینیان بۆ بکرێت، ئەوکات نووسەرانی سەر بەو قوتابخانەیە چی بەوجۆرە خوێندنەوە دەڵێن.

## نالی و چەمکە مۆدێرنەکان

ڕەوا نییە لە دەرەوەی جیهانبینی شاعیر واتای تازە بۆ شیعرەکانی بخوازرێتەوە و بەزۆر ئەو واتایانەیان لێی باربکرێت، دۆزینەوەی واتا لە دەقی شیعر جودایە لە بەسەرەوە نانی واتای تازە دەرهێنانی چەمکەکانی لە زەمەنی خۆی.

ناشێ پەرۆشی دەروونی خۆم وەیا باوەڕم بەچاکە و خراپەوە بۆ بە ئیسپات گەیاندنی نیازێکم بمهاوێتە سەر تەئویلی بێ بنەگە لە شیعری مەحوی، وەیا ئیبن ئەلفارز و ئەبوو نەواس٢٧.

کەچی نووسەر هاتووە کۆمەڵێک چەمکی هێناوە هەر بەزۆر دەیەوێت بڵێت: ئەو چەمکانە چەمکی مۆدێرنن، مرۆڤی مۆدێرن بەکاری هێناوە، هەموویانی کردووە بە چەمکی سەر بەکولتووری مۆدێرنە، «من» سەری گێژ، پەرچەم و پێشانی، دەقیقی مەسە، فیکر، دیدار، شۆڕش، تەقبیل، شەهید» گشتیان سەر بەکلتووری مۆدێرنن، کە تازە دەهات بۆ ئەوەی تازە دەهات وێنایەکی دیکەی ژیان و پێکەوەبوون بەرجەستە بکات٢٨..

نووسەر ئەو کاریگەربوونە دەگێڕتەوە بۆ هەندێک گەریدەه٢٩، لەگەڵ پادشانی بابان دانیشتوون، پرسیاری پادشا بابانییەکان پرسیار بووە لە دونیای تازە مۆدێرن، «نالی» بە نزیکی لە بابانەکانییەکان، بەتایبەتیش «ئەحمەد پاشا»، «نالی» کاریگەر بووە بە مۆدێرنە، ناچمە ناو ململانێی خێڵەکی نێوان ئەمارەتەکان، ئەو ململانێ ناشیرنەی ئەوان کردویانە، ئەوەندە بەسە هەموو مۆدێرن بوونەکەیان بخەینە ژێر پرسیارەوە.

گریمان ئەو قسانە ڕاستن کە نالی کاریگەر بووە، بەڵام کام لەو چەمکانە چەمکی مۆدێرن، راناوی (من) لە شیعری شاعیر بوونی هەیە.

نووسەر پێی وایە زاراوەی (ئەوی تر) بەرهەمی مۆدێرنەیە، زۆرجار شاعیرانی کورد، لە ناو ئەویتر تواینەوە، یان لەبەر سۆزێکی دیندارانەبووە، لە خۆشەویستنی پێغەمبەر تواینەوە، یان لە بەر مەعشوقەکانیان بووە، هەردوو زاراوەی (من و ئەوی تر) بوونیان هەبووە لە لای شاعیرانی کورد، دوور و نزیک پێوەندیان بە کولتووری مۆدێرنەوە نییە، چونکە ئەو دوو چەمکە، دوو چەمکن بەتایبەت ئەو شاعیرانەی کە شیعری ئەویندارایان هەیە زۆر بەڕوونی ئەو دوو چەمکە رەنگیان داوەتەوە لە شیعری شاعیران، بەنموونە مەحوی شاعیر

لەبارەی ئەوی تر دەڵێ:

**کە تۆ غائیب لە بەرچاوم دەبی، چیم بێ لە تۆ غائیب**
**قیامەت حازری بەرچاومە خۆمم لە خۆ غائیب**
**شوکر تۆ لە فکرم ناچی ئەگەر چی من لە فکرت چووم**
**لە من غائیب نەبی تۆ، بەسمە، با من بم لە تۆ غائیب٣٠.**

دەربارەی (من) دەڵێت:

**سەر کە جۆشێکی نەبێ من زرکە تاڵم بۆ چیە!**
**دڵ کە هۆشێکی نەبێ شیشەی بەتاڵم بۆ چیە!**
**دەردو داغێکی دەروونی گەر ببێ با ڕەنگ و ڕوو**
**سیس و موغبەر بێ کە ماڵم بوو جەماڵم بۆ چیە!**
**تەجرەبەی عاشق بە سووتانی دەکرد ئەو زاڵمە**
**سەیری کەن ئێستا دەڵێ: مشتێ زوخاڵم بۆ چیە!**
**پێی بە سەرما نا کە بوومە خاکی ڕێی گەردم شوکر**
**گەییە داوێنی دەلالیی بای شەماڵم بۆ چیە!!**
**داغی سینەو پێچ و تابی دوودی ئاهم خۆ هەیە**
**مۆر و توڕرەی ئیمپراتۆر و قەڕاڵم بۆ چیە!!**
**خەڵق ئەوا مەجبوری دووخۆخستنی خەڵقن بە جان**
**من بە دڵ مەنفورمە ڕوتبەی جەجاڵم بۆ چیە!!**
**ماڵە پێتکێتییە دنیا گەینە حاڵی خۆیە حاڵ**
**من کەوا حاڵی بم ئیتر ماڵ وحاڵم بۆ چیە!! ٣١**

بۆ دەبێت بەزۆری زۆرداری ئەو چەمکانە بکرێن بە چەمکی مۆدێرن، ئەو چەمکانە پایەکی دیاریان هەبووە لە ناو شیعری کوردی و عەرەبی و فارسی.

چەمکی شەهید لەکوێی بەرهەمی مۆدێرنەیە، ئەو چەمکە چەمکێکی تەواو ئایینیە، چەمکی «دەقیقی مەسەل، ئەمەل» کۆی ئەو چەمکانە چەمکگەلێکن ڕەنگدانەوەی کولتووری ئیسلامین، نەک عەرەبیش، بەڵام ئیتر نووسەر هاتووە، دەیەوێت چاکەت و پانتۆڵیان بکاتە بەروو بۆینباغێکیان بۆ ببەستێت، ناویان بنێت چەمکی مۆدێرن.

عاشق بوونی «نالی» روونە وەک شاعیرێک، کاتێکیش چەمکی»شەهید» بەکار دەهێنێت زۆر ئاساییە، ئەگەر نووسەر مەبەستی پێ چەمکی شەهیدی خۆشەویستییە، ئەو چەمکە لە ناو توراسی ئیسلامی بەڕوونی باسکراوە، کۆنترین کتێب لە کتێبی «الزهرة»ی محمد بن علي بن داود الأصفهاني البغدادي لە نێوان ساڵی ٢٥٥ – ٢٩٧ ک ژیاوە، دوای ئەو زانایانی تر هاتوون باسی ئەو بابەتەیان کردووە، فەرموودەیەک هەیە باس لە شەهیدی عیشق دەکات، فەرموودەکە بەو جۆرەیە (مَن عَشق وكتم وعفّ وصبر غفر الله له وأدخلَه الجنّة) ئەگەرچی هەندێک لە زانایان ئەوە بە فەرموودەیەکی هەڵبەستراو زانیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی نەبووە لەگفتوگۆکردن، زانایان قسەوباسی زۆریان لەسەرکردوە، ئیبن قەیمی جەوزی قوتابی ئیبن تەیمیە بە درێژی باسی ئەو بابەتەی کردووە٣٢.

### نووسەر و پاشخانی ئایینی و عەرەبی

نووسەر کە قسە لەسەر ئیسلام دەکات لەبری ڕەخنەگرتن، توانج لە ئیسلام دەدات، کە کۆمەڵێک قسەی سواوی نووسەرانی پێشخۆی دووبارە دەکاتەوە، دەبوو نووسەر وردتر بوایە، بەتایبەت ئەو هاتووە سەری بە دیوانی «نالی»دا گرتووە، «نالی» کوڕی کولتوورێکی ئیسلامییە، نەک کوڕی کولتووری مۆدێرنە بۆ ئەوەی بە ڕەوای بزانێت توانج و لاقرتێ لە ئایینەکەی بگریت، ئاخر نالی خاوەنی شیعری:

**ئەی ساکینی ریاضی مەدینەی مونەووەر**
**لوطفێ بفەرموو مەدینەی منەو، وەرە٣٣.**

نالی لەو شیعرەی لووتکەی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر دەربڕیوە، کەچی نووسەر هاتووە لە پەنای نالی توانج لە ئیسلام دەدات.

نووسەر بەشێکی کتێبەکەی باسی کەر دەکات لە قورئان و فەرموودە، ئینجا هاتووە، کۆمەڵێک قسەی کردووە، هەر بەزۆری زۆرداری دەیەوێت بیسەلمێنێت، کە کەر بۆیە لای خەڵک قێزەونە

چونکە قورئان سەرزەنشتی کردووە.

جارێ لە سەردەمی «نالی» کەر ئەوەندە بێزراو نەبووە، بەتایبەت خەڵک ئیشی سەرەکی لەسەر ئاژەڵ بووە، خزمەتی زۆریشکراوە، شیعرەکەی «نالی» بۆ کەرەکەی، بەڵگەیە لەسەر رێزی کەر لای خاوەنەکانی، نەک ئەوەی هەموو خەڵک سەرزەنشتی کەری کردبێت، «نالی» تەنیا بێت، لە ناو کوردەواری زۆر پەند هەیە لەسەر گرنگی کەر و پێویستی لە ژیانی مرۆڤ، جاران دەگوترا: «ئەوەی کەرێکی نەبێت، کەرێک ناهێنێ» ئەگەر کەسێک زۆر نەزان بوایە، دەیانگوت: بەکەری بگۆڕەوە خاوەن کەر کورتانەکەی زەرەرە« ئەگەر کەر کەوتە قوڕ خاوەنی لەهەمووی ماندووترە.

پرسی سەرزەنشتی کردنی کەر لەقورئان بەو شێوەیە، ئیتر ئەمە گیاندارێکە خاوەن کۆمەڵێک سیفەتی خۆیەتی، خۆ ناکرێت بەزۆر ئەو سیفەتانەی لێوەربگیرێتەوە، سیفاتی مرۆیی بکرێتە بەر، بەڵام نووسەر هاتووە دەیەوێت لەپەنای ئەو دەقە قورئانیانەی باسی ئاژەڵ دەکات، هێرشی خۆی بکاتە سەر ئیسلام.

هەرچی فەتواکەی ئیبن تەیمیە، ئەوا هیچ کات لە ئیسلامدا فەتوا مرۆڤی پێ پابەند ناکرێت.

نووسەر هاتووە سێ لاپەڕەی بەئایەت پڕکردۆتەوە٣٤، جگە لە زیادکردنی قەبارەی کتێبەکەی هیچ ئیزافەیەکی نەکردووتەوە، یان دەیەوێت پێ بڵێت: ئاژەڵان چۆنن لە قورئان، «نالی»یش چی دەڵێ دەربارەی کەرەکەی.

نووسەر شارەزایەکی زۆر لاوازی هەیە لە ئیسلام، تەنانەت بۆ وەرگێڕانی چەند دەقێک پەنای بۆ خەڵکی تر بردووە، کە خۆی ئاماژەی پێکردووە، ئێ کە ئاستی تێگەیشتنی لە زمانی ئایین ئەوەندە بێت، چۆن رێگا بەخۆی دەدات، ئەو قسەیە لەسەر ئایین بکات؟ چۆن رێگای بەخۆی دا بە خوێندنەوەی دوو بابەتی فارسی لەسەر بەلاغەی عەرەبی قسە بکات.

بەلاغەی «نالی» بەرهەمی کتێبە بەناوبانگەکانی وەک: موختەسەڕ و مەتوڵە، کەچی نووسەر بەو پەڕی جورئەتەوە، هاتووە چەند بابەتێکی کرچ و کاڵ٣٥ و کتێبەکەی زەکەریا ئۆزۆنی بەکارهێناوە٣٦.

بابەتەکانی بەشێکی لە زمانی فارسی وەرگێراوە، ئەوە جێ دەهێڵم بۆ فارسی زانەکان، داخۆ لە تێگەیشتنی لە فارسەکان هەڵەی نەکردووە.

کتێبەکەی زەکەریا ئۆزۆن ئەوەندە نازانستیانە نووسراوە، بەسە بۆ ئەوەی سەر لەبەری قسەکانی بخرێتە بەر گومان، ئینجا نووسەر دەبوو بەرلەوەی «زەکەریا ئۆزۆن» بکات بەسەرچاوە کەمێک هەوڵی بدایە، خۆی شارەزا بکردایە لە سروشتی زمانی عەرەبی ئینجا «ئۆزۆن»ی بخوێندایەوە.

کتێبەکەی ئۆزۆن پڕە لە هەڵەی مەنهەجی کە بە هیچ پێوەرەکی زمانی عەرەبی قبوڵ نییە.

### غەزوی رۆحی یان بنیاتنانی رۆحێکی نوێ

کورد ئەگەر شتێکی دیاری هەبێت، لەو ساتەوەیە کە ئیسلام هاتۆتە ئەو ناوچەیە، ئیتر چەوسێندرابنەوە، یاخود شاهانە ژیابن، بەشداریەکی کارایان هەبووە لە بنیادنانی شارستانیەتی ئیسلامی، کەسی دیار و فەرمانڕەوایان هەبووە، سەبارەت بە زۆر لێکردن، یاخود خۆ بەکەم زانین ئەوە بابەتیکی زۆر ئاڵۆزە زۆری دەوێت، نووسەر پێیوایە ئیسلام غەزووی رۆحی کردووە٣٧، ئەو چرکەساتەی ئیسلام دێت، کورد خاوەنی مەعریفە نەبووە، تا لە ناوبچێت و شتێکی تازەی شوێنی بگرێتەوە.

لەگەڵ هاتنی ئیسلام کورد دەبێتە خاوەنی نووسین و مەعریفە، کورد لە دوای هاتنی ئیسلام پشکی بەرچاوی هەیە لە فەرهەنگی ئیسلامی، خاوەنی «ئیبن حاجب» و «ئیبن لحاج » و «شەمسەدینی شەهرەزوری» و «ئەبولفیدای شارەزوری» و «ئیبن ئادەم و «سەیفەدینی ئامێدی» و «مەلای گەورە» و دەیان زانایی ئایینی لە بواری زۆر گرنگ، کە تا ئێستا گفتوگۆی گەرمی لە بارەیانەوە دەکرێت، بەڵام کاتێک نووسەر

پێیوایە ئێمە غەزوو کراوین٣٨ و داگیرکراوین، دەبێ خۆی بێت هێرش بکاتە سەر ئەو ئایینەی ئەوانەی دروستکردووە، کورد بەر لە ئیسلام خاوەنی چ فەرهەنگێکی خۆی بوو هەتا داگیر بکرێت.

نووسەر دەڵێت: هەندێک لە توێژەران ئەم روانگەیە زیاتر لەوەی روانگەی عەرەبە بەلاغیەکان بێت، روانگەی قورئان خۆیەتی، چونکە لەوێدایە، کە زمان روونی خودا پەیوەستە بەزمانی عەرەبییەوە، کە دەقی پیرۆز بەهەموو توانایەک بەرجەستە دەکات، هەروەک لە ئایەتی (١٩٥)ی الشعراء هاتووە: بلسان عربي مبين. بەم پێیەش هیچ کەسێک بۆی نییە وا بیر بکاتەوە کە دەتوانێ بەدەر لە عەرەبی وابیر بکاتەوە لە رێی هەر زمانێکی دیکەی موعجیزە بهێنێتەوە، چونکە ئەو قورئانەی بە عەرەبی دابەزیوە لەروونیدا پێش هەموو زمانەکانی دیکە دەکەوێت٣٩.

ئەو دەقە دەقێکی نالۆژیکییە، چونکە ئەگەر ئێمە پێمان وابێت قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە کەس بۆی نییە وا بیربکاتەوە دەتوانێ لە رێی زمانێکی دیکە موعجیزە بهێنێتەوە، ئەوا ئەگەر قورئان بەزمانی کوردیش بوایە بۆ گەلانی تر وادەبوو، بە نیسبەت کتێبەکانی تریش هەر راستە، دواجار دەبوو هەر بەزمانێک بێت، ئەی توانای فێربوونی زمانەکان بۆچی لە مرۆڤ دا هەیە، ئەگەر سەیری کاری هەندێک لە رۆژهەڵاتناسەکان بکەین لە بواری زمانە جیاوازەکان بۆ دەرکەوێت ئەو بۆچوونە چەند نالۆژیکییە.

## نالی و رۆشنبیری ئیسلامی

نووسەر دەیەوێت بەزۆر «نالی» لە کولتووری ئیسلامی دەربکاتە دەرەوە، بەرەو رۆحێکی رۆژئاوایی ببات، لە باسی شیعری کەر، کە پێیوایە شیعری»نالی» بۆ کەرەکەی کارێکی هیومانیستانەیە، دەنووسێت: «ئەوە هەڵێکی باشی توێژینەوەمان دەخاتە بەردەبم بۆ ئەوەی نالی وەک شاعیرێکی کوردی مسوڵمان، بەڵام دەرچوو لە کولتووری ئیسلامی باو بخەینە رەوتی هیومانزمی سنووردارانەی خۆرئاواییەوە، بە تایبەتمەندییە کوردییەکەیەوە»٤٠.

ئەگەر «نالی» ئەوەندە سەرسامی خۆئاوا بووە ـ وەک نووسەر پێیوایە ـ دەبوو نالی لە شام رێی رۆژئاوا بگرێت، نەک بەرەو مەکە و مەدینە بڕوات، کە دەچێ بۆ مەککە و مەدینە چی داوە لە دانیشتن لەگەڵ زانا ئایینیەکانی ئەو ناوچەیە، بۆ ستایشی پێغەمبەر دەکات، بۆ ناچێت بۆخۆی لە ئەورووپا پیاسە بکات، خۆ بەحیساب نالی لە ئەحمەد پاشای بابان زۆر نزیک بووە، ئەحمەد پاشان گەشتی کردووە بۆ وڵاتان.

نووسەر دەیەوێت هەر بەزۆری زۆرداری نالی وەک شاعیرێکی دوور لە عەقیدەی ئایینی وەسفی بکات، لەکاتێک دوورو نزیک لە هیچ شیعرێکی ئاماژەی لەو جۆرە نییە، ئەوەی هەیە وەک هەموو شاعیرێکی تر شیعری هەجوی هەیە.

دواتر دەیەوێت بڵێ نالی لە شوناسی خۆی بەگومانە و دەنووسێت: «ئەوەی بۆ من گرنگە ئەو بەشەیە لە نالی، ئەو سەرەتاتکێ کردنەیەتی لەگەڵ شوناسی خۆیدا، ئەو خۆدزینەوەیەتی لە کولتووری باڵادەستی عەقیدەتی و ئایدیۆلۆژیی عەرەبیانە، ئەو پێخستنە ناو قەڵەمڕەوە حەرامانەی کە ئەو خۆی تێدا بینیونەتەوە و زمانی سەردەستە و دەزگا ئێستاتیکییەکەی مۆڵەتیان بە هێنانە دەنگیان نەداوە و ئەو لە زمانی کوردیدا گوزارشتی لێ کردوون. بۆ من نالیی ناو چوارچێوە ستانداردەکە هیچ گرنگ نییە، وەک موسڵمانێک و مەلایەک گرنگ نییە، هێندەی ئەوەی نالیی ناو پەراوێز و نالیی ریزپەڕ و نالیی جیاواز گرنگە٤١.

لە دێری کۆتایی سەرنج بدە نووسەر هەندێک شتی وەک: «نالی ناو پەراوێز، نالی رێزپەڕ، نالیی جیاواز، نالی جیاواز» رێزپەڕ ریسای هەڵناوەشێتەوە. چۆن دەکرێت پارچە شیعرێکی

بکرێت بە بەڵگەی هەڵگەڕانەوەی لەو کولتوورە؟ کرۆکی شیعری نالی بریتییە لە ئایینداری و مسوڵمانێتی، جەنابی نووسەریش هاتووە دەیەوێت وەک هەڵگەڕاوە بیناسێ.

ڕۆشنبیریی «نالی» ڕۆشنبیریی سەردەمی خۆیەتی، ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامییە، ئەوەش بە تەواوی لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە، شیعری «نەفەس بگرە لە هاتوو چوویی خۆڕایی» شیعرێکە پڕە لە ئاماژەی زانستە ئیسلامییەکان. هەر لە زانستی فەلەکناسی کۆن، زانستی فەرموودە، زانستی مەنتیق، زانستی بەلاغە، تەفسیر، تەسوف.

ئەگەر سەیری دێرە شیعری:

**لە قورئاندا بە (ما أخفى لهم) مەکتووم و مەختوومە**
**بەیان نابێ بەتەفسیری دووصە (کەششاف) و (بەیضاوی)**

موبەین بوو لە قورئاندا بە نووری (قرةالأعین)

نە واضیح بوو بە (کەششاف) و ڕۆشن بوو بە(بەیضاوی)

لەو شیعرەی دەردەکەوێت نالی شارەزایی وردی هەیە لە قورئان هەیە، چونکە دەڵێ: ئایەتی» **فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ**« بەتەفسیری کەششاف و بەیضاوی ڕوون نەبووتەوە، حەقیقەتی ئەو ئایەتە بەدوو صەد تەفسیری لەو جۆرە ڕوون نابێتەوە، ئەوەش شارەزایی نالی دەردەخات لە خودی قورئان و تەفسیرەکانی قورئان.

کە باسی ئایەتی (ما أخفى لهم) دەکات دەڵێ: ئەو ئایەتە ڕوون نابێتەوە بە دووسەد تەفسیری کەششاف و بەیضاوی، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە نالی لە یەک کاتدا هەم شارەزایی قورئانە، هەم شارەزایی کەششافە، هەم شارەزایی بەیضاوی٤٢.

«نالی» ئەوکاتەی لە مەککە بووە، لەگەڵ زاناکانی ئەوێ ژیاوە، گفتوگۆی لەگەڵ کردوون، گفتوگۆکانیش لە سەر زانستی زمان بووە، نالی شارەزایی تەواوی هەبووە لە ڕەچەڵەکی عەرەب و شیعر و جەدەل، ئەوەش بەتەواوی دەردەکەوێت کە «نالی» ئەوەندەی کاریگەری ئەدەبی عەرەبی بەسەرەوە بووە، ئەوەندە بەلای ئەدەبی فارسی نەبووە، لە بارەی پێغەمبەریش قەسیدەیەکی درێژی داناوە لە سەرەتای ژیانی پێغەمبەر، تا کۆتایی «خیلافەتی حەسەن».

ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە نالی شارەزایی تەواوی لە ژیانی پێغەمبەر هەبوو، ئەگینا نەیدەتوانی ژیانی پێغەمبەر و خەلیفەکان بەوشێوەیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە شیعر بهۆنێتەوە٤٣، ئەگەرچی تا ئێستا ئاسەواری «نالی» ونە، بەڵام چەند سەرە داوێکی گرنگمان لەبەردەستە، کە «نالی» خاوەنی بەرهەمی ترە، جگە لەو دیوانە شیعرەی کە لێرە و لەوێ کۆکراوەتەوە.

ئەوەش ئەو بۆچوونەی نووسەر ڕەت دەکاتەوە، کە «نالی» لە کولتووری ئایینی دەرچووبێت و ڕووی کردبێتە کولتووری مۆدێرن، «نالی» بەوەندە نەوەستاوە ئایین هەر شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی هەبێت، کتێبێکی تری هەیە بەناوی» هەندێ فەوائیدی عەقڵی و نەقڵی» عەقڵ و نەقڵ دوو زاراوەی سەرەکی لەناو فیکری ئیسلامی، زانایان بەکاردێنن، لە ناو توراسی ئیسلامی بابەتی عەقڵ و نەقڵ جێی بایەخی زانایان بووە، بەتایبەت لە شەرح کردنی هەندێک پرس شەرحەکە عەقڵکاری زۆری تێداکراوە٤٤.

نووسەر دەڵێت» گرنگیی شاعیرێکی وەک نالی بۆ من لەوەدا نییە کە چیتر پێویست بێت بیسەلمێنین چۆن ئەم شاعیرەمان (ئەسپی خۆی لە بواری سەنایعی بەلاغیدا تاو داوە)، هیچ بۆ من گرنگ نییە شتێک بڵێم لەبارەی شارەزایی نالی لە زمانی عەرەبی و ڕۆشنبیریی موسڵمانانەی ئەو و هونەرکاریی شیعرییانەی ئەو لە چوارچێوە بەلاغییەکەدا بە هەموو بەشەکانیەوە٤٥.

ئەگەر لە بەلاغەکەی «نالی» نەگەی چۆن لە مانای شیعرەکانی دەگەی؟

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١ـ لە ڕێگای ئەدەب و لە پێناوی «نالی»دا، محەمەدی مەلا کەریم چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بغدا ١٩٧٩ لاپەڕە: ٣٨

٢ـ سەرچاوەی پێشوو ٣٨

٣ـ هاوسەنگکردنەوەی تەراوزوێکی سەنگەڵا مەسعوود محەمەد وەرگێرانی حەکیم کاکە وەیس چاپی یەکەم ٢٠١٤، لاپەڕە: ١٥

٤ـ سەرچاوەی پێشوو.

٥ـ حاجی قادری شاعیری شۆڕشگێر و پێشکەوتونخواز و دیموکراتی بیری نەتەوەیی کورد، نووسینی عەبدولستار تاهیر شەریف، پێشەکی دوکتۆر مارف خەزنەدار. پەراوێزی لاپەڕە٢٠.

٦ـ شێخ ڕەزایی تاڵەبانی، د.عیزەدین مەستەفا ڕەسول.

٧ـ پ.د عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ ئەزموونی بە بڕشتی قەڵەمێکی سەربزێو هەڤپەیڤین ئازاد عەبدولواحید ٤٧.

٨ ـ بڕوانە: لە ڕێگای ئەدەب و لە پێناوی «نالی»دا بەشی یەکەم: لاپەڕە٩، بەشی دووەم: لاپەڕە ٨١، بەشی سێیەم: ١٨٩.

* ئەو پێشەکیەم بەپێویست زانی، چونکە خوایاربێت کۆمەڵێک کتێب هەیە، لە داهاتوو هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین، بەتایبەت ئەو کتێبانەی، کە نووسەرەکانیان پاشخانێکی باشیان نەبووە دەربارەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی.

٩ـ دیوان و فەرهەنگی نالی لێکۆڵینەوەی و ساغکردنەوە نووسینی دکتۆر مارف خەزنەدار بەغدا ١٩٧٧ لاپەڕە: ١٢..

١٠ـ بڕوانە: دیوانی نالی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لاپەڕە ٢٩٠ ـ ٢٩١.

١١ـ بڕوانە: دیوانی مەلا سەید فەتاحی جەباری ئامادەکردنی د.فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین، چاپی یەکەم ٢٠١٨ چاپخانە ناوەندی ڕێنوێن. لاپەڕە: ١٢٦.

١٢ـ نالی لە «بەلاغە«وە بۆ «مۆدێرنیتە» توێژینەوەیەکی راڤەکارانە لە بارەی (نالی)یەوە (١٨٠٠ـ ١٨٧٧)، ڕێبوار سیوەیلی، ئەکادیمیایی کوردی، چاپی یەکەم ٢٠١٨. لاپەڕە ٢٠٥..

١٣ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٠٧.

١٤ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە: ٢٨١.

١٥ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە: ٢٨٣..

١٦ـ چەپکێک لە گوڵزاری مەسعوود محەمەد، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٧ نالی ٩٣.

١٧ـ مێژووی بیری کوردی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، مامۆستا جەعفەرساڵی ٢٠٠٩ لاپەڕە: ١٣

١٨ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە: ١٤.

١٩ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە: ١٢٨.

٢٠ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە: ١٢٨.

٢١ـ البلاغة العربية أسسها وفنونها وعلومها عبدالرحمن حبنكة الميداني، دارالقلم، طبعة الثانية ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٢

٢٢ـ دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا ١٩٧٧ لاپەڕە ١٦.

٢٣ـ سەرچاوە پێشوو لاپەڕە١٧.

٢٤ـ نالی لە «بەلاغە»وە بۆ «مۆدێرنیتە»١٤٤

٢٥ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٢٧.

٢٦ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە: ٢٦٢

٢٧ـ کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ، مەسعوود محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠١٠. لاپەڕە ١٦٠.

٢٨ـ نالی لەبەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە ٣٢٢.

٢٩ـ سەرچاوەی پێشو، لاپەڕەکانی: ٥٣ ـ ٨٩ ـ ١٠٥ـ ١١٥.

٣٠ـ دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم، إنتشارات کردستان سنە، چاپی سێیەم، لاپەڕە ٨٥.

٣١ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە: ٣٣٤

٣٢ـ بڕوانە: روضة المحبين ونزهة المشتاقين، الإمام شمس الدين أبی عبدالله محمد بن أبی بكر الزرعی الدمشقی، دار إبين كثير، دمشق ـ بيروت لاپەڕە: ٣٩٠.

٣٣ـ دیوانی نالی: ٤١٥

٣٤ـ نالی لە «بەلاغە»وە بۆ «مۆدێرنیتە« ١٧١

٣٥ـ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە: ١٢٧

٣٦ـ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە: ١٣٤

٣٧ـ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە: ١٩

٣٨ـ بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە: ١٩

٣٩ ـ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە: ١٣٢

٤٠ـ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە: ١٣٢

٤١ـ سەرچاوەی پێشوو: ١٣٩

٤٢ـ دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، لاپەڕە: ٦٨٨.

٤٣ـ براوانە: نزهة الفكر فيما مضى من الحوادث والعبر: ٣٥٧

٤٤ ـ بڕوانە: نالی لەبەڵگەنامەکانی عوسمانی ٤٥

٤٥ـ نالی لە «بەلاغە»وە بۆ «مۆدێرنیتە» لاپەڕە ١٤٩

# لە نێوان
# دینی و دونیەوی
# نەگۆڕ و گۆڕاو
# موقەددەس و سیاسیدا

**سالم الحاج**
سەرنوسەری گۆڤاری (الحوار)

پەیوەندی نێوان ئایین وسیاسەت پەیوەندییەکی قوڵ و مێژووییە.. بێگومان سروشتی ئایین (کە لێرەدا باسی ئیسلام دەکەین) ئەو پەیوەندییە دەخوازێت و پێویستی دەکات، چونکە بە سروشتی خۆی ڕێنمایی و هیدایەتە بۆ ژیانی مرۆڤ و ڕێکخەری پەیوەندییەکانیەتی لە گەڵ خوا و، لە گەڵ خەڵک.

بەڵام بوونی ئەم پەیوندییە ئەوە ناخوازێت کە هیچ جیاوازییەک نەبێت لە نێوان ئایین و ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ و، دژ و پێچەوانە نییە لە گەڵ ئەوەی کە ئەم سێکتەرانە ئەرکی تایبەتی خۆیان دەکەن و دەتوانن بە بێ ئایینیش بوونیان هەبێت.. بەڵام لە شارستانیەتێکی وەکو شارستانیەتی ئیسلامی، بە حوکمی ئەوەی کە ئایین زۆر کاریگەریی هەیە لە سەر مرۆڤ و ژیاری، دەبینین کە جۆرە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ دروست بووە لە نێوان ئایین و هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ، بە جۆرێک کە وا مەزەندە دەکرێت جیاوازی و نێوانیان نییە..

ئێمە دەزانین کە لە ئیسلامدا هەموو کار وکردەوەی مرۆڤ بۆی بە عیبادەت ئەژمار دەکرێت، ئەگەر بۆ خوا و لەبەر خاتری خوا ئەنجام بدرێت، کە ئەوەش بە (نییەت) دیاریی دەکرێت.. واتا: هەموو کارێکی مرۆڤ لە ژیانیدا، هەر چەندە جەستەییی بێت و، دوور بێت لە لایەنی ڕوحیی و ئایینی مرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ بۆ خوا ئەنجامی بدات، ئەوە بە عیبادەت بۆی ئەژمار دەکرێت.. بۆ نموونە: وەرزش کردن، یان خوێندن، یان هەر کارێک کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بە حوکمی ئەوەی کە زیندووە.. هەموو ئەم کارانە، ئەگەر (نییەت)ی لە گەڵدا بێت و، مرۆڤ بۆ خوا ئەنجامی بدات، عیبادەتە و بە خێر و چاکە بۆی ئەژمار دەکرێت.. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەم کارانە هەموویان کارانێکی دونیەوی و مرۆیین و، کارانێکی ئایینی نین.. ئەم جیاوازییە لای هەموو کەسێک دیار و ئاساییە و، کەس نییە بڵێت نەخێر ئەم کارانە لە خودی خۆیان بەشێکن لە ئایین، یان خودی ئاینن!..

ئەم تێروانینە بۆ کاری سیاسیش بە هەمان شێوەیە: کاری سیاسی لە خودی خۆیدا کارێکی دونیەوی و مرۆییە، بەڵام کە کەسێک بە باشی ئەنجامی دەدات و نییەتی خۆی پاک دەکات بۆ خوا، بە عیبادەت بۆی ئەژمار دەکرێت..

ئەمەش لە بۆچوونی زانایانی ئیسلام و سەلەفی ساڵح، ڕوون و زانراوە و شتێک نییە ئێمە ئێستا بیبینین یان دەرکی پێ بکەین..

بۆ نموونە ئێمە دەبینین کە ئەسحابی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) زۆر بە باشی ئەم جیاوازییەیان دەبینی لە نێوان کاری دونیەوی و کاری ئایینی لە ڕەفتار و کرداری پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، بۆیە دەیانپرسی: ئایا ئەم کارە، یان ئەم بڕیارە، لە لایەن خواوەیە، واتە: (وەحی) یە، یا خود ڕا و تەدبیری بەشەرییە؟.. مەبەستیشیان ئەوە بوو ئەگەر ئەو کارە (وەحی) نییە، کە واتە کارێکی دونیەوەی و بەشەرییە و، جێی قسە و گفتۆگۆیە و دەکرێ بیرو ڕا تێدا ئاڵوگۆڕ بکرێت..

ئەم دوو مەیدانە، هەر چەندە جیاوازن و، یەکێکیان پیرۆز و ئایینیە و، ئەوی تریان مرۆیی و دونیاییە، بەڵام خۆ هەر دووکیان لە کۆتاییدا هەر بە عیبادەت ئەژمار دەکرێن و، لە ناو بازنەی ئاییندان و، کارە مرۆیی و دونیاییەکەش هەر بە دەر نییە لە ئایین.. بۆیە ئەم جیاوازییە پێویستە ون نەکرێت و، بەرچاو بێت و، کاری مرۆیی و دونیایی بە پیرۆز و ئایینی ئەژمار نەکرێت..

چونکە کە کاری سیاسی – بۆ نموونە – پیرۆز کرا و، پێمان وابوو بەشێکە لە ئایین، یان کارێکی ئایینیە، ئەوە بەرگی پیرۆزییمان بە بەردا کرد و، بە کارێکی بێ هەڵە و پیرۆزمان ئەژمار کرد..

هەڵبەت ئێمە دەزانین کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، بە حوکمی ئەوەی کە

پەیامبەری خوا بوو، لە هەمان کاتدا سەرکردە و پێشەوای موسڵمانان بوو، هەر دوو کاری سیاسی و دەعوەی پێکەوە دەکرد، هەر دوو دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی لە دەستی ئەودا بوون ، ئەمە شتێکی ئاسایی بوو. موسڵمانان – وەکو ئاماژمان پێدا - دەرکی جیاوازی نێوان ئەم دوو ئەرک و کایەیان دەکرد..

بەڵام دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا، (وەحی) کۆتایی پێ هات و، موسڵمانان جێنشینی ئەویان دانا.. ئەم جێنشینییە تەنها لە بوارە دونیاییەکەدا بوو، و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان بوو.. چونکە ئیسلام وەکو ئایین کامڵ و تەواو بوو و، ئیتر بۆ کەس نییە بە ناوی خوا و ئایین ڕەفتار بکات یان تەشریع دەر بکات.. کە واتە: کاری سیاسی و مومارەسەی سیاسیی موسڵمانانیش، دوای کۆچی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، کارێکی دونیەوی و مرۆییە و، هیچ پیرۆزیەکی ئایینی نییە، تەنها خۆیان لەو کارانە بەرپرسن لەبەردەم خوا لە قیامەتدا و، لەبەردەم خەڵکدا لە دونیا.. بەڵام بۆ چی ئەم تێکەڵاویە دروستبوو لە نێوان ئەم دووکایە؟

ئێمە دەزانین کە پێش هاتنی ئیسلام ئەو تێکەڵاویە لە نێوان هەر دوو کایەی سیاسی و ئایینی هەبوو، سوڵتان و دەسەڵاتدارەکان خۆیان بە کوڕ و وەکیلی خوا دەزانی، خەڵکیش ملکەچبوون بۆیان. دەسەڵاتدارەکان خۆیان تەنها بەرامبەر خوا بەرپرسیار دەزانی، دەسەڵاتی ڕەهایان هەبوو بەرامبەر خەڵک، بەمشێوەیە جۆرێک لە پیرۆزییان بۆ خۆیان دروستکردبو.

دوای هاتنی ئیسلام ئەم تێکەڵاوکردنی دوو کایەی ئایین وسیاسەت و، پیرۆزکردنی دەسەڵاتداران نەما، خەلیفە و سوڵتانەکان تەنها دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وڵات و کایەی سیاسییان بە دەستەوە بوو، هیچ پیرۆزییەکیان نەبوو لەو ڕووەوە.. کایەی ئایینی خۆی لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر دەبینی، زانایان هەڵگر و پارێزەری ئەم کایە بوون و، تەواو ئازاد بوون لە کارەکانیان، بەڵام هەر دوای سەردەمی (خولەفای راشدین) و، دروستبوونی (دەولەتی ئەمەوی)، وورده وورده خەلیفەکان هەوڵیان داوە سوود لەو کایە ئایینییە وەربگرن بۆ جوانکردن و بە هێزکردنی دەسەڵاتیان .ئەم کارەشیان سەری گرت، چونکە سەردەمەکە و کلتووری دەورووبەری موسڵمانان – وەکو ئاماژەمان پێدا – بەو ئاراستەیە بوو، پیرۆزکردنی دەسەڵاتدارەکان شتێکی ئاسایی و پەسەند کراو بوو.

پەیوەندیی نێوان سیاسەت و بانگەواز

مەسەلەی بانگەواز و گەیاندنی دینی خوا، دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، کەوتە ئەستۆی گشت موسڵمانان، بە پێی ئایەتەکانی قورئان، کە ئاماژەیەکی زۆری تیایە سەبارەت بەو ئەرکەی کە گشت موسڵمانان دەگرێتەوە، هەر یەک بە پێی توانا و زانینی خۆی:

**(وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)آل عمران/١٠٤.**

**(قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي) يوسف/١٠٨.**

ئەم ئەرکی گەیاندن وناساندنی ئایینی خوا بە خەڵکی، بە پێی ئەم ئایەتانە و چەندین ئایەتی هاوشێوەیان، ئەرکی هەر تاکێکی موسڵمانە بە پێی زانین و شارەزایی لە ئایین، هەروەها بە پێی دەسەڵات وتوانای.. بۆیە زانایان وتویانە کە ئەم ئەرکە لە (فروض الكفايه)یە و، ئەگەر هەندێک لە موسڵمانان پێی هەڵسان، لەسەر باقی موسڵمانان لا دەچێت. بەم پێیە ئاساییە هەندێک کەس لە ناو موسڵمانان کاری بانگەواز بکەن، هەندێکی تر - بۆ نمونە - کاری سیاسەت بکەن و، هیچ ئیشکالێکی شەرعی تێدا نییە.

بەڵام دیسان پرسیارەکە دێتە پێش: کە واتە بۆچی ئەم گرفتە دروستبووە لە ئێستای جیهانی

ئیسلامی: گرفتی پەیوەندی نێوان دەعوە و سیاسەت؟

ئێمە دەزانین کە کاری بانگەواز کارێکی (واجب)ە لە سەر هەموو موسڵمانان، دەبێ بەم ئەرکە ئایینیە هەڵسن.. بەڵام خۆ دیارە – لە لایەکی ترەوە – کە پێویست ناکات و ناکرێت و، دژی سوننەتی ژیانە، هەموو موسڵمانان هەر خەریکی بانگەواز و فێربوون و بڵاوکردنەوەی زانستە ئیسلامیەکان بن.. چونکە وەکو وتمان ئەم ئەرکە ئەگەر هەندێک لە موسڵمانان پێی هەڵسان لەسەر ئەوانی تر لادەچێت..

هەر وەها لە لایەکی تر: ئێمە دەزانین کە هەموو کار و کردەوەی موسڵمان بە خێر و چاکە وعیبادەت بۆی دەنوسرێت، ئەگەر بە نیيەتی بەندایەتی و بۆ خوا ئەنجامیان بدات.. کە واتە دەکرێت بڵێین: هەموو کار و کردەوەکانی موسڵمان دەچێتە چوارچێوەی بانگەواز، ئەگەر بە نیيەتی خوا و بۆ خوا ئەنجامیان د(١). واتە مەرج نییە هەموو موسڵمانانان خۆیان تەنها بۆ کاری (بانگەواز) تەرخان بکەن، بەڵکو کافیە هەندێکیان بەو کارە هەڵسن و، ئەوانی تر هەر کارێکی تر بکەن.

لێرەوە، بەم تێروانینە دەتوانین بڵێین کە کاری سیاسەتیش جۆرێکە لە بانگەواز، سیاسیش بە ناراستەوخۆ دەکرێت ئەرکی بانگەوازی ئەنجام بدات(٢). بەڵام خۆ دیارە – لە هەمان کاتدا– کە ئەم دوو ئەرکە و، ئەم دوو کایە، لە یەکتری جیاواز و جودان و، تەنانەت کارەکتەر و، جۆری کار و، مەیدانی کارکردنیش، جیاواز و وەکو یەک نین.. کەواتە لە لایەک جیاواز و، لە لایەک ئاوێتەی یەکترین.. کە ئەمەش ئەوەیە کە باسی دەکەین و ، لێرەوە جۆرێک لە تێکەڵاوی لە نێوان ئەم دوو کایە دروست دەبێت.

ئەگەر پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت بەم شێوەیە بێت، ئەی بۆچی ئێستا بۆتە گرفت لای رەوتە ئیسلامیەکان؟

بێگومان ئەگەر سەیرێکی مێژووی دروستبوونی ئەم رەوتانە بکەین دەزانین کە بوونی رەوتە ئیسلامیەکان بەمشێوەیەی هاوچەرخ دیاردەیەکی نوێ و هاوچەرخە و پەیوەستە بە بارودۆخ و مێژووی نوێی موسڵمانان، ئێمە دەزانین کە یەکەمین گروپ و حیزب و کۆمەڵەی هاوشێوە، دوای روخانی خەلافەتی عوسمانی، هاتە بوون، ئەویش کۆمەڵەی (الإخوان المسلمین) بوو ساڵی ١٩٢٨ لە وڵاتی (میسر)، بە رەوتی دایک دەناسرێت. ئەم دیاردەیەش زادەی بارودۆخی خۆیەتی و، هەڵگری چەند تایبەتمەندیەکە کە پەیوەستە بە ئامانجی دروستبوونیان و، ئەو بارودۆخەی کە تێیدا هاتنە بوون.

سەرەکیترین هۆکاری دروستبوونی گرفتی پەیوەندی نێوان ئایین وسیاسەت، دەگەڕێتەوە جۆری تێروانین و پێناسەی ئەم کۆمەڵانە بۆ گەلان و کۆمەڵگا موسڵمانانەکانی سەردەم، کە پێیان وایە لە ژێر هەژموونی داگیرکەری کافرن.. جڵەو بە دەستەکانیان وابەستە و ئەڵقە لە گوێی کافرەکانن. بۆیە پێویستە شۆڕش و راپەرین لە دژیان ئەنجام بدرێت. کە پێشتر، پێش روخانی خەلافەتی عوسمانی، گرفتی لەمجۆرە نەبوو، دەسەڵات و جڵەو بە دەستان لە وڵاتانی موسڵمان، هەر چەندە ستەمکار و خراب بووبن، بەڵام وەکو کافر، یان ئەڵقە لە گوێی کافران، مامەڵە و پێناسە نەدەکران، هیچ گروپ و کۆمەڵە دروست نەدەبوو کە بیەوێت ئەو بارودۆخە لە رێی هێز و کۆکردنەوەی جەماوەری راست بکاتەوە.

ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە سەری کێشا بۆ پێناسەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگا موسڵمانەکان، سەری لەوە دەرچوو کە دەبێت هەوڵ و تێکۆشان بکرێت بۆ سەر لە نوێ گەڕاندنەوەی کۆمەڵگا موسڵمان نشینەکان بۆ ئیسلام، چونکە ئیسلامی راستەقینە نامۆ بووە لایان و، جڵەوی دەسەڵات کەوتۆتە دەستی کەسانێ دوور لە ئایین و، دژ بە ئایین و،

ئەڵقە لە گوێی بێگانەی کافر.

بەمشێوەیە وورده وورده هەموو ئەو پارت و گروپ و کۆمەڵانەی بە ناوی ئیسلامیان بوون، بە شێوەیەک رەفتاریان کرد و پەرەیاندا بە کاری خۆیان، کە ئیسلام لە خۆیان بەرجەستە کرد و، خۆیان وەکو نوێنەر و هەڵگر و پارێزەری ئایین بن لە ناو ئەو کۆمەڵگا سەرلێ شێواو و داگیرکراوانە دا(٣). هەر بۆیە ئەو گروپانە هەم کاری سیاسییان لە خۆ دەگرت، هەم کاری بانگەواز و پێگەیاندنی ئیسلامیش، زەمینەش گونجاو بوو بۆ بۆ گەشەکردن و فراوان بوونی کاری ئەو کۆمەڵانە، چونکە گوتاریان رادیکاڵانە بوو، هەڵگری ئامانجی گەورە بوون وەکو گەڕانەوەی ئیسلام، حوکمی ئیسلامی، شارستانیەتی ئیسلامی. چەتری سیاسی کۆکەرەوەی جیهانی ئیسلامی و پێکەوەگرێدەری، رووخا بوو.. بۆیە بارودۆخ و زەمینەیەکی سیاسی – کۆمەڵایەتی – ژیاریی لە بار بوو بۆ دروستبوون و هاتنە کایەی ئەو جۆرە کۆمەڵ و رەوتانە(٤).

بەم شێوەیە پارت و رێکخراو و کۆمەڵە ئیسلامییە هاوچەرخەکان بوونە بەشێک لە حاڵەتی سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا موسڵمانە هاوچەرخەکان و، بوونەتە هۆی پەیدابوونی ململانێی توند و بەردەوام لە نێوان ئەوان و جڵەو بەدەستان، لە نێوان ئەوان و ئەو کەسانەی کە باوەریان بەمجۆرە بیرکردنەوەیان نەبوو، کە وەکو حیزبی لا دینی و چەپ ولیبراڵ و عیلمانی بەرجەستە بوون.

ئەمجۆرە ململانێی و، ئەم شێوە کارەی رەوتی ئیسلامی، کۆمەڵگاکانی سەردەمی موسڵمانان بەرەو دوو بەرەیی و، لەت بوون و، ناکۆکی شارستانی بردن، کە ئەم حاڵەتە پێشتر لە کۆمەڵگا موسڵمانەکان نەبوو، هیچ کات بەرەیەکی ئیسلامی بەرامبەر بەرەیەکی تری نا ئیسلامی بوونی نەبوو، چونکە تەنانەت زانایانی ئیسلام و پیاو چاک و بانگخواز و هەموو ئەوانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان خەریکی کاروباری ئایین بوون، خۆیان بە بەرەیەکی جیاواز لە ئەوانی تر حیساب نەدەکرد و، خەڵکیش بە چاوێکی جیاواز سەیریان نەدەکردن، بەڵکو ئەوان (واتە: زانایان) هەمیشە سەری رم و لە پێشەوەی هەموو جموجۆڵ و کار و بزاوتێکی کۆمەڵایەتی و، تەنانەت سیاسیش بوون.

ئەمجۆرە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئیسلامی و، خۆ قەتیس کردن لە جوغز و چوارچێوەی حیزب و کۆمەڵە و رەوتێکی دیاریکراودا، ئەمە حاڵەتێکی نوێ بوو و، بە زەرەر بۆ بانگەشەکارانی گەڕایەوە و، وای کرد حاڵەتی ئیسلامی ببێتە بەشێک و حیزبێک و کۆمەڵە و رەوتێک، کە پێشتر حاڵەتی ئیسلامی، لە کۆمەڵگا موسڵمانەکان، حاڵەتێکی گشتی و گشتگیر بوو و، بەرجەستە کراو نەبوو لە گروپ و تاخمێکی دیاریی کراودا.

بەمشێوەیە وورده وورده ئەم حاڵەتەی لێ دروست بوو، کە ئەوانەی بانگەشەی گەڕانەوەی حوکمی ئیسلام و شەریعەت دەکەن و، کاری سیاسی بە ناوی ئەحزابی ئیسلامی دەکەن، بوونەتە تاخمێک و کەمینەیەک – هەر چەندە بە ژمارە زۆر بن – ، لە بەرامبەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتدا، بە شێوەیەک دەبینین کە ئەم ئەحزاب و رەوتانەی بە ناوی ئیسلامەوە کار دەکەن هەموو شتێکیان جودا و جیاوازە لە کۆمەڵگەکانیان بە شێوەیەکی گشتی، بۆیە دەبینین کە مێژوو و، هونەر و، ئەدەب و، تەنانەت زانست و، دەزگای ئابووری و وەرزشی و زانستی و، دەزگای تایبەت بە لاوان و ئافرەتان و، بە گشتی هەموو شتێکیان تایبەت بە خۆیان هەیە و، جیاوازە لە مێژوو و کەسایەتی و، هونەر و، ئەدەب و، ئابووری و، دەزگاکانی کۆمەڵگەکانی خۆیان. بە کورتی: ئیسلام و حاڵەتی ئیسلامی خراوەتە قاڵبی گروپ و تاخمی تایبەت، لە جیاتی ئەوەی موڵکی هەموو میللەت و کۆمەڵگەکە بێت. ئیسلام خراوەتە

گرنگترین و سەرەکیترین گرفت و کێشە لە بەردەم رێرەوی چاکسازی و ، تەنانەت ریفۆرمی ئایینی، لە جیهانی ئیسلامیدا، بوونی دیکتاتۆرییەت و سیستەمی تاکرەوی و دەسەڵاتی نا دیموکراسییە.

ناو ململانێی سیاسی، بۆتە بەرەیەک لە بەرامبەر بەرەیەکی تر، کە ئەمە وا دەکات خودی ئیسلام لە لای حیزبە دەسەلاتدارەکان و، جەماوەریان، بە چاوی نەیار و دوژمن سەیر بکرێت، کە حاڵەتێکی سەیر دروست دەبێت: لە جیاتی ئەوەی ئیسلام موڵکی هەموو کۆمەڵکە و خەڵک بێت، قەتیس دەکرێت لە بەرەیەک و رەوتێک.. لە جیاتی ئەوەی ئیسلام رەحمەت بێت بۆ هەمووان و، پێناسە و رێنموییکەر و سوفرەی هەموو دڵان بێت، دەکرێتە ئاڵا و دروشم و بابەت و موڵکی بەشێک لە خەڵک و لایەک لە کۆمەڵگا.

هۆکاری ئەمەش، هەروەکو ئاماژەمان پێ دا ئەو بارودۆخ و گۆڕانکاریانەی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا هاتن، دوای رۆخانی خەلافەتی عوسمانی، کە بوونەتە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ پەیدابوون و گەڵاڵە بوونی فیکر و بیرکردنەوەی بانگەشەی گەڕانەوە بۆ ئیسلام و، گێڕانەوەی حوکمی ئیسلامی.. وەکو کرداری پێچەوانە بەرامبەر رۆخان و نەمانی خەلافەتی عوسمانی.

ئەم حاڵەتی سەرەوە پەیتا پەیتا چەند بیرۆکە و جۆری بیرکردنەوە و رەوتی فیکری لێ دروست بوو، وەکو حاکمیەتی خوا و، جاهلیەتی کۆمەڵگا و، واجب بوونی گێڕانەوەی دەسەلاتی سیاسیی ئیسلام، بە جۆرێک کە کەش و هەوایەکی هێنایە کایەوە، حاڵەتێکی دروست کرد، کە پێشتر لەو جۆرە نەبوو: حاڵەتی لەتبوونی کۆمەڵگا موسڵمانەکان بۆ دوو بەرە: بەرەیەکی ئیسلامی، بەرەیەکی نا ئیسلامی، کە تا ئێستا ئەم حاڵەتە لە هەموو جیهانی ئیسلامی بەردەوامی هەیە و، ململانێ و دوو بەرەکیی خستۆتە نێو جەستەی ئوممەتی ئیسلام و، هەموو کۆمەڵگە موسڵمانەکان.. لە جیاتی ئەوەی ئیسلام هەوێنی یەکبوون و تەبایی و یەکرێزی و پێکەوەبوون بێت، بۆتە سەرچاوە و چەقی دوو بەرەکی و ململانێ و بە کژیەکدا چوون و نا تەباییدا(٥).

**چارەسەر و دەرچوون لەم حاڵەتە:**

هەڵبەت چارەسەر بۆ کێشەی هزری و چڤاکی و، تەنانەت شارستانیش، شتێکی سانا و ئاسان نیە و، کات و کاری زۆری دەوێ، بەڵام لێرەدا من ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم، کە مەزندە دەکەم بەشێک بن لە چارەسەر:

١- گرنگترین و سەرەکیترین گرفت و کێشە لە بەردەم رێرەوی چاکسازی و ، تەنانەت ریفۆرمی ئایینی، لە جیهانی ئیسلامیدا، بوونی دیکتاتۆرییەت و سیستەمی تاکرەوی و دەسەلاتی نا دیموکراسییە.

ئەم بارودۆخە گەندەڵ و نادیموکراسییە، هۆیەکی سەرەکییە بۆ بەردەوامبوونی رەوت و بزاوتی ئیسلامی، بەم ریتم و شێواز و جیهانبینی ئێستایانەوە و، چەقبەستنیان لە قالب و نەریتێکی تاقی نەکراو و نە توانینی دەربازبوونی لە ئایدیۆلۆژیای دەمارگیرییەوە بەرەو جیهانبینی (رحمة للعالمین). چونکە لە لایەک ئەمە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم رەوتە ئیسلامیانە دەرفەتەی ئەوەیان نەبووە بیرو بۆچوون و ئایدیا کانی خۆیان تاقی بکەنەوە و، لە سەر ئەرزی واقیع ببینن چ کاریگەری و جێکەوتەیان هەیە و، چۆن خەڵک پێشوازیان لێ دەکات. هەر وەکو زانراویشە، بیردۆزەکان تا تاقی نەکرێنەوە خرابی وباشییان بە



**ئیسلام خراوەتە ناو ململانێی سیاسی، بۆتە بەرەیەك لە بەرامبەر بەرەیەکی تر، کە ئەمە وا دەکات خودی ئیسلام لە لای حیزبە دەسەڵاتدارەکان و، جەماوەریان، بە چاوی نەیار و دوژمن سەیر بکرێت.**

دیار نا کەوێت و، حوکمدان لەسەریان ئاسان نییە. بۆیە باشترین چارەسەر و تاقیکردنەوە ئەوەیە کە بیردۆزەکان لە ئەرزی واقیع تاقی بکرێنەوە. بەڵام بە بوونی ئەو هەموو رژێمە نا دیموکراسی و دیکتاتۆرەوە ئەمە فەراهەم نەبوو و، دۆخەکە لە چەقبەستویەکی بەردەوام دەناڵێنێت.

٢- دەسەڵاتی گەندەڵ و نادیموکراسی، لایەکی کێشەکەیە.، لایەکەی تر، پەیوەستە بەوەی کە دەبێ ئایینی ئیسلام و، بانگەوازی ئیسلام، لە ژێر هەژموون و ئاراستە کردن و بە کارهێنانی سیاسی دەربهێنرێت، ئایین و بانگەواز لە چنگ و دەسەڵاتی سیاسەت ئازاد بکرێت، ئیسلام مۆڵکی هەموو کۆمەڵگە بێت، نەک تاخمێکی تایبەت، بە هەر ناو و نیشانێک.

چونکە ئەگەر کایەی سیاسەت و ململانێ لە سەر دەسەڵات، مەیدانێکی کراوە بێت بۆ هەر کەس و حیزب و گروپێک کە بیەوێت بەشداری بکات و بچێتە ناو رێسا و بازنەی ئەو ململانێیە و، قۆرخکاری دەسەڵات نەمێنێت و.. ئەو کاتە کە کایەی سیاسەت ئازاد بوو لە قۆرخکاری و دکتاتۆریەت و داپلۆسین و، بۆتە مەیدانێکی کراوە و ئازاد بۆ خزمەتکردنی خەڵک و وڵات. لەو کاتەدا ئایین و بانگەوازیش ئازاد دەبێت لە تێوەگلان لە ناو ململانێکانی دەسەڵات و، دەبێتە ئەو زەمینەیە کە هەمووان بە یەکسانی و تەبایی لەسەری بوەستن(٦).

٣- لەو کاتەدا کە ئایین و بانگەواز دووركەوتن لە ململانێی دەسەڵات و، هەموو گرۆپ و حیزب و رەوتێک کە کاری سیاسی دەکەن و ململانێی دەسەڵات دەکەن، بە بێ قۆرخکاری وبە ئازادی کاری خۆیان ئەنجام دا، ئیتر لەو کاتەدا ئایین نابێتە بەردەستی گروپ و لایەنێک و، دژی گرۆپ و لایەنێکی تر، بەڵکو هەمووان لە خزمەتی ئایین دەبن و، ئایینیش هەمووان لە باوەش دەگرێت. خوای موتەعال نەیویستووە و نایەوێت ئایین داردەستی تایفە و دەسەڵاتێک بێت و بەکاربیبهێت بۆ مەرامەکانی خۆی و، نایەوێت ئایین لە ئامانج و مەبەستەکانی لابدات و، لە جیاتی ئەوەی رەحمەت بێت بۆ مرۆڤایەتی، ببێتە زەحمەت بۆ ژیان و گوزەرانیان. بۆیە ئایین هەمیشە لەبەرەی خەڵکە، نەک دەسەڵات، بەڵام ئەمە لە مێژوودا وا نەبووە، چونکە هەمیشە دەسەڵاتداران هەوڵیان داوە سوود لە ئایین وەربگرن بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆیان و، پیاوەکانی ئایین بۆنەتە هاوکار و دارعەسایان.. ئەم پەیوەندییە نا سروشتی و نا تەندروستە، تەنها کاتێک رێکدەبێت کە دەسەڵات و دەسەڵاتداران نەتوانن، یان رێیان پێ نەدرێت، یان پێویستیان بەوە نەبێت کە ئایین بەکاربێنن بۆ پتەوکردنی پێگەیان و جێبەجێکردنی مەرامەکانیان! ئەمەش تەنها لە ژێر سیستەمێکی دیموکراسی دادپەروەر دێتە کایەوە، کە ئەم پەیوەندییە بە شێوەیەک رێکخات هەر دوو کایەی سیاسەت و ئایین ئازادی خۆیان وەربگرن و، بە جودا و سەربەستی کاری خۆیان بکەن.

٤- ئەم دوو رووەی ئاماژەمان پێدا: رزگارکردنی کایەی سیاسەت لە داوی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و، رێگە گرتن لەوەی بتوانێت ئایین بۆ مەرامەکانی خۆی بە کاربهێنرێت و.. رزگارکردنی ئایین لەوەی

ببێته دارده‌ست وپاڵپشتی سیاسه‌ت و ده‌سه‌ڵاتداران ئه‌م دوو رووه‌ یه‌كتری ته‌واو ده‌كه‌ن و، ده‌بێت ئه‌و زه‌مینه‌یه‌ خۆش بكرێت كه‌ په‌یوندیی نێوان ئه‌م كایه‌ ڕێكبخرێت به‌ شێوه‌یه‌كی ته‌ندروست.. ئه‌گینا – وه‌كو وتمان – سیاسه‌ت هه‌میشه‌ و به‌ درێژایی مێژوو هه‌وڵی داوه‌ و ده‌دات كه‌ ئایین (استغلال) بكات بۆ مه‌رامه‌كانی خۆی، مه‌گه‌ر له‌ كاتێكا و له‌ ژێر سیسته‌مێكا كه‌ نه‌توانێت یان پێویستی پێی نه‌بێت..

٥- هه‌میشه‌ ئایین له‌و جۆره‌ په‌یوه‌ندییه‌ له‌ گه‌ڵ سیاسه‌ت و ده‌سه‌ڵات زه‌ره‌مه‌ندی یه‌كه‌م بووه‌، چونكه‌ له‌ ئامانج و مه‌به‌سته‌كانی لا ده‌درا و، له‌ جیاتی ئه‌وه‌ی مه‌ردوم برا و ته‌با بن و، خودایه‌كی به‌ ره‌حم و به‌زه‌یی بپه‌رستن، ده‌بینین كه‌ ده‌سه‌ڵاتداران ئایینیان كردووه‌ به‌ ئاڵا و درۆشم بۆ ملهوڕی و تاوانه‌كانیان و، به‌ ناوی ئه‌وه‌وه‌ زه‌وییان كردووه‌ گۆمی خوێن وهه‌ر چی خراپه‌ و گه‌نده‌ڵیه‌ ئه‌نجامی ده‌ده‌ن..

٦- بزاڤ و پارته‌ ئیسلامیه‌كان پێویسته‌ له‌سه‌ریان له‌ نێوان یه‌كێک له‌م دوو هه‌ڵبژارده‌ خۆیان یه‌كلایی بكه‌نه‌وه‌:

یان ببنه‌ بزاڤی كۆمه‌ڵایه‌تی و، گرنگی به‌ كاروباری ئایین و بانگه‌واز بده‌ن، به‌ بێ تێوه‌گلان له‌ ناو ململانێی سیاسی و، ئازادی بده‌نه‌ هه‌وادار و جه‌ماوه‌ری خۆیان بۆ به‌شداری سیاسی.. به‌وه‌ش ده‌بنه‌ بزاڤی ئه‌نتی ئایدیۆلۆژی، كه‌ باوه‌ش بۆ هه‌موو خه‌ڵكی ده‌كاته‌وه‌، به‌ هه‌موو ره‌نگ و ئایدیا و بیرباوه‌رێكی سیاسییه‌وه‌، بۆ خزمه‌تی ئامانجه‌كانی دین له‌ هیدایه‌ت كردن و رینمونه‌یی كردنی مرۆڤه‌كان.

یانیش به‌ ته‌واوه‌تی ببنه‌ بزاڤێكی سیاسی و ده‌ست به‌رده‌ن له‌ كایه‌ی ئایین و بانگه‌واز بۆ خه‌ڵكانێک كه‌ به‌و ئه‌ركه‌ هه‌ڵده‌ستن؛ له‌ پیاوچاک و بانگخواز و زانا و ...هتد.

ئه‌م پۆلین كردنه‌وه‌ش له‌ رووی ئه‌وه‌ نییه‌ كه‌ بڵێین دین و دونیا، یان ئایین و سیاسه‌ت، له‌ یه‌ک جودان و، به‌ هیچ شێوه‌یه‌ک ناگه‌نه‌ یه‌ک، به‌ڵكو له‌ رووی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ پێویستیه‌كی سه‌رده‌مه‌ و، له‌ رووی پسپۆری ئه‌ركه‌كانه‌. كه‌ ده‌بێ په‌یوه‌ندی نێوانیان به‌و شێوه‌یه‌ ڕێكبخرێت كه‌ ئایین تێدا ئازاد بێت و نه‌كه‌وێته‌ باری قۆرخكردن یان (استغلال) كردن.

٧_ كاركردن به‌م دوو ئاراسته‌یه‌: ئازادكردنی ئایین له‌ سیاسه‌ت و، هه‌روه‌ها ئازادكردنی سیاسه‌ت له‌ تاكڕه‌وی و دیكتاتۆریه‌ت و لابردنی په‌رده‌ی پیرۆزی له‌ كار و كاره‌كته‌ره‌كانی. ئه‌مه‌ تاكه‌ رێگه‌یه‌ له‌ به‌رده‌م كۆمه‌ڵگا موسڵمانه‌كان بۆ ده‌رچوون له‌ زلكاوی دواكه‌وتوویی و پاشكۆیه‌تی شارستانیه‌تی كه‌ تێیكه‌وتوون..

ئه‌گه‌ر رۆڵی بزاڤ و پارته‌ ئیسلامییه‌كان له‌م هاوكێشه‌یه‌دا روون و دیار بێت، ئه‌وا رۆڵ و ئه‌ركی به‌رامبه‌ر، كه‌ رۆڵ و ئه‌ركی ده‌سه‌ڵاته‌، به‌و چه‌شنه‌ دیار و روون نییه‌، ئاسانیش نییه‌ بۆ جێبه‌جێكردن، چونكه‌ پاڵپشتیكراوه‌ به‌ كلتوور و مێژوویه‌كی دوور و قووڵ له‌ تاكڕه‌وی و ده‌وڵه‌تی سته‌مگه‌را، سه‌ره‌ڕای پاڵپشتی و هاوكاریكردنی رۆژئاوا بۆ ئه‌م جۆره‌ سیسته‌م ورژێمانه‌، چونكه‌ خواستی ئه‌وان دێنێته‌ دی له‌ وابه‌سته‌ بوونی ئه‌و وڵاتانه‌ وپاشكۆبوونیان و به‌رده‌وامی دواكه‌وتنیان.

به‌ڵام ده‌ستپێشخه‌ری هه‌ر ده‌بێت له‌ لایه‌ن بزاڤ و پارته‌ ئیسلامیه‌كانه‌وه‌ بێت، چونكه‌ ئه‌وان رابه‌ر وسه‌رمه‌شق و سه‌رقافڵه‌ی میلله‌تی خۆیانن، ئه‌وان خه‌مخۆر و رژدن له‌سه‌ر پێشكه‌وتنی وڵاته‌كانیان. بۆیه‌ ره‌وتی ئیسلامی ده‌بێ ده‌ستپێشخه‌ر بێت بۆ پێشكه‌شكردنی چاره‌سه‌ر و رێگه‌چاره‌ به‌ شێوه‌یه‌ک كه‌ به‌رژه‌وه‌ندی كۆمه‌ڵگه‌كانیان بێته‌ دی.

ئه‌گه‌ر رێڕه‌وی مێژوو یاریده‌ده‌ر و چه‌سپێنه‌ری ئه‌م بزاڤ و ره‌وتانه‌ بێت، له‌ قۆناغێكی مێژوویی دیاریی كراودا، به‌م شێواز و ئایدیای ئێستایان. به‌ڵام ئه‌ركی مێژوویی و شارستانی ئه‌مڕۆیان

ئەوەیان لێ دەخوازێت کە موراجەعەی ئەو مێژوو و کاروانە بکەن و، بزانن قازانج و زەرەر چییە و لە کوێیە و، پەیوەندی نێوان کاری ئایینی و کاری سیاسی ڕێکبخەن و، بەرەو خزمەتی گەل و وڵات و پاراستنی شکۆی مرۆڤ هەنگاو بنێن، نەک بەوەی واز لە سیاسەت بێنن، بەڵکو بەوەی بە پێی پسپۆری کار بدرێ بە خاوەنەکەی و، بوارەکان لە یەکتری جودا بکرێن، بێ ئەوەی قۆرخکاری هەبێت لە لایەنێک، یان ئیستغلالکردنی لە لایەنێکی تر.

جیهانی ئیسلامی تا ئەم کێشەیە لە بوونی پەرتەوازەیی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی چارەسەر نەکات، کە هەندێک بۆ ئایین و بە ناوی ئەوەوە کار دەکەن و، هەندێکی تر بۆ دونیا کار بکەن و. تا پەیوەندی نێوان ئەم دوو کایەوە هاوسەنگ نەکات. پاشکۆیەتی و دواکەوتووتی شارستانی هەر بەردەوام دەبێت.

### چەند مەسەلەیەکی پەیوەست:

• ئێمە وتمان کە سیاسەت کارێکی دونیەوی و مرۆیی و گۆڕاوە، بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە تەنانەت کاری بانگەوازیش بە هەمان شێوە کارێکی مرۆیی و گۆڕاو و دونیەوییە.. واتە: خودی کاری بانگەواز کاری مرۆڤە و ئەگەری هەڵە و لاری و خرابەی هەیە، کە واتە خودی کاری بانگەواز هیچ پیرۆزییەکی نییە، بەڵام ئەوە (ئەرکی بانگەواز)ە کە پیرۆزە و، پێویستە، بە حوکمی ئەوەی کە لە لایەن خوداوە پیرۆز و پێویست کراوە.. ئەمەش دوو شتی لە یەک جودان.

• بانگەواز – وەکو پێشتر باسمان کرد – یەک شێوە و ئاراستە و جۆر نییە و، هەر کارێکی مرۆیی کە هیدایەت و ڕێنمونی خەڵکی بەرەو چاکە و نزیکیان لە خوا لێ بکەوێتەوە، دەکرێ لە چوارچێوەی بانگەواز ئەژمار بکرێت تەنانەت کاری سیاسیش.

• سیاسەت و ئایین، بانگەواز و کاری سیاسی، لە ڕووی ئەرک و مەیدان و شێوازی کار، لە یەک جودا و جیاوازن. ئەگینا خودی ئایین وسیاسەت ڕووی یەک دراون – وەکو باسمان کرد – و، ئایین بۆ ئەوە هاتووە تا مرۆڤ ساز و چاک بکات، ئیتر ئەو مرۆڤە هەر چییەک بێت و، هەر کارێکی هەبێت و، ئەگەر خاوەن دەسەڵات و جڵەو بە دەست بێت ئەوە ئەرکی – لە ڕووی ئایینەوە – قورستر دەبێت نەک سوکتر. کە واتە کەسی سیاسی نەک بەخشراو نییە لە ئیلتزام و ئەرک و کاری ئایینی، بەڵکو دەبێت پێش و زیاتر لە خەڵکی تر بێت، چونکە وەکو پێشەوایە بۆ ئەوان.

• کە واتە کەسی سیاسی دەبێ خاوەن دین و ئەخلاق بێت، بەڵکو لەم ڕووەوە ئەرکی زیاترە لە خەڵکی ئاسایی. بەڵام ئەوە مەیدانی کارەکەیەتی کە جودا و جیاوازە لە ئەرک و مەیدانی بانگەواز (بە مانا تایبەتەکەی).

• کاری سیاسی کارێکی مرۆیی و پیرۆز نییە، هەر کارێک کە سیاسی و خاوەن دەسەڵات ئەنجامی دەدات دەبێت بە ناوی خۆی ئەنجامی بدات، نەک بە ناوی خوا و، خۆی لێی بەرپرسیارە نەک خوا و ئیسلام. لەم ڕووەوە دەبێ ئایین لە سیاسەت جودا و جیاواز بێت.

•کە واتە کە باسی جیاوازی و لێکجوداکردنەوەی ئایین وسیاسەت دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە کە کاری سیاسی و، مومارەسەی سیاسیەکان، کارانێکی مرۆیین و، هیچ پیرۆزییەکیان نییە، خاوەنەکانیان خۆیان لێیان بەرپرسیارن و، نابێت بدرێنەوە پاڵ ئایین و ئیسلام. ئەمەش ئەو تێگەیشتنەیە کە پیامبەر موحەممەد (درودی خوای لەسەر) بە موسڵمانانی وتوە و، پێیانی ڕاسپاردووە(٧).

• مەسەلەی بانگەواز وسیاسەت، مەسەلەیەکی جیاوازترە و، هەر دووکیان کارانێکی مرۆیین و ئەوانەی پێیان هەڵدەستن لێیان بەرپرسیارن، بەڵام لە ڕووی ئەرک و مەیدانی کار جیاوازییان هەیە و، هەر یەکێکیان ئالیات و مەیدانی کاری خۆی

هەیە و، نابێت تێکەڵی یەکتر بکرێن، چونکە هەمیشە سیاسەت زاڵ دەبێت و ئاراستەی بانگەواز دەکات و، بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران بە کاری دەهێنن..

• کە واتە بە ئەنجامگیریەکی کۆتایی دەگەینە ئەوەی کە:

ئایین و سیاسەت، لەو رووە کە ئیسلام ئاینێکی گشتگیرە و، هەموو کردەوەکانی مرۆڤ دەبێت بۆ خوا بن و، بە مەبەستی رەزامەندی ئەو بن، پەیوەندییەکی قوڵی هەیە لە گەڵ هەموو کار و کردەوە و ژیانی مرۆڤ، تەنانەت کاری سیاسیش.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر: کاری سیاسی پیرۆز نییە و، کاری دونیەوییە و، لە گۆڕاوەکانە و، نابێت هیچ پیرۆزییەک بدرێتە پاڵی و، ئایین لێی بەرپرسیار نییە و، نابێت بە ناوی خوا و ئایینەوە ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەبێت بە ناوی خاوەنەکانیانەوە ئەنجام و مومارەسە بکرێت. لەم رووەوە سیاسەت جیاوازە لە ئایین و، پەیوەندی پێوە نییە و، کارێکی پیرۆز نییە.

ئەم جودا کردنەوەش داهێنانێکی ئیسلامییە، نەک زادەی بیری مۆدرینە و رۆژئاوا بێت و، مێژووی موسڵمانان شاهیدی ئەو راستیەیە، کە دەسەڵات و دەسەڵاتداران بەرگی پیرۆزییان لەبەردا نەکراوە و، بە ناوی خۆا و ئایینەوە حوکمیان نەکردووە، بەڵکو بە ناوی خۆیان حوکمیان کردووە و، خۆیان – نەک خوا، یان ئیسلام – بەرپرسیار بوون لە دەسەڵات و کردەوەکانی خۆیان. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت کە موسڵمانان، بە دەر نەبوون – بە حوکمی مرۆیی بوون – لە کەوتنە ژێر کاریگەری جەبری زەمانە و کلتور و فەرهەنگی دەوروبەریان. بۆیە لە مێژووی موسڵمانان ئەوەش دەبینین کە هەوڵی پیرۆز دارنین و خۆ بە پیرۆزکردن هەبووە لە لایەن دەسەڵاتداران و جڵەو بەدەستان(٨) و، هەر ئەمەشە کە باڵی کێشاوە بەسەر فیکر و کرداری موسڵمانان و بۆتە گرفت و کێشەیەکی سەرەکی لەم سەردەمەدا..

## پەراوێزەکان:

١- مەبەست لە بانگەواز لێرەدا مانا فراوانەکەیە، کە هەر کار و کردەوەیەک موسڵمان ئەنجامی بدات و، نییەتی بۆ خوا بێت (تەنانەت ئەگەر کارێکی زۆر دووریش بێت لە بانگەواز بە مانا (اصطلاحیە)کەی، وەکو کاری پزیشکی، یان وەرزشی، یان... هتد) .. ئەمەش مرۆڤی موسڵمان لەو گرێیە رزگاری دەکات کە وا بزانێ تەنها هەندێ کاروکردەوەی تایبەت بە بانگەواز بە مانا تایبەتەکەی رزگاری دەکەن و بە کەڵکی دین بۆ قیامەتی و، هەموو کارەکانی تر بە دونیەوی و بێ ئەرزش لە قەلەم بدات و، لەم رووەوە تووشی جۆرێک لە (رەهبانیەت) و دوورە پەرێزی لە دونیا ببێت.. کە ئەمە یەکێکە لە هەرە گرێ کوێرە گەورەکانی دونیای ئیسلامە، کە بۆتە هۆی ئەوەی تووشی دواکەوتووی و پاشکەوتووی ببێت.

٢- مەبەستمان لێرە ئەوە نییە کە سیاسەت بەرگێکی ئایینی لەبەر کەین.. بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە مانای بانگەواز فروان بکەین، بە جۆرێک هەموو کایەکانی ژیان بگرێت، نەک بۆ ئەوەی بە رووپۆشی ئایینیان ببۆشین، بەڵکو بۆ ئەوەی بڵێین کە دەکرێ مرۆڤی موسڵمان هەر کارێک ئەنجام بدات، تەنانەت کاری دونیەویش – وەکو کاری سیاسی بۆ نمونە – و بتوانێت لەو رێگەیەوە خوا لە خۆی رازی بکات و پاداشتی لەسەر کارەکەی وەربگرێت لە رۆژی دوایی.. کە واتە مەرج نیە کاری ئایینی ، یان کاری بانگەواز – بە مانا تایبەتەکەی- ئەنجام بدەی بۆ ئەوەی لە لای خوا پەسەند بێت یان بە (عمل صالح) ئەژمار بکرێت.

٣- راستە رەوت و بزاڤە ئیسلامیەکان دەڵێن ئێمە بەشێکین لە کۆمەڵی موسڵمانان و کەسیان بانگەشەی ئەوە ناکەن کە خۆیان نوێنەر و بەرجەستەکەری ئیسلام بن.. بەڵام لە ئەدەبیات و ئاراستەی پەروەردەکردنی ئەندامانیان ئەم جۆرە بیرکردنەوە بوونی هەیە و، خۆیان بە نا ئاگا وەکو جێگەرەوە و نوێنەری ئیسلام دەخەنە روو.


٤- پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا لە رۆژگاری ئەمرۆدا و دوای سەدەیەک زیاتر لە نەمانی خەلافەتی عوسمانی و، دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و هاوچەرخ، هێشتا ئەو زەمینە و بارودۆخە گونجاوە ماوە، بۆ کارکردن و بوونی ئەو رەوت و کۆمەڵ و حیزبانە، کە وەکو بەرپەرچدانەوەیەکی سرۆشتی لە دایکبوون دژی ئەو بارودۆخە و بە مەبەستی راستکردنەوەی دروستبوون؟! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لە فەلسەفە و سیاقی مێژوویی دروستبوونی ئەم رەوت و حیزبانە بکرێت؟.. ئەگەر فەتوا گۆڕانکاری بە سەردا بێت بە پێی گۆڕانی کات و شوێن، ئەی ئەمە بۆ کار و ستراتیژ و رۆیای ئەو حیزب و رەوتە ئیسلامیانە راست نیە و بە سەریان دا جێبەجێ نابێت؟!

٥- ئێمە لێرەدا ئەم دوو بەرەکیی و ناکۆکییە قووڵەی لە جەستەی ئومەتی ئیسلامدا، بە حاڵەتێکی نەگەتیڤ و هۆی دواکەوتن و وپاشکۆبوونی دەزانین، بەڵام نەک بە مانای ئەوەی کە بزاڤە ئیسلامیەکان هۆکار و دروستکەری ئەم حاڵەتە بن، بەڵام بێ گومان ئەوان بەشێکن و هۆکارێکن بۆ بەردەوامی و قووڵبوونەوەی ئەم حاڵەتە، بێگومان کە سیستەمی حوکمڕانی و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە هۆکاری سەرکیی و بناغەیین بۆ هەموو دواکەوتن و پاشکۆبوون و بێ متمانەیی و ناکۆکییەک، بەڵام باسەکەمان فۆکس دەخاتە سەر پشکی بزاڤ و ئەحزابە ئیسلامیەکان لەم کێشەیەدا.

٦- هەڵبەت ئەمە گریمانەیەکی تیورییە و لەسەر ئەرزی واقیع ئەم دەسەڵاتە گەندەڵانەی جیهانی ئیسلامی ئامادە نین رێگە بگرن لە قۆرخکردنی دەسەڵات وهەژموونی خۆیان لەسەر هەموو کایەکانی ژیان وبە تایبەت ئایین هەڵگرن.. بەڵام ئەمە ئەم گریمانەیە پۆچەڵ ناکاتەوە، چونکە کاتێک ئایین ئازاد دەبێت و، لە ژێر هەژموون و ئاراستەکردن و بەکارهێنانی دەسەڵات رزگاری دەبێت، کە خودی دەسەڵات ئازاد بێت و، ترسی لە جەماوەر نەبێت و بە شێوەیەکی دیموکراسی هاتبێتە سەر کورسی دەسەڵات و پەنا نەبات بۆ شێوازی نا مەشروع بۆ مانەوەی خۆی.. ئیتر لەم رووەوە خەبات و هەوڵدان بۆ ژیانێکی سیاسی دیموکراسی و بێگەرد، خەبات و هەوڵدانە بۆ رزگارکردنی ئایین لە دەست تێوەردانی دەسەڵات، بۆ ئەوەی بە کاری سەرەکی و راستیی خۆی هەڵسێ لە رێنمونی کردن و پاکردنەوەی رۆح و ئاکار و هەڵسوکەوتی ئادەمیزاد و فەراهەمکردنی ژیانێکی ئارام و ئاسوودە بۆیان لەم دونیایە، وەکو دەروازە و رێخۆشکەرێک بۆ ژیانی نەبڕاوەی ئەو دونیایە.

٧- **كان النَّبيُّ إذا بعَث جيشًا أو سَريَّةً دعا صاحبَهم فأمَره بتقوى اللهِ وبمَنْ معه مِن المُسلِمينَ خيرًا ثمَّ قال اغْزُوا بسمِ اللهِ وفي سبيلِ اللهِ قاتِلوا مَن كفَر باللهِ لا تغُلُّوا ولا تغدِروا ولا تُمثِّلوا ولا تقتُلوا وليدًا ولا شيخًا كبيرًا وإذا أتَيْتُم أهلَ حِصنٍ أو قريةٍ فلا تُعطوهم ذمَّةَ اللهِ وذمَّةَ رسولِه ولكنْ أعطُوهم ذِمَمَكم وذِمَمَ آبائِكم فإنَّكم أنْ تُخفِرُوا ذمَّتَكم وذمَّةَ آبائِكم خيرٌ لكم مِن أنْ تُخفِروا ذمَّةَ اللهِ وذمَّةَ رسولِه وإذا حاصَرْتُم أهلَ حصنٍ أو قريةٍ فلا تُنزِلوهم على حُكمِ اللهِ عزَّ وجلَّ وحُكمِ رسولِه فإنَّكم لا تدرونَ أتُصيبونَ فيهم حُكمَ اللهِ أم لا ولكنْ أنزِلوهم على حُكمِكم. الراوي : بريدة □ المحدث : الطبراني المصدر : المعجم الأوسط.. ورواه الإمام مسلم في صحيحه بألفاظ أخرى (رقم الحديث: ١٧٣١).**

٨- بیریاری هاوچەرخی ئیسلامی (د. محمد عمارە)، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (المعنزله وأصول الحکم) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رەگو ریشەی ئەم تێکلاوکردنەوەی نێوان کاری سیاسی و پیرۆزی ئایینی لە فیکری (شیعه)وە گوزەری کردووە بۆ فیکری ئەهلی سوننە، چونکە لە گەڵیان لە ناکۆکی و ململانێدا بوون و، بەم هۆیەوە گوێزراوەتەوە بۆیان.. بڕوانە: المعتزلة وأصول الحکم، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، ط١، ١٩٧٧، لا ٢٣٠ بە دواوە.



# سەعیدی نوورسی
# و
# بیرۆکەی مێژوو

ژینۆ عوسمان ئەحمەد

(مێژوو) ئەو بابەتەیە کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هزری مرۆڤەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، تەواوی کۆمەڵو نەتەوە جیاوازەکان دیدو تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان بۆ هەبووە. بۆیە نامۆ نییە خۆمان لەبەردەم چەندەها پێناسەو ڕاڤەی جیاوازی ئەو چەمکەدا ببینینەوە. ئەوەی زیاتر لە پانتایی ڕۆشنبیریو مەعریفی ئێمەدا خراوەتەڕوو زیاتر هزرو فەلسەفەی بیرمەندو فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکانە، ئەمەش دیارە بەشێکی پەیوەندی بە هەستپێکردنی گرنگی (مێژوو)ەوە هەبووە، لەلایەن مرۆڤەکانی نێو ئەو جیهانەوە.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤەکانی دەرەوەی ئەو جوگرافییایە هەستییان بە گرنگی ئەم بابەتە نەکردووە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە پێویستی زانی کەسێکی دەرەوەی ژیاری ڕۆژئاوا بکاتە بابەتی توێژینەوەکەیو بە تێڕوانینێکی جیاواز و قوڵ دەربارەی (مێژوو) بەشداریی لە پێشخستنی توێژینەوەی زانستیدا بکات.

(نوورسی)ش وەک عەقڵێکی گەورەی نێو ژیاری ئیسلامی زۆر خوێندنەوەی بۆ مێژوو و ژیاری ڕۆژئاوا و ژیاری ئیسلامی کردووە، وەک فەیلەسوفێک قسەی لەسەر (چەمک، قۆناغ، ئاڕاستە، پەیوەندی، داهاتوو،...تاد) ی مێژوو ژیارەکان کردووە و (بەهێزی)و (لاوازی) بیانی دیاریکردووە. بەڵام تا ئێستا لە ئەدەبیاتی کوردیدا وەک پێویست قسە لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە گرنگیزانی کە ناوەرۆکەکەی بۆ (مێژوو) لە جیهانبینی (نوورسی)دا تەرخان بکات.

ئەمەجگە لەوەی لە ئەدەبیاتی کوردیدا بابەتێکی سەربەخۆ لەسەر لێکدانەوە و تێڕوانینەکانی (نوورسی) بۆ مێژوو بەشێوەیەکی گشتی نەنووسراوە، بۆیە پێویستییەک بوو بۆ ناساندن و فەرامۆش نەکردنی وەک کەسێکی دیارو خاوەن تێڕوانینی قووڵ بۆ پرسە جۆراوجۆرەکانی بوون و ژیان و مرۆڤ.

## چەمکی مێژوو

بۆئەوەی بە تێڕوانینەکانی (نوورسی) بەرامبەر بە مێژوو ئاشنا بین، ئەوا دەبێت گەشتێکی دوور و درێژ بە نێو تەواوی پەیام و نووسراوەکانیدا بکەین، چونکە پەیامێکی تایبەتی دەربارەی مێژوو نییە، بەڵام لە زۆر شوێنی پەیامەکانیدا و لە بەرهەمە جیاوازەکانییدا ئاماژەی بە (واتا) و (سرووشت) و (مەبەست) و...تاد. مێژوو کردووە. بیرۆکەی (مەبەستی مێژوو) یاخوود (واتای مێژوو) کە ڕیشەکانی لە جەوهەری ئیسلام وەرگرتووە و پەیوەندی جیهان بە دوا ڕۆژەوە کە لێوەی (واتای بوون) بەرهەم هاتووە، ئەو سەربەن (منطلق) انەن کە تێڕوانینی (نوورسی)ان بۆ مێژوو پێکهێناوە. لە تێڕوانینی (نوورسی)دا مرۆڤ ڕەگەزێکی سەرەکی درووستبوونی مێژووە، هەر چەندە مرۆڤ بەدیهاتوویەکی فانییە بەڵام بۆ مانەوە بەدیهێنراوە، کە بەدیهێنەر وەک ئاوێنەیەکی درەوشاوەی باقی خۆی بەدیهێناوە و چەند ئەرکێکی تری خستۆتە سەر شانی و بە جوانترین شێوە ئافرێندراوە، کە کردوویەتی بە خولگەی نەخش و نیگاری درەوشانەوەی ناوەکانی خودا(١).

خودا ئەم گەردوونەی بە بێ هۆ دروست نەکردووە و، مرۆڤیش بەرهەم و چەقی گەردوونە، هەر بۆیە ژیانی مرۆڤ تاقی کردنەوەیە و دوای مردنی پاداشتی چاکەو خراپەی وەردەگرێتەوە، دوارۆژیش کە ژیانێکی هەتا هەتایی یە واتایەک بۆ مێژوو زیاد دەکات. بۆیە مێژوو بە بێ ئامانج دووبارە نابێتەوە، ئەم مێژووەش دەستپێکردنی لەو کاتەدایە کە خوای گەورە مرۆڤی درووست کرد. واتە بەدیهێنانی مرۆڤ خاڵی دەسپێکردنی مێژووە، لەبەرئەوە (نوورسی) پێی وابوو مێژوو لایەنێکی ئەرێنییە لە بەدەست هێنانی ئازادی و دادپەروەری مرۆڤایەتی ئەویش بە جێبەجێکردنی شەریعەت، هەر بۆیە مێژوو بە ڕێڕەوێکی ڕاستدا ناڕوات بەڵکو ململانەیەکی بەردەوامە لە نێوان حەق

و ناحەق، ئیمان و کوفر، دادپەروەری و ستەم(٢)

لە سەربەنی جیهانبینی ئیسلامییەوە، (نوورسی) (ئیمان و کوفر) دەکاتە بنەڕەتی چاکی و خراپی مرۆڤ و لەوێوە دێت و لەو ململانێ دوور و درێژە مێژوویەی نیوان ئەو دوو جیهانە دەکۆڵێتەوە و لەوێوە لێکدانەوەکانی خۆی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی و مێژووی ئیسلام بە تایبەتی دەخاتەڕوو. بۆیە لە هزری (نوورسی)دا ئەمانە کۆمەڵە چەمکێکی گرێدراون کە یەکتر تەواو دەکەن. هاوکات جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئیمان هۆکاری چاکەخوازی مرۆڤەکانە لە ژیاندا، چونکە ئیمان وا لە مرۆڤ دەکات بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت هەمیشە لە پێشبڕکێکردندا بێت بۆ ئەنجامدانی کاری باش. لەبەرانبەریشەوە مرۆڤی بێباوەڕ پێیوایە مردن لە دونیادا کۆتایی هەموو شتەکانە! ئەم باوەڕە وا لە مرۆڤ دەکات کە بەهەر شێوەیەک و هەر ڕێگەیەک بووبێت پێش مردنی هەوڵ بدات پێداویستییەکانی تێر بکات.

ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی بێئومێد و خۆپەرست و هەندێجاریش شەڕخواز، کە خراپەکاری دەبێتە بنەمای مامەڵەی ئەو لەگەڵ دەوەوبەرو کۆمەڵگەکەیدا.

(نوورسی) بڕوای وابوو مێژووی مرۆڤایەتی هەر لە سەردەمی ئادەمەوە تا ئێستا، دوو زنجیرە دەگرێتەخۆ کە بە درێژای کات و سەردەمەکان بەردەوام دێن و دەڕۆن ئەویش (زنجیرەی پێغەمبەرایەتی و ئایینی) دواتر(زنجیرەی فەلسەفە و حیکمەت)ە، واتا هەموو ئەو زانستانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە ئایینەوە نەبووە. بۆیە پێیوابوو هەر کاتێک ئەم دوو زنجیرەییە یەکیان گرتبێت ئەوە مرۆڤایەتی ژیانێکی ئاسودە و شادوومانی بەسەر بردووە. هەر کاتێکیش کەلێن کەوتبێتە نێوانیانەوە جیابوونەتەوە و هەر نوور و چاکییەک هەبوبێت لە ناوی بردووە و بۆتە هۆکاری شەڕ و گومڕاکانیش لە دەووری زنجیرەی فەلسەفەدا کۆبوونەتەوە. چونکە لەسەر بنەمایەک دەڕۆشتن کە دەڵێن (حەق لە هێزدایە) لە کاتێکدا ڕێڕەوی پێغەمبەرایەتی پێچەوانەکەی ڕاست بوو(٣).

لەسەر هەمان پۆلێنکردنەوە (نوورسی) مێژووی مرۆڤایەتی بۆ سێ قۆناغ دابەشکردبوو:

قۆناغی یەکەم: مێژووی پێش ئیسلام. ئەوەی لەم ماوەیەدا هەیە زیاتر هێز و لایەنی هەستە کە دەبووە هۆکاری خراپی مرۆڤەکان و ستەم و زۆرداری و توندڕەوی، بەشێوەیەک نەیان دەتوانی ڕاستییەکان بدۆزنەوە، هەربۆیە ڕابردوو هێمای توندڕەوی و دوورکەوتنەوەیە لە شەریعەت. لە کوێ خراپە و توندڕەویش بینرا ئەوە واتای ڕابردووە. کەواتە قۆناغە مێژوویەکان ئەوەندەی (واتایی)ن، ئەوەندە ژمارە و ساڵ و سەدە نانوێنن.

قۆناغی دووەم: سێ سەدەی سەرەتای ئیسلام دەگرێتەوە لە دوای پەیامبەر. ئەم ماوەییە ماوەی چاکەکارییە و بە پێی فەرموودەکان باشترین قۆناغی مێژووە، دادپەروەری تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی ئەم قۆناغی مێژوو بووە و زۆرترین مرۆڤی چاکساز و حەقبێژ و بیرمەندو ...تاد لەم سەردەمەدا ژییان. هەر کاتێکیش گومانێک دروست ببوایە زۆر بەخێرایی و لەسەر بنەڕەتی عەقڵ و لۆجیک شیدەکرایەوەو دڵنییایی جێگەی دەگرتەوە، بەڵام لە کۆتاییەکانی ئەم سێ سەدەیەدا بەبیانووی جیاواز جیاواز دادپەروەری پاشەکشەی کرد.

قۆناغی سێیەم: هەر چەندە قۆناغێکە کە هێشتا نەهاتووە بەڵام (نوورسی) وەک زانین (معرفە) بینیویەتی و بە چاوەێکی تیژەوە و لەڕێی بیردۆزە عەقڵییەکانەوە بۆ (خواناسین) بەکاری هێناوە، بە بەردەوامیش ئەو ڕاستییانە دووبارە دەکاتەوە وەک بیانوییەکی قەناعەتپێکەر لەنێو نووسراوەکانیدا کە داهاتوو ڕێڕەوێکی سروشتیی نەتەوەییەکی خێرخوازە(٤).

## قەدەر و مێژوو:

(نوورسی) ئاماژەی بەوە داوە کە قەدەر و هەڵبژاردن دوو بەشن دوا سنووری ئیمان و ئیسلام دەستنیشان دەکەن. بەشێوەیەک ئیماندار هەموو شتێک دەداتە دەست خودای گەورە، خودی خۆی و کارەکانی بۆ خودا دەگەڕێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی هەڵبژاردەی هەیە کە ئەویش (بەرپرسیاریەتی)یە(٥)

یەکێک لە دەستووورە بنەڕەتییەکانی پەیامەکانی نووریش بریتی بوو لەوەی هەر ڕووداوێک دەستی مرۆڤ و قەدەری تێدایە، بەڵام مرۆڤ ستەم دەکات چونکە بۆ هۆکارە ڕواڵەتییەکان دەڕوانێت. لە کاتێکدا قەدەر دادگەرە لەوەی هۆکارە پەنهانیەکەی ئەو ڕووداوە (مووسیبەتە) دەبینێت(٦).

لەبەرئەوە (نوورسی) مێژوو و قەدەری پێکەوە وابەستە کردووە بەوەی قەدەری خوای گەورەی لە هەموو شتێکدا بەرجەستە کردووە، بێگومان هەموو ئەمانە بۆ چاکەی مرۆڤایەتی بووە، مرۆڤەکانیش کە ناتوانن لەم نهێنییە خوداییە تێبگەن بۆیە لە هەستەکانیاندا بە شاراوەی دەمێنێتەوە، ئەمەش ئاڕاستەی بزووتنەوەی مێژووە. (نوورسی) پێیوایە ڕووداوە مێژووییەکان لە نێوان دوو لایەندا دەوەستێت، بیردۆزە غەیبییەکان کە کردارە مرۆڤایەتییەکان دەشارێتەوە لە بزووتنەوەی مێژوودا کە وادەکات سەپێنەر بێت و مرۆڤ ملکەچ بکات. دواتر بیردۆزی مادییە کە قەدەری خودا دەشارێتەوە و وا لە مرۆڤ دەکات خۆسەپاندن و تاکڕەوی لە کرداریدا بسەپێت(٧).

گەر مرۆڤ بەشداری لە دروستبوونی ڕووداوەکانی مێژوودا کردبێت، ئەوا بێگومان هێزێکی باڵادەستتر لە مرۆڤ نەخشەکەی کێشاوە. واتا ڕاستە مرۆڤ لە ویست و هەڵبژاردندا ئازادە کە بکەری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانە، بەڵام ئەو ڕووداوەی کە ڕوودەدات لە بووندا هەبوون، دواتر ویستی مرۆڤ لە ڕووداوەکاندا بووەتە هۆی ڕوودانی، کە ئەمەش دروستبوونی ویستە لای مرۆڤ و وایلێدەکات مێژوو دروست بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ویستی مرۆڤ تاک و تەنها ویست نییە کە چۆنی بوێت ڕووداوەکان دروست بکات. هەر بۆیە ئەم ویستە دەبێت لە ڕۆڵی هێزێکی شاراوە لە نەفسدا بۆ ڕۆڵی کار لە واقعدا بگۆڕێت، گەر نا ویستێکی تر دەردەکەوێت کە ئەویش ویستی گەردوونە کە خۆی دەنوێنێت لە دەستوور و یاساکانی، دواتریش بەر هێزێکی گەورەتر دەکەوێت کە ئەویش قەدەرە. هەموو بوونەوەر لە یەک دەستدا کۆدەکاتەوە. قەدەریش لە دوورەوە تاکەکان ئاڕاستە دەکات و دەبێتە دەرخەری هەڵەکان، ویستەکانیان پەک ناخات، بەڵکو ڕێ بە هەندێ ویستیش دەدات (بۆ حیکمەتێکی نادیار کە نازانێت). ئەو ڕووداوەی مرۆڤ لە مێژوودا دروستی دەکات بە مردوی لە دایک دەبێت ئەگەر خودا ڕۆح بە بەریدا نەکات، قەدەریش ڕۆح ناکات بە بەری هیچ ڕووداوێکدا گەر حیکمەتێکی تێدا نەبێت کە لەو کاتەدا نادیارە، لەگەڵ ئەوەشدا لە مەودایەکی دوور و فراواندا خزمەتی ڕۆحی مێژووی مرۆڤایەتی دەکات و، نموونەیەکی دیارە لە بەرزبونەوەی مرۆڤایەتی بەرەو ئاسۆی دادپەروەری و خێر و جوانی. ئەمەش خۆی لەو ڕێسایەدا دەبینێتەوە کە (نوورسی) ئاماژەی پێدەدات کە دەڵێت:» بەڕاستی دەستی مرۆڤ و، دەستی قەدەری خوایی، بەیەکەوە لە هەموو ڕووداوێکدا هەن». ئەم یاسایەش وەک بناغەیەک لە پەیامەکانی نووردا ڕەنگی داوەتەوە و، لە ژێر ڕووناکی ئەم ڕێسایەدا تەماشای بابەتە مێژوویەکان دەکات. (سەلمێندراوە ئەم ڕێسایە لە ڕێگەی ئەزموونە دوبارەکانەوەیە، بۆیە زۆرینەی ئەو ڕووداوانەی بەسەر قوتابییەکاندا هاتووە، هەست بە چاودێری خودایی تێدا کراوە، لەو ڕێگەیەشەوە ڕووی فراوانی میهرەبانی خودای تێدا بەدیکراوە(٨).»

مرۆڤ کە بەشێکی گرنگی گەردوونە بەڵکو بۆخۆی تێکرای ژیانە و مێژووی مرۆڤایەتیش کە وێنای ژیان دەکات وەک شانۆییەکی کردارییە لەسەر ڕووی زەوی و ڕووداوەکانی لە هەر

بارودۆخێکی دانای و بەزەیی بەتاڵ نین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (گەندەڵی) و (خراپەکاری) دوو هۆکاری سەرەکین کە لە بەردەم رێکخستنی مێژوو و جوانییەکانی مرۆڤایەتیدا رێگر دەبن بەڵکو زۆرجاریش دەبنە هۆی بزوێنەری مێژوو(٩).

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بیری (نوورسی) ئەوە بوو بەردەوام لەسەرو واقعەوە دەیڕوانیە ئەوەی کە لەسەر شانۆی ژیان ڕووی دەدا، بەمەش هەوڵی سەلماندنی ئەو ڕاستییەی دەدا کە (ژیان کێڵگەی دوارۆژە) چونکە بەلایەوە مێژوو پانتاییەک بوو، تێیدا مرۆڤەکان ئەوەی دەیچێنن لە دوارۆژدا دەیچننەوە(١٠).

(نوورسی) کاتێک ڕاڤەی مێژووی دەکرد، بەهەمان شێوازی قورئانی پیرۆز لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا جەختی لەسەر ڕووداوە گرنگەکان دەکردەوە، بەشێوەیەک کە تیشکی دەخستە سەر چەند ڕووداوێکی ورد، ئەمەش بۆ پوختەکردنی ئەو پەندە گەورەیەی کە تێیدا شاراوەتەوە و بۆ ئاشکرا کردنی توانای پاک و بێگەردی خودا، بۆیە (نوورس)یش لە بابەتەکانیدا مێژووی بە هەمان شێوازی بابەتەکانی قورئان ئەنووسی، وەک مێژووییەکی زیندوو دەیهێشتەوە(١١).

هاوکات (نوورسی) گرنگییەکی گەورەی بە مێژووی پێغەمبەران داوە، بەتایبەت لەوانەی پێش ئیسلام نێردرابوون، لەو گێڕانەوەیەشدا هەڵوێستەی لەسەر هێڵە پانەکان و وێستگە گرنگەکانی پێغەمبەرایەتیدا کردووە، بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی لە چیرۆکەکانیان دواوە و لە چوونە نێو وردەکاری ژیانی کەسێتییاندا خۆی بەدوور گرتووە!(١٢)

پاشان ڕاستییەکانی قورئانی خستووەتەڕوو کە پێغەمبەران ڕەوانەکراون تا لە پێشکەوتنی مەعنەوییدا ببن بە پێشەوا و پێشەنگ بۆ نەتەوەکانیان، بۆیە قورئان هانی مرۆڤی داوە کە لە ڕووناکی و خووڕەوشتە جوانەکانی پێغەمبەران بەهرەمەندبن. (١٣)

(نوورسی) درکی بەو جیاوازییانەش کردووە کە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر لە نێوان مرۆڤایەتیدا هەبوون، بۆیە ئاماژەی بەو ڕێسایانەش کردووە، کە لە نێوان ئەو سەردەمانەدا پەیڕەو دەکران. بەڵام بەهاتنی کۆتا پێغەمبەر مرۆڤایەتی کامڵ بوو(١٤).

تەنانەت لە ژیانی پێغەمبەرانەوە هەوڵی داوە ئەو یاسایانە ئاشکرا بکات، کە تەحەکوم بە کۆمەڵگا و مێژووی مرۆڤەکانەوە دەکەن. پێغەمبەر محمد (د-خ) کە بۆ مرۆڤایەتی وەک پێشەنگێک نێردرا، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسییدا تاکەکانی ڕاهێنا لەسەر پەیڕەوکردنی یاسا و دەستوورەکانی خوادا، دواتر لەسەر گوێڕایەڵی و دانایی و ویستەکانی خوادا کە (نوورسی) بە ناوی یاسای پیادە کراوی گەردوون گوزارشتی لێدەکرد، بۆیە پێیوابوو دەرچوون لەم یاسایانە شکستە و شەڕی ئوحوودی وەک نموونەی شکستی موسوڵمانان هێناوەتەوە. لە کاتێکدا ئەوانەی پێیان وابوو ئەوە هێزە وا لە بێ بڕواکان دەکات سەربکەون و جۆرە ڕاستی و ڕەسەنایەتیەکیان تێدا بێت، بەڵام (نوورسی) لە وەڵامدا دەڵێت: نەخێر هیچ لاوازییەک لە ئەهلی ڕێنمویکراواندا نییە و هیچ ڕاستییەکیش لای گومڕایان نییە، بەڵام بە داخەوە هەندێک لە کورتبینان تێی ئەکەون بە وەرگەڕان لە دین و شکستهێنانی بیروباوەڕیان کە دەڵێن ئەگەرئەهلی حەق لەسەر ڕاستی بن، ئەوا نەدەتوانرا سەرکەوتن بەسەریاندا بەدەست بهێنرێت و تا ئەم ئاستە زەلیل بن. بەڵام ڕێسای سەرەکی ئەوەیە کە (حەق هەمیشە سەردەکەوێت و هیچ شتێ بە سەریدا زاڵ نابێت).

کە هۆکارەکەی دەگەڕاندەوە بۆ گومڕایان کە بە فرت و فێڵ و پلانەکانیان جگە لەوەی دووبەرەکیان دەخستە نێوان ئەهلی بڕواداران و خاڵە لاوازەکانیان دەقۆستەوە بۆ مەبەستی کەسیی خۆیان، بەمەش سەرکەوتنیان بەدەستدەهینا، بەڵام سەرکەوتنێکی کاتی. بۆیە (نوورسی) مێژووی مرۆڤایەتی دەبەستەوە بە پێوانەی ڕۆژی دواییەوە وەک یەک زنجیرە(١٥).



## پەراوێزەکان:


١. بەدیعوززەمان سەعید نوورسی: سەرجەمی پەیامەکانی نوور.بریسکەکان، (و: فاروق ڕەسووڵ یەحیا)، ب٣، چ١، تاران، مهارت، ٢٠٠٦، ل ٣٤.

٢. محمد بكور: تفسير التاريخ عند النورسي، مجلة حراء، العدد ٤٦، القاهرة، دارالنيل، فبراير ٢٠١٥، ص١٤-١٥.

٣. بەدیعوززەمان سەعیدی (نوورسی)، (من) خودی مرۆڤ و بزوتنەوەی گەردیلەکان لە نێوان فەلسەفە و ئایینداء و:فاروق ڕەسووڵ یەحیا، چ٢، بەیرووت، ناوەندی ئارا، ٢٠١١، ل٢٦و٣٢.

٤. محمد بكور:م.س، ص ١٥.

٥. بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی: سەرجەمی پەیامەکانی نوور. وتەکان، (و:فاروق ڕەسووڵ یەحیا)، ب١، چ١، تاران، مهارت، ٢٠٠٤، ل ٦٧٨.

٦) بەدیعووزەمان سەعیدی (نوورسی)، پاشبەندەکان ، ل ٢٧٨.

٧. محمد بكور:م.س، ص١٦.

٨. اديب ابراهيم الدباغ: حركة التاريخ بين النسبي والمطلق في رسائل النور، موصل، الزهراء، ١٩٨٧، ص٥٢-٥٦

٩. نفس المصدر، ص ٢٧-٢٨.

١٠. عمادالدين خليل: التاريخ و السنن التاريخية في كتابات النورسي، الطبعة الاولى، القاهرة، دارسوزلر، ٢٠١٨ ،ص ٢٢.

١١. احسان قاسم الصالحي: نظرة عامة عن حياة بديع الزمان سعيد النورسي، الطبعة الاولى، القاهرة، دارسوزلر، ٢٠١٠، ص١٢١.

١٢. عمادالدين خليل: م.س، ص٤٧

١٣. بەدیعوززەمان سەعیدی (نوورسی)، وتەکان، ل ٣٥٥.

١٤. عمادالدين خليل، م.س ، ص٤٩.

١٥. عمادالدين خليل، م.س ، ص ٢٦-٢٨.


• ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا باسێکە لە توێژینەوەی دەرچوونی نووسەر لەژێر ناونیشانی (تێڕوانینی سەعید نوورسی بۆ مێژوو) بۆساڵی خوێندنی ٢٠١٨-٢٠١٩ ، پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە و بە پلەی باڵا وەرگیراوە.



# پۆلێن و شیکارییەکی راڤەگەرای چەمکی تەسەوف

لەلای (گایدنەر، کولابازی، هوجەویری، جونەیدی بەغدادی، سەهلی توستەری، میر دەرد)

نووسینی: ماری شیمیل، خانمە فەیلەسوفی ئەڵمانی
و: زانا ناجی عەبدوڵڵا

زۆرێک لەدەقەکان لە نێوەرۆکدا چەندەها واتای بیروباوەڕیو فەلسەفی قووڵی لەخۆگرتووە، کە جگە لەیاریکردن بە وشەکان هیچی دیکە نین، هەندێ لەو تێبینیانەش کە لە دەقە کۆنەکاندا هاتوون، شێخە سۆفییەکان وەک شەتەحات لێیان ڕوانیوە، ئەوەش لە پێناوی سەرسامکردنی گوێگر، یان کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و، شڵەژاندنی بیری لۆژیکیان، بەرادەیەک لە مێشکی بیسەراندا ئەو بیرکردنەوە نا لۆژیکییە روونبوەتەوە، کە بەرامبەر واتای حەقیقەتی دێرێک یان دۆخێکی سۆفیانەی دیاریکراو هەیانە، هاوکات دەکرێ وەڵامدانەی ئەو جیاوازیانەی کە خودی واتاکان لەڕێگەی بیرۆکەیەکەوە گرتویەتییەخۆ، چەشنی ڕۆشنکردنەوەیەکی لەناکاوی بەسیرەتو چاوی دڵا تەماشا بکرێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شێخانی تەریقەت بۆ وەڵامی تاکە پرسیارێک چەندەها وەڵامی جیاوازیان داوەتەوە، لەوانەشە ئەم دژیەکە مەبەستدارو ئەو گفتوگۆ ئیمانییەیان، ئامانج لێی هێنانە کایەی داچڵەکینێکی(قشعریرە) کتوپڕ بێت تا بیسەران سوودی لێ دەبین، وەک (گایدنەر) دەپرسێتو دەربارەی زمانی سۆفییان دەڵێت: «ئایا ناکرێ وەها دابنێین کە زوبانەکەشیان لەنێوەرۆکدا ئامانجدارە؟ وەک ئاشکرایە زمانێکی تایبەتەو لەراستیشدا دارای وێژەییو ڕەوانبێژییە».

بنەمای زمانی عەرەبی بەسەرچاوە سیانییەکانیەوە گریمانەی بوونی چەندین دیمەنی بێشومارمان پێشکەش دەکات، کە بەئەندازەی چەسپینی زانستی بیرکاری چەسپاونو، دەشکرێ بەپارچە نەقشو نیگارێک/الارابیسک) بیانچوێنین کە لەنموونەیەکی ئەندازەیی سادەوە دەگۆڕێت بۆ وێنەی ئەستێرەیەکی فرەگۆشەی ڕوخسارئاڵۆز، یان لە وێنەی گوڵێکدایە کە لەرووی لێکئاڵانەکەیەوە (التشابک) چەشنی پارچەیەکی قەشەنگی رازاوە لێدێت، هاوکات گەر شێوازی شاعیرانی عەرەبو نووسەرانیان بەوە کارگەر بن کە چێژ لەچەندەها توانستی زمانی وەربگرن، ئەوا لەگوفتاری سۆفیانیشدا هەمان ئارەزوو چێژ لەرووی یاریکردن بە ووشەکان بەدی دەکەین، تەنانەت ئەو کەسانەی کەبەرهەمەکانی سۆفی بەزمانی عەرەبی دەنووسن، تەنها بەوەوە ناوەستن کەچەندین واتای جیاواز لەیەک سەرچاوەوە وەربگرن، بەڵکو ئارەزوویانە رەچاوی کێشو سەرواش بکەن، هەر هەمان ئارەزوو خولیاش گوازراوەتەوە بۆ ئەو شاعیرە سۆفیانەی کە بەزوبانی فارسیو تورکیو زوبانەکای هیندو-پاکستانی دەنووسن، ئا لێرەدا سەختی وەرگێڕانی دەقە سۆفییەکان خۆی مڵاسداوە، چونکم بوونی ئەو پەیوەندییە سیحراوییەی لەنێوان ووشەو واتادا هەیەو، کە تایبەتمەندی دەربڕینەکانیشە ئەوا لەساتی وەرگێڕاندا وون دەبێت، بەمەش چەندین وێنەو دیمەنی رەمزی دەشارێتەوە، کەلەسەرجەمی ووشە عەرەبییەکاندا خۆی حەشارداوە، هاوکات ئەو ووشانەش ئاماژەیەکی روون بە قاڵبوونەوەی خاوەنەکەیان دەکەن لەبابەتە مێژوییو ئایینیو وێژەییەکاندا، کە شاعیر مەبەستی بووە لە بەیتێکی شیعری یان دێرێکی رێکو پێکدا بیگەیەنێت.

گرفتێکی دیکە ئەوەیە کە زۆرینەی نووسەرانی بەرهەمە سۆفییەکان، ئارەزوودەکەن چەندین پۆلێن بۆ وەسفکردنی بارودۆخی سۆفییان دابهێنن، ئیدی زۆرجاران واتای ووشەکە لەبری ئەوەی روونتر بێتەوە ئاڵۆزتر دەبێت، ئەم تایبەتمەندییەش لە چەرخەکانی پێشوودا دەربارەی ئەو بەرهەمانەی کە سۆفییەکان نووسیبویان دەرکەوتن، بۆیە دەبینین یاری بە بارودۆخو دەربڕینەکایان دەکات، کە زۆر جار بەگشتی دەربارەی تەوژمێکی دەدوێ، هاوکات چەندەها نووسەری دیکەش هەیە، بەگوێرەی ژمارەی ئەو ووشانەی کەلە نێونیشانەکاندایە کار لەسەر نووسینەوەی مێژوی بەرهەمەکانیان دەکەن.

کەوابوو خودی سۆفییەکان چی دەربارەی

ووشەی ((تصوف)) دەڵێن، کە ئێمە بە Sufismus یان Sufik وەریدەگێڕین یان لەکۆندا پێمان گووتووە Sufismus ؟

پێناسەکانیان بۆ سەرەتای چەرخەکانی سۆفیزم دەگەڕێتەوە، لەمەشدا ئەو قسەیە راست نییە کە هەندێ لە نووسەرە نوێیەکان ووشەی ((تصوف)) بە پێشکەوتنی فەلسەفەی سۆفی لە چەرخەکانی دوایدا دەبەستنەوە، دەگێڕنەوە کە یەکێک لە پیاوباشان دەربارەی واتای ((تصوف)) لەخەودا لە پێغەمبەری (د.خ) پرسیوە، کە (هوجویری) قسەکەی لە نیوەی سەدەی ١١دا کوورتی کردۆتەوەو دەڵێت: «کۆمەڵێک پێیان وایە بۆیە پێیان دەگوترێ سۆفی لەبەر ئەوەی پۆشاکی لۆکەیان پۆشیوە، هەندێکی دی دەڵێن لەبەر ئەوەیە کەلە ڕیزی پێشەوەن، هەرچی بەشێکی تریشە دەڵێن لەبەر ئەوەی سەرپەرشتی هاوەڵانی پاکیان (أصحاب الصفة) کردووە، هەشە دەڵێت ناوەکەیان لەووشەی پاک (الصفاء)ەوە وەرگیراوە».

بەڵام وەرگرتنی ووشەکە وەک ئەوەی بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ووشەیەکی یۆنانی Sophos و خۆرئاواش هەر بەو ناوەوە وەریانگرتووە، ئەوەش لەرووی زمانەوانییەوە نادروستو ناراستە، بەڵام ئەوەی کە دروستە ئەوەیە کە بنەمای ووشەکە لە ووشەی (صوف) وەرگیراوە، چونکم پۆشاکی نەرم یان لۆکە تایبەتمەندی سۆفییەکانی پێشینە بووە، (کولابازی) –کەبە یەکێک لە تیۆرسازە سەرەتاییەکانی سۆفیزم هەژمار دەکرێ– دەڵێت: «هەرکەس سیفەتی (صوففە یان صوف) بداتە پاڵیان، ئەوە باسی رووکەشیانی کردووە، چونکم ئەوان کۆمەڵێک بوون نیشتمانو خۆشەویستانیان جێهێشتو دونیایان فەرامۆش کرد، هاوکات دەستیان کرد بە گەشتو گەران بەشاراندا، برسیکردنی خۆیانو، لاوازکردنی جەستەیان، هیچیان بۆ دونیا جێنەهێشت جگە لەوەی کە دروستە فەرامۆشی بکەیت لە داپۆشینی شەرمگاو برسینەبوون».

کەوابوو سۆفی زۆر لەوە مەزنترە کە جونەیدی بەغدادی (ک٩١٠) –بێرکابەر پێشەوای قوتابخانەی عێراقە لە سۆفیگەریدا– نووسیویەتیو دەڵێت: «سۆفێتی بەرۆژو نوێژی زۆرو زەبەند نییە، بەڵکو بەخاترجەمی دڵ و خۆبەدەستەوەدانی رۆحە»، گوتوشیەتی ئەو پەیامبەرانەی لەقورئاندا باس کراون سەرمەشقی سۆفیەکانن. بەهەمان چەشن ئەو قسەیەش دەدرێتە پاڵ جونەید کە دەڵێت: «بنەمای سۆفێتی لەسەر هەشت پایە وەستاوە، ئەویش بەشوێنکەوتنی هەشت کەس لە پەیامبەران (د.خ) دێتە ئەنجام: دەبێت سۆفی لەسەخاوەتمەندیدا شوێنی ئیبراهیم (د.خ) بکەوێت، لەبەر ئەوەی گەیشتە ئاستی قوربانیدان بە کورەکەی. لەرەزامەندیشدا بە ئیسماعیل (د.خ) چونکە خۆی دایە دەستی خوداو رۆحی خستە سەر دەستی. لەئارامگریشدا بە ئەیوب (د.خ) لەبەر ئەوەی ئارامگر بوو لەسەر نەخۆشی و نەهامەتییەکانی. هەروەها چەشنی زەکەریا (د.خ) بەئاماژە قسان لەگەڵ خەڵکیدا بکات ئەو دەمەی خودا فەرمانی پێدا کە ((سێ رۆژ بەئاماژە نەبێ قسان لەگەڵ خەڵکیدا نەکات)) هاوکات دەربارەشی خودا دەفەرموێت: **((إِذ نَادَى رَبَّهُ نِدَاء خَفِيّاً))**. لەنامۆییو دووره وڵاتیشدا چەشنی یەحیا (د.خ) بێت، کاتێک لە نێو نیشتمانو خێزانی خۆیدا شاربەدەرکرا. لەگەشتو گەڕانیشدا وەک عیسا (د.خ) بێت، کە هەردەم بەدەست بەتاڵی دەگەڕایەوەو تەنها توورەکەو شانەیەک نەبێ هیچی دی هەڵنەگرتبوو، تەنانەت ئەوانەشی فڕەدا، ئەو دەمەی بینی پیاوێک بەدەستەکانی ئاو دەخواتەوەو کەسێکی دیکەش بە پەنجەکانی قژی دادێنێ. هەروەها لەبەر کردنی پۆشاکی لۆکەشدا چەشنی موسا (د.خ) بێت. لەنەداریو هەژاریشدا چەشنی موحەممەد (د.خ) بێت، ئەو پێغەمبەرەی خودا کلیلی گەنجینەی بەهەشتی پێدابوو پێشی فەرموو: ((خۆت نارەحەت مەکە، لەم گەنجینانەش کەلو پەلو پێداویستی خۆت فەراهەمبکە))، ئەویش (د.خ) فەرمووی: ((نامەوێت. خودایا رۆژێک با تێربمو رۆژێکیش برسی)).

هەندێ لەهاوچەرخەکانی جونەید بەو شێوە پێناسەی سۆفیگەریان کردووە کە: ((خاوەنی هیچ

شتێک نەبیو، هیچ شتێکیش خاوەنداریێتیت لێنەکات))، ئەمەش ئاماژەیەکی زاهیدانەی سۆفیگەرییە، بەو واتایەی بەهەموو شێوەیەک لەدونیاو لەخۆشەویستی خود داببڕێیت. ئەو ئامۆژگارییەی روەیمی کوری ئەحمەد بۆ ئیبن خەفیف بەوەی کە: ((سۆفیگەریی واتە قوربانیدان بەرۆحت نەوەک چەشنی سۆفیەکان بدوێیتو بئاخفێت)). دەرخەری ئەو راستیەیە کە هەر لەمێژەوە خۆسەرقاڵکردن بە قسەگەلێک بەشێوازی ئاماژەو زمانی رەمزیو ئاڵۆز، باو بووە. بۆیە پێویستە سۆفی هەردەم ((دڵسۆزانەو بەرەبەرە لەیەزدانی مەزن نزیکتر بێتەوە)). هاوکات دەبێت روتببێتەوە لەهەموو شتێک بە ئەندازەیەک ((نە پارانەوەی زۆر ماندووی بکا نە رووتبونەوەو یەغما بوونیش بێزاری بکات)). سۆفییەکان ((نەتەوەیەکن فەزڵی خودایان داوە بەسەر هەموو شتێکداو، خوداش فەزڵی ئەوانی بەسەر سەرجەمی شتەکاندا داوە)) ئەم پێناسەی دوایی دەدرێتە پاڵ زی ننونی میسری. دواتر بەچەند سەدەیەک (سەهلی توستەری) دێتو دەربارەی سۆفی دەڵێت: «سۆفی خوێنی حەڵاڵەو جگە لەخوداش هیچی دیکە نابینیَ، چاک ئەوەش دەزانیَ کە بەزەی خودا هەموو شوێنێکی تەنیوە)).

دەکریَ بەشێوەیەکی دیکە لەلایەنی کۆمەڵایەتیو کردەیی سۆفیگەری بگەین کە شێخ جونەیدی بەغدادی پێناسی دەکاتو دەڵێت: «سۆفێتی نە نیگارو روسومەو نە زانستیشە بەڵکو ئەخلاقە». (ئەلنوری) ش دەڵیَ: «هەرکەس ئەخلاقی لەتۆ بەرزتر بوو ئەوا سۆفێتیشی لەتۆ بڵندترە»، سۆفێتی واتە گوێڕایەڵی فرمانو شەریعەتی خودا، ئەو شەریعەتو رێساو یاسایانەی کە بە واتا باتینیو رۆحیەکەی لێی تێدەگەیت بەبیَ ئەوەی نکوڵی لەزاهیرەکەی بکەیت، ئەم شێوەش لە ژیندا تەنها بەخۆدەستەوەدانێکی تێکەڵ بە ئەویندا نەبیَ ناگونجیَو ناکریَ، ((سۆفیتی واتە بێگەردبوونی پەنهانییەکانت لە لیڵی سەرپێچیکردندا))* هوجەویری ئەم قسەیەی راڤە کردووەو دەڵێت: «خۆشەویستی واتە قایلبوونو رازیبوون، ئەویندار لەتێکڕای جیهاندا جگە لە شوێنکەوتنی فەرمانی دڵدارەکەی هیچی دیکەی نییە، ئیدی ئەو دەمە مەبەستەکە یەک بیَو ئەم لاولای تێدا نەبیَ ئیتر سەرپێچی لەکێدایە.

سۆفیەکان لەبارەی سۆفیگەریەوە دواونو گوتویانە: سۆفیگەری واتە بەرابەری (المطابقة) شەریعەتو تەریقەتو حەقیقەت، چونکم مەبەستەکە پاکبوونەوەیە لە تێکرای ئاستە جیاوازەکاندا، یەکەمینی ئەو ئاستانەش، پاکبوونەوەیە لە تایبەتمەندییە خراپەکانو پیسی رۆح، دوهەمینیش سرینەوەی شوێنەواری مرۆڤایەتییە، هەرچی سێهەمە پاکبونەوەو هەڵبژاردنی خاسیەتەکانە.

ئەوەی جێگەی سەرسورمانە پیاوباشانێک دەبینین کە لە سۆفێتی کەناری گرتووە، بۆیە شێخی شیبلی (٩٤٥ک) —وەک هەمیشە- ویستویەتی گوێگرانی سەرسام بکاو بانگەشە بکاتو بڵێت: «سۆفیگەری هاوەڵ بۆخودا دانانە، چونکە پاراستنی دڵە لە بینینی غەیری خۆیو هیچی تر»، بەم شێوەیە شیبلی هێرش دەکاتە سەر ئەوانەی کە چاویان لە دیتنی جیهانی ئەفرێندراو دادەخەنو، تەنها بەشوێن خالقدا ماخۆلانیانە، بەڵام گەر خودا تەنهاو تەنها تاکە بوونو وجودێکە، ئیدی چلۆن بیر لە غەیری ئەو بکەینەوەو هەوڵبدەین حاشا لە ئەفرێندراوانی بکەین؟ کەوابوو وەک ئەوەیە کە خەرەقانی لە یەکێک لە شەتەحاتەکانیدا فەرموویەتی: سۆفی واتە هیچ.

هەندیَ لە سۆفییە موسوڵمانەکان پێیان خۆش بووە ووشەی بێگەرد (الصفاء) ئەو کاتە بەکار بێنن، کە باسی تەسەوفو تایبەتمەندییە میسالیەکانی تەسەوف کراوەو گوتویانە: «هەرکەس ئەوین پاکیکاتەوە ئەوە بێگەردو روونەو، ئەوەشی دڵدار پاکی کردبێتەوە ئەوە سۆفییە»، واتە ئەوەی بە تەواوی لە ئەوینی خودادا بتوێتەوەو، جگە لە ئەو بیر لەهیچی دیکە نەکاتەوە، ئەوا گەشتووە بە پلەی سۆفی راستەقینە. جێی سەرسورمانیش نییە کاتێک سۆفیەکان هەوڵیان داوە ئادەم بەیەکەمین سۆفی ناوزەد بکەن، لەبەر ئەوەی ماوەی چل رۆژی رەبەق لە دابران (العزلة) دا بووە، دواتر چرای عەقڵی خستە دڵییەوەو نووری حیکمەتیشی خستە سەر زوبانی، کاتێکیش لەدابرانەکەی گەرایەوە، رووناکی تەسەوفی تێدا دەدرەوشایەوە، پاش ئەوەی دابەزییە سەر زەوی ماوەی سێسەد ساڵ لە هیندستان پەشیمانی دەربڕی، تاوەک خودا پاکیکردەوەو گۆرا بە سۆفییەکی راستەقینە.




**دەکرێ بەشێوەیەکی دیکە لەلایەنی کۆمەڵایەتیو کردەیی سۆفیگەری بگەین کە شێخ جونەیدی بەغدادی پێناسی دەکاتو دەڵێت: «سۆفێتی نە نیگارو روسومەو نە زانستیشە بەڵکو ئەخلاقە».**

لەگەڵ ئەوەی خاقانی (١١٩٩ک)کە یەکێک بوو لە ستایشکار (المداح)ە ئێرانییەکان لەو شاعیرانە بوو کە خۆشەویستیان بۆ چینی سۆفی هەبوو، بەڵام خۆ هەر ئەویشە دەڵێت: «من بێگەردم، چونکە خزمەتگوزارێکی بێگەردی سۆفیم»، بەهەمان چەشن لەو زنجیر بەرینە ئیمانیانەی کە تایبەتمەندی ستایشەکانی بووە، سوێند دەخواو دەڵێ: «سوێند بەو سۆفیانەی کە تاقیکردنەوەی خودایان پێخۆشەو دوژمنی دەوڵەمەندین»، بەمەش لەمەولانا نزیک دەبێتەوە، کاتێک دەربارەی واتای سۆفی لێی دەپرسنو ئەویش دوای سەد ساڵ بەم چەشنە پێناسەی دەکاتو دەڵێت: «خۆشبەختیەکە لەدڵدا چەشکەی دەکەیت، ئەو دەمەی غەم جەستەی تەنیوی»، خاقانیش دەربارەی سۆفێتی دەڵێت: «ئەوان چەشنی خدری زیندەن، ئاوی حەیاتیان لەقاپو قاچاخەکانیاندا هەڵگرتووە، دارای عەسایەکی جادوی چەشنی عەساکەی مووساشن».

چەندین ژمارەی بێشومار لە شیعرو چامەو قەسیدە لە ئەدەبیاتی ئەم دواییەی فارسیو تورکیو ئۆردیدا هەن، کە باسی کەراماتی هەریەک لە پیاو باشانی خوداو چاکەخوازانی سۆفی دەکات، یاخوود ئەو کەراماتانەی کەلەسەر دەستی یەکێک لە شێخەکانی تەسەوفدا روییداوە. پاش ئەوەی بەتەواوی تەسەوفی ئیسلامی سەری هەڵدا، هەر لەسەرەتاوە دەستی کرد بە قووڵبوونەوە بەجەوهەری ئیسلامدا، کە خۆی لە ووشەی یەکتاپەرستیدا دەبینێتەوە، لەوێشەوە لە ئەزموونی کەسیەوە بۆ حەقیقەتی بنەماو ناوەرۆکی ئیسلام ئاراستەت دەکات، هەردەم سۆفی لەنێوجەرگەی کۆمەڵگای ئیسلامیدا بووە، هاوکات لایەنگیریان بۆ تەسەوف بۆیاخ نەکرابوو بەوەی خۆشەویستیان بۆ ئەم مەزهەبی فیقهی یان ئەوی دی هەبێت، بۆیە توانیان لە چەندەها رێگەوە بگەن بەمەبەستی خۆیان، هوجەویری بەشێوەیەکی باش هەڵوێستی سۆفییە سەرەتاییەکانی لەزانستو کەلامدا کورتکردۆتەوەو دەڵێت: «زانست زۆرەو تەمەنیش کورت، فێربوونی هەموو زانستێکیش لەسەر خەڵکی واجب نییە .. تەنها بەو ئەندازەیە نەبێت کە سەرجەمی ئەو زانستانە بەجۆرێک لەجۆرەکان پەیوەندی بە شەریعەتەوە هەبێت». ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بۆ زانینی رووکردنە روگە (القبلة) کەمێک لەفەلەکناسی بزانرێ، بۆ زانینی ئەندازەی زەکات کەمێک لەبیرکاریو ژمێریاری بزانرێ، کە ئەمان ئەرکێکی بەلگەنەویستن (البدیهی) پێویستە هەموو کەسێکی موسوڵمان ئەمانە بزانێ، بەتایبەت خودا دژی ئەو زانستەیە کە سوودی بۆ کەس نییە.

ئایا پێغەمبەر (د.خ) ناڵاڵێتەوەو نافەرموێت: «خودایا پەنات لە زانستێک پێدەگرم کە سوود بەخش نەبێت»؟ ئەو زانستەی کەلەسەر هەموو پیاوێکی موسوڵمان فەرزە ئەوەیە کە مەعریفەی بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی واجباتەکانی سەرشانیان هەبێت، چەشنی عەتتار دەڵێت: «هەردەم خۆت فێری زانستێک بکە کە سوودی بۆ ژیان هەبێت .. زانستی ئایینی واتە فیقەو راقەو فەرموودە، هەرکەس بەدەر لەمانە بخوێنێ ئەوا دوژمنێکی سەرسەختە» مەعریفەی راستەقینە کە بەواتای ناسینی خودایە، ناکرێ لە رێگەی پەرتووکەوە پێی بگەیت، بۆیە دەگێرنەوە کە چۆن یەکێک لە سۆفییەکان دوای ئەوەی گەشتووە بە مورادی خۆی پەرتووکەکانی فڕێداوەو، پێی وابوو گەشتووە بەو پەری مەبەست لەبەر ئەوەی ((پەرتووک رابەری رێگایە، بەڵام هەرگا مرۆڤ بەمەبەستی خۆ گەشت ئەوا نەنگییە بۆ رابەر بگەرێت)) هەندێ لەسۆفییەکان پێیان وایە یەکەمین هەنگاوی رێگای تەسەوف شکاندنی پێنووسو پارچەپارچەکردنی



سۆفیگەری واتە بەرابەری (المطابقة) شەریعەتو تەریقەتو حەقیقەت، چونکم مەبەستەکە پاکبوونەوەیە لە تێکرای ئاستە جیاوازەکاندا، یەکەمینی ئەو ئاستانەش، پاکبوونەوەیە لە تایبەتمەندییە خراپەکانو پیسی رۆح.

پەرتووکە. عومەری سوهرەوەردی کە یەکێکە لە گەورە پیاوانی تەریقەتە، هەر لەتاوی لاوییەوە فەلسەفەی کەلامی خوێندووە، دواتر لە رێگەی یەکێک لە پیاوباشو وەلیەکانەوە هاتە نێو بازنەی تەسەوفەوە، هەر ئەو وەلیە دەستی لەسەر سینەی سوهرەوەردی داناو سەرجەمی ئەوەی کە خوێندبووی لەبیری بردەوە، هەروەک دەڵێ: «ئەو، سینەی پرکردم لە زانستی لەدونی»، هەمان کەرامەتیش لەسەر دەستی عەبدولقادری گەیلانی (خ.ر) رویداوە، کاتێ دەقێکی لەناو یەکێ لە کتێبە فەلسەفیەکاندا سرییەوە کە هەستی کرد مەترسی بێ بۆ خوێندکارەکانی، هەروەها چەندەها سۆفی دیکە هەن، لەخەودا دیویانە کە سەرجەمی پەرتوکە بەنرخەکانیان فرێدراوەتە نێو دەریاوە.

لەراستیدا زۆرێک لە پیاوانو شاعیرانی سۆفی چەرخەکانی پێشوو، بەگاڵتەو گەپەوە لەهەمبەر دامەزرێنەرانی مەزهەبە فیقهیەکاندا گوزارشتیان لەو مەیلەیان کردووە، بەوەی کە مەعریفەی راستەوخۆی خودا لەگەڵ رێچکەی فیقهیدا بەهیچ جۆرێ یەکناگرێ، بەتایبەتیش گاڵتەیان بەهەریەک لە ئەبو حەنیفە (٧٦٧ک) پێشەوا شافعی (٨٢٠ک) کردووە، کە هەردووک مەزهەبەکەیان لەناوچەی ناوەراستو خۆرهەڵاتی جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبۆتەوە، هاوکات چەندەها بەیتی سەنائی –کە دواتر درانە پاڵ عەتتارو رۆمی– وەک نموونە لەم بارەوە هەژماردەکرێ، کە دەڵێ:

**نە ئەبوحەنیفە مامۆستای ئەوین بووە**
**نە شافعیش ریوایەتی ئەوینی کردووە**

سەنائی (١٣١ک) هەمیشە سۆفی لەبەرامبەر کەسێکی کوفەییەوە دادەنا، چونکم ئەبوحەنیفەی شەرعزان لە کوفەدا بووە، تەنانەت لەسەدەی هەژدەهەمداو لەسەردەمی شەعبیدا، ئەوە بەدی دەکەین کە سۆفی بەکەسێک ناوزەدکراوە کە کوفی نەبووبێ، ئەمەش بەو واتایە دێ کە سۆفی پەیرەوی هیچ مەزهەبێک لەمەزهەبە فیقهییەکانی نەکردبێ.**

سۆفییەکان پێیان وایە کە حیکمەت لە پیتی ئەلیفدا شاراوەتەوە، کەیەکەمین پیتی هیجائیەو ئاماژە بە ناوی خودا دەکات، ئایا ناکرێ زۆرێک لەو زانایانەی کە پشتیان بە پەرتووک بەستوە بیانچوێنین بەو ئایاتەوە کە دەفەرموێت: [چەشنی گوێدرێژێکن کە چەند بارە کتێبی هەڵگرتبێ] ، دواتر رۆمی بەجەختکردنەوە لەم پرسیارە بەلادەمێکەوە دەڵێ: ئایا نوح (د.خ) نۆسەد ساڵ سەرقاڵ نەبوو بوو بە یادی خوداوەو هەردوو پەرتووکی (الرسالة و قوت القلوب) –کە دوو پەرتووکن لەسلوکی سۆفی راستەودا– نەخوێندبووەوە. سۆفییەکان زۆر زەمی ئەو زانایانەیان دەکرد کە پەیوەستن بە کتێبەوە، هەردەمیش مۆچگاری قوتابیەکانیان دەکرد کە هەوڵبدەن کەشفی پەردەکان بۆ دیتنی دڵداری مەزن بکەن نەک بکەونە پەرتووک کۆکردنەوە، بەڵام واقیع پێمان دەڵێت ئەوە هەر ئەوان بوون کە دارای زۆرترین پەرتووکو بەرهەم بوون لە جیهانی ئیسلامیدا، پێویستە دان بەوەشدا بنێین کە زۆرێک لەنووسینە تیۆرییەکانیان نە ئاسان دەخوێندرایەوەو نە سەرنجراکێشتر بوون لەچاو ئەو شەرحیاتە مەزهەبیانەی کە سۆفیان زۆر بەتوندی لە شیعرەکانیاندا هێرشیان دەکردە سەری. ئەو فەلسەفەیەش کە کارگەر بوو بەبیرکردنەوەی یۆنانی، دەکەوتە بەر تیرو هێرشی سۆفیان، کە پێیان وابوو فەیلەسوفان دوورترین کەسن لە شەریعەتی پێغەمبەری هاشمی (درودی خوای لەسەر بێت)، چەشنی عەتتار کە لاسایی سەنائی دەکاتەوەو دەڵێت: «هەرگیز بە باسکردنو وتنی (بنەچەی مادده (أصل المادة) یان هۆی یەکەمین (السبب الأول) ناگەین بە حەزرەتی باری تەعالا!!»

عەقڵی هەمەکی (العقل الكلي) هیچ بەهایەکی نییە

لەهەمبەر تاکە فەرمانێکی خودادا کە بە ووشەی بڵێ (قل) بیکات. لێرەدا دیاریکردنێکی ناسک بەدی دەکەین بەهەردو ووشەی (کل)ی فەلسەفیو ئەو (قل)ەی کە ئاماژەی فەرمانی خودایە بۆ پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر بێت) لەقورئاندا، کە فەیلەسوفە بێعەقڵەکان کردوویانەتە ئامانج بۆ گاڵتەپێکردنی سۆفیان. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، ئەو ئیبن سینایەی (١٠٣٧ک) کە لەسەرچاوە ئەدەبیەکاندا بە سەرمەشقی بیرکردنەوەی عەقڵی مەزەندەکراوە، لەهەمان کاتدا لە کن زۆرێک لەوانەشی کە خۆیان بە سۆفی دادەنێن بەسەرمەشقی بیری سۆفیشی هەژماردەکەن.

لەوانەشە دورکەوتنەوەی زۆرێک لە سۆفیگەران لەو پیاوە وەک ئەوەی لە کن سەنائیو لە کتێبی (تهافت الفلاسفة)ی غەزالیشدا بەخراپتر بەدی دەکەین، لەبەر ئەو گێڕانەوەیەی (مەجدوددینی بەغدادی ١٢٠٩ک) بێت، کە دەڵێت گوایە لەخەوندا پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر بێت) دیوەو پێی فەرمووە کە «ئیبن سینا ویستویەتی بەبێ واسیتەی من بگات بەخودا، منیش بەم چەشنەو بەدەستم ڕێگەم لێگرت، تا کەوتە نێو ئاگرەوە». لەوانەشە ئەم چەشنە لە ئاراستەی عەقڵی لە تێڕوانینی نەیارە پێشینەکانی، بببێتە مەترسی لەسەر ژیانی گەلێک بەتەواوی، لێرەدا باس لەو جۆرەی فەیلەسوف دەکەین کە پێیان دەگوترێ (فەیلەسوفی گەمژە)،*** کە باڵولی دانا لەمێژوی ئیسلامدا یەکەمین نمونەی ئەوانە بووە.

باڵوڵ کەسێکی سەیرو سەمەر بوو، لە دەمی هارونە ڕەشیددا (ک٨٠٩) دەژیا، چەندین قسەو قسەڵۆک دەدرێتە پاڵ ئەو و زۆرێکیش لە کەسە گەوجە نەناسراوەکان، کە بەراشکاوی ڕەخنەیان لە ژیانی رامیاریو کۆمەڵایەتی ئەو دەمە گرتووە، سەرباری ئەو چەندەها قسەو قسەڵۆکانە بەڵام لەبەر کاڵفامیو گەوجیەکەیان سزانەدراون، خوداش لە ئەمرو نەهی بواردوونی، لەبەر ئەوەی وەک مرۆڤەکانی دی ئەرکی بەندایەیتان پێنەسپێردراوە، هەر بۆیە وەک ئەوەی عەتار باسی لێوە دەکات، لەگەڵ خوداداو لەخۆشەویستییەکی بەڵگەنەویستدا یەکیان گرتووە.

لەجیهانی ئاڵۆزی تەسەوفدا کەسانێ هەن نازناوی کەمەنکێشکراو(المجذوب)یان بەسەردا دراوە، بەکەسێک دەگوترێ لە دەرەنجامی ڕوداوێکی سۆفیانە یان ئامادەگی ڕۆحی شێخەکەی، دووچاری دۆخێکی بێ ئاگاهیو نا ئاوەزی بوەتەوە، لەوانەشە زۆر جاران بە چەشنێک دەربکەوێت کە شەرع حەرامی کردووە، وەک ئەوەی بەرووتو قووتی لەکوچەو کۆڵاناندا بسوڕێتەوە. بێگومان زۆرێک لە شێخانی ئەهلی تەسەوف ڕەخنەبارانی ئەو کەسە شێتانەیان کردووە، کەبەرەفتارە سەیرەکانیانو بەوەشی گوایە دارای کەراماتن سەرنجی کۆمەڵێک بەلای خۆیاندا رادەکێشن، تا پێیان بگوترێ ئەمانە دارای ڕۆحانیەتیەکی راستو درووستن، (جامی)ش لە پێشەکی کتێبەکەیدا (نفحات الانس) بەتوندی ڕەخنەی لەو ڕەفتارە ترسناکو ناشرینە گرتووە کە لاسایکەرەوانی چینە جیاوازەکانی سۆفی پەیرەوی دەکەن. هاوکات چەندەها شیعری فارسی بێشومار هەیە کە بەراووردی کردووە لەنێوان مەلاو دڵدار و، مینبەرو پەتی سێدارەدا، پێی وایە کە ئەوینی راستەقینە ئەوپەری دوژمنی عەقڵەو، ئەوەشی سوتاوی دەستی ئەوینە چەشنی ئەو شێتەیە کە ئەوین عەقڵی لەدەستدا بێت، بەرادەیەک وای لێکردووە ببێتە گاڵتەو گەپی دەستی منداڵان، دەکرێت ئەو هۆنراوانەش هۆکارێک بووبێت بۆ بەرزکردنەوەی شکۆی تاقمێک لەو وەلیە نەخوێندەوارانە.

لەراستیدا ئەو کۆمەڵە خراپەکارەی کە لەسەر خێرو سواڵی چاکەکاران دەژیان، نابن بە مەترسییەکی راستەقینە بۆ بزاڤی سۆفی، بەڵام لەڕێلادانی ئەو دەروێشە گەڕۆکو هەژارانەی کە هەندێ ڕەفتاری لەرادەبەدەر(الخوارق) پێچەوانەی شەرع ئەنجامدەدەن، هۆکاربوون بۆ ناشرین کردنی بەهاو ڕێزی جوڵانەوەی سۆفی، چونکم ئەو گەشتیارانەی لە ئەوروپاوە دەهاتن، زۆر جاران چاویان بەوەها کەسانێک دەکەوت، هەر بۆیە نازناوی (فەقیر) –کەنازناوێکی شەرافەتمەندانەی موریدانی سۆفی بوو– لەزمانی ئەڵمانیدا گۆڕا بۆ Fakir کە بەکەسێکی فێڵبازو کلاوچیو گاڵتەباز دەگوترێ.

هەر لەسەرەتاوە سۆفییەکان بەراشکاوی جیاوازیان کردووە لەنێوان ووشەی (المتصوف) کە کەسێکە هەوڵدەدات بگات بە پلەی بەرزی ڕۆحیو، ووشەی (المستوصف) کەبەکەسێک دەگوترێ خۆی وەک سۆفی

پیشان بدات، ئەمەی دوایان کەسێکی سودگەراو فێڵبازو مەترسیدارە. لێرەدا سۆفییەکان بەتەواوی گەشتوون بەو بڕوایەی کە (سلوکی ڕێگای رۆحی زۆر سەختە بۆ کەسێک ئامادەگی ئەو ڕێگایەی تێدا نەبێت)، سەختە کەسێک ببێت بەسۆفی بەڵام بە سۆفێتی لەدایک نەبوبێ (ئەم بەرگی –الخرقة الصوفیە– دەبێت هەر لەجاویدانەوە دوورا بێت)، تەنانەت گەر کەسێک هەوڵبدا بە پلەی سۆفی بوون بگات ناتوانێ، (چەشنی گوێدرێژ کە ناتوانێ بە جێشوو هێزی ویست (قوة الإرادة) ببێت بە ئەسپ)، هەر لەبەر ئەمەشە کەلەسەروبەندی جوڵانەوەی سۆفی چەندەها سکاڵا دەرهەق بە لارێدابردنی سۆفی دەرکەوت. بۆیە شاعیری فارسی یەحیای کوڕی موعاز لەنیوەی سەدەی نۆیەمدا هاوڕێیانی ئاگادارکردۆتەوەو گوتویەتی: «خۆت لەهاوڕێیەتی سێ چین بەدوور بگرە: زانایەکی بێئاگا، هەژارێکی گرەوباز، سۆفیەکی نەزان». هەروەها زۆرێک لە شاعیرانیش هەردەم رەخنەیان لە (سۆفی سوودپەرست) گرتووە. چەندەها جار لەسەدەی یازدەهەمدا گوێمان لەو سکاڵایە دەبێت بەوەی کە (تەسەوف ناوێکی بێ حەقیقەتە، بەڵام لەپێشدا حەقیقەتێکی بێ ناو بووە .. ئەمێستا داواکاریەکە دیارەو مامەڵەکەش نادیار) وەک چۆن زۆرێک لەخەڵکی خوویان بەچەندین خووی بێ بنەماوە گرتووە، بەئەندازەیەک (ئەرکو پیشەکە لە حەقیقەتەوە بووە بە لاسایی کردنەوە)، ئەو ئەڵقە سۆفیانەشی کە زۆرجاران عەقڵی سۆفی تێدا وون دەبوونو، جارجاریش بە چواردەوری خۆیاندا سەمایان دەکرد، لای هەندێک ئەو کارەیان بە جەوهەری راستەقینەی تەسەوف دادەنا، چونکم ئەو چەندەها چیرۆکو سەرگوزەشتە زۆرو زەبەندەی سۆفییە سەرەتاییەکان کە دەکرا هەمیشە ژیریو عەقڵ رابکێشێو، ئەو شیعرانەی کە بەشێوەیەکی ناوازە دەخوێندرانەوە، فرمێسکی گەشی بیسەرانی دەبزواند، بە ئەندازەیەک وای لێهات کە دەرۆزەکردن لەبەردەمگاهی دەوڵەمەندانو پارانەوەو داوای فەروبەرەکەت بۆیان زۆر لە کاروپیشەی باشو شەریف ئاسانتر بوو، بۆیە یەکێک لە سۆفییەکان لەسەدەی یازدەهەمدا زۆر تووڕە ببوو و دەیگووت: «تەماشای جەهەنەمم کرد، بینیم

زۆرینەیان ئەوانەن کە بەرگی شڕی سۆفیانەیان لەبەر کردووەو، قاپو قاچاخی خواردنیشیان پێیە»، بەڵخی لەشەرحی ئەم گوتەیەدا دەڵێت: ئەوە ئەو کەسانەن کەبەر نەفرین کەوتوونو ناپاکیان لە تەسەوفدا کردووە، ئەوان «بانگەشەی زانینی حەقیقەت دەکەن، کەچی جگە لە زاهیریەکەی هیچی دیکەی لێنازانن، چونکە هیچ شتێک لە شەریعەت نازانن، مینبەرو چراو سکیشیان شایەتی ئەم حەقیقەتەن»، هەرچی کات دێتە پێشەوە، هێندەش سکاڵا لە پاشەکشێیو کەمبونەوەی تەسەوف زیاتر دەبێت، چەشنی (عورفی) کە یەکێکە لە شاعیرەکانی کۆشکی سوڵتان ئەکبەر لەچامەیەکی چوار خشتەکیدا دەڵێت:

**سۆفـی سەرقاڵـن بەگـومڕاکـردنی پیـاوانو ژنــان**
**گەمژەش لەبوونی جەســتەی بەهێزو بـادراوە خەمیان**
**گشت واتاو گوتە جوانەکان بەدەست ئەوینتەوە دەردەدارن**
**ئەویندارِیش سـەرقاڵ و کوشتەی دەسـتی ئـەویندارین**

لێردا عورفی باس لە گرنگترین وەسفی سۆفی راستەقینە دەکات کە فەنابونیەتی لەخۆشەویستیو یەکبوونی لەگەڵ ئەویندارەکەیدا.

وەک لە پێشدا ئاماژەمان بە ووشەی سۆفی کردو ووتمان زۆرجاران ناوی سۆفی وەها بەکارهاتووە کە جۆرێک لە بێڕێزی تێدابێ بۆ بەرامبەرەکەی، بۆیە چەندەها جار (میر دەرد Mir Dard)**** دووبارەی کردۆتەوەو پێی خۆش نەبووە پێی بگوترێ سۆفی، بەڵکو باشترە پێی بگوترێ (موحەممەدی راستڕەو– محمدی مستقیم–)، هەرگیز دوودڵ نەبوو لەناوهێنانی ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتی تەوژمی سۆفی دەکەن بە (بەرازەکان) ناوزەدیان بکات، ئەوانەی بە پێچەوانەی مەزهەبەکەیەوە لەرووی پابەندبوونی شەرعییەوە دەجوڵانەوە، بەراشکاوی رای خۆی دەربارەی ئەوانە دەردەبڕی کە بە (شێخانی بازرگانو، شڕوشیتاڵ و سیپاڵ فرۆشان) ناوی دەهێنانو لەهەموو شوێنو مەکانێک بوونیان هەبوو، لێرەشدا هاورایە لەگەڵ یەکێک لەهاوچەرخەکانی، کە شاعیری عەرەبی (بەدر ئەلحیجازی)یەو (ئاربری) ئەم شیعرەی خوارەوەی کە گاڵتەکردنە بە پاشەکشێی تەسەوف وەرگێڕاوە:

**لەدەمێکدا نەژیابایین کە شێتان پلەی شێخان بەرز**

**ڕادەگـرن، بریا**
**فەقیهـەکانیان هاواریـان لێدەکـەن‌و کردوویـانن بـە خــودا**
**خودایان لەبیرکردو وتیان ئەو لەم‌و لەو خۆش دەبێ‌و سزایان نادا**
**مردیشن بەعەرەب‌و عەجەم پەنای بۆ دەبەن‌و بەکەعبەگاهی دەکەن**
**خۆدەدەن بەدەست گۆڕو خۆڵیەوەو ماچی کەوشکەنیان دەکەن**

حیجازی لەم چەند بەیتەدا ئاماژە بە مەترسی گەورەکردنی لەرادەبەدەری شیخ یان پیری تەریقەت دەکات، واتە ئەوەی کە (ئیقباڵ) لەسەدەی بیستدا ناوی ناوە دەسەڵاتی شێخان، بەواتای دەسەڵاتی ڕەهای شێخ بەسەر موریدەکانییەوەو، ئەو ستەمەشی کە دەرهەق بەو تاقمە باوەڕدارە نەخوێندەوارە دەکرێ کە زۆربەیان لە گوندو شاخەوە هاتوون.

موسوڵمانە نوێخوازەکان‌و سۆفیان یەکدەنگن لە ڕەخنەگرتن دەرهەق بە گەورەکردنی تێکرای شێخان‌و ئەو ملکەچی‌و نەوینەوە بۆیان، کە تەنها ئەو کەسە هەست بە مەترسیەکەی دەکات، کە لەچەندەها ناوچەی دیاریکراوی جیهانی ئیسلامیدا ژیا بێت، بۆ ئەوەی بەم خاڵە بگەین، ئەوا پێویستە ڕێگایەکی دوورو درێژ لەمێژووی سۆفیزمدا بگرینەبەرو، ببینین چلۆن تەوژمی سۆفیگەری لەنێوەرۆکو جەوهەردا یەک شتە، سەربارەی ئەوەی بەگوێرەی کاتی شێخ‌و کەسایەتیەکانی چەندەها شێوەی جیاواوی لەخۆگرتبێ.

## سەرچاوەکانی فارسی‌و عەرەبی ئینگلیزی‌و ئەڵمانییەکان:


1. W.H. Gardner: AL[Ghazalis Mishket al-anwar, The niche of Lights (1915). S. 71.

هەروەها هەر دەربارەی ئەم باسە تەماشای ئەم پەرتووکەش بکە: A.Schimmel: As Through a veil (١٩٨٢)

٢. نفحات الانس: ٢٥٥، ٢٢٦، ٣١، ٢٩٨، ٢٢٥، ٤٣٢، ٥١٧، ٤٢٧، ٢٩٦.

٣. کشف المحجوب: ٣٠، ٣٩-٤٠، ٤٢، ٣٨، ١١،٧، ٤٤.

٤. الکلاباذی: ٥.

٥. الرسالة القشیریة: ٦٠.

٦. قطب الدین العبادی: التصفیة فی أحوال الصوفیة (١٣٤٧ ک/ ١٩٦٨ ز).

٧. المثنوی: ٣: ٢٣٦١. ٦: ٢٦٥٢ – ٥٣.

٨. الخاقانی: الدیوان (١٣٣٨ ک/ ١٩٥٩ ز)، لـ ٢٥٠، بەراووردی بکە بە لـ ٥١، ٣٦٩.

٩. مصیبت نامە: عتار، ٥٤. ٥٤، ٤٥، ٧٠-٧١.

١٠. دیوان السنائی: للسنائی، ٨٢٧، ٥٧.

١١. منطق الطیر: العطار، ٢٤٥.

١٢. شرح شطحیات: فارس بن یحیی بن معاز، ٤١١، ٣٠٩.

١٣. عرفی، الکلیات: (١٣٣٦ ک/ ١٩٥٧ ز)، ل ٤٤٨.

14. Arberry; Sufism, s. 128


* وەک مامۆستا نوورسیش دەفەرموێت: ((خذ ما صفا دع ما کدر)) واتە: ڕوون وەربگرەو لیڵ فەرامۆش بکە.

** - A.Schmmel; Beschreibung des wahren sufi (١٩٧٤) هەروەها بابی شەشەم لە پەرتووکی: Pain and Grace ی هەمان نووسەر.

*** P.Loosen: Der Weisen Narren des Naisaburi (١٩٢١) کە ئەم کتێبە باس لەو جۆرە فەیلەسوفە شێتەکان دەکات.

**** شاعیرو سۆفییەکی دەهلەوی هیندیی مەزنە لە سەدەی هەژدەیەمدا، بەزوبانی ئۆردی دەنوسیی، ئێستاش زۆرێک لە قەساید خوێنەکان شیعرو هۆنراوەی ئەو بەکار دێنن بۆ بۆنە ئاییینیەکان، خاوەنی پەرتووکی (علم الکتاب)ـەو نووسەر خۆشی پەرتوکێکی نایابی لەسەر ئەم پیاوباشە هەیە.

دواخاڵ



# ئیسلامفۆبیا و چەند ڕاستییەکی تاڵ

تۆفیق کەریم

هەرچەندە باسکردنی پێکەوە ژیان و ئاشتی و سەقامگیری باوترین بالۆرەی سیاسی ئەم سەردەمەیە، خەڵکێکی زۆر خەونی پێوە دەبینن، خەڵکێکی دیکەش کردوویانەتە کاڵایەکی بازرگانی، زۆرینەش بێ وردەکاریکردن و قووڵبوونەوە چەپڵەی بۆ لێدەدەن، بەڵام کۆمەڵێک ڕاستی هەن چەند تاڵ و تفتیش بن دەبێت دانیان پیدا بنرێت:

١- ململانێی توندی مرۆڤایەتی هەر لە پەیدابوونیەوە پاشان لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژوودا و هەتا ئەمڕۆمان ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و نکوڵی لێ ناکرێت، جا لەسەر ئاستی تاکەکاندا بێت، یان کۆمەڵ، قۆناغێک تێنەپەڕیوە لە مێژوودا بەبێ ئەم ململانێیە، باشترین حاڵەت ئەو سەردەمانە بیووە کە ململانێکان زۆر خوێناوی نەبووە و کاولکاری کەمتری لە دوای خۆی جێهێشتووە.

٢- ململانێکان ئەگەر جاران بەلای کەمەوە بەشێکیان خۆڕسکبوون و کارئەکتەر و مەیدانی ململانێی و هۆکار و شێوازەکانیان دیار و بەرچاو بوون، لەم سەردەمەدا تەواو جیاوازن و گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە، ئاڵۆز و فرە جەمسەر و پڕ لە نهێنی، زۆر جار ئەوانەی ئیدارەی ململانێکان دەدەن، مەرج نییە خۆیان ڕاستەوخۆ وا دەرکەون کە بەشێکن لە ململانێکان و ڕاستەوخۆ لە گۆڕەپانەکەدا بن، بەپێچەوانەشەوە، ڕەنگە ئەوانەی لە گۆڕەپانەکەدان دەبنە قوربانی، بەشێک نەبن لە ململانێکان و ئاگاداری هۆکار و وردەکارییەکان نەبن.

٣- بۆیە ئەو دیاردەیەی ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوا هەیە کە پێی دەوترێت ئیسلامۆفۆبیا پێویستە لە ڕوانگەی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە لێی بڕوانین، ڕاستەیەکی تاڵە و بوونی هەیە، کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز بەشداربوون لە پەیدابوونیدا، ئێستاش پاڵنەری زۆر هەیە بۆ بەردەوامبوون و گەشەکردنی ئیسلامۆفۆبیا، بۆیە بنبڕکردن و نەهێشتنی پرۆسەیەکی ئاسان نییە، لق و پۆی زۆری لێبووەتەوە، کارتەکان تێکەڵ کراون، بەشێوەیەک لە لێکدانەوە و شیکردنەوەیدا هەڵە و نەپێکانی زۆور ڕوو دەدەن.

٤- ئەمە بەو مانایە نایەت ئیسلامۆفۆبیا پیلانێکی ڕۆژئاوایە و هەردەبوو ڕوو بدات و

موسڵمانان تیایدا بێخەتان و هیچ تاوانێکیان نییە، بۆچوونی خۆ بە بێتاوان زانین و هەڵە خستنە سەر بەرامبەر و زەقکردنەوەی پیلانێگڕی ئەوان، جۆرێکن لە خۆخڵافاندن و ڕاکردن لە کۆمەڵە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، بە دڵنیاییەوە ناپابەندی موسڵمانان بە ئایینەکەیانەوە، پیادەکردنی شێوازی ناشایستەی ئیسلام لە لایەنی موسڵمانانەوە، نەتوانینی نیشاندانی نمونەی باڵای ئایین، لاوازی ڕاگەیاندن و بانگەواز و نەتوانینی ڕەواندنەوەی ئەو گومانانەی دەدەرێنە پاڵ ئایین و خستنەڕووی بە شێواوی.

ئەمانە ئەو خاڵە ناوەکیانەن کە برەو بە دیاردەی ئیسلامۆفۆبیا دەدەن و دەبنە سەلمێنەری، واتە ئەگەر دەزگا هەواڵگرییە ڕۆژوئاواییەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان بە پلانی دەوڵەتان نەخشەدارێژی ئەم دیادرەیە بن بە دڵنیاییەوە خودی موسڵمانان هۆکارێکن بۆ جێبەجێبوون و گەشەسەندنی.

٥. کەواتە بەشێکی چارەسەرەکە پێویستە ڕۆژهەڵاتیەکان دابینێن و دژایەتی بیرو گروپی لادەر و توندڕەوی بکەن، زیاتر لە ڕۆژئاواییەکان لە خەمی نەهێشتن و قەڵاچۆکردنیاندا بن، ئیسلامێکی میانڕەوی ڕاستەڕێی کراوەی هاوچەرخ بخەنە ڕوو لە سەرجەم بوارەکاندا واتە: بیرمەندی موسڵمانی سەردەم، هەروەها: ڕۆشنبیر و هونەرمەند، داهێنەر، پیشەوەر،..... بە کورتی لە مزگەوتەکاندا پەروەردە ببن و دەرچن و بۆ ناو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی، پێیان بڵێن: حەقیقەتی ئێمە ئەوەیە کە دەیبینن نەک ئەو وێنە شێواوە ئامانجدارانەی کە بۆمانکراوە.

کەواتە شێوازی پیادەکردنی ئایین و گەیاندنی کاریگەریی بەرچاوی دەبێت لە خستنەڕووی و کاردانەوەی ئەوان بەرامبەری.

سەڵاحەدینی ئەیوبی بە جیهادکردن و شکستپێهێنانی بەشێکی ئەوروپیەکان کە بە هەزارانیان لێکوژراو ململانێکان گەشتنە لوتکەی توندوتیژی کەچی ئەوروپیەکان سەرسامبوون پێی و بە ڕێزەوە لێیان ڕوانی.

بەڵام گرووپە توندڕەوەکانی ئەمڕۆ کە زیانی کاریگەریشیان لێنەداون و چارەکێکی سەڵاحەدین خوێنیان لێنەڕشتوون، بەڵام بە شێوازێکی هێندە ناشیرینی ئیسلامیان خستووەتە ڕوو کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بە ناوهێنانی ئیسلام توندڕەوی و ڕەشەکوژی و تیرۆی لا وێنا دەبێت.